# چەمکی شۆڕش

# و

# کۆمەڵگای کوردەواری

ئازاد تۆفیق خەیات

٢٠٢٤

- ناوی کتێب: چەمکی شۆڕش وکۆمەڵگەی کوردەواری
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت: لێکۆڵینەوە
- دیزاینی ناوەڕۆك: مەریوان قەفتـان
- دیزاینی بەرگ: چاپخانەی سالم
- تایپ وهەڵەبڕی: نووسەر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: پاندا - سلێمانی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم / ٢٠٢٤

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی (١٤٣٢)ی ساڵی (٢٠٢٤ )ی پێدراوە.

# وتەیەکی پێویست

پێشتر لە بەهاری (٢٠١٩ ز)دا لە شاری هەڵەبجەی شەهید بە یاوەری مامۆستای بەڕێزم پرۆفیسۆر (کەیوان ئازاد ئەنوەر) ئەم بابەتەم لە دووتوێی سیمینارێکدا بە هەمان ناونیشان پێشکەشکرد. بەڵام، دواتر وام بەباشزانی کە ئەم بابەتە فراوانتر بکەم ولە دووتوێی پەڕتووکێکدا بیخەمە بەر دیدەی خوێنەری کورد بە سوپاسەوە.

**ئازاد تۆفیق خەیات**

**سلێمانی**

**زستانی ٢٠١٩**

# پێشکەش

ئەم پەڕتووکەم، پێشکەشە بە هەموو

- کوردێکی گۆڕانخوازی پێشکەوتنخواز
- هزرێکی کراوە
- پرۆژەیەکی نەتەوەیی ونەریتێکی نوێ
- گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە وشۆڕشێکی جۆریی وشۆڕشگێڕێکی گۆڕانخواز

# سوپاس وپێزانین

**جێی خۆیەتی سوپاس وپێزانینم ئاڕاستەی ئەم بەڕێزانە بکەم:**

**مەریوان قەفتان**، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر وخەمخۆری ئەلف وبێی کوردی، هەردەم سەرپەرشتیاری چاپ وبەڕێوەبردنی بەرهەمەکانم بووە زۆر بە ئەمەك وبە دڵسۆزی وبە باشترین شێوە. بێگومان بە هەوڵی بەڕێزی، ئەم بەرهەمەم ڕووناکی بینی.

**سەروەر پێنجوێنی**، هاوڕێیەکی دڵسۆز وهاوکار، هەموو کات ئامادەبووە ڕووپەڕی کتێبخانە ناوازەکەی بۆ من والآ بکات جگە لە سەرنجە بەنرخەکانی، تاوەکو سوودمەندبم لێی.

سوپاس و پێزانینیشم بۆ هەموو ئەوانەی لە چاپکردنی ئەم بەرهەمەمدا بەشدار بوون

ئەوپەڕی سوپاسم بۆیان

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| سەرەتا | ٢ |
| **تەوەری یەکەم** | ٧ |
| پێناسەی شۆڕش | ٧ |
| • شۆڕش لە دیدی ئەرستۆوە | ١٣ |
| • شۆڕش لە دیدی مارکسەوە | ١٨ |
| • شۆڕش لە دیدی یاساوە | ٢٤ |
| جۆرەکانی شۆڕش وئامانج لێیان | ٢٩ |
| ١. شۆڕشی سیاسی | ٣٠ |
| ٢. شۆڕشی ئایینی | ٣٤ |
| ٣. شۆڕشی زانستی | ٣٩ |
| ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بە بەرپاکردنی شۆڕش | ٤٥ |
| هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش | ٥٢ |
| ١. هۆکارە ئابوورییەکان | ٥٤ |
| ٢. هۆکارە سیاسییەکان | ٥٨ |
| ٣. هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان | ٦٥ |
| ٤. هۆکارە فیکرییەکان | ٧١ |
| شۆڕشی مەدەنی | ٨٠ |
| **تەوەری دووەم** | ٩٠ |
| سیمای سەدەی بیستەم لە سەرەتاکانییەوە تا داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت | ٩٠ |
| شۆڕش لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردەواریدا | ١٥٢ |
| خەباتی چەکداری یان خەباتی مەدەنی؟ | ٢١٢ |
| دەرەنجامەکانی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری لە کۆمەڵگەی کوردیدا | ٢٣٧ |
| دەرەنجام | ٢٩٣ |
| سەرچاوەکان | ٢٩٩ |

# سـەرەتـــا

## شۆڕش، ڕەنگە کۆتـایی بە ملهوڕیی مرۆڤەکـان بهێنێت، بەڵام هەرگیز ئـازادی بۆ ئەقڵیان نـاهێنێت

**کـانت**

پێشەکی، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە شۆڕش مرۆڤە شۆڕشگێڕە تێکۆشەرەکان بەرپای دەکەن لەپێناو گۆڕانکاری وکۆتاییهێنان بە ستەم وملهوڕیی مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان. واتە، شۆڕش لە مرۆڤەوەیە دژ بە مرۆڤێکیدی، لە مرۆڤێکی ڕووخێنەری داهێنەرەوەیە دژ بە مرۆڤێکی ڕووخاوی داهێزراو، لە مرۆڤێکی ڕەنجخوراو دژ بە مرۆڤێکی ڕەنجخۆری خۆسەپێن. لە مرۆڤێکی گۆڕانخوازی نوێخوازەوەیە دژ بە مرۆڤێکی باوپەرستی کۆنەوارەتی، لە مرۆڤێکی کەرامەت وخاك داگیرکراوەوەیە دژ بە مرۆڤێکی بێکەرامەتی خاك داگیرکەر. بەمانای، کردەی شۆڕش، کرداری کار وکاردانەوەیە.

دەوترێت، هەموو شۆڕشێك یان ڕاپەڕینێك کە گۆڕانکارییەکی جۆریی بەدینەهێنێت، ئەگەر سەرکەوتووشبێ لە ڕووخاندنی ڕژێم یا دەرپەڕاندنی داگیرکەر، بێگومان شۆڕشێکی شکستخواردوو دەبێت. کەواتە، مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی شۆڕشەکان، بەندە بە ویستی چاکسازی وشۆڕشی کۆمەڵایەتی وئەو گۆڕانکارییانەی کە دەبێ بە زووترین کات بیگرنەبەر. گەرنا، ئەوا شۆڕشێکی ناوەڕۆك تۆتالیتاری داهێزراوی ڕاگوزەر لە ڕایەڵەی خەیاڵداندا دەمێننەوە. لەبەرئەوەی، هەموو چاکسازییەك وگۆڕانکارییەك لەگەڵئەوەی شۆڕشێکی جۆریی کۆمەڵگەکان بوون، لە هەمان کاتدا زادەی پێداویستییەکانیش بوون بە درێژایی مێژوو.

هەرگیز، کرداری شۆڕش گڕوکفێکی لەناکاو وهەڵچوونێکی خۆڕسك نییە، بەڵکو کردارێکی پێویستی پڕ لە هۆشیاری وئاکار وهیوایە، کە مرۆڤەکان بوون وکەرامەت وپێگە وئازادی وئاییندەی خۆیانی تیادا بەدەستدێنن. هەڵبەت، هەموو شۆڕشێکی ڕاستەقینە، مرۆڤی ڕاستەقینەی خاوەن هزر وبیروباوەڕی گۆڕانخوازی نوێخواز بەرهەمدێنیٚ. چونکە، هەوڵدان بۆ هزر وبیروباوەڕی نویٚ، خۆی لە خۆیدا گەورەترین شۆڕشە لە منداڵدانی ئاییندەی گەلاندا. وەلیٚ، فەیلەسووفان وبیرمەندان، مکووڕن لەسەرئەوەی پاش سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێکی سیاسی گەر شۆڕشگێڕان لە زووترین کاتدا هەنگاو بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی ودادپەروەری وکرانەوە نەنێن، بێشك شۆڕشەکەیان لە بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە بەبیٚ گۆڕانکارییەکی بەرچاو، کە دواجار کەسانی پۆپۆلیست وتوندڕەوی تۆتالیتار وبیرۆکراس بەرهەمدێنیٚ. دەرەنجام، ئەم شۆڕشگێڕانە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەت وخواستی دەسەڵات، خەریکی شەڕ وململانێی یەکتر دەبن، کە دواجار چۆڕاندنی تواناکانی گەل وبێزاری وبێهودەیی وهەڵاتن لەدەست بارودۆخ وکۆچ بەرەو تاراوگە سەرهەڵدەدات.

جا بۆئەوەی چیتر سەرچاوەکان وتواناکانی گەل لە هەمبەر ملهوڕیی ڕژێمێکی خۆسەپێندا بەفیڕۆ نەچن ولەخۆڕا نەچۆڕێن، ئەوا باشتر وایە تاکەکانی گەل بەهۆی ئامرازەکانی دیموکراسییەوە نەك میکانیزمی شۆڕشی سیاسی، هەوڵی دوورخستنەوەی ئەو ڕژێمە بدەن. چییەتی (ماهية)ی تاکەکان، لێرەدا دەردەکەوێت لەوەی گەلێکی زیندوون یان مردوو. ئەمەش گەورەترین تاقیکردنەوە وشۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبێت، کە تاکەکانی گەل لە ڕێی دیموکراسی و ویژدانی خۆیان وداکەوتی کۆمەڵگەکەیان وئاوەزیانەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، کە پراکتیزەکردنی ویست (أرادة)ی گەلە. لەوانەیە کەسانێك هەبن بڵێن ئەمە چارەسەر وشتێکی واقیعی نییە وخەیاڵپلاوە، بەڵام ئەوەی

واقیعی نییه دەستبردنە بۆ شۆڕشی سیاسی. بەڵکو ئەوەی واقیعییە، دەستبردنە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی وئامرازە دیمۆکراسییەکان بەڵام بە پێوەری ویژدان، کە ئەمەش مرۆڤایەتی مرۆڤەکان نیشاندەدات.

دیارە، لە بەرانبەر ئیرادەی گەلدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە. وەلێ، هیچ شتێکیش لە بەرانبەر لێکدانەوە وکاریگەریی دەسەڵاتی ویژداندا خۆی ناگرێت، هەوەك چۆن هیچ ڕژێمێکیش وا بە ئاسانی دەستبەرداری کورسی دەسەڵات نابێت، هەربۆیە هێزی چەکداری وسەرچاوەی داراییش بۆ ئەو مەبەستە دەخاتەگەڕ. ئەوجا، گەر ڕژێم بە ناوی کرداری دیمۆکراسییەوە بوار بۆ هەڵبژاردنێکی ساختەش بڕەخسێنێت، بەڵام دواجار هەر تاکەکانی گەلن کە دەنگەکانیان دەخەنە ناو سندوقی دەنگدانەوە. خۆ ئەگەر چەند جارێکیش ساختەکاری بکرێت، ئەوا دواجار ڕاستییەکان هەر دەردەکەون وئیرادەی گەل ودەسەڵاتی ویژدان بەسەر فێڵ وبەربەستی ستەمکارییدا سەردەکەوێت، وەك لە مێژووی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ڕوویدا. کەواتە، پێویستە گەل ڕاستگۆیانە وبە ویژدان دەنگ بدات، بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی کۆمەڵگەکەی ولە ڕێی بەکارهێنانی ئەقڵییەوە لەوەدا کە ژیان ومرۆڤبوون چیتر ئەستەم بووە وتارمایی دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی لەبەردەمدایە، ئەمەش باشترین تاقیکردنەوەیە بۆ ئیرادە وزیندوویی گەل وشەنوکەوکردنی دەسەڵاتی ویژدان.

بە هەرحاڵ، ئەم لێکۆڵینەوەیەم لەسەر چەمکی شۆڕشی سیاسی وماهییەت وئەقڵییەتی شۆڕشگێڕان بە گشتی وشۆڕشگێڕانی کورد بە تایبەتییە. وێڕای پۆلێنی جۆرەکانی شۆڕش، باشە وخراپەی شۆڕشەکانیشم خستووەتەڕوو. ئەم بابەتە، زیاتر قسەکردنە لەسەر مێژووی شۆڕشی سیاسی، تێهەڵکێش بە بارودۆخی سیاسی وجەنگی سارد وئاییندەی بلۆکی خۆرهەڵات وئەو وڵاتە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕانەی بە ڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران

ململانێی بلۆکی خۆرئاوای سەرمایەدارییان بە ڕابەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرد. دیارە، هەموو ئەم بابەتانەشم لە دوو تەوەری سەرەکییدا ئاوێزان بە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی مێژوویی وسەرنج وتێبینی وشیکاریی، خستووەتەڕوو.

سەرەتا، دەچمە سەر تەوەری یەکەمی باسەکە کە خۆی لە پێناسەی شۆڕشدا دەبینێتەوە، پاشان چەمکی شۆڕش لە دید وڕوانگەی فەیلەسووفان (ئەرستۆ ومارکس)ەوە دەخەمەڕوو، ئەمە وێڕای خستنەڕووی چەمکی شۆڕش لە نێوکۆی یاساوە. هەر لە هەمان تەوەردا، جۆرەکانی شۆڕشم خستووەتەڕوو کە خۆیان لە شۆڕشی سیاسی وئایینی وزانستیدا دەبیننەوە، سەرباری ئامانج لێیان. دواتر، شیکارییەك لەسەر ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بە بەرپاکردنی شۆڕش دەخەمەڕوو، واتە مەبەستم لەوەیە کام چین وتوێژی گەل شۆڕش بەرپادەکات. ئینجا، دێمە سەر هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش، کە خۆی لە هۆکارە ئابووری وسیاسییەکاندا دەبینێتەوە، هەڵکێشراو لە چەند فاکتەرێك. وەلێ، دوابەشی تەوەری یەکەمیش بە باسێکی مێژوویی شۆڕشی مەدەنی کۆتاییدێت.

دوابەدوای تەوەری یەکەم، دێمە سەر باسکردنی تەوەری دووەم. سەرەتا، لەم تەوەرەدا باسێکی پوختی سیمای سیاسەت وڕێککەوتن وپەیماننامە سیاسییەکان لە سەدەی بیستەمدا دەکەم، لە سەرەتاکانییەوە تا ئەو کاتەی یەکێتی سۆڤیەت بە فەرمی هەڵدەوەشێندرێتەوە وبلۆکی خۆرهەڵات ودیواری بەرلینیش دادەڕمێن. پاشان، باس لە مێژووی شۆڕشەکانی گەلی کورد لەم سەدەیەدا دەکەم، کە سەردەمی جەنگی سارد وململانێی دوو ئایدیۆلۆژیای جیاواز ودوو بلۆکی دژ بەیەکە وهەڵسەنگاندنی بڕی سوود وقازانج وڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە. ئەمە بێجگەلەوەی، چەمکی شۆڕشم لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا شەنوکەو کردووە، وئایا لە ڕوانگەی بیرمەندانەوە وشەی شۆڕش یان وشەی ڕاپەڕین بۆ بزاوتە

چەکدارییەکانی گەلی کورد ڕاستە؟ لە بەشێکیتری ئەم تەوەرەدا، دێمە سەر باسی باشە وخراپەی خەباتی مەدەنی وخەباتی چەکداری وهەڵاوێردکردنیان. وێڕاش، گەلی کورد لە مێژوودا چ سوودێکی لە خەبات وستراتیژی چەکداری بینیوە، ئەی خەباتی مەدەنی دەبێت چ سوودێکی بۆ ئەم گەلەمان هەبێ ودەرەنجامی ئەم دوو خەباتە دژبەیەکە بۆ ئێمە چی بووە؟ دوابەشی ئەم تەوەرەش، بە خستنەڕووی دەرەنجامەکانی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا دەخەمەڕوو. لێرەدا، مەبەستمە باس لە ئاکامی ستراتیژی خەبات وڕاپەڕینی چەکداری لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکەم، دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو کە ئایا گەلی کورد چ سوودێکی لە بزووتنەوە وستراتیژی خەباتی چەکداری بینیوە؟ ئایا ئەقڵییەتی شۆڕشگێڕانی کورد، ئایینددەی ئەم کۆمەڵگەیەیان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بە چ ئاقارێك بردووە؟ ئاخۆ، خێڵ وناوچەگەرایی وئایین وحزب وبنەماڵە، ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی ئەم شۆڕش وڕاپەڕین ویاخیبوونانەدا چی بووە. ئەمە وزۆر بابەتیتر کە لەم باسەدا تاوتوێکراون.

شیاوی وتنە، هەموو باسەکەم لەم دوو تەوەرە سەرەکییەدا چڕکردووەتەوە کە ئاماژەمپێدان. دواجار بە پوختەی دەرەنجامێك کۆتایی بە باسەکەم دەهێنم، لەگەڵ بەیانکردنی چاووگ وسەرچاوە سەرەکییەکانی نووسراون وسوودمەند بووم لێیان بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم بابەتەم.

هیوادارم، بەم بابەتەم توانیبێتم سوودێکی گەر کەمیشبێت بە کتێبخانە چکۆلە ناوازەکەی گەلەکەم گەیاندبێ وهەوڵمدابێ لە کەمەکێك سەرخستنی ئەلف وبێی کوردیدا.

**ئازاد تۆفیق خەیات**

**سلێمانی**

# تەوەری یەکەم

## پێناسەی شۆڕش:

لە ڕووی ڕامیارییەوە، دەکرێت پێناسەی شۆڕش بکەین بەوەی بزاوتێکی میللی فراوانە، کە هەڵگری تێڕوانینێکی سیاسیی ڕێکخراوە وگوزارشت لە ئارەزوویەکی گشتی تێکڕای تاکەکانی گەل دەکات، وئامانج لێی ڕیشەکێشکردن وگۆڕینی ڕژێمی سیاسی باوە بە ڕژێمێکی سیاسی نوێ، کە گوزارشت لە ویستی تێکڕای تاکەکانی گەل بکات، ئەو گەلەی نوێنەرایەتی هێزی ڕاستەقینەی شۆڕش دەکات. ١ شایەنی باسە، شۆڕش دژی ستەم وزۆرداری بەپادەکرێ، واتە دژ بەو حکومەتانەی ڕێ بە دەساودەسکردنی ئاشتییانەی دەسەلات نادەن و ڕێز لە ڕەگەزە بابەتییەکانی کارتیاکردن (ممارسە)ی ناگرن، وەك پرەنسیپی سەروەری یاسا وسەربەخۆبوونی دادوەریی وڕێزگرتن لە مافەکان و ئازادییە بنچینەییەکان.[٢]

وەك ئاشکرایە، شۆڕش بزوتنەوەیەکی میللییە بە ئاڕاستەی گۆڕینی ڕیشەیی سیستمی حوکمڕانی ودەسەلات دێت، کە تیایدا توندوتیژی بەکاردەهێنرێت. یاخود، بە ڕووخانی تەواوەتی حکومەتێك لە هەر ولاتێك یان دەوڵەتێك، ودانانی دەسەلاتدارێکی نوێ یاخود

---

[١] د. أيمن أحمد الورداني: حق الشعب في استرداد السيادة، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي- القاهرة، ٢٠٠٨، ص ٣٨١

[٢] أ. م. د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، م. م. سيروان حامد أحمد: شرعية الحكومات غير الدستورية، دراسة تحليلية في أطار القانون الدولي العام، بحث جامعي، جامعة صلاح الدين، كلية القانون- أربيل، ٢٠١٤، ص ٧

دەوڵەتێکی نوێ لە ڕێگای توندوتیژییەوە، دەوترێ.[1] کەواتە، شۆڕش، بە گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە ڕێی یاخود بە ڕەزامەندیی گەل، وبەبێ ڕەچاوکردنی بنەما دەستوورییەکان دێت. وە یان دەتوانین بڵێین، شۆڕش فراژووتن وئاوەژووکردنی سیستمی حوکمڕانییە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە.[2] یاخود، شۆڕش، ئەو بزاوتە کۆمەڵایەتیەیە کە ڕژێمێکی سیاسی لە ڕەگ وریشەوە دەگۆڕێت، ولە جێگایدا ڕژێمێکی سیاسی نوێ دادەمەزرێنێ.[3]

هەڵبەت، شۆڕش، زەرورەتێکە بۆ ڕاوەستاندنی ئەو ڕەوتەی بەرەو کارەسات دەڕوات.[4] کەواتە، دواجار هەر دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە بڵێین، شۆڕش هەوڵێکە بۆ بەرگریکردن وپێشگریی لە دەسەڵاتێکی ستەمکار ولە ڕوودانی ڕووداوێکی نەخوازراو لە کۆمەڵگەدا، بە بەکارهێنانی هێز وتوندوتیژی میللی. هەربۆیە، کرداری شۆڕش بە کارێکی جەماوەری لەودیو یاساوە دەوترێ، کە بەهۆی نەمانی شەرعیەتەوە بەرپادەبێ.[5] مێژوونووس وسۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی

---

[1] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بلاْوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلاْت- هەولێر، ٢٠٠٦ ، ل ٤٢٥

[2] د. محمد علي آل ياسين: القانون الدستوري، المباديء الدستورية العامة، الطبعة الاولى، المكتبة الحديثة للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٧٣، ص ٧١

[3] گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، چاپی یەکەم، لە بلاْوکراوەکانی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان/ لقی سلێمانی، چاپ وکۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٢١

[4] میشێل لوویی: شۆڕش، ڕاکێشانی برێکی قیتارەکەیە، و: پێشڕەو محەمەد، چاپی یەکەم، لە بلاْوکراوەکانی کتێبخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠١٩، ل ١٤٣

[5] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاْوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٥٨٧

(گۆستاڤ لۆبۆن)، بڕوای وایە کاتێك دەسەڵاتێك گەندەڵ دەبێت وبنەماکانی شارستانیەتیی کرمۆڵ دەبن، جەماوەر دێت ولەناویدەبات، ئەمە ئەو ساتەیە کە ڕۆڵی جەماوەر دەردەکەوێت. لەم کاتەدایە، جەماوەر دەبێتە هێزە کوێرەکەی زۆرینە وئەمەیە تاکە فەلسەفەی مێژوو. [1]

لە بنچینەدا، دەستەواژەی شۆڕش، دەربڕینێکی گەردووناسی بوو کە لە جیهانی زانستە سروشتییەکاندا گرنگییەکی زۆری پێدەدرا، ئەوەش لە دوای بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەلایەن گەردووناسی پۆڵەندی (کۆپەرنیکۆس) بوو. [2] بەلاّم، لە سەردەمی نوێدا، ئەم وشەیە بە تێکەڵبوونی لەگەڵ جیهانی سیاسەتدا، ماناگەل ودەربڕینێکیتری نوێی بەخۆوە بینی. لێرەوە، شۆڕش، مانای گۆڕانکارییەکی گشتگیر، کامڵ، بزاڤێکی نەخشەبۆکێشراو بە ئامانجی گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی دەگەیاند. لێرەوە، چەمکی شۆڕش، بریتی بوو لە وریابوونەوە ودرککردن بە هەقیقەت وهەستان وڕاپەڕین بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە چەقبەستووەی لەئارادا بوو بۆ دۆخێکیدی، کە تیایدا کەرامەتی مرۆڤ ویەکسانی ودادپەروەری وخۆشەویستی بوونی هەبێت. شۆڕش، بریتی بوو لە گۆڕانکارییەکی جەوهەریی لە بیرکردنەوە ودنیابینیی مرۆڤەکان بۆ ئاییندە، بریتی بوو لە هۆشیاربوونەوەی هەقیقەت وبەرەنگاربوونەوەی پروپاگەندە ودرۆ وپیلانگێڕیی وچەواشەکاریی وهەڵخەڵەتاندن. [3] مەبەست لە شۆڕش، بزاوتێکی میللی فراوان بوو لە دەرەوەی بونیادی دەستووریی

[1] گۆستاڤ لۆبۆن: سایکۆلۆژیای جەماوەر، و: ئارام جەمال، چاپی سێیەم، لە بلاّوکراوەکانی ناوەندی سارا، چاپخانەی ناوەندی سارا- سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٧٤

[2] حنة أريندت: رأى في الثورات، ت: خيري حماد، الطبعة الثانية، الهيئة العامة لقصور الثقافة، شركة الامل للطباعة والنشر- القاهرة، ٢٠١١، ص ٥٢

[3] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٥

دامەزراو یاخود لە دەرەوەی شەرعیەت، کە ئامانجی گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی باو بوو لە دەوڵەتدا. واتە، شۆڕش، بزوتنەوەیەکی گۆڕانکاری بوو بە مەبەستی گۆڕینی شەرعیەتێکی سیاسی باو (کۆن) کە دانی بە شەرعیەتێکی نوێدا نەدەنا. [1]

لە سیستمە دیموکراسییەکاندا، هەموو ڕۆژێك شۆڕش لە ڕێگەی یاسادانان ونوێکردنەوەی یاساکانەوە ڕوودەدات. بەڵام، شۆڕش لە دەوڵەتە تۆتالیتارەکاندا ئەگەر ڕووشبدات، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ دیمۆکراسی وچاکسازیدا دەستلەملانی یەکتر نابن. [2] چونکە، دەوڵەتی تۆتالیتار ودەسەڵاتی تاك حزب وڕابەر، هەرگیز کەشێکی لەبار بۆ ژیانێکی دیمۆکراسی وفرەیی وئازاد ناخوڵقێنن. بەڵکو، ئەوەی هەیە ودەبینرێ، یەکدەنگیی ویەکڕەنگیی کۆمەڵگەیە لە ڕووی تێڕوانین وهەڵسوکەوت وچۆنیەتی بیرکردنەوە. هەربۆیە، لە سایەی ژینگەی نادیمۆکراتییەوە، ئۆپۆزسیۆنیش گەر هەبێ، بێگومان خەسڵەتی نادیمۆکرات وەردەگرێ. [3]

ئەگەرچی، شۆڕش تەنها بریتییە لە قۆناغی ڕووخاندنێکی پێویست، بەڵام گۆڕانیش گرنگە چونکە بونیادنانە. وەلێ، بونیادنانیش بریتییە لە دیداری گەلان لەگەڵ ئاییندەیاندا. واتە، گۆڕان لە شۆڕش بەهێزترە، چونکە زۆرجار گۆڕان بەبێ بەرپابوونی شۆڕشیش هەر

---

[1] عزمي بشارة: في الثورة والقابلية للثورة، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث والدراسات، مطابع الدار العربية للعلوم- بيروت، لبنان، ٢٠١٢، ص ٢٩

[2] سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەکان، و: سابیر عەبدوڵڵا کەریم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٣١

[3] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١١، ل ١٤٩

ڕوودەدات، هەروەك نوێكردنەوەی دەستوور ویاساكان وگەشەپێدان وچاكسازی و...هتد. بەڵام، شۆڕش، هەمیشە پێویستی بە گۆڕانە، بۆئەوەی دواجار كارێكی نەرێنی نەبێت. [1] بەم پێیەبێ، دەبێ ئامانج لە هەموو شۆڕشێك، گۆڕان ولەناوبردنی بارودۆخی ناهەمواربێ لەپێناو سەرفرازی مرۆڤەكاندا. [2] بێشك، شۆڕش ڕژێمە گەندەڵەكان دەڕوخێنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت دەسەڵاتێكی دادپەروەرانە بهێنێتە كایەوە، [3] گەر گۆڕانێكی ڕادیكاڵ وشۆڕشێكی كۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریی ودادپەروەری بەرپانەكات. هەربۆیە، وتراوە: شۆڕش سەرباری ئەوەی دەسەڵاتێك گلۆر دەكاتەوە، بەڵام دواجار دەبێتە هۆیئەوەی توندڕەوان دەسەڵات بگرنەدەست. [4] گەر شۆڕش سەرچاوەكەی هەرچییەكیشبێ، ئەوا هەرگیز سەركەوتوو یان ئامانجێكی ئەوتۆی نابێ گەر ڕۆنەچێتە ڕۆحی كۆمەڵانی خەڵكەوە. چونكە، كۆمەڵانی خەڵك تەواوكەری شۆڕشن، بەڵام هەرگیز سەرچاوەی شۆڕش نین. بەوەی، نە دەتوانن پێكڤە شتێكی دەستەجەمعی ئەوتۆ بكەن، نە چاوەڕوانی شتێكی ئەوتۆشیان لێدەكرێت، گەر ڕابەرێك سەرۆكارییان نەكات. [5] هەربۆیە، دەوترێت ناسینی سایكۆلۆژیای

---

[1] سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەكان، و: سابیر عەبدوڵڵا كەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

[2] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥

[3] سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەكان، و: سابیر عەبدوڵڵا كەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١

[4] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، الطبعة الاولى، هيئة أبو ظبي للثقافة والتراث (كلمة)– أبو ظبي، الامارات العربية المتحدة، دار الفارابي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٩، ص ٧

[5] غوستاف لوبون: روح الثورات والثورة الفرنسية، ت: عادل زعيتر، كلمات عربية للترجمة والنشر– القاهرة، ٢٠١٢، ص ٢٥

جەماوەر پرسێکی زۆر سەرەکییە بۆ کەسێکی دەوڵەتدار، کە نەیەوێ جڵەوی هەموو حوکمڕانی بەدەست جەماوەرەوەبێ. [1]

وشەی شۆڕش، جووڵەیەکە بازنە دادەخات، لە حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکیدی دەگوازرێتەوە، پاش خولێکی ڕاگوزەرییانەی تەواو. خۆ ئەگەر، تەنها گۆڕانکاری بەسەر سیستمی خاوەندارییەتیدا بێت بەبێ گۆڕانکاری لە حکومەت، ئەوا ئەوە شۆڕش نییە بەڵکو ئەوە چاکسازییە. دیارە، شۆڕش، هەوڵێکە بۆ گونجاندنی کردارێك بەسەر بیرۆکەیەکدا لە پێناو دارشتنەوەی جیهان لە چوارچێوەیەکی تیۆرییدا. یان، شۆڕش، گۆڕینی ڕژێمێکی دەسەڵاتدارە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە. [2] دیارە، بەمهۆیەوە شۆڕش کەسانێك لەناودەبات ولە هەمانکاتدا بیروباوەڕێکیش دادەڕمێنێ. لە ڕاستیدا، هەرگیز ناتوانین بڵێین دوایین شۆڕش یان دوا شۆڕش لە مێژوودا، لەبەرئەوەی ئەو جووڵە کردارەی کە بازنەیەك کۆتاییپێدێنێ، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکیتری نوێ، کاتێك حکومەت دادەمەزرێندرێت. واتە، حکومەت وشۆڕش، دوو شتی لێکجیاوازن. [3]

توێژەر ومێژوونووسی ئەمریکی (کرەین برینتۆن) لە کتێبی (توێکاری شۆڕش)دا، وتبووی: "شۆڕش لەو وشانەیە کە وەسف دەکرێت بە لێڵی، هەموو ئەو کردەوانەی بەم وشەیەوە پەیوەستن دیاریکراونین."

---

[1] گۆستاڤ لۆبۆن: سایکۆلۆژیای جەماوەر، و: ئارام جەمال، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥

[2] أ. م. د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، م. م. سيروان حامد أحمد: شرعية الحكومات غير الدستورية، دراسة تحليلية في أطار القانون الدولي العام، مصدر سابق، ص ٤

[3] ألبير كامو: الانسان المتمرد، ت: نهاد رضا، الطبعة الثالثة، من منشورات عويدات- بيروت، لبنان، ١٩٨٣، ص ١٣٦

به بڕوای ئەو، وشەی شۆڕش هاومانای وشەی گۆڕانە، بەڵام گۆڕانێکی کتوپڕ وسەرنجڕاکێش. ناوبراو، شۆڕشی بە ئاڵوگۆڕێکی کتوپڕ وتوندوتیژ لە بەرانبەر دەستەی حوکمڕاندا ناوبردبوو، ئەوەش لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی توندوتیژ یاخود کودەتا یان یاخیبوونێکی چەکدارانە یا ...هتد. هەروەها، باسی لەوەش کردبوو کە دەکرێت وشەی شۆڕش بەسەر گۆڕاندا بسەپێنین، بەڵام بەبێ پەنابردنەبەر توندوتیژی. کەچی، نووسەری ئینگلیز (ئارسەر پاوەر)، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێناسەی شۆڕشی بەوە کردبوو کە هەوڵگەلێکی سەرکەوتوو یان ناسەرکەوتووە ومەبەست لێی گۆڕانکارییە لە بونیادی کۆمەڵگەدا، لە ڕێی بەکارهێنانی هێز وتوندوتیژییەوە. هەرچی (هانا ئارێنت)یشە، جەختی لەوە کردبوەوە کە چەمکی نوێی شۆڕش بە تەواوی بەو بیرۆکەیەوە هاوجووت بووە کە دەڵێ: "دووبارە ڕێڕەوی مێژوو لەپڕێکدا دەستپێدەکاتەوە، وچیرۆکێکی تەواو نوێ کە پێشتر نە زانرابێ ونە بیسترابێ، هاکە دەردەکەوێت." [1]

**شۆڕش لە دیدی ئەرستۆوە:**

(ئەرستۆ)، لە پێشینەی ئەوانە بووە کە باسی لە شۆڕش وهۆکارەکانی بەرپابوونی کردووە. لە کتێبی (ڕامیاری– سیاسەت)دا، ناوبراو ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە هۆکاری شۆڕش بۆ نایەکسانی ئابووری وسیاسی نێوان چینی ئۆلیگارشییە دەوڵەمەندەکان وچینی دێمۆکراتە هەژارەکان دەگەڕێتەوە. واتە، بەلای ناوبراوەوە، نایەکسانی، هەمیشە هۆکاری سەرەکی شۆڕشەکان بووە، ئەوجا خەڵکیش شۆڕش

---

[1] د. هيثم مزاحم: في معنى الثورة، موقع شجون عربية، ٩/ سبتمبر/ ٢٠١٦، arabiyaa.com

لەپێناو هێنانەدی یەکسانیدا دەکەن.[1] ناوبراو وەکی (پلاتۆ- افلاطون)ی مامۆستای، هەردەم بڕوای وابووە کە هەژاریی هۆکاری سەرەکی شۆڕشی سیاسی بووە. واتە، هەژاریی شۆڕش دەخوڵقێنێت، لە کاتێکدا سامان خۆشگوزەرانی دەخوڵقێنیٚ.[2] بەڵام گەر ئەم قسەیەی ناوبراوان ڕاستبوایە، ئەوا دەبوو ئەفریقیای هەژار باشترین خاکی بەپیتی شۆڕشی سیاسی لێدەربچوایە، خۆ هەر هیچنەبیٚ لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا (جیڤارا)ی شۆڕشگێڕ بنکە ومۆڵگەی خەباتی لە وڵاتی (کۆنگۆ) دامەزراندبوو. ئەویش بە هەمان شێوە بڕوای وابوو، خاکی ئەفریقیای هەژار پێگەیەکی لاوازە بۆ ئیمپریالیزم.

بە هەرحاڵ، لەو کاتەدا کە (ئەرستۆ) ئەم ڕاستییە دەدرکێنێت وباس لە نایەکسانی دەکات، دەبێت ئەو هەقیقەتەش بدرکێنین کە خودی (ئەرستۆ) وتەنانەت (پلاتۆ) وزۆرێك لە فەیلەسووفانیتر، هەردەم دژی پرەنسیپی (یەکسانی لە مافەکاندا) بوون. لەبەرئەوەی، بە بڕوای ئەوان سروشت لە ڕووی ئەقڵەوە هەندێك کەسی جیاکردووەتەوە وهەندێکیتریش لە ڕووی توانای بەکارهێنانی جەستەوە. بەمانای، سروشت، پێکهاتەی لەشی مرۆڤە ئازادەکانی لە کۆیلەکان جیاکردووەتەوە، بەوەی هێزی پێویستی بە کۆیلەکان بەخشیوە بۆ هەستان بە ئیشوکاری تاقەتپڕوکێن. بەڵام، جەستەی مرۆڤە ئازادەکان، بە شێوەیەك دروستکراوە کە ناشێت بۆ ئەو کارە قورسانە، بەڵکو ئەمانەی تەنها بۆ کار وفرمانی ژیانی مەدەنی

---

[1] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن- سەید سادق، ٢٠٠٥، ل ١٨٤

[2] أماني عبداللطيف: نظرية الثورة، مداخل أساسية للتحليل، المعهد المصري للدراسات- القاهرة، ٢٠١٨، ص ٨

تەرخانکردووە. [1] دەبێت دان بەو ڕاستییەشدا بنێین، کە (ئەرستۆ) بڕوایەکی تەواوەتی بە کۆیلایەتی هەبووە وەك سیستمێکی سروشتی. [2]

دیدی (ئەرستۆ) وبەر لەویش دیدی (پلاتۆ)ی مامۆستای بۆ ماف ودادپەروەریی، دیدێکە تەواو جیاوازە لەو دیدەی ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری تاکی کۆمەڵگەکانی دونیا بۆ دادپەروەری هەیانە. دادپەروەری لە یۆنانی کۆندا، لەسەر ڕوانین ومامەڵەکردنی یەکسانی مرۆڤەکان دروست نەبووە، شتێك بە ناوی یەکسانییەوە بەو مانایەی ئەمڕۆ ئێمە لێیتێدەگەین، بوونی نەبووە. دیارە بەرگری (ئەرستۆ) لە بوونی کۆیلە وسیستمی کۆیلایەتی، بابەتێکی بەناوبانگی ناو فیکری ئەم فەیلەسووفەیە. ئەوجا، وەڵامی (ئەرستۆ وپلاتۆ) بۆ سروشتی مرۆڤەکان، ئەوەیە کە هەندێك کەس بە سروشت کۆیلەن وهەندێکیتریش بە سروشت سەروەر وکەسانیتریش بە سروشت پاسەوان وئازان. [3] هیچ گومانی تێدا نییە، کە نایەکسانی لە مافەکانی مرۆڤدا گوڵەوەچنەی هەموو نایەکسانییەکانە. چونکە، مرۆڤێك کە لە ڕووی جەستە وئەقڵەوە لە یەکێکیدی جیاکرایەوە، ئیدی دەبێ جیاوازی ئابووری وسیاسی چ مانایەك بگەیەنن؟ بێگومان، کەسێك کە بووە کۆیلە، مانای هەر لە سەرەتاوە لە ئازادی داماڵراوە. گەلۆ، لە نەبوونی ئازادییشدا، دەبێت مافی ئابووری سیاسی کۆمەلأیەتی فەرهەنگی و..هتد چی بگەیەنێ؟ کەواتە،

---

[1] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر- بغداد، ١٩٨٨، ص ١١٠

[2] يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، الطبعة الاولى، دار القلم- بيروت، لبنان، ١٩٧٧، ص ٢٠٢

[3] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٦، ل ٦٤

خاڵی سەرنجڕاکێش لە مرۆڤدا، ئەوەیە کە تا چەند (نائازادە). [1] لەبەرئەوەی، چارەنووسی مرۆڤ بە حوکمی جەوهەرەکەی، ئازادبوونە. [2] هەرچەندە، لە ڕووی مێژووییەوە، گرفتی ئازادی دوابابەتی ڕوانینی فەلسەفی بووە. چونکە، بە درێژایی مێژووی فەلسەفە لە قۆناغی پێش (سوکرات)ەوە هەتا (ئەفلوتین) (پلۆتینۆس– أفلوطين)، بە هیچ شێوەیەك سەرقاڵی ئازادی نەبووە. [3]

سەرباری ئەم ئاڵۆزییەی بیروبۆچوونی (ئەرستۆ) دەربارەی مافی یەکسانی مرۆڤەکان، کە دەکرێت باسوخواسێکیتر هەڵبگرێ، باشتر وایە لە بابەتەکە دوور نەکەوینەوە وئینجا ئاماژە بە دەرەنجامی بەرپابوونی شۆڕش بدەین. بە بڕوای ناوبراو، لە کاتێکدا کە شۆڕش بەرپادەبێ ئەوا:

أ- یان دەستوور وسیستمی حوکمڕانی لە وڵاتدا دەگۆڕدرێت

ب- یان تەنها کەسی حوکمڕان دەگۆڕدرێ، بەبێ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی بگۆڕدرێت [4]

جێی هێماپێکردنە، (ئەرستۆ) بۆ پێشگرتن لە شۆڕش، چەند ئامۆژگارییەکی حکومەتەکان دەکات. یەکەم ئامۆژگاری، ئەوەیە کە دەبێت

---

[1] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، چاپخانەی کەمال– سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٣٧٨

[2] پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: کۆمەڵێك نووسەر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر– سلێمانی، ٢٠١٥، ل ١٠٣

[3] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٥، ل ١٠

[4] عزمي بشارة: في الثورة والقابلية للثورة، مصدر سابق، ص ٧

حکومەتەکان شێوازی پەروەردەی تاکەکان لەگەڵ سروشتی سیستمی سیاسی وڵاتدا بگونجێنن. واتە، ئەگەر شێوازی حکومەت دیمۆکراسی بوو، ئەوا دەبێت تاکەکان لەگەڵ یاساکانی دیمۆکراسیدا ڕابهێنرێن وبەوجۆرە. دووەم ئامۆژگاری، ئەوەیە کە دەبێت دەسەڵاتداران خۆیان لە یاساشکاندن وسەروەری یاسا بپارێزن، تا خەڵکیش چاو لەوان نەکات. سێیەمیان، ئەوەیە کە هەرگیز نابێت دەسەڵات درۆ لەگەڵ خەڵکدا بکات، وباشتر وایە ڕووداو ومەترسییەکان وەك خۆی بگەیەنێت. چونکە، درۆ دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی خەڵك بە حکومەت، واتە لەدەستدانی شەرعیەتی دەسەڵات. دوا ئامۆژگارییش، ئەوەیە کە دەبێت حکومەت پارێزگاری لە سیستمی ئابووری بکات. ئەمە، گەورەترین هۆکارە بۆ تووڕەبوونی خەڵك. لەبەرئەوەی، هەر کات میللەت هەستیکرد ئابووری وڵات بۆ بەرژەوەندی کەمینەیەکە، ئەوا بە زووترین کات دەنگی ناڕەزایی بەرزدەبێتەوە.[١] هەربۆیە، گەر بێت وقەیرانە ئابوورییەکان لەلایەن حکومەتەکانەوە کۆنترۆڵ نەکرێن، ئەوا بنەماکانی ئازادی ویەکسانی ودیمۆکراسی لەناودەچن.[٢]

(ئەرستۆ) هەردەم شۆڕشی ڕەتکردووەتەوە، لەبەرئەوەی بڕوای بە جەماوەر نەبووە. بە بڕوای ئەو، جەماوەر زۆر زوو هەڵدەخەڵەتێندرێن، هەربۆیە بەرپاکردنی شۆڕشی لەلایەن جەماوەرەوە بە سەرکێشی لەقەڵەم داوە. وێڕاش، بڕوای وابووە شۆڕش بەرهەمی نابێت، لەبەرئەوەی کارێکی هەڵەشە وسەرەڕۆییە. لەمڕۆشدا، کۆمەڵێك بیرمەند هەن کە بڕوایان وایە

---

[١] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٥

[٢] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٠

شارستانیەتەکان لەسەر دەستی نوخبەیەکی ئەریستۆکراسی ڕۆشنبیر نەك جەماوەر دامەزراون وئاڕاستە دەکرێن. [1] (ئەرستۆ)، بڕواشی وابووە کە دەشێت بەهۆی شۆڕشەوە هەندێك دەستکەوت بەدەستبهێنرێ، بەڵام لە بەرانبەر زۆرێك لە پشێوی وئاژاوەگێڕیی. هەڵبەت، بەلای ئەوەوە خراپترین ئاژاوەگێڕیش بڵاوکردنەوەی پشێوییە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوون وئاوابوونی یاسا وسیستم وپێکهاتەی کۆمەڵایەتی. [2] بەڵام بە گشتی، ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە نایەکسانی هۆکاری سەرەکی بەرپابوونی شۆڕشە. هەر بە بڕوای ناوبراو، ناڕەزایی لە بارودۆخی باو لە گرنگترین ڕەگەزەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕشە، بەوەی ناڕەزایی کوشندەترین بیانووە کە کەسەکان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش پەلکێش دەکات. [3]

## شۆڕش لە دیدی مارکسەوە:

(مارکس) بە تێڕوانین لە وتەکانی (ئەرستۆ) کە وتبووی نایەکسانی کۆمەڵایەتی شۆڕش دەخوڵقێنێ، واتە لە ئەنجامی هەژاری ودەوڵەمەندی وململانێی چینەکان شۆڕش بەرپادەبێ، گەیشتە ئەوەی کە بڵێ: "هەژاریی شۆڕش بەرپاناکات، بەڵکو ئەوە هۆشیاریی هەژارەکانە شۆڕش بەرپادەکات." [4]

---

[1] گۆستاڤ لۆبۆن: سایکۆلۆژیای جەماوەر، و: ئارام جەمال، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣

[2] حمزة رستناوي: لماذا يكره أرسطو طاليس الثورة؟ أبحاث ودراسات، شبكة جيرون الاعلامية، ٢/ ديسمبر/ ٢٠١٦، geiroon.net

[3] قراءات نظرية، الثورات السياسية– المفهوم والابعاد: أعداد ادارة البحوث والدراسات، مجلة المعهد المصري للدراسات السياسية والاستراتيجية– القاهرة، ١٧/ أبريل/ ٢٠١٦، ص ٩

[4] صلاح الشتيوي: الفقر لا يصنع الثورة إنما وعي الفقير هو الذي يصنع الثورة، أقلام الشروق، جريدة الشروق، ١٣/ ٥/ ٢٠١٩

واتە، هۆشیاریی وهەستکردن بە بارودۆخی نالەبار ودوا ساتی بێزاری جەماوەرییە، خوڵقێنەری شۆڕشە نەك خودی هەژاریی بە تەنها. هەڵبەت، قسەکەی ئەم ڕاستترە لەوانەی (پلاتۆ وئەرستۆ وجیڤارا). پاشان، ناوبراو لە ڕوانگەیەکی سۆسیالیزمەوە پێناسەی شۆڕش دەکات ودەڵێت: "ئامانج لە شۆڕشی سۆسیالیستیی، ڕزگاربوونە لە سەرمایەداریی، کە چینی پرۆلیتاریا پێیهەڵدەستن." دیارە، لە پێناسەی شۆڕشدا، ئاماژەی بەوەش دابوو کە شۆڕش یەکێکە لە ئامڕازەکانی گەشەسەندن وپەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی، وە ئامانج لە شۆڕشی سۆسیالیستیی، ڕزگاربوونە لە سەرمایەداریی ونەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤی برای.[١] هەربۆیە، ناوبراو هەردەم ئامانجی سەرەکی وبنەڕەتی لە شۆڕش وگۆڕانکارییەکاندا لە کایەی ئابووریدا دەدۆزییەوە. بەوەی، چینی دەسەڵاتدار لە هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا، خاوەنداریەتی ئامڕاز وهۆکارەکانی بەرهەمهێنانی لەدەستدایە.[٢] بەمەش، ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕش لای ئەو تەنها ڕزگارکردنی چینی ڕەنجدەران یان کرداری ڕەنجدان نییە، بەڵکو ڕزگارکردنی مرۆڤە لە ڕەنجدان. چونکە، جیهانی ئازادی، کاتێك دەستپێدەکات کە ڕەنج لە ڕێگەی ئارەزووەوە دیارییبکرێ ودەمودەستی پێداویستی ماددی کۆتاییبێت.[٣]

بە بۆچوونی (مارکس)، شۆڕش بریتییە لە یاسایەکی گشتی بۆ بەردەوامیدان بە ڕێچکەی سروشت وکۆمەڵگە. لەم بارەیەوە، ناوبراو پێداگری

---

[١] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية– الجزائر، ٢٠١٦، ص ٦

[٢] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٠

[٣] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١

زیاتری کردبوو وه وتبووی: "شۆڕشەکان جوولێنەر ولۆکۆمۆتیڤی مێژووی جیهانن." [١] هەرچەندە، جەختیشی لەوە کردبوەوە کە شۆڕش بێجگەلەوەی جوولێنەری مێژووە، تاکە ئامرازێکیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەت لایەنی ئابووری، کە پشت بە سیستمی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەخلاق فەلسەفە و...هتد دەبەستێت. [٢] دواجار، دەربارەی هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش، ئەوەشی خستبووەڕوو کە: "فاکتەری شۆڕشەکان هەڵقولاوی شێوەی بیرکردنەوە نین، بەڵکو بەهۆی تازەگەریی وئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوەن. هەرگیز، بەهۆی هزرە ڕادیکاڵەکانەوە نین، بەڵکو بەهۆی چینە شۆڕشگێڕەکانەوەن. وەلێ، بەهۆی گرووپە ڕۆشنبیرە بچکۆلەکانیشەوە نین، بەڵکو بەهۆی چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەوەن کە تێدەکۆشن لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا، لەکاتێکدا کە بەڵێن وخەونی (سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێ) بە جەماوەر دەدەن. [٣]

لە ڕاستیدا، زۆربەی فەیلەسووفان وبیرمەندانی سۆڤیەت وچەپڕەوەکان، بە تایبەت ( لینین وترۆتسکی) وهاوشێوەکانی، شۆڕشەکانیان بە جوولێنەر وبزوێنەری مێژوو دەزانی، [٤] وەك پێشتر ئاماژەمپێدا. لەبەرئەوەی، بەهۆیەوە ڕەوتی مێژوو بەرەو

---

[١] میشێل لوویی: شۆڕش، ڕاکێشانی برێکی قیتارەکەیە، و: پێشڕەو محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥

[٢] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

[٣] ایران ١٩٠٠– ١٩٨٠: تألیف: مجموعة من المؤلفین، الطبعة الاولى، مؤسسة الابحاث العربیة– بیروت، لبنان، ١٩٨٠، ص ٢١

[٤] میشێل لوویی: شۆڕش، ڕاکێشانی برێکی قیتارەکەیە، و: پێشڕەو محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥

ئامانجێك دەڕوات كە لۆژیك ڕابەرایەتی دەكات. [١] هیچ گومانیشی تێدا نییە، (ماركس) هێڵە سەرەكییەكانی فەلسەفەكەی لە (هیگڵ)ەوە وەرگرتبوو، هەربۆیە ئەو بڕوایەی لەلا دروستببوو كە تەنانەت سروشتیش وەك واقیعێك، حاڵەتێكی وەستاو نییە، بەڵكو پرۆسەیەكی مێژوویی بەردەوامە. [٢] بەڵام، فەیلەسووفێكیتری وەك (واڵتەر بنیامین)، بە پێچەوانەی (ماركس ولینین وترۆتسكی) وفەیلەسووفەكانیترەوە، بڕوای وابوو كە شۆڕش دابڕانێكی ڕزگاریخوازانەیە لە بەردەوامیی ڕەوتی مێژوودا، وڕاكێشانی برێكی لەناكاوی قیتاری مێژووە، [٣] دیارە، هۆكاری ئەو وەستان وبرێك ودابڕانە كتوپڕەشی بۆ ستەمكاریی ئابووری وجیاكاری گەڕاندبوەوە. [٤] لەبەرئەوە، بە بڕوای (واڵتەر بنیامین)، بە پێچەوانەوە شۆڕش لەبری ئەوەی مێژوو بەرەو پێشەوە ببات، دەبێ ڕەوتی مێژوو ڕاگرێ، بۆئەوەی پێشوەختە ڕێگریی لە ڕوودانی هەر كارەساتێك بكات. [٥]

بەڵام، ئایا شۆڕش ئەو كردارە مرۆڤدۆستە فریادڕەسەیە كە لە كاتی نەهامەتی یاخود پێش ئەوەی كارەساتێك لە كۆمەڵگەدا ڕووبدات، گەورەیی ومیهرەبانیی خۆی بنوێنێ وبەرگری لە سەرجەم چینەكان بكات وەك ئەوەی (واڵتەر بنیامین) بانگەشەی بۆدەكات، یاخود شۆڕش ئەو دەربڕینەی

---

[١] لین و. لینكستەر: خواوەندەكانی هزری سیاسی، و: كامەران محەمەد پوور، چاپی یەكەم، لە بلاّوكراوەكانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٥٧

[٢] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بلاّوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٠٩

[٣] میشێل لوویی: شۆڕش، ڕاكێشانی برێكی قیتارەكەیە، و: پێشڕەو محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨

[٤] كرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ٦١

[٥] میشێل لوویی: شۆڕش، ڕاكێشانی برێكی قیتارەكەیە، و: پێشڕەو محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨

(ماركس)ە کە وتبوی: "شۆڕش دابڕانێکە لە شێوازی ئابووری وکۆمەڵایەتیی باو، ودامەزراندنی شێوازێکیتری نوێیە. ئەوجا، بۆئەوەی ئەم کارە بەئەنجام بگات، ئەوا پێویست بە بوونی پارتێکی پرۆلیتار دەکات،" [1] کە بڕوای تەواوی بە توندوتیژی ونەهێشتنی ململانێی چینایەتیە بە زەبری هێز. واتە، ئایا شۆڕش ئەو کردارە تۆبزییە نییە کە لە قۆناغەکانی دواییدا چینی پرۆلیتاریا بەرهەمدێنێ ودەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەی پێدەبەخشێ، لە پێناو نەهێشتنی چینایەتی کۆمەڵگە وپاشان هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت؟ وەك ئەوەی (ماركس) باسی دەکات ودەڵێ: "پرۆلیتاریا، قۆناغێکی ڕاگوزەری پێویستە، کە بەهۆیەوە دوایین شوێنەواری ئامڕازە سەرمایەدارییەکان وئاوەزی سەرمایەداری ڕادەماڵرێن. هەربۆیە، بەکارهێنانی بێبەزەییانەی هێز لەم کاتەدا لەلایەن چینی پرۆلیتاریاوە زۆر پێویستە." [2] پێدەچێت، تیۆر وبۆچوونەکانی (ماركس) واقیعیتر وزیاتر ڕاستی بپێکن، بەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ ز)ی ڕووسیامان بینی، کە بۆڵشیڤیکە شۆڕشگێڕەکان چۆن چینی پرۆلیتاریایان پەروەردەکرد. وەلێ، باشترین دیاریشیان بۆ گەلانی سۆڤیەت، (گولاگ) * و(کۆڵخۆز) * و(سۆڤخۆز) * وڕاگواستن وپاکتاوی نەژادی وجێگۆڕکێی گەلانی سنووری شوورەوی بوو، لە نێویاندا گەلی کورد.

---

[1] سلامة كيلة: الثورة في الماركسية، مقالات وحوارات سلامة كيلة، ٤/ يوليو/ ٢٠١٥، wordpress.com salamehkaileh.

[2] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٢١٧

* گولاگ: (بەڕێوەبەرایەتی سەرەکی کەمپەکان)، لە ڕاستیدا ئەم کەمپانە بریتی بوون لە تۆڕێکی بەرفراوانی سەربازگە وئۆردوگای کاری زۆرەملێ وگرتن وڕاگواستن وپاکتاوی نەیارانی ڕژێمی تۆتالیتاری سۆڤیەت. سەرەتا بە فەرمانی (لینین) بۆ کاری سوخرەکێشی دامەزرا، بەڵام لە سەردەمی (ستالین)دا بووە دۆزەخی نەیاران. گولاگ وەك ئامڕازێکی سەرەکی سەرکوتی سیاسی تا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بووە. دەبێت جیاوازی لە نێوان وشەی (گولاگ) لەگەڵ وشەی (کولاك) بکەین، کە مانای چاوچنۆك ودوژمنی گەلی دەگەیاند. بێگومان

**کەواتە، دەتوانین بڵێین شۆڕش ئەگەرچی لە سەرەتادا کۆتایی بە قەیران وستەم وململانێی چینایەتی کۆمەڵگەیەك هێنابێ، بەڵام دواجار قەیران وستەم وململانێیەکیتری چینایەتی لە هەمان کۆمەڵگەدا دەخولقێنێتەوە. ئەمەش، بەپێی ئەو ڕاستییانەی کە لەناو وڵاتانی خانەخوێی شۆڕشدا دەبیسترێن ودەبینرێن. ڕاستە، ئامانج لە شۆڕش گەڕاندنەوەی دادپەروەرییە، بەڵام زۆرجاریش بە ناوی شۆڕشەوە تاوانی**

---

**ئەوەش بۆ لەناوبردن وپاکتاوی چینی بۆرژوا وبەتایبەت جوتیارانی دەوڵەمەند کە ئامادە نەبوون کێڵگە وئاژەڵ وپەلەوەر وبژێوی خۆیان بدەنە دەست تیمەکانی (دەزگای ڕێپێدراوی کاروباری ناوخۆی گەل)، یان لە کێڵگە گشتییە حکومییەکاندا کاربکەن. لە سەردەمی ستالیندا، بابەتی کولاك بووە هۆی داکەوتنی گەورەترین برسێتی وقاتوقڕی لە وڵاتدا بە تایبەت لە (ئۆکراین) بەوەی زۆرترین کولاك وکێڵگەی دانەوێڵەی تیادابوو، دەرەنجام زیاد لە نیو ملیۆن کەس لەناوچوون.**

**[*] کۆڵخۆز: (خاوەنداریەتی بەکۆمەڵ)، ئەمانە کێڵگەی بەکۆمەڵ بوون کە کاری هەرەوەزی تیادا ئەنجام دەدرا، کێڵگەی کۆڵخۆز تەریب بە کێڵگەی سۆڤخۆز کاری بەکۆمەڵ وکشتیاری تیادادەکرا لە پێناو بەرهەمی کشتوکاڵیی گشتی بە بەرنامەی سۆشیالیستی. ئەم سیستمە نوێیەی کێڵگە بەکۆمەڵەکان، لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ ز) وەك سیستمی کشتوکاڵیی سۆڤێت خرانە بواری جێبەجێکردنەوە، بەوەی پێچەوانە یان دژی سیستمی کشتوکاڵیی دەرەبەگایەتی وبۆرژوا وکشتوکاڵ وخاوەنداریەتی تاکەکەسییە. کۆی ئەم کێڵگە هەرەوەزییانە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە یەکێتی سۆڤێت وەدەرکەوتن.**

**[*] سۆڤخۆز: (خاوەنداریەتی دەوڵەت)، وشەیەکی ڕووسی بوو بۆ جۆرە کێڵگەیەکی تایبەت وئامادەکراوی دەوڵەت بەکاردەهێنرا کە بە شێوەی میکانیکی کاری تیادادەکرا. هەڵبەت ساڵی (١٩١٨ ز) بۆ یەکەمجار کار بەم جۆرە کێڵگە ئامادەکراوانەی دەوڵەت کرا، لەسەر ئەو زەوییانەی پێشتر خاوەنداریەتی بۆ چینی دەرەبەگ وبۆرژوا وسەرمایەدارانی پێشوو دەگەڕایەوە کە دەوڵەتی سۆڤێت دەستی بەسەراگرتبوون ویەکەمین ئایدیۆلۆژیای کشتوکاڵی سۆسیالیستی تیادا جێبەجێدەکرد. سۆڤخۆز پێچەوانەی کۆڵخۆز بوو، لەبەرئەوەی کێڵگەکان دەوڵەت خاوەنی بوو نەك کۆمەڵ، وێڕای ئەوەی لەم کێڵگانەدا کاری دەستەجەمعی بۆ کۆمەڵ نەدەکرا، بەڵکو ئەو کەسانەی خاوەنی زەوی تایبەت نەبوون لێرە کاریان بۆ دەوڵەت دەکرد. ساڵی (١٩٩٠ ز) ژمارەی کێڵگەکانی سۆڤخۆز لە سۆڤێت (٢٣٥٠٠) کێڵگە بوو.**

نویٚ وخوێنڕشتن ئەنجام دەدرێت. [1] کەواتە، شۆڕش لەبەرئەوەی بازنەیەکی ڕیشەکێشکردنی داخراوە، ئەوا دووبارە ململانیٚ لە نێوان تاك وچینەکانی گەلدا بەرپا دەکاتەوە، بەو شێوەیەی کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە سەیری بابەت وبارودۆخەکە دەکات. هەربۆیە، دەتوانین جارێکیتر ئەوە دووپات بکەینەوە کە شۆڕش مرۆڤەکان بەرپای دەکەن لە دژی مرۆڤەکان، کە دەشێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو مرۆڤە ملهوڕانەش کە بەر تیغی شۆڕش دەکەون، شۆڕشگێڕ وکوڕی سەردەمەکەی خۆیان بووبن. بەلاٚم، بە تێپەڕبوونی کات وبە پێی تیۆری (هیگلٚ) ئەوانە گەندەلٚ ومشەخۆر وستەمکاریان لێدەردەچیٚ ودواتریش لەناودەچن وتێدەپەڕن. لەبەرئەوەی، تۆوی ناکۆکی ودارمانی خۆیان لە هەناوی خۆیاندا هەلٚگرتووە. [2] وەلیٚ، سەرلەبەری ئەم کردارگەلەش بە میکانیزمی شۆڕش دێتە بەرهەم، لەبەرئەوەی (مارکس) وتەنی: "شۆڕشەکان پالٚنەری مێژوون." [3]

## شۆڕش لە دیدی یاساوە:

فەیلەسووفان وبیرمەندان ویاساناسان، هەلٚوێستیان بەرانبەر بە شۆڕش جیاوازە. دیارە، بەشێکیان باوەڕیان بە شەرعیەتی شۆڕش نییە، لە کاتێکدا بەشێکیتریان باوەڕیان بە شەرعیەتی شۆڕش هەیە. سەرجەمی ئەم بۆچوونە جیاوازانەش، خۆی لە دوو تیۆری جیاوازدا دەبینێتەوە، کە

---

[1] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

[3] أقوال كارل ماركس: أقوال المشاهير، مدونة رف المعلومات، ٢٠١٧، www.youandinfo.com

تیۆری **گەشەی دەوڵەت** وتیۆری **گرێبەستی کۆمەڵایەتیە**.[1] لێرەدا، باسەکەمان تەرخان دەکەین بۆ شەرعیەت ومەشروعیەتی شۆڕش، نەك بۆ تیۆری گەشەی دەوڵەت وگرێبەستی کۆمەڵایەتی کە دوو بابەتی جیاوازن وجیاوازە لە بابەتە سەرەکییەکەی ئێمە. واتە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ودەربارەی دەدوێین، تەنها شۆڕش وداکەوت ولێکەوت وفاکتەرەکانیەتی. ئەوجا، لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی جیهانیبێ، یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردەواریبێ.

یاساناسان دەبێژن، شۆڕش، گەر شەرعیەتی دروستبوونیشی هەبێ، شەرعیەتی یاسایی (مەشروعیەت)ی نابێ."[2] واتە، ئەگەر شۆڕشێك زۆرینەی گەلیشی لەگەڵدابێ، ئەوا هەرگیز لە ڕووی یاساییەوە ڕەوایی نابێ. چونکە، هەموو سیستمێکی سیاسی لەسەر بنەمای مەشروعیەت (واتە یاسا) دروستبووە، بیرمەندان ویاساناسان وشەرعناسانیش لە کاتی دیراسەکردنی سیستمی سیاسییدا، گرنگییەکی لەڕادەبەدەر بەم شەرعیەتە دەستوورییە دەدەن.[3] لەبەرئەوە، ناکرێت پاڵپشتێك یان بەڵگەیەکی یاسایی (سند قانوني) بدرێت بەو حکومەتانەی لە ڕێی شۆڕشەوە دەگەنە دەسەڵات.[4] چونکە، بیرۆکەی مەشروعیەت لە چوارچێوەی یاخود لە بازنەی یاسادا دەسووڕێتەوە، بەڵام بیرۆکەی شەرعیەت لە بیروباوەڕ وهەست ونەست

---

[1] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧

[2] ثورة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، يناير ٢٠١٤، ar.wikipedia.org

[3] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٠، ص ١١٦

[4] د. منذر الشاوي: فلسفة الدولة، الطبعة الاولى، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع- عمان، الاردن، ٢٠١٢، ص ٣١

وكۆڕای هاووڵاتیانەوە (گەل) بۆ دەسەڵات وسیستمی حوکمڕانی دەردەچێت. کەواتە، شەرعیەت ومەشروعیەت، دوو جیهانی جیاوازن.

لە نێوکۆی ئەم جیاوازییەوە، دەگەینە ئەوەی بڵێین: "پرەنسیپی مەشروعیەت، مانای هەر هەڵسوکەوتێك کە لە کارنامەی حکومەتی شۆڕشەوە دەردەچێ وچاوەڕوان دەکرێ، پێویستە هاوتا وهاوجووتبێ لەگەڵ بنەما یاساییە دانراوەکانی ناو دەوڵەتدا،" [1] کە ئەمەش کارێکی ئەستەمە لە حکومەتێکی شۆڕشگێڕ چاوەڕوانبکرێ. هەڵبەت، هەموو گەلێك دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ شۆڕشدا بکات، گەرنا بەهۆی کەسانێکەوە شۆڕشەکە دەبێتە شۆڕشێکی مردووی ناوەڕۆك بۆگەن. هاوکات، شۆڕشگێڕەکانیش دەبن بە کەسانی هەلپەرست وچاوبرسی وگەندەڵ. [2] دواجاریش، خودی کۆمەڵگە لەبریئەوەی گۆڕانی بەسەردابێ وگوزەر بەرەو دێموکراسی بکات، بە پێچەوانەوە نوقمی شەڕی براکوژی وئاشووب ودواکەوتوویی وگەندەڵیی دەبێت، کە هەردەم پەشیمانی لەدەستدانی ڕژێمی پێشوو دەبێ. دیارە، نموونەیەکی زۆری ئەم دەسەڵات وحکومەتە شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وجیهانی سێدا لەبەردەستدان.

لەلایەکیترەوە، هەردەم وتراوە: "گەل سەرچاوەی شەرعیەتە." [3] مانای، ئەو پەیوەندییەی لە نێوان گەل ودەسەڵاتدایە، پەیوەندییەکە

---

[1] د. نجيب خلف أحمد، د. محمد علي جواد كاظم: القضاء الاداري، الطبعة الرابعة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجامعة المستنصرية، كلية القانون، مكتب الغفران– بغداد، ٢٠١٥، ص ٣

[2] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧

[3] د. منذر الشاوي: الانسان والقانون، الطبعة الاولى، الذاكرة للنشر والتوزيع– بغداد، ٢٠١٥، ص ١٣٣

لەسەر بنەمای جووڵە وکارلێککردن دروستبووە. واتە، گەر حکومەت دیمۆکراتخواز وڕەوا وکراوەبێ، هەرگیز توڕەیی وکاردانەوەی ڕادیکالآنە ونەخوازراو لەلایەن گەلەوە نابینرێ. کەوابێ، پشتبەستوو بەوەی کە گەل سەرچاوەی شەرعیەتی ئەم حکومەتە شۆڕشگێڕەیە، ئەوا لەسەر دەسەلآتی شۆڕشگێڕە کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ گەلدا بکات، وئەو ڕاستییەشی لەبیرنەچێ کە چۆن گەل خاوەنی شەرعیەتی دەنگپێدانیەتی، وەهاش دەتوانێ ئەو شەرعیەتەی لێبسەنێتەوە ودژە شۆڕشی لە بەرانبەردا بەرپابکات. بە مانای، گەل لە توانایدایە هەموو ڕێکارێك بگرێتەبەر لە پێناو گەڕاندنەوەی مافەکانی وسەروەرییدا.

لە ڕووی یاساییەوە، کاتێك دەڕوانینە کرداری شۆڕش، بەوەی ئامڕازێکە بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی وکۆمەلآیەتی کە دواتر گۆڕینی ڕژێمی یاسایی لێدەکەوێتەوە، پەلکێشمان دەکات بۆئەوەی بزانین کرداری شۆڕش بە مەبەستی بەرخودان وفراژووتنی دەسەلآتێکی ستەمکار تا چەند لە یاسا دانراوەکاندا ڕێپێدراوە. هەڵبەت، لە دوو ڕووەوە گەنگەشەی ئەم کردارە کراوە. **ڕووی یەکەم**، ڕێگە بە کردەی شۆڕش دەدات، بە بیانووی ئەوەی گەل سەرچاوەی سەروەرییە وهەر ئەویش دەسەلآتی چاودێریکردنی هەمیشەیی دەسەلآتدارانی هەیە، وخاوەنی ڕەسەنی پێدان ولێسەندنەوەی پاڵپشتیی سەروەرییە.[١] **ڕووی دووەم**، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە کرداری شۆڕش وپەنابردنەبەری بە مەبەستی گەڕاندنەوەی سەروەری گەل نادات، بەوەی هەڕەشەیەکی هەمیشەییە بۆ

[١] د. عبدالحكيم حسن محمد عبدالله: أدلة القائلين بمشروعية الحريات العامة في الفكر والنظام السياسي، رسالة دكتوراه، جامعة عين شمس، كلية الحقوق، دار الاتحاد العربي للطباعة- القاهرة، ١٩٧٤، ص ٢٥٤

سەر دەسەڵاتی حوکمڕان. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە، لەو باوەڕەدان کە بوونی دەستوور خۆی لە خۆیدا ئامڕازێکە بۆ ئارامیی وچەسپاندنی سیستم ورژێم. لەبەرئەوەی، دەستوور شێوازەکانی چارەسەری ململانێ وناکۆکییەکان بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە لەخۆدەگرێ، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو کەناڵە شەرعیانەی یاسا دەستنیشانیکرد ودەستوور ڕێکیخستووە. هەربۆیە، ڕێتێناچێ ولۆژیکییش نییە، دەستوور دەق وبڕیارگەلێك لەخۆبگرێ کە ڕێگە بە بەرپاکردنی شۆڕش وبەرگریکردنی دەسەڵاتی حوکمڕان بدات، لە ڕێگەی هێزەوە. [1] واتە، شەرعیەتی شۆڕش هەرگیز لەگەڵ شەرعیەتی دەستوورییدا هاوجووت نابێ، بەتایبەت لە دەساودەسکردنی ئاشتییانە ودیمۆکراسییانەی دەسەڵاتدا. [2]

کەوابێ، کرداری شۆڕش گەر شەرعیەتی دروستبوونیشی هەبێ، ئەوا شەرعیەتی یاسایی واتە (مەشروعیەت)ی نابێت." [3] بە مانای، گەر شۆڕش زۆرینەی گەلیشی لەگەڵدابێ، ئەوا هەرگیز لە ڕووی یاساییەوە ڕەوایی نابێ، لەبەرئەوەی هەموو دەسەڵات وسیستمێکی سیاسی لەسەر بنەمای یاسایی (مانای لەسەر بنەمای مەشروعیەت) دروستبووە، هەروەك پێشتر ئاماژەمپێدا.

[1] د. أيمن أحمد الورداني: حق الشعب في استرداد السيادة، مصدر سابق، ص ٣٨٧

[2] أ. م. د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، م. م. سيروان حامد أحمد: شرعية الحكومات غير الدستورية، دراسة تحليلية في أطار القانون الدولي العام، مصدر سابق، ص ٢

[3] ثورة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، مصدر سابق

**جۆرەکانی شۆڕش و ئامانج لێیان:**

هەرچەندە لە ڕووی جۆرەوە دەستەواژەی شۆڕش زۆر بوار وکایەی جیاجیا دەگرێتەوە، هەر لە شۆڕشگەلی کۆمەڵایەتی سیاسی بۆرژوازیی سۆسیالیستیی کلاسیکی ئایینی فەرهەنگی کەلتووری تازەگەری ڕۆشنبیری فیکری هونەری ئابووری پیشەسازی بازرگانی تاکەکەسی ڕەگەزی میدیایی دیجیتاڵی زانستی زانیاری نەرم سەوز و....هتد. بەڵام وەك دەوترێت، لە ڕووی ئامانجەوە شۆڕش دابەش دەبێت بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا، کە ئەمانەن:

١. شۆڕشی سیاسی
٢. شۆڕشی ئایینی
٣. شۆڕشی زانستی [١]

جێی باسە، ئەو گۆڕانەی کە شۆڕشی سیاسی دەیخوڵقێنێت، هەردەم گۆڕانێکی ڕادیکاڵی توندوتیژە، ئەوەش بە مەبەستی داڕمان ودووبارە داڕشتنەوەی سیستمێکی سیاسی نوێ. [٢] بەڵام، شۆڕشی ئایینی، گۆڕانێکی بەرچاو لەناو کۆمەڵگەدا دروستدەکات، لەبەرئەوەی تایبەتە بە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان. هەرچەندە، زۆربەی کات ئەمیش چەشەکراوە بە توندوتیژیی، بەڵام مەرج نییە وەکی شۆڕشی سیاسی ڕادیکاڵ بێت، بەوەی لەوانەیە توخنی سیستمی سیاسی وڵات نەکەوێ، یاخود نەیەوێ دڵی دەسەڵات لەخۆی بڕەنجێنێ. هەڵبەت، شۆڕشی زانستییش، هەوڵی داهێنان وخزمەتکردنی مرۆڤایەتی وگۆڕانکاری

---

[١] غوستاف لوبون: روح الثورات والثورة الفرنسية، ت: عادل زعيتر، مصدر سابق، ص ٢٦

[٢] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد- سلێمانی، ٢٠١٨، ل ١٥٣

وبنبڕکردنی ئەو بەها وڕەها وبیروباوەڕە تەقلیدییە باوانە دەدات، کە سەردەمانێکە ڕۆچوونەتە قووڵایی کۆمەڵگەوە، ولە شوێنی ئەوانەدا بەها وڕێژەگەریی وتێڕوانینی زانستیی وتەکنۆلۆژیی نوێ وتازەگەریی دەخوڵقێنن، کە کۆمەڵگە بەرەوپێش دەبەن.

هەڵبەت، وا باشترە پوختەیەکی ئەم سێ تەوەرە سەرەکییە بخەمە ڕوو، بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە ئامانجەکانیان کە ئەمانەن:

**١- *شۆڕشی سیاسی:***

بە بڕوای بیرمەندان، بۆ یەکەمجار وشەی شۆڕش یان شۆڕشی سیاسی لە دەسپێکی شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ ز)دا لەلایەن (لیانکۆرت)ی نێردەی (لویسی شازدە)وە بەکارهاتووە.

لە سەدەی هەژدەدا، فەیلەسووفی فەرەنسی (کۆندۆرسێ)، وتبووی: "وشەی شۆڕش تەنها بەسەر ئەو شۆڕشانەدا جێبەجێ دەبێت کە ئامانجیان ئازادییە." [١] واتە، کاتێك باس لە شۆڕشی سیاسی دەکەین، دەبێ ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بەرەو ئازادی بچێت. بەڵام، ئەم چەمکی ئازادییە هەرگیز پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئەمریکی وفەرەنسی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە نەزانرابوو. کەواتە، چۆن (لیانکۆرت) ساتی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ ز)، دەستپێشخەری وشەی شۆڕش بووە، (کۆندۆرسێ)ش بە هەمان شێوە داهێنەر ودەستپێشخەری وشەی ئازادی بووە لەو ماوەیەدا.

---

[١] جاد الكريم الجباعي: الثورة الدينية والدولة المستحيلة، مقالات، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، ٥/ أكتوبر/ ٢٠١٥، www.mominoun.com

پاڵپشت بە بۆچوونەکەی (کۆندۆرسیٚ)، (هانا ئاریٚنت) پیٚیوابوو شۆڕش تەنها گۆڕانکارییەك نییە، بەڵکو سەرەتایەکی نویٚیە بۆ میٚژوویەك کە هەرگیز پیٚش شۆڕشگەلی ئەمریکی وفەرەنسی نەزانراوە. بە بڕوای (هانا ئاریٚنت)، ئەو شتە نویٚیە جیاوازەی لە هەردوو شۆڕشی ناوبراودا دروستبوو، دەرکەوتنی ئازادی بوو. ئەمە بیٚجگەلەوەی، ناوبراو ئازادی وئازادبوونی لەیەك جیادەکردەوە، بەوەی ئازادی مانای ئازادی سیاسییە. هەر بە بڕوای ئەو، ئامانج لە شۆڕشی سیاسی، دەستەبەرکردنی مافە مەدەنییەکانە، سەرباری ئازادبوون لەو حکومەتانەی زیادەڕەوی لە دەسەلاٚتەکانیاندا دەکەن وسنووری مافە کۆن وچەسپاوەکان دەبەزیٚنن. [1]

لە ڕاستیدا، شۆڕشی سیاسی هەوڵی گۆڕینی دەستەی حوکمڕان دەدات، بیٚئەوەی ئامانجی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی وگشتگیر لە بارودۆخی کۆمەلاٚیەتیدابیٚ. شۆڕشە سیاسییەکان، کردەی گۆڕانی کتوپڕ وڕادیکاڵ لەخۆدەگرن، کە دوچاری ڕژیٚمە حوکمڕان وئیدارە وئۆرگانەکانی کۆمەڵگە دەبنەوە. ئەم شۆڕشانە، گەل لە سایەی کەسانیٚك وکۆمەڵیٚك گرووپی فشارەوە بەرپایان دەکات، بە مەبەستی چاکسازی وڕیٚگری لە گەندەڵی ئیداری وبە هیوای سەرکەوتن بە سەر دەسەلاٚتی ستەمکاردا، کە هەرگیز مانای ئازادی ودادپەروەری نازانیٚ. بەلاٚم پیٚویستە ئەوەش بڵیٚین، گەل بەبیٚ فشار وهاریکاریی وکردەی دەرەکی یان ناوخۆیی هیٚزە چەکدارەکان، ئەستەمە بتوانیٚ شۆڕشە سیاسییەکەی سەربخات. هەربۆیە، لە میٚژوودا زۆرجار ڕوویداوە کە هیٚزە چەکدارەکان پاڵپشت وهاریکاری ئەم جۆرە

---

[1] د. هيثم مزاحم: في معنى الثورة، مصدر سابق

**شۆڕشانە دەبن. کەواتە، هیچ گومانی تێدا نییە لەوەی ئەم هێزانە ڕۆڵێکی کاریگەر ویەکلاکەرەوە لە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشانەدا دەبینن.**[1]

**شایەنی باسە، هەریەك لە (ئەرستۆ، ماکیاڤێللی وجۆن لۆك) شۆڕش بە دیاردەیەکی سیاسی دەزانن، وئامانجەکەشی بە گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە قەڵەم دەدەن. بە بڕوای ئەوان، هەموو بوارەکانیتر پەیوەندییان بەم هۆکارە سەرەکییەوە هەیە. لەبەرئەوەی، بەبێ گۆڕانکاری سیاسی، گۆڕانکارییە ئابووری وکۆمەڵایەتی ودەروونییەکان، ناتوانن بە هیچ شێوەیەك ببنە شۆڕش.**[2] **دیارە، هەموو شۆڕشێك سیفەتێکی سیاسی هەیە، هەرچەندە ڕەنگە شۆڕش گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی وکەلتووری دروستبکات، بەڵام ئەمە هەمیشە دەبەسترێتەوە بە گۆڕانی بنەڕەتی ژیانی سیاسییەوە. وەلێ، ئەو گۆڕانە سیاسییەی شۆڕش دروستی دەکات، گۆڕانێکی ڕیشەیی ولقییە. لەم سۆنگەیەوە، دەتوانرێت شۆڕشەکان لە یاخیبوون وکودەتا جیابکرێتەوە، هەرچەندە یاخیبوون ئامانجی تەسکتر وسنووردارتری لە چاو شۆڕشدا هەیە، تەنانەت ڕاپەڕینی چەکداریش یاخیبوونە نەك شۆڕش. وەلێ، کودەتاش مانای گرتنەدەستی دەسەڵاتە، بەڵام نەك بەهۆی یاخیبوونی جەماوەرییەوە، بەڵکو بەهۆی باندێکی بچووکی پیلانگێڕەوە کە لە بنچینەدا کردارەکەیان بە نهێنی ئەنجامدەدەن. واتە، تەنها شۆڕشی سیاسییە کە بە مەبەستی داڕشتنەوەی سیستمی**

---

[1] **قراءات نظرية، الثورات السياسية– المفهوم والابعاد: أعداد ادارة البحوث والدراسات، مصدر سابق، ص ٨**

[2] **زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٩**

سیاسی بەرپادەکریٚ، وشویٚنگرەوەی چوارچیٚوەیەکی دەستوورییە کە لە ناویدا سیاسەتیٚکی نویٚ کار دەکات.[١]

گۆڕانی سیستمی سیاسی، تەنیا بە دەرەنجامی کودەتاکان یان چاکسازییە مەزنەکان یاخود داگیرکارییە دەرەکییەکان نازانریٚت. بەڵکو، ڕەنگە بەرهەمی دواهاتی لاوازبوون وداڕوخانی هیٚدی هیٚدییانەی ڕژیٚمە سیاسییەکان بیٚت. واتە، بەردەوامبوونی ڕژیٚمە سیاسییەکان، پەیوەستە بە جیٚگیربوون وتوندوتۆڵبوونی هەر چوار کۆڵەکەکەی دەسەلاٚت کە خۆیان لە ڕەوایی، کارامەیی، پشتگیری کۆمەلاٚیەتی وئامرازەکانی سەرکوتکردن دەبیننەوە. کەواتە، کەمی ڕەوایی دەسەلاٚت وناکارامەیی ولەدەستدانی پیٚگە وپشتگیرییە کۆمەلاٚیەتیەکان ولاوازیی ئامرازەکانی سەرکوتکردن وسستی بەڕیٚوەبردنی کاری فەرمانڕەوایی دەوڵەت، گریمانەی ڕووخاندنی تەواوەتی هەر ڕژیٚمیٚکی سیاسی لیٚدەکریٚ.[٢] بەمانایەکیتر، لەم حاڵەتانەدا ئەگەری شۆڕشی سیاسی زۆر زیاد دەکات، کە لەوانەیە لە داهاتوودا ببیٚتە ڕووداویٚکی میٚژوویی حەتمی.

لە ڕاستیدا، هیچ ڕژیٚمیٚکی سیاسی لەبەردەم شالاٚوی شۆڕشی سیاسیدا هەروا بە ئاسانی چۆك دانادات، تا ئەو کاتەی پشتگیری کۆمەلاٚیەتی لەدەست نەدات ونەتوانیٚ ئامرازەکانی سەرکوتکردن وهیٚزە چەکدارەکانی بەکاربهیٚنیٚ. هەرگیز، گەل وشۆڕشگیٚڕان وشۆڕشی سیاسی وا بە ئاسانی سەرکەوتوونابن وڕژیٚمیٚك سەرەوژیٚر ناکەن، تا ئەو کاتەی

[١] ئاندرۆ هیٚیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پیٚشوو، ل ٥٨٨

[٢] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلیٚمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٣٣

هێزە چەکدارەکان نەدەنە پاڵیان. [1] بە مانای، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئامرازەکانی سەرکوتکردن وهێزی چەکداری، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە سەرخستنی شۆڕشگێڕان وشۆڕشی سیاسی گەل یان لە بەرەنگاربوونەوە لێیان دەبینن. کەواتە، هەر ڕژێمێك کە مامەڵە لەگەڵ شۆڕشی سیاسی وشۆڕشگێڕاندا بکات، مەحکومە بە ناڕەوایی ولەدەستدانی پشتگیری کۆمەڵایەتی وهێزی چەکداری وتوندوتیژی. بەڵام، لە بارێکی ئاساییدا، ڕژێمەکان بۆئەوەی بتوانن بەردەوامیی بدەن بە ژیانیان ولە قەیرانگەلێك نەگلێن، ئەوا پێویستە حوکمڕانی ڕەوایەتی وبنکەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان وتوێژێکی بەرچاوی گەل لایەنگریانبێ. [2]

**٢- شۆڕشی ئایینی:**

بەپێی بەڵگەنامە مێژووییە نووسراوەکانی تایبەت بە سەردەمی کیپتۆکان (أقباط)، گوایە لە نێوان ساڵانی (٢٨٩٠- ٢٦٨٦ پ.ز)دا، کە سەردەمی فەرمانڕەوایی دووەمین بنەماڵەی فرەونەکان (فراعنة) بووە، یاخیبوون وشۆڕشێکی ئایینی لە ساتی حوکمڕانی فرەون (پێر ئیب سەن- پێریبسەن- Seth-Peribsen)دا بەرپا بووە. لە دەرەنجامی ئەو شۆڕشە ئایینییە، خەڵکی ڕەشۆکی میسری دێرین وازیان لە پەرستنی خودای باکوور (هۆروس- حورس- Horus) * هێناوە وگەڕاونەتەوە سەر

---

[1] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ١٢٨

[2] ايران ١٩٠٠- ١٩٨٠: تأليف: مجموعة من المؤلفين، مصدر سابق، ص ١١٤

* هۆروس: هۆرس، هۆر، هور، هوری، خوری، خور، خۆر، واتە خودای خۆر یان خودای باکوور وبە عەرەبی (أله الشمس)ی پێوتراوە، ئەم ئایینە تایبەت بووە بە میتانییە خورییەکان کە بنەچە وڕەسەنی کوردانی شام وسووریا وباکووری میسۆپۆتامیا بوون. هەرچی خواوەند (سێت) بووە،

پەرستنی خودای باشوور (سێت- ست- Set)، کە خواوەندی پێشوویان بووە. [1] هاوشێوەی ئەم شۆڕشە ئایینییە، بەڵام لە سەردەمی هەژدەهەمین بنەماڵەی فیرعەونەکان وبە تایبەت لە پێنجەمین ساڵی فەرمانڕەوایی (ئاموونهوتپی چوارەم (ئەخناتون)- أمنحوتب الرابع- Amenhotep IV)دا (١٣٥٣- ١٣٣٦ پ.ن) یان (١٣٥١- ١٣٣٤ پ.ن)، ناوبراو بە کاریگەریی هاوسەرەکەی بە ناوی (تادو هیپا)ی کچی پاشای میتانی (توشراتتا) [2] کە دەکاتە (نەفەرتیتی- نفرتیتی- Nefertiti) (١٣٧٠- ١٣٣٠ پ.ن)، گەورەترین شۆڕش لە دژی ئایینی کەونار وئایینکاران وباوەڕی ئایینی میسری دێرین بەرپادەکات، ئەمەش بە پشتبەستن بە ئایینی هاوسەرە میتانییەکەی کە (خۆر پەرستیی) بووە. بێگومان، میتانییەکان خۆرپەرستییان لە خورییە ئێزدانپەرستەکانی بنەچەیانەوە وەرگرتبوو. فرەونی ناوبراو، ئایینە نوێکەی بە (ئاتون) ناودەبرد کە لە (ئوتو)ەوە وەریگرتبوو، مەبەستیش لە خودای خۆر بوو، تەنانەت ناوی خۆیشی گۆڕی بۆ (ئەخناتون) بەمانای (بەسوود بۆ خواوەند ئاتون) یاخود (دڵسۆز بۆ خواوەند ئاتون). [3]

ئێمە، لێرەدا تەنها ئاماژە بە کۆنترین ڕاپەڕین ویاخیبوونێك یاخود شۆڕشێك دەکەین، کە لە یەکێك لە کۆنترین کۆمەڵگە مرۆییەکانی

---

خودای باشوور یان خودای بیابانەکان وگەردەلوول وسێبەر وپشێوییان پێوتووە، کە بە عەرەبی بە (أله الصحراء) ناوبراوە.

[1] الاسرة المصرية الثانية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١١/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[2] مهدي كاكه يى: الملكة الميتانية (نفرتيتي Nefertiti)، الحوار المتمدن، ١١/ ١١/ ٢٠٢٠، www.ahewar.org

[3] أخناتون: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ مارس/ ٢٠٢١، ar.wikipedia.org

سەر گۆی زەوی بەرپابووە ومۆرکێکی ئایینی پێوە دیاربووە، ئیدی بە ناچینە نێو چییەتی (ماهیة)ی ئەو شۆڕشە ئایینییەوە. لەبەرئەوەی، نە باسەکەمان ئەو بابەتە هەڵدەگرێ نە ڕۆچوونە زانستی ولێکۆڵینەوەکەمان تایبەتە بە سەردەمی فرەونەکان. واتە لە بارەی سەردەمی کۆنەوارەوە، هێندە بنکۆڵی بەسە، بەڵکو پێدەنێینە سەردەمانێکی دواترەوە.

بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست ( ٥٠٠- ١٥٠٠ ز)، ئایینی مەسیحی، بەتایبەت ئایینزای کاتۆلیك، بە خێرایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وئەورووپادا بڵاوبووەوە. [١] بەڵام، پاش ئەو مێژووە، تیۆری سیاسی وفیکری فەلسەفەی سیاسی سەدەی شازدە، کاریگەریی ڕێنیسانس وبزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی ودواتریش ڕۆشنگەریی لەسەر دروستبوو. مانای، سەردەمی ژیانەوە یان ڕاچەنین وهەستانەوە (ڕێنیسانس)، گەرچی لە سەرەتادا بە ڕەوتێکی ئەدەبیی وڕۆشنبیریی وپاشان سیاسی وفەلسەفی دەستپێکرد، بەڵام دواجار بە ڕیفۆرمی ئایینی کۆتاییهات، کە کاریگەرییەکی بێوێنەی لەسەر ئایینەدەی مەسیحیەت دروستکرد. [٢]

شایانی وتنە، لەم سەردەمەدا شۆڕشی گۆڕانکارییەکان تەنها بواری زمان وئەدەب وڕۆشنبیری نەگرتەوە، بەڵکو کایەکانیتریشی گرتەوە. دیارە، هەستیارترینیان کایەی ئایینی بووە، کە خۆی لە شۆڕشێکی چاکسازی وبزوتنەوەیەکی ڕیفۆرمدا دەبینییەوە. وەلێ، کاریگەریی زمانی ڕەشۆکیی ودەرکەوتنی زانستی نوێ وپاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن

---

[١] سارا فلۆوەرز: چاکسازیی ئایینی، و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٩

[٢] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩

**کلێساوە، تێکڕا فاکتەری ئەم گۆڕانکارییانە بوون. هەڵبەت، ڕیفۆرمیستە ئایینییەکان، هەرگیز پێیان وانەبوو کلێسا تەنها ئامڕازبێت لەبۆ گەیشتن بە کامەرانییەکی سەرمەدیی، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەم دەزگایە تەواو گەندەڵ وببوە سەرچاوەی بیدعە وخورافە. دیارە، پیاوانی کلێسا، بۆ گەیشتن بە دەوڵەمەندیی زیاتر، جۆرەها چەواشەکارییان گرتبوەبەر، لەوانە فرۆشتنی (پسووڵەی لێخۆشبوون یان بەڵگەنامەی لێخۆشبوون) (صکوك الغفران). گوایە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە، کە مرۆڤەکان بەهۆی ئەم پسوولأنەوە خۆیان لە گوناهەکانی ئەم دنیا پاکبکەنەوە.** [١]

**زۆربەی مێژوونووسان، کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەسیحیەت تا ئەوپەڕی گەندەڵ نەبوایە، وئەگەر دەروونی وشکی نەکردایە وئەوەش بواری بۆ ناڕەزای وڕەخنەگرتن نەڕەخساندایە، ئەوا هەرگیز شۆڕشە ئایینییەکەی (مارتن لوتەر– مارتن لوثر) ڕوویندەدا وریفۆرمی ئایینییش لە سەدەی شازدەدا لەدایك نەدەبوو.** [٢] **هەڵبەت، فەیلەسووفێکی وەك (ئەنگڵس)ی هاوبیری (مارکس)، وتبووی: "یەکەمین جەنگی مەزن کە پێی دەگوترا ڕیفۆرم، لە ئەڵمانیا ڕوویدا."** [٣] **لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، ئاماژە بە قەشە (مارتن لوتەر) وەك ئافرێنەری مەزهەبی پرۆتێستانتی وشۆڕشگێڕێکی ئایینی وپێشەنگی ڕەخنەگران وداهێنەری ڕیفۆرمی ئایینی جیهانی مەسیحی کراوە، بەوەی توانیویەتی دەرگای**

---

[١] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤٥

[٢] هاشم ساڵح: خەمەکانی ڕۆشنگەریی، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٦

[٣] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥، ل ٨٦

ئایین والاّ بکات لەبەردەم شۆڕشی چاکسازی وبیروبۆچوونی ڕەخنەگرانە ودنیابینییەکی نویٚ، لەبەرانبەر سەر ومالٚ وژیانی خۆیدا. بارودۆخی خراپ وناهەمواری ئەو کاتەی جیهانی مەسیحی ودەسەلاّتی فراوانی کلٚێسا وکارە قێزەونەکانی پاپا وپیاوانی ئایینی وڕەفتارە تۆقێنەرەکانی دادگاکانی پشکنینیش، هۆکار بوون لە بەرپاکردنی شۆڕشە ئایینییەکەی ناوبراو. هەربۆیە، لە ڕۆژی جەژندا ولە بەرواری (٣١/ ١٠/ ١٥١٧ز)، ناوبراو توانیبووی (٩٥) بڕگە وداواکارییە بەناوبانگەکەی بە دەرگای کلٚێسای زانکۆ لە شاری (ڤێتنبێرگ)دا هەلٚبواسیٚ، کە سەرەتای شۆڕش وبلٚێسەی ڕیفۆرمی ئایینی بوو.[1]

ئەمڕۆش لە نێوکۆی شارستانیەتە خۆرهەلاّتییەکان، بابەتی دواکەوتوویی، بووەتە پارێزەرێکی وەهمی بۆ بەها ڕۆحییەکانی کەلتووری گەلانێك، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەربەستێکە لەبەردەم ڕابوونی هزریاندا، ئەو هزرەی هەردەم هۆشیاری پشتی پێدەبەستیٚ.[2] لە ڕاستیدا، لەگەلٚئەوەی باسەکەمان تایبەتە بە شۆڕشی ئایینی، بەلاّم بە بڕوای بەشێك لە فەیلەسووفان وبیرمەندان، سیفەتی ئایینی بۆ شۆڕش تەنها چاوبەستێك وشاردنەوەی هەقیقەتی شۆڕشە. یەکێك لەوانە (هانا ئارێنت)ە، تێبینی ئەوەیکردبوو کە ڕۆحە سەرکێشە زیندووەکەی نێو بزوتنەوە ئایینییەکانی سەردەمی نویٚ، هەردەم بە وریابوونەوەیەکی گەورە یان بە بزاوتێکی زیندووکردنەوە کۆتاییاندیٚ، بەلاّم بەبیٚ ئەوەی دەرەنجامێکی سیاسی ومێژوویەکی بەکەلٚکیان هەبێت. لێرەوە، دەکرێت بلٚێین ئایا شۆڕشی

---

[1] سلیمان مظهر: قصة الديانات، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي– القاهرة، ٢٠٠٢، ص ٤٤٧

[2] داريوش شايغان: ما الثورة الدينية، ت: د. محمد الرحموني، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للتحديث الفكري ودار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص ١٥٨

ئیسلامی ودەوڵەتی ئیسلامی لە ئێران بەدەرن لەمانە؟ یاخود، ئەویش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شۆڕشی بۆڵشێڤیکدا نییە تەنها لە ناو وسەردەم وڕەنگ وجۆری ئایدیۆلۆژیا وسومبولەکانیدا نەبێ! بێگومان، ڕژێمەکەشی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕژێمی ناوبراودا نییە، سەرەڕای هەڵویستی لە هەمبەر کۆمەڵگە ودەوڵەت کە هەمان هەڵوێستی ئەوان بووە. خۆ ئەگەر، ئازادی پێوەرێکی سەرەکیبێ بۆ شۆڕشە نوێیەکان، ئاخۆ پێگەی ئازادی لەم شۆڕش وڕژێمانەدا دەبێ چیبێ؟ [1]

لە کۆتاییدا، دەکرێت ئەو پرسیارە ئاڕاستەی خۆمان بکەین، لەوەی ئایا لەنێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆدا کاتی ئەوە نەهاتووە کە شۆڕشێکی دژە ترادسیۆن وڕیفۆرمێکی ئایینی بەرپابکرێ؟ ئایا باوەڕ ودەروونی ئایینکارانی ئایینی ئیسلامیش وشکی نەکردووە، کە ئیدی بواری بۆ بیرکردنەوە ورەخنە وبزاوتی چاکسازی وبەراوردکاریی ئایینی سازکردبێ؟ بەلام، هەردەم ئەو پرسیارەش قوت دەبێتەوە لەوەی، ئایا ئەو فریادڕەسە کێیە کە لە مێژوودا ولە خانەی چاکسازی وڕیفۆرمی ئایینییدا ناوی دەنەخشێندرێ وەك خوڵقێنەر وئافرێنەری شۆڕشی ئایینی؟

### ٣- شۆڕشی زانستی:

فەیلەسووفان وبیرمەندان، کۆکن لەسەرئەوەی شۆڕشی زانستی بە گرنگترین شۆڕش لەقەڵەم بدەن، بەوەی ئەم جۆرە شۆڕشانە نهێنی پێشکەوتنی شارستانیەتەکان بوون بەدرێژایی مێژوو.

---

[1] جاد الكريم الجباعي: الثورة الدينية والدولة المستحيلة، مقالات، مصدر سابق

**لە ڕاستیدا، شۆڕشی هۆشیاری، لە مەترسیدارترین شۆڕشەکان بووە کە مرۆڤ بەرپایکردووە. بەشێك لە زانایان، لەو باوەڕەدا بوون کە شۆڕشی هۆشیاریی بەر لە حەفتا هەزار ساڵ ڕوویداوە. هەڵبەت، قوربانیکردن، ئاسەواری هۆشیاری وبیرکردنەوەی ئەو مرۆڤانە بووە کە لەو سەردەمە دێرینانەدا ژیاون. دیارە، دەفر وکەلوپەل ونەخشاندنی وێنەی ئاژەڵان لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان وپۆشاك وپێکەوە ژیانی بەکۆمەڵ، سیمای هۆشەکیی وبیرکردنەوەیان بووە. بە کورتی، شۆڕشی هۆشیاریی، سەرەتای درککردنی مرۆڤ بووە بە خۆی وئەوانیتر، هەرچەندە بیروڕاکان زۆرن دەربارەی هۆکاری ئەم درککردنەی مرۆڤەکان کە چۆن وبۆچی بووە. بەڵام، کۆدەنگییەك هەیە لەسەر ئەوەی دەرکەوتنی (زمان) هۆکاری سەرەکی بووە. واتە، لە ڕێی زمانەوە کە یەکەم شۆڕشی مەعریفیی مرۆڤ بووە لە مێژوودا، مرۆڤەکان توانیویانە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا دروست بکەن، بەمانای توانای دروستکردنی کۆمەڵگەی سەرەتایی.** [1]

**بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، بەر لە دۆزینەوەی (ڕەوڕەوە) (دولاب) لە دەوروبەری (٣٥٠٠ پ.ز)دا، مرۆڤەکان ئاستەنگی زۆریان بۆ دروست دەبوو لە گواستنەوەی کەلوپەلەکانیاندا. شایەنی باسە، داهێنانی ڕەوڕەوە وگالیسکە، گەورەترین شۆڕشی زانستیی ئەو سەردەمە کۆنانە بووە.** [2] **لە سەردەمی نوێشدا، داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن (یۆهانس گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانییەوە لە ساڵی (١٤٥٥ز)دا، گەورەترین شۆڕشی**

---

[1] **جمال أبوالحسن: أول ثورة في التأريخ، ٢٧/ أكتوبر/ ٢٠١٧، موقع الحرة،** www.alhurra.com

[2] **علي لؤي الحوري: ١٠ أختراعات غيرت البشرية وصنعت واقعنا الحالي، معلومات عامة، موقع دخلك بتعرف، ١٩/ مارس/ ٢٠١٧،** dkhlak.com

زانستی بووە کە بووەتەهۆی بڵاوبوونەوەی زیاتری فیکر وفەلسەفە وکتێب وگۆڤار ورۆژنامەکان، کە زۆربەیان پڕوپاگەندەیان بۆ بیروڕاکانی (ڕۆشنگەریی) دەکرد.[1] وەلێ، هەر بەهۆی ئامێری چاپەوە، بۆ یەکەمجار پەڕتووکی پیرۆزی (ئینجیل) کە یەکەمین کتێبی چاپکراو بە جۆری کانزای جولاّو بووە، چاپکرا. هەڵبەت، لەو سەردەمەشدا بوو کە لە (کانت)ی فەیلەسووفیان پرسیبوو: "ڕۆشنگەریی چییە؟" ئەویش لە وەڵامدا وتبووی: "دەرچوونی مرۆڤە لە قۆناغی کاڵفامی وگەیشتنە بە تەمەنی هۆشیاریی."[2] بێگومان، پێش (یۆهانس گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانی، کۆرییەکان وچینییەکان ئامێری چاپیان داهێنابوو، بەڵام ناوبراو یەکەم کەس بوو کە توانی مەرەکەب بخاتە سەر پارچە کاغەزەکان لە چاپخانەدا.

لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٦٦٤ ز)دا، ئەستێرەیەکی کلکداری بریقەدار لە ئاسمان دەرکەوت. دیارە، گەردووناسانی ئیسپان، یەکەم کەس بوون کە تێبینی دەرکەوتنی ئەو ئەستێرە کلکدارەیان کرد. بەڵام پاش چەند هەفتەیەك، ئەم ڕووداوە سروشتییە سەرنجی هەموو گەردووناسانی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. پاشان، هەریەك لە ئیتالیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا وکۆلۆنیالە دوورە دەستەکانی ئەوروپا وئەمریکا وئاسیا وناوچەکانیتر، چاودێری وتێبینییەکانی خۆیان لە سەر ئەو دیاردە سروشتییە نووسی، بە شێوەیەك کە لە کەمترین ماوەدا بووە ڕۆژەڤی زانایان وچاودێران. بەمشێوەیە، دەرکەوتنی ئەم کلکدارە بووەهۆی ئەوەی لە سەدەی حەڤدەوە ئەوروپییەکان گرنگییەکی زۆر بە

---

[1] جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١١٩

[2] عصر التنوير: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ سبتمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

جیهانی سروشت بدەن. لێرەوە، ئامێری (تەلیسکۆپ)، بۆ بینین وچاودێریکردنی ئەستێرە وهەرسارەکان وگەردوون پەرەیسەند. دواتر، ئامێری (مایکرۆسکۆپ)، گەشەیکرد وهاوکار بوو لە گەورەکردنی چزووی هەنگێك ونیشاندانی کێچێك بە قەبارەی سەگێك، وێڕای بینینی تەنۆچکەکانی ناو ئاو وخوێن وتۆو وزۆر شتیتریش. هەروەها، بە دۆزینەوەی ئامێری (نەشتەر)، توانیان توێکاری ئەنجام بدەن ولە بواری نەشتەرگەریدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن. هەڵبەت، بە بەکارهێنانی ئاگر، توانییان ماددە وکەرەستە سروشتییەکان بتوێننەوە وبیکەنە پێکهاتەی کیمیایی، بە بەکارهێنانی کەشتییەکانیش توانییان بگەنە زەوییە نوێکان. بێگومان، سەردەمی شۆڕشی زانستیی کە لە ساڵانی (١٥٠٠- ١٧٠٠ ز) خایاند، گرنگترین وبەناوبانگترین سەردەم بوو لە مێژووی زانستدا. لە ڕاستیدا، ئەو شۆڕشە زانستییەی کە زۆرجار بە (ماوەی بەرەبەیانی نوێ) ناوزەد دەکرێت، سەردەمێك بوو ئاوێتە لە بەردەوامی وگۆڕان پێکەوە. [١]

گەرچی لە سەدەی نۆزدەدا، بڕوابوون بە ڕاشناڵیزم وپۆزەتیڤیزم ومۆدێرنیزم وشۆڕشی زانستیی گەیشتە ئەوپەڕی وبوو بە ئاینێکی نوێ، بەڵام باوەڕبوون بەم ئایینە دوو سەدە زیاتری نەخایاند. لەگەڵ هەڵایسانی یەکەم جەنگی جیهانی، گورزێکی کوشندەی بەرکەوت، دووەم گورزیشی لەگەڵ دووەم جەنگی جیهانیدا خوارد. [٢] هەڵبەت، ئەمە بانگەشەکەی (میشێل فۆکۆ)مان دێنێتەوە یاد، کاتێك وتبووی: "مۆدێرنیتە، بە مردنی

[١] لورانس إم برينسيبيه: الثورة العلمية، ت: محمد عبدالرحمن إسماعيل، الطبعة الاولى، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة- القاهرة، ٢٠١٤، ص ٩

[٢] هاشمساڵح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٣٤

مرۆڤ ئەنجامگیر بووە." [1] لەبەرئەوەی، ویڕای شۆڕشی زانستی وخزمەتی مرۆڤایەتی لە سەردەمی مۆدێرنەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا (ئەقلانییەت) زەبرێکی کوشندەشی لە مرۆڤایەتیدا. فەیلەسووفان وبیرمەندان، مکوورن لەسەرئەوەی ڕاسیزم وکەپیتاڵیزم وئیمپریالیزم، لەدایکبووی ئەم بیرکردنەوە لەخۆباییەی ئەقڵگەرایی بوون. [2] واتە، شۆڕشی زانستیی لە سەردەمی مۆدێرنەدا گەرچی هەنگاوێکی گەورەی مرۆڤایەتی هەڵهێنا، بەڵام لە هەمانکاتدا بەهۆی سەرەڕۆیی ئەقڵەوە، وەکی هەر شۆڕشێکیدی نەهامەتی وکوشتوبڕ وجینۆساید وپاکتاوی ڕەگەزیی بەدوای خۆیداهێنا.

لە سەدەی بیستەمیش، گەورەترین شۆڕشی زانستی وگۆڕانکاری جۆریی لە جیهاندا فەراهەم بوو. لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەوە، ویڕای ڕامکردنی ئەقڵ وکاڵبوونەوەی دیاردەی ئیمپریالیزم وڕاسیزم، تەکنۆلۆژیا گەورەترین ڕۆڵی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا گێڕا. شایەنی باسە، داهێنانی ئامێری (کۆمپیوتەر) وسیستم وتۆڕی جیهانیی (ئینتەرنێت)، کە تۆڕی کۆمپیوتەریی جیهانیی بەیەکەوە دەبەستەوە بە مەبەستی پەیوەندیکردن وگەیاندنی کالاً وشمەك وخزمەتگوزاری وهەواڵ وبابەت ودەنگ وڕەنگ بۆ هەر شوێنێکی ئەم جیهانە، بە گەورەترین شۆڕشی ڕەنووسیی (دیجیتاڵ) لە نێوکۆی شۆڕشی زانستیدا لەقەڵەم دەدرێت. ئەمڕۆ، جیهان سێیەمین شۆڕشی پیشەسازی (زانستی) بەخۆوە دەبینێ، کە پەیوەستە بە بواری گەشەسەندن وپەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن وبەیەکگەیشتن.

---

[1] ئازادیی کۆمەڵگە: گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە، ژمارە (٢٨)، ساڵی سێهەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ئایاری ٢٠١٨، ل ٦٨

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥

هەڵبەت، یەکەمین شۆڕشی پیشەسازی، بەهۆی دۆزینەوەکانی ئامێری هەڵمین وهێڵی ئاسنین بووە. پاشان، دووەمین شۆڕشی پیشەسازی بەرپابوو، کە سوودی لە تەزووی کارەبا وپترۆڵ دەبینی. ئێستاش، کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا بەهۆی گەلەئەلیکترۆن وڕاگەیاندنەکان وتۆڕی ئینتەرنێتەوە، چوونەتە قۆناغی شۆڕشی سێیەمەوە، [1] کە بە شۆڕشی ڕەنووسیی یاخود (دیجیتاڵ) (الثورة الرقمية) ناودێر دەکرێت.

بەپێی بەڵگەنامەکان، لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە، سوپای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرگەرمی توێژینەوە بوون بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك کە زانیارییەکان لە نێوان سەنتەرە جیاجیاکاندا خێراتر لە پۆستە وپۆستەچی جاران بگوازێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، ئاژانسی پڕۆژەی لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکانی بەرگری، کە کورتکراوەکەی (DARPA)یە، ساڵی (١٩٦٩ ز) هەستا بە دابینکردنی بودجە بۆ پڕۆژەیەکی ئەزموونیی. پڕۆژەکە، پێکهاتبوو لە تۆڕێکی کۆمپیوتەریی کە بتوانێ فایل وداتا وزانیارییەکان لە دوورەوە ئاڵوگۆڕ بکات. هەڵبەت، ئەم تۆڕە دروستکراوە ناونرا (ARPANET)، کە دواتر بوو بە (INTERNET). [2] پاشان لە ساڵی (١٩٨٩ ز)دا، تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانییش (WORLD WIDE WEB) دروستبوو. بەڵام لە هەموویان گرنگتر، هاتنەکایەی تۆڕی ئینتەرنێت بوو لە ساڵی (١٩٩٣ ز)دا. [3]

---

[1] ريمي ريفيل: الثورة الرقمية، ثورة ثقافية؟ ت: سعيد بلمبخوت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب– الكويت، ٢٠١٨، ص ١٧

[2] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠

[3] ريمي ريفيل: الثورة الرقمية، ثورة ثقافية؟ ت: سعيد بلمبخوت، مصدر سابق، ص ٢٥

له کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا، هەر بەهۆی شۆڕشی زانستییەوە، سەردەمێکی نوێ هاتە کایەوە کە جیهانی بچووك دەکردەوە هێندەی گوندێك. دیارە، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا وبە هۆی گەشەی زانستەوە، سەردەمی جیهانگیریی یان (گلۆبالیزەیشن)ی چەشەکراو بە سەرمایەداریی لیبراڵیی هاتەکایەوە، کە گەورەترین شۆڕشی زانستی وگۆڕانکاری جۆریی بوو لە سیستمی سەرمایەداری وبوارگەلی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەکنۆلۆژیا، ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و...هتد. جێی ئاماژەپێکردنە، هەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، سۆسیۆلۆژیستی کەنەدیی (هێربێرت مارشاڵ ماکلۆهان)، پێشبینی ئەوەی کردبوو کە بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، دەشێت جیهان بگۆڕدرێت وببێ بە (گوندێکی گەردوونیی). [1] ئەم پێشبینییەی ناوبراو، پاش سێ دەیە هاتەدی وبووە هەقیقەتێکی زانستی هەستپێکراو لەسەر ئاستی جیهانی، ئەمەش بەردەوامیی پەرەسەندنی زیاتری شۆڕشی زانستی دەگەیەنێت.

## ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بە شۆڕش:

بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان وبە درێژایی مێژووی نووسراوی گەلان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گشت چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکانی سەر گۆی زەوی بەشدار بوون لە بەرپاکردن وهەڵگیرساندنی شۆڕش وڕاپەڕین ویاخیبوونەکاندا. هیچ گومانی تیادا نییە، لە جیهانی کۆندا، ستەم وزۆرداری وکۆیلایەتی شتێکی زۆر باو بووە، ئەوەشی ئەمڕۆ

[1] هاشم سالح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دوزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٥٠

**پێیدەڵێین (گەل) تەنها کۆمەڵە کەسانێکی بیٚ ماف وئازادی وئیرادە بوون، بە مانای تەواوی گەل کۆیلە بوون. دیارە، لەو سەردەمە کۆنانەدا، تەنها تاکەکەسێك (فەرمانڕەوا) ئازادبووە وئەوانیدی تێکڕا کۆیلە بوون. بەلاٚم بە تێگەیشتنی ئەمڕۆ، تەنانەت ئەو تاکەکەسەش ئازاد نەبووە، لەبەرئەوەی مانای ئازادی ئەوەیە کە کەسێکیدیکەی ئازادی وەك خۆت لە بەرانبەردا دان بەو ئازادییەی تۆدا بنێت. بەلاٚم لەو سەردەمانەدا، ئەو کەسە ئازادە (فەرمانڕەوا)، هەرگیز کەسێکی دیکەی ئازادی شك نەدەبرد تاوەکو دان بە ئازادی ئەمدا بنێت. هەربۆیە، ئەم کەسە ئازادە تەنها ڕەعیەت وکۆیلەی دەبینی کە لە ئازادی بێبەری کرابوون.** [١]

**بەپێی بەڵگەنامە دۆزراوەکانی جیهانی دێرین، یەکەمین شۆڕشی کەسە نائازادە کۆیلەکان کە ناودەبریٚ بە (شۆڕشی برسییەکان)، لە خاکی میسری سەردەمی فرەونەکان (فراعنة)دا بەرپاکراوە.** [*] **واتە، شۆڕشی چین وتوێژە نائازادە کۆیلەکان، بەهۆی قاتوقڕی وبرسێتییەوە بووە نەك بەهۆی نەبوونی ئازادییەوە. جێی باسە، خاکی میسر لە سەردەمی شەشەمین بنەماڵەی فرەونەکان بەتایبەت لە سەردەمی شا (پیٚپی دووەم) (٢٢٧٨–**

---

[١] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٨

[*] هەرچەندە چەمکی شۆڕش لە فەرهەنگی سیاسییدا مانا ومەدلوولێکی سیاسی نویٚ دەبەخشێت. بەلاٚم گەر بە وردی چاوێك بە مێژووی گەلاندا بخشێنین، دەشێت بەهۆی داگیرکاری وکاری زۆرەملیٚ وبرسێتی وهەژاریی وباج وستەمی کەسە فەرمانڕەواکان بەرانبەر بە گەلانی بەکۆیلەکراوی جیهانی کۆنەوە، چەندین ڕاپەڕین ویاخیبوونی بەکۆمەڵ بەر چاومان بکەوێت، کە دەکرێت بە مەفهوومی سیاسی ئەمڕۆ وێنای شۆڕشگەلێکی بۆ بکەین. دیارە، ئەوەی سەردەمی شەشەمین بنەماڵەی فیرعەونەکانیش یاخیبوونێکی بەکۆمەڵ بووە، کە ئەمڕۆ ناوی شۆڕشی لێنراوە.

٢١٨٤ پ.ز)دا [١] تووشی وشکەساڵی ودابەزینی ئاستی ئاوی ڕووباری (نیل) بووە، کە نزمبوونەوەی تەواوی ئاستی کشتوکاڵ وبژێوی وبازرگانی وبەرزبوونەوەی باج ونرخی کالاّ وشمەك وكێشە سیاسییەكانی بەدوای خۆیدا هێناوە. درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە ناهەموارە، بە یاخیبوون لە پێدانی باج وڕاپەڕین وتوندوتیژی وكێشمەكێشی سیاسی وپەلاماردانی كۆگاكانی دانەوێڵەی دەسەڵاتی فرەونەكان كۆتاییهاتووە. [٢]

هەر بەڵگەنامە وسەرچاوە مێژووییە كۆنەكان، باس لە یاخیبوون وشۆڕشی چینی كۆیلەكان دەكەن، بەڵام لە سەردەمێكی دواتر ولە نێو جەرگەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا. ئەو بەڵگەنامانە، ئاماژە بە زنجیرە جەنگەكانی كۆیلە ڕۆمانییەكان یان زنجیرە شۆڕشەكانی (سپارتاكۆس) لە (ڕۆما) دەكەن، كە بە سێ قۆناغدا ڕۆیشتووە لە ساڵی (٧٣- ٧١ پ.ز). هەڵبەت، دوایین قۆناغیان كە ناودەبرێت بە (سێیەمین جەنگی كۆیلەكان)، لەبری شۆڕش، مۆركی جەنگێكی خوێناوی وەرگرتووە كە تیایدا لەشكری كۆیلە نائازادە زۆرانبازەكانی (سپارتاكۆس) لە بەردەم توانا وچەكوچۆڵ وڕێكخستنی لەشكرەكەی سەركردەی ڕۆمانی (ماركۆس لیسینیۆس كراسۆس)دا تێكدەشكێن. [٣] ئەو زنجیرە جەنگ وشۆڕشە خوێناوییەی (سپارتاكۆس) لەو سەردەمەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بەرپایكردبوو، تا

---

[١] بيبي الثاني نفر كارع: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٧/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[٢] ساسة: ثورات الجياع عبر التأريخ المصري، موقع أهل القرآن، ١١/ أبريل/ ٢٠١٥، ahl-alquran.com

[٣] حرب العبيد الثالثة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

ئێستاش لە یادەوەری وکەلتووری زۆربەی گەلاندا وەك سومبولی شۆڕش وبەرخودان لەپێناو ماف وئازادی ودادپەروەری ویەکسانیدا ماوەتەوە.[1]

سەرباری ئەوەی ئاماژەمپێدا، بەلاّم بەشێك لە مێژوونووسان ئەو شۆڕشە بە یاخیبوون ناودێر دەکەن. دیارە، شۆڕش یان یاخیبوونەکەی ناوبراو، لە کۆتایی جیهانی دێرین وپێش مێژووی مەسیحی بە دەیان ساڵ، کارێکی نموونەیی بووە. لەبەرئەوەی، تەواوی کێشەکە تایبەت بووە بە یاخیبوونی زۆرانبازە کۆیلەکان، ئەو کۆیلانەی مەحکوم بوون بەوەی یان دەبێ بکوژرێن یان دەبێ بکوژن، لە پێناو چێژ وکاتێکی خۆشی چینی بالاّدەست وگەورە وسەردارانیان. بەلاّم بە وتەی ئەم مێژوونووسانە، ئەم یاخیبوون وشۆڕشە هیچ پرەنسیپێکی نوێی لەگەڵ خۆی بۆ کۆمەڵگەی ڕۆمانی نەهێنا، چونکە (سپارتاکۆس) تەنها دەیویست کۆیلەکان مافی یەکسانبوونیان بۆ بگێڕدرێتەوە. واتە، کەسی یاخیبوو (کۆیلە) سیفەتی کۆیلایەتی لێببێتەوە وتا ڕادەیەك هەست بەوە بکات کە یەکسان وهاوتای گەورەکەیەتی، یاخود ئەمیش شیاوی سەرداربوونە. بەلاّم کاتێك کۆیلەکان ڕزگاریان دەبوو، خێرا خوازیاری ئەوە بوون سەردارانیان بکەنە کۆیلە وتۆڵەیان لێبکەنەوە وپاشان زۆرانبازی مەرگیان پێبکەن، لە پێناو چێژ وخۆشی خۆیان وکۆیلە ئازادبووەکانیتر. بێگومان، کوشتنی مرۆڤ هیچ شتێکی لێسەوز نابێت جگە لە کوشتنی زیاتر. هەربۆیە، دواجار لەشکری کۆیلەکان لە بەردەم شوورا پیرۆزەکانی ڕۆمادا تێکشکان.[2]

---

[1] محمود حسين: سبارتاكوس، قائد ثورة العبيد الاشهر في التأريخ، موقع شخصيات تسعة، ١٨/ أغسطس/ ٢٠١٦، www.ts٣a.com

[2] ألبير كامو: الانسان المتمرد، ت: نهاد رضا، مصدر سابق، ص ١٣٩

لە ڕوانگەی سەرجەم سۆسیۆلۆژیست وڕامیاریست ومرۆڤناس ومێژووناس وتوێژەرانەوە، پێکهاتەی هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی پێکدێ لە سێ دەستە یان سێ چینی جیاواز کە بریتین لە: چینی ژوورین، چینی ناوین، چینی ژێرین. هەڵبەت، بابەتی چینەکان زۆر گرنگ وپێویستن بۆ ڕاڤە وبنکۆڵ وشیکاریی ڕاڤەکارانی ناوبراو. زۆرجار، مەبەست لە چینێکی کۆمەڵگە، واتا ومانای چینێکی کۆمەڵایەتی ئابووری فێرکاریی جیاواز دەگەیەنێ. هەرچەندە، کەسێکی وەك (مارکس)، وێڕای ئەوەی لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پۆلێنی چینەکانی کۆمەڵگەی دەکرد وتاکی بە ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانەوە دەبەستەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە چینەکانی کۆمەڵگەشی بۆ دوو چینی پرۆلیتاریا وبۆرژوا دابەشدەکرد.

بە بڕوای (مارکس)، چینی یەکەم کە چینی کرێکارانن، تەنها توانا وهێزی کاری خۆیان دەفرۆشن وخاوەنی ئامڕازگەلی بەرهەمهێنان نین. چینی دووەمیش کە سەرمایەدارانن، هیچ کارگەر نین وخاوەنی کارگە وئامڕازەکانی بەرهەمهێنانن. بە وتەی ناوبراو، ئەمە بونیادی ئابووری سەرەکی کارکردن وخاوەنداریەتییە. هەڵبەت، بەردەوامیی ئەم حاڵەتە لە نایەکسانی ئابووری وئامڕازی بەرهەمهێنان وئایدیۆلۆژیای ڕۆشنبیریی، دواجار ململانێی چینایەتی دەخوڵقێنێ کە دواتر بە شۆڕشی کرێکاران کۆتاییدێت. [1] وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، ناوبراو پێداگری دەکات ودەڵێ: "هەژاری شۆڕش بەرپاناکات، بەڵکو ئەوە هۆشیاریی هەژارەکانە شۆڕش بەرپادەکات." [2] واتە، ئەوە هۆشیاری وپەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ودوا ساتی بێزارییە کە ئافرێنەری شۆڕشە. ناوبراو، وتبووشی: "ئامانج لە

---

[1] طبقة إجتماعية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٠/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[2] صلاح الشتيوي: الفقر لا يصنع الثورة إنما وعي الفقير هو الذي يصنع الثورة، مصدر سابق

**شۆڕشی سۆسیالیستی، ڕزگاربوونه له سەرمایەداری كه چینی پرۆلیتاریا پێیهەڵدەستێ." [1] ئەوەی مەبەستمه بیڵێم، ئەوەیه كه (ماركس) شەرعیەت به كرێكاران وپرۆلیتاریا وچینی ژێرین دەدات له بەرپاكردنی شۆڕشێكی ڕاستەقینه.**

**بەلاّم، بەهەڵەداچووین گەر وابزانین تەنها كرێكاران وپرۆلیتاریا وچینی خوارەوەی گەل، شۆڕش بەرپادەكەن. هەڵبەت، له مێژوودا ئەوه ڕوون وئاشكرایه كه چینەكانی گەل له بەرانبەر ستەمی ستەمكاراندا له سەردەمه جیاجیاكاندا ڕاپەڕیون وشۆڕشیان بەرپاكردووه. دیاره، بەپێی بەڵگەنامەكان، سێ شۆڕش له سێ كاتی جیاواز وبه بەشداریی سێ چینی جیاوازی كۆمەلاّیەتی بەرپاكراوه. [2] بەپێی بەڵگەنامه نووسراوەكان، ساڵی (١٢١٥ز) له ئینگلتەرا، چینی ئەریستۆكرات (خانەدان ودەرەبەگەكان) شۆڕشیان له دژی پادشا (جۆن لاكلاند) یان (جۆن سانتێر) بەرپاكرد، كه دواجار (ماگناكارتا) یاخود (پەیمانی مەزن)ی لێكەوتەوه، [3] كه به یەكەم دەستووری نووسراوی ئینگلتەرا دادەنرێ وتیایدا دان به مافەكانی چینی خانەداندا نرا. جێی ئاماژەپێكردنه، ساڵی (١٧٨٩ز)یش له فەرەنسا، چینی (ناوەند یان بۆرژوا) له دژی پادشا (لویسی شازدەهەم) وخانەدان وپیاوانی ئایینی شۆڕشیان بەرپاكرد وسیستمی فیوداڵیزم هەڵوەشایەوه وچینی ناوەند وچینەكانی خوارەوەی گەل، مافەكانیان بەدەستهێنا. له**

---

[1] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، مصدر سابق، ص ٦

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥

[3] د. احسان حمید المفرجي، د. كطران زغیر نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٢٣٣

ساڵی (١٨٤٨ز)یشدا، چینی (کرێکاران یان پرۆلیتاریا) لە ئەوروپای خۆرئاوادا شۆڕشیان بەرپاکرد کە بە (بەهاری ئەوروپیی) ناودێرکرا. سەرباری سەرنەکەوتنی شۆڕش، بەلاّم کۆمەڵە مافێکی نوێیان بەدەستهێنا، کە لە سەردەمانی پێشوودا هەرگیز بەدەستیان نەهێنابوو.[١] هەر سەبارەت بە چینی ژێرین، لە مێژووی کۆنی ئینگلتەرادا مانگی ئایاری ساڵی (١٣٨١ ز) بە مێژووی شۆڕشی توێژی (جووتیاران) دادەنرێ، کە هێندەی نەمابوو بەهۆی بێزاربوون لە (باجی سەر)، جووتیاران شاری (لەندەن) داگیربکەن.[٢]

هەربۆیە، هەڵەیە گەر وابزانین تەنها چینی ژێرین وپرۆلیتاریا ونەداران وڕەنجدەران وجووتیار شۆڕش بەرپادەکەن وتارومارى دەسەلاّتی ستەمکار وکۆنەپەرست وتۆتالیتار دەکەن. گەر چاوێك بە مێژووی گەلاندا بخشێنین، دەبینین لە سەردەمە جیاجیاکاندا تەواوی چینەکان جیاجیا وزۆرجاریش پێکەوە توانیویانە شۆڕش وڕاپەڕین ویاخیبوونی چەکداری وتەنانەت کودەتاش بەرپابکەن. ئەمەش، سروشتی مرۆۋ وچینەکانی گەل دەردەخات، کە لە دواساتی زیادبوونی ستەمکاری وقەیران وگوێنەدان بە خواستەکانیان ودرکنەکردنی پێشهات ومەترسییەکان، ڕادەپەڕن. وەکی پەندی پێشینان فەرموویەتی: "کە زۆرهات قەواڵە بەتاڵە."

[١] سلامة موسى: كتاب الثورات، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة– القاهرة، ٢٠١٥، ص ١١

[٢] موريس بيشوب: تأريخ أوروبا في العصور الوسطى، ت: علي السيد علي، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة– القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٣٤٥

## هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش:

هەڵبەت، هۆکاری بەرپابوونی شۆڕش زۆرن، بەڵام لە ڕوانگەی فەیلەسووفان وبیرمەندانەوە وبە شێوەیەکی ئەکادیمیی دەتوانین بۆ چوار هۆکاری سەرەکی کورت بکەینەوە، کە ئەمانەن:

١. هۆکارە ئابوورییەکان
٢. هۆکارە سیاسییەکان
٣. هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان
٤. هۆکارە فیکرییەکان

گومان لەوەدا نییە، کە شۆڕش دەرهاویشتەی واقیع وداکەوتی کۆمەڵایەتیە. [١] هەڵبەت، ئەم واقیعە کۆمەڵایەتیەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیدی دەگۆڕدرێ. لەبەرئەوە، ناکرێ بڕیار لەسەر هۆکارگەلێکی دیاریکراو بدەین، کە گوایە لە تەواوی شۆڕشەکاندا دووبارە بوونەتەوە، لەبەرئەوەی هەر شۆڕشێك لەدایکبووی نێوکۆ (سیاق)ێکی دیاریکراوە. هەربۆیە، هەردەم هۆکارەکان هەمەچەشنە بوون بەهۆی هەمەجۆریی بارودۆخەکانەوە. لە سەردەمانی کۆنەوە، شۆڕشەکان، فەیلەسووفان وبیرمەندانی سەرقاڵکردووە لەوەی بگەڕێن بەدوای دیارترین هۆکارەکانیدا. کەواتە، سەیر نییە گەر ببینین کەسێکی وەك (ئەرستۆ) بەشی (حەوتەم) لە شاکارەکەی (ڕامیاری) تەرخان بکات بۆ بابەتی شۆڕش. دیارە، ناوبراو لەو بڕوایەدا بووە کە هۆکاری سەرەکی

---

[١] قراءات نظرية، الثورات السياسية– المفهوم والابعاد: أعداد ادارة البحوث والدراسات، مصدر سابق، ص ٩

**بەرپابوونی شۆڕش، بۆ نایەکسانی ئابووری وسیاسی دەگەڕێتەوە.[1] هەر بە لای ئەوەوە، ناڕەزایی لە بارودۆخی باوی کۆمەڵگە، لە گرنگترین ڕەگەزەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕشە، بەوەی ناڕەزایی کوشندەترین بیانووە کە کەسەکان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش ئامادە دەکات.[2] ئەمە بێجگەلەوەی، بەئاگاهاتنەوەی هزر وهۆشی مرۆڤەکان وسەرهەڵدانی فیکری بەرهەڵستیکردن وهەستکردن بە بێهودەیی ونامۆبوون وستەم وزۆرداری، هۆکارێکیتری بەرپابوونی شۆڕشن. بەتایبەت، کاتێك چینی ژێرین هەست بە ستەم وجیاکاری لە مامەڵەکردندا بکات، ئیدی ڕادەپەڕن.[3]**

**هەر بە بڕوای (ئەرستۆ)، هۆکارەکانی شۆڕش دوو بەشن، گشتی وتایبەتی. دیارە، هۆکارە گشتییەکان، لە هەموو حکومەتەکاندا دەبنەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕش. ئەوە لە حاڵێکدایە، کە هۆکارە تایبەتییەکان، تەنیا لە سیستمە تایبەتەکاندا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش. وەك پێشتریش ئاماژەمپێدا، گرنگترین هۆکاری گشتی شۆڕش، نایەکسانییە. هۆکارێکیتر، بەرژەوەندیخوازی وسەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانە. زۆرجار، خەڵك نەك لە دژی دەسەڵاتدار، بەڵکو لە دژی ڕێکخراوەکان وئەو یاسایانەش کە ئەوانی بە دەسەڵات گەیاندووە، ڕادەپەڕن. پێدەچێت، جیاوازی ڕەگەزیی، یەکێکیتربێ لە هۆکارەکان، بەڵام (ئەرستۆ) ڕایگەیاندبوو ئەوەی کە بە**

---

[1] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤

[2] قراءات نظرية، الثورات السياسية– المفهوم والابعاد: أعداد ادارة البحوث والدراسات، مصدر سابق، ص ٩

[3] ماهي الثورة؟ (تعريف، أسباب حدوثها، تأريخها، نجاح أو فشل)، مدونة عربية مصرية، ٢٠١٥، www.lazemtefham.com

ڕاستی دەبێتە هۆی ڕوودانی شۆڕش، جیاوازی چینایەتی کۆمەڵگە وناڕەزایی خەڵکە لە هەڵاواردن ونایەکسانی.[1]

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە، ئێستا هەریەك لە هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش پۆلێن دەکەین:

١. **هۆکارە ئابوورییەکان:**

یەکێك لە دژوارترین مەسەلەکانی زانستی سیاسی، ڕوونکردنەوە ودەرخستنی هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕشە. بۆئەوەی لەم هۆکارانە تێبگەین، پێویستە سەرەتا فاکتەرەکانی ڕێکخستن ویەکسانبوونی کۆمەڵایەتی کە بەر لە ڕوودانی شۆڕشەکە لەئارادا بوون، سەیر بکەین وبنکۆڵ وتوێژینەوەی لەسەر بکەین، ئەمە وێڕای تێڕوانین وسەیرکردنی هۆکارەکانی ڕێکخستن وبەردەوامبوونی سیستمە سیاسییەکان کە چین. ئەوجا، باشترە وەدووی بەڵگە وهۆکارەکانی تێکچوونی ئەو یەکسانییەی کە پێشتر هەبووە لە نێو چین وبەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بگەڕێین. بۆ نموونە، لە مارکسیزمدا، نایەکسانبوونی نێوان ژێرخان وسەرخانی کۆمەڵایەتی، دەبێتەهۆی دژبوون وبەرپابوونی شۆڕش. هەرچەندە، مارکسیزم، خاڵی دەسپێکی گۆڕانکاری چارەنووسسازانە لە سیستمی تەکنۆلۆژی وئابووریدا دەدۆزێتەوە. بەڵام، لە تیۆری هاوسەنگبوونی

---

[1] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣١

کۆمەڵایەتیدا، گۆڕانکاری چارەنووسسازانە ڕەنگە لە هەر یەکێك لە بوارەکانی کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدات.[1]

لە ڕاستیدا، مەزهەبی مارکسیزم، وەك پەرچەکردارێك لە هەمبەر خراپی وناتەواوی مەزهەبی (تاکگەرایی) وستەمکاریی (سەرمایەداریی ئازاد وەك سیستمێکی ئابووری لیبراڵی) هاتە گۆڕێ، کە خراپترین هەنگاویان کۆنترۆڵکردنی سەرمایە وگرتنەدەستی دەسەلأت وئابووری بوو لەلایەن سەرمایەدارانەوە، کە ئەمەش دەبووەهۆی دروستبوونی جیاوازی دارایی لە نێوان دەوڵەمەندان وزۆرینەی خەڵکی ئاسایی. بەمەش، جۆرێك لە نادادپەروەری کۆمەلأیەتی دروستدەبوو کە لە دواجاردا بەرژەوەندی کۆمەڵگەی دەخستەبەر مەترسی.[2] لێرەدایە کە (مارکس) پاساو بۆ تیۆری (ململانێی چینایەتی) دێنێتەوە، بەوەی ئەم ململانێیە وەك پێویستییەکی مێژوویی، کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەرەو دیکتاتۆریەتی چینی پرۆلیتاریا دەبات.[3]

لە نێوان سالأنی (١٤٠٠- ١٨٠٠ ز)، لە بەشێك لە ولأتانی ئەوروپای خۆرئاوا، وردە وردە سیستمی سەرمایەداری جێگەی سیستمی دەرەبەگایەتی دەگرتەوە وەك سیستمێکی ئابووری وشێوازێکی نوێی بەرهەمهێنان. لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی، فراژووتنێکی یەکجار گەورە لە شێوازگەل وئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی باودا ڕوویدا.

---

[1] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩

[2] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، مصدر سابق، ص ٤٠

[3] د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسى الحديث، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر- بغداد، ١٩٩٠، ص ٥٨٣

لێرەوە، سەرمایەداریی، جیاکاری وهەلاوێردێکی نوێی بۆ کارکردن چەسپاند کە زۆر جیاواز بوو لەو جیاکارییە باوەی لە سەردەمانی کۆمەڵگە کشتوکاڵییە دەرەبەگییەکاندا پەیڕەودەکرا. ئەمەش، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك پرەنسیپی بنچینەیی کە گرنگترینیان: موڵکداریی تایبەت بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وکێبڕکێی ئازاد ودەستپێشخەریی تاکەکەسی ودابەشکردنی کار وتەرخانکردنی سەرچاوەکان بەپێی میکانیزمی بازاڕ، کە نەدەبوو دەوڵەت دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی بکردایە. وەلێ، سەرمایەداریی، جەختیشی لەسەر دابەشکاریی کۆمەڵگە بۆ دوو چینی بنەڕەت دەکردەوە: چینێکی خاوەن ئامرازی بەرهەمهێنان، کە خاوەن زەوی وموڵك وکارخانەکان بوون، لەگەڵ چینێکی کرێکاران، کە خاوەن هێزی خۆیان بوون وبە ناچاری هێزی کاری خۆیان دەفرۆشت، چونکە ئەم چینە ئامرازی بەرهەمهێنان وسەرمایەیان نەبوو تا بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاربکەن.[١]

بە بڕوای مارکسیزم، دواجار سەرمایەداران بەهۆی کێبڕکێیان لەسەر بازاڕ، دوچاری کێشمەکێش وململانێیەکی توندەبن. دەرەنجامی حەتمی ئەم ناکۆکییەش، سەرکەوتنی سەرمایەدارە گەورەکان وتیاچوونی بچووکەکانە. بەمشێوەیە، سەرمایەدارە بچووکەکان تێکدەشکێن وسەرمایە وئامرازگەلی بەرهەمهێنان دەکەوێتە دەست گەورەکان. بێگومان، لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا، ژمارەیەکی زۆر پیشەوەر وبازرگان وخاوەن پرۆژە وکارگەی بچووك هەن کە سەربەخۆن لەچاو چینی سەرمایەدارە گەورەکان وچینی کرێکاراندا. بەلام، سەربەخۆیی ئەمانە شلۆقە، بەوەی هەرگیز

[١] غازي الصوراني: مراحل تطور الرأسمالية ودور القوى الماركسية في الخروج من الازمة الراهنة، الحوار المتمدن، ٢٥/ ١١/ ٢٠١١، www.ahewar.org

ناتوانن کێبڕکێی چینە باڵاکانی سەرمایەداران بکەن، بەهۆی جیاوازی سەرمایە وزەبروزەنگی باج وقۆرخکاریی بازاڕ وئامرازەکانی بەرهەمهێنان وگرانیی کاڵا وزۆر هۆکاریتر. دواجار، بەهۆی قۆرخکاریی وکاریگەری بارودۆخی ئابووری نەرێنییەوە، ئەمانیش مایەپووچ دەبن ودەچنە ڕیزی بێکارانەوە، [1] کە زۆرینەی گەلن.

هەر لە ڕوانگەی (مارکس)ەوە، دەکرێت چینی بۆرژوا وپرۆلیتاریا سیاسەتێکی سەربەخۆ وجودایان هەبێ، بەڵام پاشەکشە وتێکشکانی بۆرژوای بچووك (سەرمایەدارە بچووکەکان)، لەوانەیە چینی پرۆلیتاریا بەلای خۆیدا پەلکێش بکات، ئەمەش بەهۆی یەکانگیربوونی بەرژەوەندی وڕوئیای سیاسییانەوە. ئەم ململانێیەی ناو کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بوارەکانی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی وئایدیۆلۆژیاش دەگرێتەوە، کە دواجار دەبێتە بزوێنەرێك لەبۆ گۆڕان وپەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ومێژوویی. [2] وەك لە بەشەکانی پێشووشدا ئاماژەمپێدا، ئەم حاڵەتە لە جیاوازی سەرمایە ونادادپەروەری کۆمەڵایەتی ونایەکسانی ئابووری وبێکاری وهەژاری وقۆرخکاری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ململانێیەکی چینایەتی کە دواجار بە شۆڕشی کرێکاران کۆتاییدێت. [3] هەربۆیە لە کۆتایی ئەم بیرۆکەیەشدا، (مارکس) دەڵێ: "ئامانج لە شۆڕشی سۆسیالیستیی، ڕزگاربوونە لە سەرمایەداری کە

---

[1] ل. ليونتيف: الاقتصاد السياسي. أسئلة وأجوبة، ت: د. محمد رشاد الحملاوي، الطبعة الثانية، دار الثقافة الجديدة، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب– القاهرة، ١٩٧٤، ص ٧٢

[2] صراع الطبقات الاجتماعية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٦/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[3] طبقة إجتماعية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٠/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

چینی پرۆلیتاریا (کرێکاران) پێیهەڵدەستێ." [1] ئەمەی ئاماژەمپێدا، کورتەیەکی هۆکارە ئابوورییەکانی بەرپابوونی شۆڕش بوو لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، کە سەرهەڵدانی سەرمایەداریی یەکێکە لە هۆکارەکانی.

### ٢. هۆکارە سیاسییەکان:

لە ڕاستیدا، نەگۆڕی سەرەکی لە سیاسەتدا، ئەوەیە کە سیاسەت بەردەوام لە گۆڕاندایە. [2]

ئەکادیمیستی ئەمریکی (تێد ڕۆبێرت گێر)، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (بۆچی مرۆڤ یاخی دەبێت) کە ساڵی (١٩٧٠ ز) نووسیویەتی، دەڵێ: "یاخیبوون ئەنجامی بێبەشبوونێکی ڕێژەییە." بە بڕوای ناوبراو، یاخیبوون، لە ئەنجامی ئەوەی خەڵك پێشبینی دەکرد وەریبگرن وئەوەی بەڕاستی وەریدەگرن، دروستدەبێ. هەروەها، گەورەترین ئەگەری بەرپابوونی شۆڕش کاتێك دێتە ئاراوە، کە ماوەیەکی پێشکەوتنی ئابووری وکۆمەڵایەتی لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنان، بە توندی پێچەوانە ببێتەوە. بێشك، ئەمە بۆشاییەك بۆ شۆڕش دروست دەکات، لە نێوان تواناکان وپێشبینییەکاندا. [3]

هەڵبەت بە درێژایی مێژووی ژیانی سیاسی، زۆرجار سیاسەتی حوکمڕانی ودامەزراوەکان وکەسانی حوکمڕان، بە شێوەیەك گەلیان تووڕە و وروژاندووە کە دواجار بووەتەهۆی شۆڕش وئەوپەڕی توندوتیژی

---

[1] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، مصدر سابق، ص ٦

[2] هشام عقراوي: الثابت في السياسة هو أن كل شيء متغير، مقالة اليوم، صوت كوردستان، ٢٨/ أغسطس/ ٢٠١٩، sotkurdistan.net

[3] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩٠

نێوخۆیی لێکەوتووەتەوە. بە درێژایی (٢٤) سەدەی تەمەنی دەوڵەتان وئیمپراتۆریەتە ئەوروپییەکان، وێڕای سەردەمانی ئاشتی، شۆڕش وپێکهەڵپژان وئاژاوە وتوندوتیژی سیاسییش تۆمارکراوە. لەو نێوکۆیەدا، زۆرێك لە کردارە توندوتیژە بەکۆمەڵەکان تەنها ئاسەوارێکی لاوەکییان لەسەر ژیانی سیاسی جێهێشتووە، بەڵام بەشێکیتریان بوونەتەهۆی کاولکارییەکی گەورە لە ژیانی مرۆییدا، وێڕای داتەپین ولاوازبوونێکی زۆری دامەزراوە سیاسییەکان. شایەنی باسە، (١٠) لەو ململانێ وکێشمەکێشە تێکدەرانەی ژیان کە لە ماوەی (١٦٠) ساڵی ڕابردوو لە جیهاندا ڕوویانداوە، جەنگی نێوخۆ وبزاوتی یاخیبوون بوون. لە ساڵی (١٩٤٥ ز)یەوە، ئەو هەولانەی ئاوێتە بە توندوتیژی کرابوون بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکان، زۆر زیاتر وبەربلاوتر بوون لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان. بەڵام، لە بەرانبەر ئەم هەوڵگەلە تۆبزییانەدا، ئەوەش تێبینیکراوە کە توندوتیژی سیاسی لە هەندێ حاڵەتدا بووەتەهۆی دروستبوونی کۆمەڵگەی سیاسی نوێ، کە زۆر لەوەی پێشووتر باشتر بووە. لە ڕاستیدا، دەرەنجامی شۆڕشگەلی ئەمریکی ڕووسی مەکسیکیی تورکیی، گەواهی لایەنە باشەکانی شۆڕش وتوندوتیژیش دەخەنەڕوو.[1]

هەر لە نێوکۆی هۆکارە سیاسییەکانەوە، زۆرجاریش دەرەنجامی داگیرکاری دەبێتە هەوێنی بەرپاکردنی شۆڕشێکی سەرتاسەری لەپێناو وەدەرنانی داگیرکەری دوژمن. بێگومان، بەڵگەنامەکان زۆرن لەسەر ئەم هۆکارەی بەرپابوونی شۆڕش، پێدەچێت شۆڕش وڕاپەڕین ویاخیبوونەکانی گەلی کورد باشترین نموونەبێ کە لێرەدا ئاماژەی

---

[1] تید روبرت غیر: لماذا يتمرد البشر، ترجمة ونشر: مركز الخليج للابحاث، الطبعة الاولى، دبي- الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٤، ص ٣٧

**پێبدرێ. هەڵبەت، یەکەمین شاڵاوی سوپای عەرەبی ئیسلامیی بۆ ناوچەی کوردستان ویەکەمین شەڕ وبەرەنگاربوونەوە بە ناوی (قادسیە) لە (٦٣٨ ز)دا ودواتریش بەرەنگاربوونەوەی سەختی دانیشتوانی شاری (جەلەولا) دژ بەم هێرشانە وداگیرکاریی ناوچەکانی (حولوان وتکریت وشارەزوور ونوسەیبین)، [١] هۆکاری سەرەکی ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد بوون دژ بەم داگیرکارییە نوێیانە لەو سەردەمەدا.**

**لەگەڵ دەرکەوتنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وسەفەویشدا، گەلی کورد لەپێناو ڕزگاریی وئازادیدا کۆمەڵێك شۆڕش وڕاپەڕینی بەرپاکردووە. لە نموونەی ئەوانەش، شۆڕش وڕاپەڕینی عەڤداڵ خانی بەدلیسی لە ١٥٧٤ز، میر عەلی پاشای جانبولاد لە حەڵەب لە ١٦٠٧ز، بەکر بەگی کوڕی سلێمان بەبە لە ١٧١٦ز، [٢] ڕاپەڕینی خێڵەکانی جیهان بەگ لە مالاّتیا لە ١٧٦٥ز، عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە ١٨٠٦ز، ئەحمەد پاشای بابان لە ١٨١١ز، بەدرخان بەگ لە ١٨٤٢– ١٨٤٧ز، یەزدان شێر لە ١٨٥٣– ١٨٥٥ز، حسێن بەدرخان لە بۆتان لە ١٨٧٩ز، شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهری لە ١٨٨٠ز، ڕاپەڕینی بڵباس بە سەرۆکایەتی هەمزاغا لە ١٨٨١ز، [٣] شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە ١٩١٢ز، سمایل خانی سمکۆی شکاك لە**

---

[١] **کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧٠**

[٢] **ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٥٩**

[٣] **باسیلي نیکیتین: الکرد، ت: د. نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مکتب الفکر والتوعیة في الاتحاد الوطني الکردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر– السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص ٣٢٠– ٣٢٤**

١٩١٨ز، [١] شێخ مەحمودی حەفید لە ١٩١٩ز، [٢] قۆچگیریی لە ١٩٢٣ز، (بەیتول شەباب)ی [٣] جەمعییەی ئازادی کە لە (٣-٤/ ٩/ ١٩٢٤ز) ئیحسان نوری پاشا ڕابەرایەتی دەکرد، [٤] شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥ز، عەبدولڕەحمان ئاغا لە ساسۆن لە ١٩٣٢ز، سەید ڕەزای دێرسیم لە ١٩٣٦- ١٩٣٨ز، [٥] وچەندین شۆڕش وڕاپەڕینیتر پشتڕاستکەرەوەی ئەم قسەیەن. لە سەدەی بیستەمیشدا، ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩٩١ ز) کۆتایان بوو. هەرچەندە، گەلی کورد وشۆڕش وڕاپەڕین دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، وتا ئێستاش ئەم ڕاپەڕینانەی کۆتایی نەهاتووە.

پێدەچێت، ئەگەری بەرپابوونی شۆڕشی سیاسی لەو ولاَتانەی خاوەن حکومەتێکی گەندەڵن، زۆربێ. واتە، گەر هاوولاَتیان هەست بە لێهاتوویی وکارامەیی حکومەتەکەیان بکەن، ئەوا ئەگەری هەڵگیرساندنی شۆڕش زۆر دوورە، بەلاَم گەر هەست بەوەبکەن کە بوونی حکومەت تەنها لەپێناو دەوڵەمەندکردن وبەرژەوەندی دەسەلاَتداراندایە، ئەوا ئەگەری بەرپابوونی شۆڕش نزیکە. [٦] هەڵبەت، ئەم ڕستەیە لە دەربڕیندا زۆر ئاسانە، بەلاَم لە واقیعدا هەرگیز ئاسان نییە. واتە، مەرج نییە کاتێك گەل

---

[١] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢

[٢] خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٢٦

[٣] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٥١

[٤] روبرت أولسون: تأريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠- ١٩٢٥، ت: أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الفارابي- بيروت، لبنان، كانون الثاني ٢٠١٣، ص ١٩٩

[٥] مایكڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاَوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٨١

[٦] ماهي الثورة؟ (تعريف، أسباب حدوثها، تأريخها، نجاح أو فشل)، مصدر سابق

**هەست بە بێزاری وگەندەڵی ولێنەهاتوویی حکومەت بکات، ئیدی ڕێگا والاَ وگوڵڕێژکرابێ بۆ شۆڕشگێڕان لەبۆ بەرپاکردنی شۆڕش. بەڵکو ئەوە بارودۆخی سیاسی وسوپا وهێزە چەکدارەکانە گەرەنتی بەردەوامیی یان دامرکاندنەوەی شۆڕشەکان دەکەن. لە مێژوودا، زۆرجار ئەوە دووبارە بووەتەوە کە ئەگەر سوپا وهێزە چەکدارەکان بدەنە پاڵ حکومەت، ئەوا بەرپابوونی شۆڕش یاخود گەیشتنی شۆڕش بە دوا ئامانج زەحمەتە. وەلێ، خاڵی وەرچەرخانی زۆرێك لە شۆڕشەکانیش ئەو کاتە بووە کە سوپا بێلایەن یاخود داویەتییە پاڵ شۆڕشگێڕان، یان ڕۆچووەتە شۆڕشەوە وبڕیاری شەڕکردنی داوە تەریب بە شۆڕشگێڕان، دیارە پێشتر کەمەکێك لەسەر ئەم باسە ڕۆیشتین.**

**بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، لە (١٤/ تەموز/ ١٧٨٩ ز)دا، کاتێك هێزە تایبەتەکەی شا (لویسی شازدەهەم) لە زیندانی (باستیل) لە (پاریس) یاخیدەبن وئەو چەند زیندانیکراوەی لەوێن ئازاد دەکەن، (دیۆ لاڕۆچ فۆکۆ لیانکۆرت) نوێنەری شا هەواڵەکە بە شا دەگەیەنێت. شای ناوبراو، لە وەلاَمدا بە نوێنەرەکەی دەڵێ: "ئەوە مانای یاخیبوونە،" بەلاَم (لیانکۆرت) بە پێچەوانەوە دەڵێ: "نەخێر بەڵکو ئەوە شۆڕشە." [١] هەڵبەت، (لیانکۆرت) لەوەدا ڕاستی وتبوو بەوەی یەکەم پزیسکی شۆڕشی مەزنی گەلی فەرەنسی بوو، بەلاَم (لویسی شازدەهەم) ئەو هەقیقەتەی نەدەزانی تا ئەو کاتەی دەستگیرکرا ودواتر سەری پەڕێندرا. بێگومان، لەوانەیە پێشتر زۆر هەوڵیتر بە مەبەستی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستمی حوکمڕانی فەرەنسیدا درابێ وسەرکەوتوو نەبووبێ. بەلاَم، کاتێك سوپا**

---

[١] جيرو فون راندوف: لماذا تنتفض الشعوب؟ ت: علا عادل، العربي للنشر والتوزيع- القاهرة، ٢٠١٩، ص ٣٩

پاڵیدا بە شۆڕشەوە، چارەنووسی شۆڕش یەکالاّبووەوە وەك ئەوەی دەخوازرا. کەواتە، لایەنگریی سوپا تێکەڵ بە ترۆپکی بارودۆخی سیاسی ناهەموار وشلۆق، گەورەترین وناودارترین شۆڕشی لە مێژووی فەرەنسا بەتایبەتی وجیهان بەگشتی خوڵقاند.

توێژەر ورۆژنامەنووسی لوبنانی (هەیسەم مەزاحم)، لەبارەی تێگەیشتن لە فاکتەرەکانی بەرپابوونی شۆڕش، جەخت لەوە دەکاتەوە کە توێژەران لەم ڕووەوە هاوڕانین، لەبەرئەوەی بەشێك لەوانە هۆکاری بەرپابوونی شۆڕش بۆ فاکتەری کردەیەکی کتوپڕ لەنێو کۆمەڵگەدا دەگەڕێننەوە. بەشێکیتر، بۆ فاکتەری کۆمەلاّیەتی وئابووری دەگەڕێننەوە وبەشێکیتریش بۆ کاریگەریی زاڵبوونی کەلتووری ئایینی دەگەڕێننەوە. وێڕاش، زۆرێك هۆکارەکەی بۆ پاڵنەری سیاسی لە دەرەنجامی ستەمکاریی دەوڵەت وچینی دەسەلاّتدار دەگەڕێننەوە. بەلاّم سەرباری ئەمانە، بە بڕوای ناوبراو کاتی بەرپابوونی شۆڕش پەیوەستە بە هەڵهاتن وهەڵترشانی هەموو ئەو بارودۆخە سیاسی وپاڵنەر وڕووداوانەی پێشووەوە. ناوبراو، ئاماژە بەوەش دەدات کە دەشێت شۆڕشگەلێك لە مێژوودا سەرکەوتوو نەبووبێ لەبەر پێنەگەیشتنی کات وبارودۆخە سیاسییەکەی، وێڕای دەستەبەرنەبوونی هۆکارە بابەتییەکان. ئەمە بێجگەلەوەی، شۆڕش، پێویستی بە ڕابەرێك یان سەرکردایەتییەك هەیە کە شۆڕشەکە ئاڕاستە بکات. هەروەها، ئایدیۆلۆژیا یان بیروباوەڕێك، کە ڕێباز وئامانجی شۆڕش بخاتە ڕوو ویارمەتیدەربێ لە هاندانی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین لەپێناو بەجێگەیاندنی ئامانجە داواکراوەکان. هەرچەندە، دەکرێ بیروباوەڕەکە ئایینی- فەلسەفی، سیاسی- ئابووری، ئیسلامی، لیبراڵی،

کۆمۆنیزمیبیٚ، سەرباری ڕێکخستن وئامادەکاری لەلایەن پارت (حزب) یان ڕێکخراوێك یاخود گرووپێکەوە.[1]

لە فیکری مارکسیزمدا، دەوڵەت دەرەنجامی بە بنبەستگەیشتنی ململانێی چینایەتیە، لەبەرئەوەی دەرکەوتنی دەوڵەت پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردن وڕامکردنی ئەو ململانێیانەوە. بە بڕوای (مارکس)، دەوڵەت کەرەستەی دەستی توێژی دەسەڵاتدارە.[2] واتە، چینی دەسەڵاتدار، بەهۆی قۆرخکاریی سامانی دەوڵەت ولەڕێی یاساکانی سزادان ومیلیشیا وڕێکخستنە سەربازییەکان وبەرهەمهێنانی چەکەوەیە کە دەتوانن بژین. لەم ڕوانگەیەوە، جیاکاری چینایەتی، پەیوەستە بە دەرکەوتنی گرووپگەلی دادوەران وپیاوانی پۆلیسەوە، لەوەدا کە یاساکان دادەڕێژن ودەیسەپێنن. ئەمانە، بەشێك لە سامانی دەوڵەتیان چنگ دەکەوێت لە بەرانبەر پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتی چینی سەردەستە. لێرەدا، (لینین) دەڵیٚ: "دەوڵەت هەزار ویەك فرتوفێڵ لەگەڵ زەحمەتکێشاندا دەکات، بۆ ڕێگری لە بەشداریکردن لە کرداری بڕیاردان وبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت. ئەوەی بەڕاستی بەشدارە لە بڕیاردان لە دەوڵەتی بۆرژوادا، هەر ئەوانەن کە لە بۆرسە وبانکەکان وگەورە دامەزراوە داراییەکاندا قۆرخکاریی دەکەن. بەڵام، گەر دەوڵەتێك پشت بە کرێکاران وجووتیاران وڕەنجدەران ببەستیٚ، بێشك ڕێگە بۆ زەحمەتکێشان خۆش دەکات تا بەشداری لە کاروباری دەوڵەتدا بکەن."

---

[1] د. هیثم مزاحم: في معنى الثورة، مصدر سابق

[2] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١

واتە، لە ڕوانگەی مارکسیزم ولینینیزمەوە، دەوڵەت تەنها نوێنەرایەتی چینی سەردەستەی دەسەڵاتدار دەکات، هەرچی چینی زەحمەتکێشانیشە تەنها بۆ کار وسوودلێوەرگرتن بەکاردەهێنرێن. لێرەدایە، (مارکس) جارێکیتر دووبارەی دەکاتەوە کە دەوڵەت تەنها چەکی دەستی حوکمڕانەکانە، بەوەی هیچ نییە جگەلە دەزگایەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار وبەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژوا. [1] بەمانای، دەوڵەت دەزگایەکی توندوتیژی ڕێکخراوە، کە لە ئاستێکی دیاریکراوی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە ودابەشبوونی چینایەتیدا دەردەکەوێ. لە ڕاستیدا، دەوڵەت نوێنەرایەتی واقیعی کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی دیاریکراو دەکات لە ڕووی چینایەتیەوە. واتە، نەمانی دەوڵەت پەیوەستە بە نەمانی چینایەتی ودوالیزمی سەردەستە وژێردەستەی نێو کۆمەڵگە. بەلام، نەمانی دەوڵەت لەڕێی بەرپابوونی شۆڕشەوە بەسەر سیمای ستەمکاری ودوژمنایەتیدا دەبێ، کە دەوڵەت لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی چینی بالادەست لە ڕووی ئابوورییەوە دایمەزراندووە. [2]

### ٣. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان

کاتێك باس لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەین، مەبەستمان لەو گۆڕانەیە کە لە بەشێك یان لە تەواوی بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر ولەوانەیە گۆڕانێکی ئەرێنی یاخود نەرێنیبێ. شۆڕشی کۆمەڵایەتی، گۆڕانێکی قووڵ لە کۆمەڵگەدا دەخوڵقێنێ، کە مەرج

---

[1] توني كليف: عصر الثورة. الماركسية في الالفية الجديدة، ت: أشرف عمر، مركز الدراسات الاشتراكية– القاهرة، ٢٠١٤، ص ٥

[2] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، مصدر سابق، ص ٤٦

نییە تەیارکرابێ بە توندوتیژی یان ڕیشەکێشکردنی سیستمێك، بەڵکو تایبەتە بە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان،[1] وەك ململانێی چینایەتی وئایین وبەهای کۆمەڵایەتی وئەفسانە وئاڕاستەی فیکری وفەلسەفی وئایدیۆلۆژی وسروشتی پەیوەندییەکان وشێوازی هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە ولێکەوتەکانی وکارلێکی تاکەکان بەرانبەر بەوانیدی وزۆرێکیتر، کە لەوانەیە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا وەکی هۆکارێکیتری بەرپابوونی شۆڕش سەیریانبکریێ. شایەنی باسە، ئەمە دەمانخاتە بەردەم بابەتێکیتر کە بڵێین هەموو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشێکی میللییە، چونکە لەناو جەرگەی کۆمەڵگە ولە ناو گەلدا ڕوودەدات وکۆمەڵگە لە شێوازێکی پێشتر وکۆنەوە بەرەو شێوازێکی پاشتر ونویێ دەبات. کەواتە، هەموو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بە ناچاریی گۆڕانکارییەك لە گەلدا دەخوڵقێنیێ. ئەوجا بە تێڕوانینی (مارکس)، گۆڕانکارییەکە لە دەساودەسکردنی دەسەڵاتی چینێکی کۆمەڵایەتیە بە چینێکیدی، وگۆڕانکارییەکی بەرچاوە لە شێواز وئامڕازەکانی بەرهەمهێنان. هەرچەندە، لەوانەیە بە بڕوای کەسان وگرووپ ولایەنیتر، ئەم گۆڕانکارییە بە شێوەیەکیتر ولە بوارێکیتردابیێ.

کۆمەڵێك بۆچوون هەیە، پێیانوایە کاتێك کە دەڵێین هەموو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشێکی میللییە، مەرج نییە مەبەست لە گۆڕینی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانبیێ بە ئامڕازگەلێکی نویێ وەك مارکسیزم باسیدەکات. بەڵکو چەندین هۆکاریتر هەن کە ئافرێنەری ئەو شۆڕشە میللییەن. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە کە وێڕای ناوهێنانی هۆکارگەلە کۆمەڵایەتیەکانی پێشوو، دەشێت گۆڕانیش لە ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

وەکی ململانێی چینایەتی وهۆکارە کۆمەڵایەتیەکانیدی ناودێربکەین، هەرچەندە کۆمەڵێکیش ئەوە وەك هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ڕەتدەکەنەوە. هەڵبەت، ئەوانە کەڵەکەبوونی ناڕەزایی گەل بەرانبەر بە ستەمی بەردەوامی ڕژێمێك بە هۆکاری کۆمەڵایەتی دەزانن، نەك شێواز وئامرازەکانی بەرهەمهێنان وبەردەوامیی کەڵەکەبوونی سەرمایە.[١]

بە بڕوای بیرمەندان، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان، بە دووەم هۆکاری ناڕاستەوخۆی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ ز) دادەنرێت لەدوای هۆکارە سیاسییەکان. دیارە، بیرمەندان مکووڕن لەسەرئەوەی کۆمەڵگەی فەرەنسی لەو سەردەمەدا بەسەر سێ چیندا دابەشببوون. یەکەمیان، چینی خانەدان کە خاوەن تایبەتمەندی وپارێزراو بوون وبەخشرابوون لە هەموو جۆرێکی باجدان وپەیوەندییەکی تایبەتیان بە کۆشکی پاشاوە هەبووە. دووەم، چینی پیاوانی ئایینی (ئەکلیرۆس)، کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئایینییان دەکرد وحوکمڕانی پاشای فەرەنسا پشتی بەوان دەبەست، وێڕاش ئەم چینە خاوەن تایبەتمەندییەکی ناوازە بوون کە لە سەردەمی دەرەبەگایەتییەوە بۆیان مابووەوە، بەمەش ئەوپەڕی خۆشگوزەرانیی وخراپەکارییان دەکرد. هەرچی چینی سێیەمیشە کە زۆرینەی گەل بوون، پێکهاتبوون لە زۆرینەی جوتیاران وبۆرژوای بچووك کە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی فەرەنسی بوون لەگەڵ کرێکاران ونەداران. شیاوی وتنە، ئەمانە لە هەموو تایبەتمەندییەك بێبەش بوون وێڕای دانی باج وزەحمەتکێشان وکاری بێگاریی. لە ڕاستیدا، هەر ڕۆڵەکانی ئەمانە بوون کە بە زۆر دەنێردران بۆ مەیدانی جەنگەکان.

---

[١] خليل كلفت: الثورة الشعبية/ الاجتماعية– ليست محرّك التأريخ، الحوار المتمدن، ٦/ ١١/ ٢٠١٥، www.ahewar.org

بێگومان، هەموو ئەمانە هۆکار بوون لە بێزاری ئەم چینە سەرەکییە لەدەست دەسەڵاتی سیاسی وبارودۆخی کۆمەڵایەتی.[١]

پێدەچێت، ئەم بێزارییە لەوێوە سەرچاوەیگرتبێ کە خۆشی وخێروبێری وڵات وسەرجەم ئیمتیازاتەکان بەسەر هەردوو چینی خانەدان وپیاوانی ئاییینییدا دابەشکرابێ، کە بەراورد بە چینی سێیەم ژمارەیان زۆرکەم بووە. خەڵك، ئاگاداری ئەوەبوون کە ئەم دوو چینە زۆر بێبەزەییانە خوێنیان دەمژن ولەسەر حسابی ئەمان ژیانێکی پڕ کەیف وخۆشی دەژین. بێگومان، بەشی زۆری میللەت کە سەر بە چینی سێیەم بوون، دەیانزانی چی سەروەت وسامانی وڵات هەیە لەلایەن ئەم دوو چینەوە دەبرێت وگەلیش لێی بێبەشن. ئەوان دەیانزانی کە خانەدان وقەشە وپیاوانی ئایینی، هیچ جۆرە باجێك نادەن ولەمەشدا پاشای فەرەنسا پشتگیرییان دەکات.[٢] کەواتە، ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتیانە بوون کە شۆڕشی میللی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩ ز)یان لە کۆمەڵگەکەدا خوڵقاند.

هەڵبەت، کاتێك قەشەیەکی ڕیفۆرمخوازی ئەڵمانی وەك (مارتن لوتەر)، شۆڕشێکی چاکسازی ئایینی لەنێو جیهانی مەسیحیدا بەرپاکرد، هۆکارگەلێکی کۆمەڵایەتی بەدەستەوەبوو کە بتوانێ پەلکێشی سەرنج وهزری خەڵکێکی زۆر وعەوامی مەسیحی بەلای خۆیدا بکات. یەکێك لەو هۆکارانە، ئەوەبوو کە ناوبراو ڕەتیدەکردەوە کڵێسا تاکە ئامرازبێ لەبۆ گەیشتن بە بەختەوەریی هەمیشەیی، بەتایبەت دوای ئەوەی گەندەڵی

---

[١] کتّاب سطور: أسباب الثورة الفرنسية، معلومات تأريخية، موقع سطور. کوم، ١٥/ سبتمبر/ ٢٠١٩، sotor.com

[٢] کۆمەڵێ نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپ وبلاۆکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٠

سەرتاپای کڵێسەی داپۆشیبوو، وێڕای فرۆشتنی پسووڵەی لێخۆشبوون (صكوك الغفران)، کە گوایە مرۆڤەکان بەهۆیەوە خۆیان لە گوناهەکانی ئەم دنیا پاکدەکەنەوە.[1] بە بڕوای ئەو، دەبوو پەیوەندی تاك بە خوداوە ڕاستەوخۆبێ بەبێ هیچ ئامراز وناوەندێك، ولێکدانەوەشی بۆ کتێبی ئینجیلی پیرۆز، بەپێی ویژدانی خۆیبێ. لە ئەنجامی کاریگەریی ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتی وجۆرە بیرکردنەوەیەدا، گرنگی ئازادی سیاسی وئازادی ئایینی بۆ سەرجەم تاکەکان دەرکەوت.[2] وەلێ، (لوتەر) بیروڕا وتێڕوانینی خۆی بۆ پرۆتستانتەکان بەو شێوەیە دەخستەڕوو کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بێهێز وبێدەسەڵاتە، دەستەکانی هۆکارن بۆ گوناهکردن. بەڵام، بەختەوەری مرۆڤەکان، تەنها لەوەدایە کە خوداپەرستیی ڕزگارکەر ونیشاندەری ڕێگای ڕاستیانە بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا.

بە بڕوای ناوبراو، پێویست بوو مرۆڤ شانازی بە بوونی خۆیەوە بکات وخۆی بە بەهێزترین وبەتواناترین بوونەوەر بزانێ وخۆی بە هاوشێوە وهاوتای خودا بزانێت. لەبەرئەوەی، خودا خۆی خاوەنی هێز وتوانایە ولە هەمانکاتیشدا سزای سەرپێچیکەران دەدات. هاوکات، بەخشندە ومیهرەبانیشە وهەردەم داوای ئەوەمان لێدەکات کە خۆمان بە توانا وهێز وئیرادەی ئەو بسپێرین.[3] پوختەی مەبەستی ئەم وتە

---

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە ماکیاڤیللییەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

[2] عماد صلاح عبدالرزاق الشيخ داود: الفساد والاصلاح، من منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر– السليمانية، ٢٠١٢، ص ٣٣

[3] لیتراتۆری جیهانیی، هەڵبژاردەیەك لە ئەدەبی گەلانەوە: کۆکردنەوە و وەرگێڕان: ئومێد ئەلیاسی، چاپی دووەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٩٦

وڕێنماییيانەی ناوبراو، ئەوەبوو کە دەیویست بە هەموو جۆرێك دژایەتی خودی پاپا وقەشەکانی وکەنیسەی ڕۆم وئایینزای کاتۆلیك بکرێت. کەوابێ، ناوبراو پاڵپشت بەم هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی باسکران دەیویست ڕیفۆرمێکی ئایینی وشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی وگۆڕانێکی جۆریی لەنێو کۆمەڵگە کریستییانەکاندا بەرپابکات. ڕیفۆرمخوازیی سەدەی شازدەیەم، تەنها دۆزێکی ناو کڵێسا نەبوو، بەڵکو هۆکاری ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی ئاشکرای هەبوو، ئەمە بێجگەلەوەی کاریگەریشی لەسەر فراژووتنی سیاسی هەبوو. (لوتەر)، خەباتی دژ بەوانە دەکرد کە بە تاوانبار وخۆبەرەپێشەوە وڕەوشتنزمی نێو کڵێسای دادەنان. [1]

ئەوەش ژبیر نەکەین، خەڵکی ئەڵمانیای سەدەی شازدەهەم، تاکگەراییان بە بەها دادەنا. ئەوان، زۆر حەزیان لەوەبوو گوێ لە قسەی کەسێك بگرن کە لەبارەی ئازادییەکانیانەوە لە دەستی پاشایەکی بیانی (مەبەست پاپایە) قسەیان بۆبکات. (لوتەر)، ئەو کەسە بوو کە بە ڕوونی وبە زمانی ئەڵمانی لەبارەی بەدەستەوەگرتنی ژیانی مەعنەوی قسەی لەگەڵدا دەکردن ودەیویست خۆیان ببنە ڕاڤەکاری ئینجیلی پیرۆز. فەلسەفەکەی ناوبراو، ئەوەبوو کە بڵێ: "هەر کەسێك دەبێت خۆی قەشەی خۆیبێ." دیارە، هێزی باوەڕی (لوتەر) وتوانای قسەکردنی وکەسایەتییە بەهێزەکەی، هۆکارگەلێکی کۆمەڵایەتی بوون کە ئاڵوگۆڕەکانیان بەرهەڤکردبوو، [2] لەهەمانکاتیشدا چاکسازی دەستپێکردبوو وە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیش جیهانی مەسیحیەتی گرتبووەوە. هەڵبەت

[1] سڤێن– ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٠٠

[2] سارا فلۆوەرز: چاکسازیی ئایینی، و: هەژار ڕەحیمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

ئەمانەی باسکران، ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانە بوون کە لە توانایاندایە لە هەر ساتێکدا کە بیانەوێت، شۆڕش بەرپابکەن.

## ٤. هۆکارە فیکرییەکان

یەکێکیتر لە هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش، هۆکاری فیکرییە، کە مەبەست لە سەرهەڵدانی ڕەخنە وهزری بەرهەڵستکاری وفەلسەفەی شۆڕشگێڕی وبیرکردنەوەیە لە دەرەنجامی داگیرکاری وترس وبێهودەیی ونامۆبوون وشکست، کە سەرجەم ئافرێنەری خودی شۆڕشەکە وسیمای سەرەکین. زۆرجار لە ساتەوەختی بێزاری وبێهیواییدا، ترس گەورەترین هێز وتوانا وئازایەتی دروستدەکات. [1] واتە، زۆرکات ترسێکی ئەستوور وبیرکردنەوەیەکی بێکۆتا وهەستێکی ئاوێتە بە نامۆبوون، مرۆڤ پەلکێشی سەرکێشییەکی شۆڕشگێڕانە وهەنگاوێکی زۆر بوێرانە دەکات. لێرەدا، شۆڕش دیاردەیەکە لە هەستی لەخۆنامۆبوونی تاك بەرانبەر بە کۆمەڵ سەرهەڵدەدات. [2] پێدەچێت، چەمکی (نامۆبوون)، بوارگەلێکی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی دەروونیی ئایینی فیکری کەلتووری ... هتد بگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی باسەکەی ئێمە تایبەتە بە هۆکارە فیکرییەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕش، ئەوا کرداری بیرکردنەوە وداگیرکاریی وترس ونامۆبوون وبێهودەیی لە بواری فیکریدا گەنگەشە دەکەین بە پشتبەستن بە فەلسەفە وشیکاری (مارکس). هەرچەندە، بیرمەند وفەیلەسووفانیتر

[1] کۆمەڵێ نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١

[2] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٨

لەسەر ئەم بابەتە زۆر دواون ولە بواری زانستە جیاجیاکاندا جیٚ قامکیان دیارە.

بە بڕوای (مارکس)، لە کۆمەڵگە چینایەتیەکاندا، بیرکردنەوە وبێهودەیی وناموٚبوون وپەنابردنە بەر شۆڕش، ئەنجامێکی سروشتی وحەتمی ژیانی مرۆڤەکانە، کاتێکیش بیرۆکە دەست بەسەر جەماوەردا دەگریٚت، ئەوا بیرۆکەکە بەهێزدەبێت. [1] بەلای ئەوەوە، مێژووی مرۆڤ لە ڕووی جۆرەوە مێژووی گەشەسەندنی مرۆڤە، لە هەمانکاتدا مێژووی زیاتربوونی نامۆبوونیشە. لای (مارکس)، چەمکی سۆسیالیزم، بریتییە لە ڕزگاربوون لە نامۆیی وگەڕانەوەی مرۆڤە بۆ خودی خۆی وبەدیهێنان وسەلماندنی خۆیەتی. هەر بە بڕوای ئەو، نامۆبوون بەو مانایە دێت کە مرۆڤ لە پرۆسەی پەیبردن بە جیهان، خۆی وەك هێزێکی چالاك نابینێتەوە، بەڵکو خودی جیهان وسروشت وتەنانەت خودی مرۆڤیش، هێشتا نامۆکەری مرۆڤن وئەو شتانەی مرۆڤ خۆی دروستیکردوون، بەسەر سەریەوەن ولە دژین. واتە، مرۆڤ نامۆکەری مرۆڤە، هەربۆیە مرۆڤ لە دژی مرۆڤ شۆڕش بەرپادەکات. نامۆبوونیش، لە ڕووی جەوهەرەوە نواندنێکی خراپی جیهان وخودە، وەك ئەوەی خود لە بارێکی جیابوونەوەدابیٚ لەگەڵ بابەتدا. [2]

هەڵبەت، نامۆبوون لە خود، لە دەرەنجامی ئەوەدایە کە مرۆڤ دەبێتە بەشێکی میکانیکیی چینی کۆمەڵایەتی. ئەم بارودۆخە دژوارە، وا

---

[1] أقوال كارل ماركس: أقوال المشاهير، مدونة رف المعلومات، مصدر سابق

[2] ئەریك فرۆم: چەمکی نامۆبوون لای مارکس، و: ئارام جەمال، ئایدیا. گۆڤارێکی فیکری ئەدەبی وەرزییە، گرنگی بە وەرگێڕان دەدات، ژمارە (٥– ٦)، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر ولێکۆڵینەوە– سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل ٢

**له تاك دەكات له مرۆڤایەتییەکەی خۆی نامۆبیٚ وله بارودۆخ یاخیبیٚ. بنچینەی تیۆری نامۆبوون له نێوکۆی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا، ئەوەیه که کرێکار بەردەوام توانای دەستنیشانکردنی شێوازی ژیان ورەفتار وچارەنووسی خۆی لەدەستدەدات. کاتێکیش، ئازادی پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانیتر ومەحاڵبوون وچنگنەکەوتنی ئەو کالاّیانەی خۆی بەشداره له بەرهەمهێنانی وهەڵبژاردنی شێوازی ژیانی لەدەستدەدات، ئیدی هەستێکی نامۆی لادروست دەبێت. هەروەها، لەگەڵئەوەی کرێکار مرۆڤێکی سەربەخۆ وقەوارەیەکی ئابوورییه، بەلاّم له کۆمەڵگەی چینایەتیدا ئەم مرۆڤه سەربەخۆ نییه و وەکی ئامرازێك لەلایەن بۆرژواوه ئاراستەدەکریٚ، [1] ئەمەش سەرەتای کێشەکه ودروستبوونی نامۆیی وفیکری یاخیگەرانه ودواتریش بەرپابوونی شۆڕشه. هەرچەنده، لێرەدا چەمکی نامۆبوون، هەم چەمکێکی فیکریی هەم ئابووریی هەم کۆمەلاّیەتیشه..**

**ئەم چەمکه، بەهۆی فرەیی مانا ومەبەستییەوه جۆرێك له ئاڵۆزی لەخۆگرتووه، چونکه له کایەی سۆسیۆلۆژی (علم الاجتماع) وکایەی سایکۆلۆژیشدا (علم النفس) قسه وباسی لەسەرکراوه. بەلاّم، لێرەدا ناچینه نێو ئەو وردەکارییەوه وتەنها کورتەیەکی (فیکریی) ئەم چەمکه دەخەینەڕوو. به بڕوای فەیلەسووفان وبیرمەندان، گرنگترین خاڵی سەرنجڕاکێشیش له مرۆڤدا، ئەوەیه که تا چەند (نائازاده). [2] ئەوجا،**

---

[1] **نظرية ماركس في الاغتراب: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ أبريل/ ٢٠٢٠،** ar.wikipedia.org

[2] **جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵلاّ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٨**

لەبەرئەوەی چارەنووسی مرۆڤ بە حوکمی جەوهەرەکەی ئازادبوونە، [1]
کەواتە کاتێك مرۆڤەکان (کرێکاران) لەلایەن چینێکی کۆمەڵایەتیەوە (بۆرژوا) ئاڕاستە دەکرێن، ئیدی ئەو شتەی پێیدەوترێ (ئازادی مرۆڤ) مانا وچییەتی وکرۆکی نامێنێ. لێرەوەیە، کە چیتر مرۆڤەکان هەست بە ئازادی خۆیان ناکەن، بەڵکو ئەوەی هەستیپێدەکەن تەنها نامۆبوونی خۆیانە. وێڕاش نامەوێت بچمە نێو قووڵایی چەمکی نامۆبوون، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بدەم کە ڕاڤەکارییەکانی (مارکس)یش دەربارەی ئەم چەمکە، لە کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا (علوم إجتماعية)دا خۆی دەبینێتەوە، بەوەی هەردەم دەیگوت: "نامۆبوون، کردارێکی کۆمەڵایەتیە لە هەمانکاتیشدا حاڵەتێکی دەروونییە، بەهۆی هۆشیاری وهەستکردنە شاردراوە وچەپێندراوەکانەوە، کە بەرانبەر بە گۆشەگیری وبێتوانایی دروستدەبێ." [2]

لە ڕوانگەی هۆشیاری چینایەتی وهەستکردن بە نامۆبوون وبێزاری ویاخیبوون، ناوبراو جەختیشی لەوەکردبوو، هەژاریی کرێکاران شۆڕش بەرپاناکات، بەڵکو هۆشیاری کرێکارە هەژارەکان شۆڕش بەرپادەکات، [3] وەك ئاماژەمپێدا. واتە، بیرکردنەوە وفیکری بەرهەڵستکاری وهۆشیاری کرێکار وپەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ویاخیبوون ودواساتی بێزاری کە ئافرێنەری شۆڕشە. لەلایەکیترەوە، کارکردن، بەیەکگەیشتنێکی کاریگەری مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا لەپێناو خوڵقاندنی جیهانێکی نوێدا،

---

[1] پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: کۆمەڵێك نووسەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣

[2] أ. مريامة بريشي، أ.د. نادية مصطفى الزقاي يوب: الاغتراب. مفهوم ودلالات، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية، العدد (١٨)- الجزائر، مارس/ ٢٠١٥، ص ٢٠٢

[3] صلاح الشتيوي: الفقر لا يصنع الثورة إنما وعي الفقير هو الذي يصنع الثورة، مصدر سابق

که تیایدا بوونی کرێکارەکەش دەخوڵقێت. بەڵام، کاتێك سیستمی سەرمایەداری باڵادەست دەبێ، تەواوی وێنەکە دەگۆڕدرێ، بەوەی کارکردن سیفەتی سروشتیی پێشووی لەدەست دەدات چونکە خاوەنداریەتی تایبەتە، کرێکاریش دەبێتە کاڵا وکڕین وفرۆشتنی پێوەدەکرێ. سەرەنجام، کرێکار بە ناچاری کار دەکات لەپێناو بژێوی ژیانیدا، کار وبەرهەمیش بوونێکی جودای لە ویستی کرێکار وپرۆژەکانی دەبێ. پاشان، کرێکار خودی خۆی لە کارکردندا نادۆزێتەوە، چونکە بە ناچاری وتۆبزییەوە کاردەکات. بەڵکو، خۆی لە کاری زۆرەملێ وبێزاری وبیرکردنەوەیەکی قووڵدا دەبینێتەوە، بێجگەلەوەی هیچ ئازادییەکی لە پەرەسەندنی توانای سروشتیی وزەینیی خۆیدا نابێ. هەربۆیە، دواجار کەسێکی ئاستنزمی تێکشکاوی شەکەتی بێزار بەدیدەکرێ. [١]

سەبارەت بە کرێکار، نامۆبوون لە پەیوەندی ئەو بە شێوازی کارکردن وبەرهەمهێنانی کاڵاوە بەرجەستە دەبێ، کاتێك کە ناتوانێ سوود لە زێدەبەرهەمیی کاڵاکان ببینێ کە خۆی بەرهەمیهێناوە. لەبەرئەوەی، خاوەنداریەتی کارگە وکاڵاکان بۆ خاوەنکار دەگەڕێتەوە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ دەوڵەمەندتر وکرێکارانیش هەژارتردەبن. [٢] (مارکس)، هێما بەوە دەکات کە کرێکاران بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەی سامانن، بەڵام کاتێك کارگەران کاڵا وشمەکەکان بەرهەمدێنن، بە کاری دەستی خۆیانی نازانن وهەست بە نامۆبوونی دەکەن، چونکە دەزانن دواجار کاردەستیان دەبێتە سەرمایەی

---

[١] الاغتراب عند كارل ماركس (تشويه انسانية الانسان في المجتمع الصناعي): الفلسفة وعلم الاجتماع، موقع الباحثون السوريون، ٢٠١٩، www.syr-res.com

[٢] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، مصدر سابق، ص ٤٣

تەنها کەمینەیەکی تایبەتمەند.[1] کەواتە، هۆکاری بەئاگاهاتنەوەی هۆش وناموبوون لەم پەیوەندییەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی کرێکار ئەو کالأیانەی بەرهەمیدێنیٚ هەرگیز ناتوانیٚ بەدەستیبهێنیٚ. هەربۆیە، لە ڕوانگەی کرێکارەکەوە، ئەو کالأیە دەبێتە شتێکی نامۆ وسەیر وسەمەرە وسەربەخۆ لە بەرهەم، کە هەرگیز بۆی نییە دەستی تێوەبدات یان ڕەفتاری لەگەڵدا بکات یاخود سوودی لێببینیٚ. بەڵکو، لە بیرەوەرییەکان وزەینی کرێکارەکەدا ئەو کالأیە دەبێتە مۆرکی شتێکی نەیار، لەبەرئەوەی ئامانج لێی زیادکردنی سەرمایە وهەوڵدانە بۆ زاڵبوون بەسەر کرێکاردا. کاتێکیش، هێز وهەژموونی سەرمایە زیاد دەکات، ئەوەی بۆ کرێکار دەمێنێتەوە تەنها فرۆشتنی هێزی کاری خۆیەتی.[2]

فەیلەسووفان، مکووڕن لەسەرئەوەی دواجار ئەم بارودۆخە تاڵە وخەونە ناخۆشە وژیانە پڕ چەرمەسەرییەی کرێکاران وچینی ژێرین، دەبێتەهۆی بێداربوونەوەی هزری بەرهەڵستکاریی وهۆشی کارگەران وزەحمەتکێشان ولە کۆتاییشدا بەرپابوونی شۆڕشی نەداران. بە بڕوای (مارکس)، دواجار سامان لە دەستی کەمینەیەکدا چڕدەبێتەوە، لە بەرانبەریشدا زۆرینەی زۆری دانیشتوان بەرەو هەژاری ڕۆدەچن، ئا لێرەدایە کە دەبێت شۆڕش حەتمەن بەرپابیٚ.[3] بێگومان، ئەم بارودۆخە گریمانەییە بووەتە ئیلهامبەخشی ناوبراو لە بەرهەمهێنانی فەلسەفە بەرهەڵستکارییە شۆڕشگێڕەکەی وڕاڤە وشیکارییەکانی. بێشك، هەر

---

[1] دیف روبنسون، جودي جروفز: أقدم لك الفلسفة، ت: إمام عبد الفتاح إمام، المشروع القومي للترجمة، طبع بالهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية– الجيزة، ٢٠٠١، ص ٩٨

[2] وليام العوطة: مفهوم الاغتراب في الماركسية، ٢٠٠٩، www.academia.edu، ص ١١

[3] ديف روبنسون، جودي جروفز: أقدم لك الفلسفة، ت: إمام عبد الفتاح إمام، مصدر سابق، ص ٩٩

دەرەنجامی هەڵسەنگاندن ولێکدانەوەی ئەم واقیعە گریمانەییە بووە کە ناوبراو توانیویەتی دواجار شاکارەکانی (مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست) و(ماتریاڵیزمی دیالێکتیکی) [1] و(ماتریاڵیزمی مێژوویی) و(سەرمایە) وچەندین بەرهەمی فیکریتر بنووسێ. بە هەمان شێوە، زۆرێك لە فەیلەسووفان وبیرمەندان بڕوایان وایە شاکارە فیکری وفەلسەفی ورەخنەییەکانی فەیلەسووفانی وەك (مۆنتیسیکیۆ وڤۆڵتێر وژان ژاك ڕۆسۆ ونووسەرانی ئینسایکلۆپیدیاکان) وکۆمەڵێکیتریش، هەوێن وخولقێنەری شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ ز) بوون. [2]

لە ڕاستیدا، هەندێك لە مێژوونووسان وپسپۆڕانی شۆڕشی فەرەنسی، ڕۆڵی فەیلەسووفان وڕۆشنبیران بە فاکتەرێکی سەرەکی لە بەرپابوونی ئەم شۆڕشە دادەنێن. هەڵبەت، ئەوە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ڕۆشنگەری بوو کە لەلایەن فەیلەسووفان وبیرمەندانەوە گەڵاڵەکرابوو وبەرچاوی خەڵکی ڕووناککردەوە، بەوەی هانیدان شۆڕش بەرپابکەن وبەو بارودۆخە ڕازینەبن. بزوتنەوەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری، بزوتنەوەیەکی فیکریی فراوان وهەمەلایەنە بوو کە لە سەدەی حەڤدە وهەژدەدا سەریهەڵدا وکاریگەری قووڵی لەسەر ئەقڵی خەڵك دروستکرد وڕۆحی ڕەخنەگرتنی تێداچاندن. ئەم بزوتنەوەیە، ڕێز وگرنگی بۆ ئەقڵ گەڕاندەوە وئەقڵی

---

[1] فاسيلي بودوستنيك، أوفشي ياخوت: ألف باء المادية الجدلية، ت: جورج طرابيشي، الطبعة الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر- بيروت، لبنان، ١٩٧٩، ص ١٣

[2] سميحة ناصر خليف: أسباب قيام الثورة الفرنسية، موضوع. اكبر موقع عربي بالعالم، ١٧/ يونيو/ ٢٠١٩، mawdoo٣.com

خستە شوێنی بیرکردنەوەی تیۆلۆژیای مەسیحیی وبانگەشەی بۆ ئازادی ویەکسانی نێوان مرۆڤەکان دەکرد.[1]

لە مێژووی شۆڕشەکاندا، هەردەم بوونی چینێك بەدیکراوە کە لە کۆمەڵگەدا باڵادەست بووە ودەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، بەڵام هەرگیز بەرهەمهێن نەبووە. ئەوجا، لەبەرئەوەی کارگەر نەبووە، هیچ کات هەستیشی بە زەحمەتکێشان وبەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی نەکردووە، هەربۆیە لە ڕووی ئاکارەوە هەڵوەشاو ولە ڕووی یەکگرتوویی لێکترازاو وئەوەشی لەبەردەستیدا بووە بەفیڕۆیداوە، چونکە چینێکی بەکارهێن بووە نەك بەرهەمهێن. شیاوی وتنە، ئەم چینە سەردەمانێك بەمشێوەیە ژیاون دوور لە ژیانی ڕاستەقینەی گەل، بەڵام ئەو گەلەی هەردەم بە نامۆیی وسووکی سەیری ئەم چینەی کردووە، دواجار بەهۆی بارودۆخ وئەستەمیی ژیان وبیری بەرهەڵستکاری، شۆڕشی لە دژیان بەرپاکردووە ولە شوێنیان چینێکی کارگەری بەرهەمهێنی داناوە، کە کرداری بەرهەمهێنان فێری ئەرك وڕەنجکێشان وڕەوشتبەرزی وڕێکیکردوون وئەو هێز وئیرادە وچالاکییەی پێبەخشیون کە بتوانن شۆڕش سەربخەن.[2]

لەم حاڵەتی بیرکردنەوە ونامۆبوونەی کرێکاران لە کار وبەرهەم وسەردەم وژیان وجیاوازی چینایەتیدا، وتەکەی فەیلەسووفی بوونگەرایی فەرەنسی (ئەلبێر کامۆ)مان دێتەوەیاد کاتێك دژی ناواقیعیبوون ونامەنتیقیبوونی ژیان لە سایەی ئەخلاقی بۆرژوازییەتدا، وتبووی: "ئایا

[1] کۆمەڵێ نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[2] سلامة موسى: كتاب الثورات، مصدر سابق، ص ١٥

ئەم ژیانە جگە لە پووچی وناموّیی وبێبەری، هیچ بەرهەمێکی دیکەی هەیە؟ ئایا ئەم ژیانەی کە خەم ومەرگ تیایدا حەتمی وبێچارەیە، دەتوانرێت بەبیٚ نەفرەت وبێزاری بەسەربریٚ؟ ئایا لەم جیهانەدا کە ئێمەمانان تا دواساتی ژیان پێی ناموٚین ومەرگ وفەناش لە هەر ساتێکدا ڕێگامان پێبگریٚ، دەتوانین دلّی پێخۆش بکەین ولە ڕێگەی خۆفریودانەوە ئەم چەند ڕۆژەی ژیان بۆ خۆمان خۆش بکەین؟ ئایا بەشەر، بە هەموو هەولٚ وکۆشش ویاخیبوونێکەوە دەتوانیٚ بگاتە ئازادی فەردی وئازادی بەدەستبهێنیٚ؟ ...."[1]

هەڵبەت، بیرکردنەوەی نەرێنی وبێهودەیی لە ژیان وبێزاری ئەو، دەرەنجامی چۆنیەتی ژیانکردنی ئەو بووە لە سەردەمی بۆرژوازیەتدا کە بەهۆیەوە دوو جەنگی جیهانیی بەرۆکی دنیای گرتووەتەوە. دیارە، ئەمە وای لە (کامۆ) کردووە، هەست بە ناموٚبوون وبێهودەیی بکات. جا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بارودۆخەدا، بە بیروبڕوای ناوبراو، دەبوو شۆڕشێکی فیکریی بەرپابکریٚ وبیرێکی نویٚ بخوڵقیٚ وهەرچۆنێکبیٚ سەرلەبەری ئەو ژیانە ڕەتبکرێتەوە وهەولّی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانە بدریٚ لەپێناو گۆڕینی ژیانی بێهودەیی وناموٚیی مرۆڤەکان بە ژیانێکی بەختەوەر وسەرفراز. ئەم شرۆڤەکارییەی پێشوو، دەمانخاتە بەردەم ئەو ڕاستییەی کە بڵێین هەموو شۆڕشێك هۆکاری بەرپابوونی لەچاو شۆڕشەکانیتردا جیاوازە، وەلیٚ ڕابوونی هزر وفەلسەفەی بەرهەڵستکاریی وفیکری کۆمۆنیزم وبێهودەیی ژیان وناموٚبوونیش هۆکارێکیترە لە هۆکارەکان.

---

[1] ئەلبێر کامۆ: ناموٚ، و: حەمە کریم عارف، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ وبلاٚوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٦

**شۆڕشی مەدەنی:**

گەرچی لە سەرەتاوە دڵکرمێبوونێکمان لەلای خوێنەر دروستکرد دەربارەی چەمکی شۆڕش، بەڵام مەرج نییە هەموو شۆڕشێك دواجار بە توندوتیژی وبێرۆکراسیەت وبارگرانی کۆتاییبێ. واتە، شۆڕشەکان بەپێی بارودۆخی گونجاو وهەلومەرجەکان وهۆکارە بابەتییەکان ڕوودەدەن. لە مێژوودا، شۆڕش هەبووە کۆمەڵایەتیی، کە کۆمەڵگەی بەرەو بارودۆخێکی ئەرێنی بردووە. شۆڕش هەبووە ئایینی یان مەزهەبی، کە دواجار کۆمەڵگەی بارگاوی بە یەك ئایین وئایینزا کردووە. شۆڕش هەبووە سیاسی یان ئایدیۆلۆژی، کە لەوانەیە کۆمەڵگەی تووشی وەیشوومەیەك کردبێ. بێگومان، شۆڕشیش هەبووە ڕەگەزێکی ئیتنی بەسەر تێکڕای ڕەگەزەکانیتردا زاڵکردووە. وەلێ، شۆڕشگەلێکیش هەن، لە بوارگەلی ئابووری بازرگانی زانستی ڕۆشنبیری فیکری وزۆرێکیتر، کە سەد لە سەد کۆمەڵگەیان بەرەوپێش وبەرەو دیمۆکراتیزەبوون وخۆشگوزەرانی زیاتر بردووە.

لە مێژوودا، گەلانێکیش هەبوون شۆڕشیان بەرپاکردووە، دواجار لەبری گەیشتن بە ئازادی وسەرفرازی ومەبەست، کەچی بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە. بێمکووڕیکردن، شۆڕشی گەلانی ئێران یان باشتروایە بڵێین شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە (١٩٧٩ ز)دا، باشترین وزیندووترین نموونەی شۆڕشی پێچەوانەیە کە تەواوی کۆمەڵگەی ئێرانی لە جەهالەتێکی موقەددەسدا ڕۆچاندووە. هەربۆیە لە پرۆسەی شۆڕشە سیاسییەکاندا دەوترێ، کاتێك ڕژێمێکی نادیمۆکرات دەڕووخێ، ڕژێمێکی نادیمۆکراتیتر

دێتە شوێنی.[1] کەواتە، مەرج نییە هەموو شۆڕشێك ئەرێنیی یان نەرێنیی بێت، هەرگیز ناتوانین یەك بڕیاری پێشوەختە بەسەر مێژووی شۆڕشەکاندا بدەین، هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەمان بەوەشدا کە هۆکاری بەرپابوونی شۆڕشەکان جیاوازن، لەبەرئەوەی شۆڕشەکان هەمەجۆر وهەمەچەشنەن. بێگومان، مەرجیش نییە دەرەنجام وهەلومەرج وهۆکارە بابەتییەکانی شۆڕشەکان ڕەهابن، بەڵکو ڕێژەیین. کەواتە، باشە وخراپەی شۆڕشەکانیش ڕێژەیین. ئەوجا، ناکرێت هەموو هێلکەکانی شۆڕشەکان بە ڕەهایی بخەینە ناو سەبەتەی باشە یان خراپەوە. بەڵکو، پێویستە سەرلەبەری شۆڕشە هەمەچەشنەکان پۆلێن وبەجیاجیا شیکاریی وڕاڤە وگەنگەشە بکەین.

هەڵبەت، بابەتەکە ئەو پۆلێن وشیکارییەی گشت شۆڕشەکان هەڵناگرێت. بەڵکو، وەك لە سەردێڕی ئەم بەشەدا ئاماژەم پێداوە، دەمەوێت زیاتر باس لەو بزاڤ وخەبات وجووڵانەوە مرۆییانە بکەم، کە دەچنە خانەی شۆڕشی مەدەنییەوە وگەلان بەرەوپێش دەبەن. وابزانم، گەر لێرەدا باسێکی شۆڕشی ئاشتیخواز یان شۆرشی نەرم بکەین، کە هەڵقولاوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەورووپای خۆرهەڵات وناوەڕاست بوو لە کۆتایی هەشتاکان وسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، شتێکی باشە ویەکانگیر دەبێت لەگەڵ بابەتەکەی ئێمەدا کە باسوخواسی شۆڕشی مەدەنییە. بەپێی بەڵگەنامەکان، لەگەڵ ڕووخاندنی دیواری بەرلین وپاشەکشەی هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت وشلۆقبوونی بلۆکی خۆرهەڵات، کۆمەڵگەی مەدەنی هێدی هێدی ورە و وزەی بۆ پەیدابوو لەوەدا کە

---

[1] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧

**بتوانیٚ لە ناو سنووری قەڵەمڕەوی بلۆکی خۆرهەڵاتدا مانگرتنی ئاشتیخوازانە ڕێکبخات، بە مەبەستی کەنارخستنی سیستمە ستەمکار وتۆتالیتارەکان. بێگومان، ئەم مانگرتنانە بە شۆڕشی نەرم ناودەبران، لەبەرئەوەی نە توندوتیژ بوون نە خوێناوی. لە ڕاستیدا، ئەم کارە ئاشتیخوازانە گڕ وتینێکی زۆریاندا بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا، بە شێوەیەك کە بتوانیٚ کاریگەریی لەسەر نەخشەی سیاسەتی دەرەکی وناوخۆیی وڵات دوور لە دەستێوەردانی حکومەت دروستبکات. تەنانەت ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی هێندە زیادبوو، کە بتوانیٚ لە داهاتوودا بەرەنگاری ڕژێمە ستەمکار وتۆتالیتارەکان ببێتەوە، لە ڕێگەی چالاکییە ئاشتیخوازەکانیەوە.** [1]

**ئا لەم ساتەدا بوو، خوێندکاران وڕۆشنبیرانی کۆماری (چین)ی میللی، بەهۆی بێزاربوون لە سیاسەتە ڕووکەشەکانی چاکسازی ئابووری وسیاسی وڵات، وبە ڕوانینە گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان وکاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی ئەورووپای خۆرهەڵات وسیاسەتە نوێکەی (گۆرباچۆڤ) وبەرنامە چاکسازییەکەی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی وڵات بە ناوی (پرۆسترۆیکا)،** [2] **لەگەڵ سیاسەتی کرانەوەی بەناوی (گلاسنۆست)ەوە کە مەبەست لە پرۆسەی دیٚموکراتیزەبوون بوو،** [3] **توانییان لە بەهاری (١٩٨٩ ز)دا خۆپیشاندانێکی جەماوەری ئاشتیخوازانە لە گۆڕەپانی (تیان ئان مێن- تیانانمێن) لە پایتەختی وڵات ئەنجام بدەن، وە داوای دیٚموکراتی**

---

[1] **ثورة سلمية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ يونيو/ ٢٠٢٠،** ar.wikipedia.org

[2] **گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣**

[3] **زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٧**

وچاكسازی له دەسەلآت بكەن. بەلآم دەزگا داپلۆسێنەرەكانی ولآت هەر زوو بە زوو بە تانك وفیشەك وەلآمیان دانەوە. دەرەنجام، لە ماوەی دوو مانگی ئەو خۆپیشاندانە ئاشتیخوازانەدا، زیاد لە (١٠٠٠٠) كەس كوژرا وهەزارانیدی بریندار ودەستبەسەر ومانگرتنەكەش دامركێندرایەوە.[١]

هەرچەندە، خۆپیشاندان ومانگرتنە مەدەنییەكەی گۆڕەپانی (تیانانمێن) ئاشتیخوازانە بوو، بەلآم لەبەرئەوەی حكومەتی چین هیچ ڕۆڵێكی بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی نەهێشتبووەوە، هەربۆیە كۆمەڵگەی مەدەنی نەیدەتوانی هیچ ڕۆڵێكی ئەوتۆ لە گێڕانی مانگرتنەكان بە شێوەی ئاشتیخوازانە ببینێ. ئەوەبوو، توندوتیژی لێكەوتەوە وبووە شۆڕشێكی جەماوەری وخوێندكاران بە پلەی یەكەم. واتە، لە شۆڕشی مەدەنی ئاشتیخوازانەوە گۆڕدرا بۆ شۆڕشی جەماوەری ئاشتیخوازانە. بەلآم، هەرگیز لە مێژوودا ڕوینەداوە شۆڕشی جەماوەری ئاشتیخوازانە وسەركەوتووبێ، بەڵكو شۆڕشە سیاسییە سەركەوتووەكان بە زەبری چەك بوون. بێگومان، خودی شۆڕشی كۆمۆنیزمی چینیش لە (١٩٤٦ ز)دا،[٢] باشترین نموونەی شۆڕشی چەكداری سەركەوتوو بوو. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە كە لەم پێكهەڵپژانانەدا هیچ بوارێك بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی وشۆڕشی مەدەنی لە كۆماری چینی میللیدا نەڕەخسا، هەربۆیە شۆڕشەكەی خوێندكاران خوێناویكرا.

---

[١] مظاهرات ساحة تيانانمن: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[٢] الثورة الشيوعية الصينية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ أغسطس/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

له مێژوودا، دەستەواژەی (مانگرتنی مەدەنی) بۆ مێژوونووس وشاعیری ئەمریکی (هێنری دەیڤید سۆرۆ) دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی (١٨٤٩ ز)دا وتارێکی بە ناوی (بەرگری حکومەتی مەدەنی) کە بە (مانگرتنی مەدەنی)ش ناودەبرا، بڵاوکردبوەوە. هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو وتارەش، بۆئەوە دەگەڕایەوە کە ناوبراو پێشتر لە ساڵی (١٨٤٦ ز)دا لەسەر پێنەدانی باج بۆ جەنگ بە حکومەتی ئەمریکی زیندانی کرابوو. دواتر، لە سەرەتای (١٨٤٨ ز)دا، ناوبراو لە (ئەکادیمیای کۆنکۆرد) لێکچەرێکی لەسەر (مافەکان وئەرکەکانی تاك پەیوەست بە حکومەتەوە) پێشکەشکردبوو، تیایدا بەرگریکردن لە پێدانی باجی بۆ ئەو مەبەستە خستبووەڕوو. ناوبراو، نەیدەویست باج بۆ جەنگ بدات، بەهۆی ناڕازیبوون لە سیاسەتەکانی کپکردن وچەوساندنەوە وکۆیلایەتی وجەنگی وڵاتە یەکگرتووەکان دژ بە مەکسیك. هەربۆیە، لە ساڵی (١٨٤٩ ز)دا لەژێر ناوی (مانگرتنی مەدەنی)دا، ئەم بابەتەی وەك وتارێك بڵاوکردبوەوە. بێگومان، (مارکس)یش بە سوودوەرگرتن لەم بیرۆکەیەی ناوبراو، ساڵی (١٨٤٨ ز) لە گەرمەی شۆڕشەکانی کرێکارانی ئەورووپادا، هەوڵی ئەوەیدابوو هەڵمەتێك لە ئەوروپا ڕابگەیەنێت لە پێناو پێنەدانی باج بە حکومەتەکان.[١]

شایەنی باسە، (هێنری دەیڤید) ئەم وتارەی دەربارەی مانگرتنی مەدەنی کاتێك نووسی، کە بینی دەوڵەتی ئەمریکا بەهۆی جەنگە ناشەرعییەکەیەوە دژ بە مەکسیکی لاواز، هەروەها بەهۆی هەڵوێستە شەرمهێن وئابڕووبەرەکەیەوە دەربارەی بابەتی کۆیلایەتی ومامەڵەکردن

[١] أحمد عبدالحكيم: العصيان المدني، مجلة ملتقى شهداء البحرين وضحايا التعذيب– لندن، ٢٠٠٧، ص ٢

لەگەڵ هندییە سوورەکانی دانیشتوانی ڕەسەنی خاکی ئەمریکادا، خەریکە لە ڕێگای دادپەروەری وماف ویەکسانی لادەدات.[1] ئەوەی لێرەدا مەبەستە بوترێ، جەنگی نێوان دوو وڵات یاخود بابەتی باج وکۆیلایەتی نییە، بەڵکو چەمکی (مانگرتنی مەدەنی)یە کە دەچێتە خانەی شۆڕشی مەدەنییەوە. وێڕای ناڕەزایی دەربڕین، ناوبراو ئەوەی باش دەزانی کە هەرگیز ناتوانێ وەك شۆڕشگێڕێك بە شۆڕشی چەکداری ویاخیبوون یان بە هەر جۆرە کاردانەوە وهەڵوێستێکی توندوتیژانە، ڕووبەڕووی حکومەتێکی زلهێز ببێتەوە. هەربۆیە، مانگرتن وخەباتی مەدەنی بە باشترین چارەسەر بۆ گەیاندنی پەیامی ناڕەزایی، چ بە حکومەت چ بە جەماوەری خەڵك بۆ هاندان وهەڵوێست وەرگرتنی مەدەنییانە دەزانی.

هەر لە نێوکۆی خەبات وشۆڕشی مەدەنییەوە، دەتوانین هەموو ئەوانەی وترا لە چەمکی (بەرگری مەدەنی)دا کۆبکەینەوە، بەوەی کارگەلێکی سیاسی کۆمەڵگەی مەدەنییە وپشت بە ڕەتکردنەوە وبەرخودانی ئاشتیخوازانە دەبەستێ، لە پێناو تانەلێدان لە هێزگەل وکار وکردەوەی سیاسی ڕژێمێکی دیاریکراو. دیارە، بەرگری مەدەنی، بە گشتی هەوڵێکی ڕێکخراوە لەسەر ئاستی دەرەکی وناوخۆیی، کە شێوازگەلی خۆپیشاندان، مانگرتنی سەرتاسەری، ڕێپێوان، ناڕەزایی دەربڕین، کۆکردنەوەی واژۆ وداواکاریی پێشکەشکردن، بزاوتی دابڕان وپچڕاندنی پەیوەندی، وەستاندنی ئامراز وهۆکارەکانی گواستنەوە وهاتوچۆ، مانگرتن ودەستهەڵگرتن لە کار لە کارگەکان، بێدەنگیی

---

[1] أ. د. حسن كامل إبراهيم: فلسفة المقاومة اللاعنفية– هنري ديفيد ثورو أنموذجاً، المجلة العربية للدراسات الاسلامية والشرعية، العدد (٦)، جامعة عين شمس، كلية البنات– القاهرة، يناير/ ٢٠١٩، ص ١٠٤

وپەناگرتن وهاوهەڵوێستیی کرێکاران وپیشەوەران وزۆرێکیتر لەخۆدەگریٚ، کە سەرلەبەری بە بەرخودانی مەدەنی میانڕەو ناودێر دەکرێت دوور لە توندوتیژی شۆڕشگێڕانە. لە ڕاستیدا، دیاردەی بەرخودانی مەدەنی پابەستە بە هەستانەوە ودیٚمۆکراتیزەبوونی کۆمەڵگەوە. [1] لەبەرئەوەی، کرداری دیٚمۆکراتیزەبوون، مانای "کۆتایی مێژوو" بە بڕوای (فۆکۆیاما). [2]

کەواتە، کاتێك باس لە بەرگری مەدەنی وکۆمەڵگەی مەدەنی وشۆڕشی مەدەنی دەکەین، دەبیٚ ویٚنای کۆمەڵگەیەکی دیٚمۆکراتی پیٚشکەوتوو یاخود لانیکەمی گوزەر بەرەو دیٚمۆکراسی بکەین. گەرنا، لە کۆمەڵگەی سیاسی نادیٚمۆکرات وگشتگیر وخیٚڵەکی وسیۆکراتدا (ثیوقراط) بەرخودانی مەدەنی نامۆیە، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر هەژار وبیٚتوانایە. بیٚگومان، ڕووداوەکانی گۆڕەپانی (تیان ئان مین) لە کۆمەڵگەی سیاسی چین باشترین نموونە بوو، کە تیایدا دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی تۆتالیتار بە زەبری هێز وەڵامی خوێندکارانی دایەوە لەپیٚناو بەدەستهیٚنانی چاکسازی ڕاستەقینە ودیٚمۆکراسی. کاتێکیش، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا توانی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستیٚ وئامرازگەلی بەرگری وخەباتی مەدەنی پەیڕەو بکات، پیٚشتر وبەهۆی کۆتایی جەنگی ساردەوە سەرلەبەری دەسەڵاتە گشتگیرەکانی ئەویٚ نینۆکیان کرابوو. کەوابیٚ، ناکرێت وا بە ئاسانی کەشێکی ئاشتیخوازانەی میانڕەوی لیٚبوردە لە وڵاتانی جیهانی سیٚ وتەنانەت جیهانی دووی

---

[1] مقاومة مدنية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[2] هاشم صالح: الانتفاضات العربية على ضوء فلسفة التأريخ، الطبعة الاولى، دار الساقي–بيروت، ٢٠١٣، ص ١٣٥

پێشکەوتووی سۆسیالیزم وکۆمۆنیزم بێنینە بەر چاوی خۆمان، کە تەواوی داواکارییەکانی گەلی تیادا جێبەجێ کرابێ. بەڵکو، ئەوەی ئێستا گەنگەشەی دەکەین، کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان وجیهانی یەکی دێمۆکراتە کە کۆمەڵگەی مەدەنی تیایاندا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێ. ئەوجا، شێوازەکانی بەرگری مەدەنیش، هەڵقوڵاوی ئەو ژینگەیەیە. بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، هەردەم لە سایەی کەش وژینگەی نادێمۆکراتەوە، ئۆپۆزسیۆن وهەوڵی ڕادەربڕین گەر هەشبێ، بێشك خەسڵەتی نادێمۆکرات وەردەگرێ. [١] هەربۆیە، شۆڕش وخەباتی چەکداری ورزگاریخوازیی لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێ ودووی سۆسیالیزمدا، دوالیزمێکی ئەبەدین.

بۆ زیاتر تیشك خستنەسەر شۆڕش وخەباتی مەدەنی، دەکرێت کورتەیەك لەسەر کاریزما وڕابەری ڕۆحیی هندستان (گاندی) باس بکەین، بەوەی پێدەچێت یەکەم کەس بووبێت لە کاتی بزوتنەوە میانڕەوەکەیدا شێوازی (ساتیاگراها)ی [*] وەك خەبات وبەرخودانی مەدەنی پەیڕەوکردبێ بەرانبەر بە داگیرکاری وقۆرخکاریی ئینگلیز. واتە، لەو ساتەی مانگرتنی مەدەنی گشتگیر تەواوی کایەکانی وڵاتی هندستانی گرتبووەوە، (گاندی) وەك ڕابەرێکی خەباتی مەدەنی، توانیبووی ئاشتیخوازترین ومیانڕەوترین بەرگری پەیڕەوبکات.

---

[١] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩

* ساتیاگراها: مانای (هێزی ڕاستی) یان (سووربوون لەسەر ڕاستی). فەلسەفەیەك بوو جەختی لە بەرخودانی ناتوندوتیژ ومیانڕەو دەکردەوە، وەك ئامرازێك بۆ بەجێگەیاندنی داواکاری وریفۆرمی کۆمەڵایەتی وسیاسی. ئەم فەلسەفە میانڕەوە (مەهاتما گاندی) داهێنەری بوو، سەرەتا لە ساڵی (١٩٠٦ ز) لە باشووری ئەفریقیا ودواتریش لە ساڵی (١٩١٧ ز) لە هند جێبەجێیکرد وباشترین دەستکەوتی بەدەستهێنا. (نووسەر)

بەپێی بەڵگەنامەکان، کاتێك حکومەتی بەریتانیا داوای لە ناوبراو کردبوو واز لە مانگرتنی سەرتاسەری بهێنێ، ئەویش لە بەرانبەردا کۆمەڵێك داواکاریی خستبووە بەردەم، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی (باجی خوێ). هەڵبەت، لە ساڵی (١٨٩٠ ز)یەوە بەریتانیا بە یاسا قەدەغەی کردبوو هاووڵاتی هندیی بەرهەمهێنان لە خوێدا بکات. بەڵام، پاشئەوەی حکومەت وەڵامی (گاندی) نەدایەوە، ناوبراو لە (٢/ ٣/ ١٩٣٠ ز)دا بڕیاری بەرخودانیدا دژ بە حوکمڕانی بەریتانیا، لە ڕێی مانگرتنی مەدەنییەوە. دواتر لە (١٢/ ٣/ ١٩٣٠ ز)دا، خۆی و(٢٨) کەس لە هاوەڵانی توانییان ڕێپێوانێکی ئاشتییانە ئەنجام بدەن لە شاری (ئەحمەد ئاباد)ەوە بەرەو کەناراوەکانی شاری (داندی) کە بە (ڕێپێوانی خوێ) ناسرا.[1] شایەنی باسە، دوایئەوەی هەزاران کەس بە ڕێپێوان دوای ئەم گرووپە بچووکە کەوتن، دواجار لە ماوەی (٢٤) ڕۆژدا تێکڕا توانیان بگەنە شوێنی مەبەست. وەلێ، لە (٦/ ٤/ ١٩٣٠ ز)دا، لە بەردەم گردۆڵکە خوێیەکان ولەنێو ئاپۆڕە وکەرنەڤاڵی جەماوەرییدا، (گاندی) مشتێك خوێی بەرزکردبوەوە وبەریدابووە سەر زەوی، ئا لێرەدا بوو کە وتبووی: "ئەی هندییەکان، خوێ بەرهەمبهێنن."[2]

دیارە، ئەم بەرخودانە مەدەنییەی هندییەکان کە نزیکەی ساڵێکی خایاند ودوور بوو لە هەموو فۆرمێکی توندوتیژ، دواجار بە چوونە دەرەوەی بەریتانیا وسەربەخۆیی هندستان کۆتاییهات. بێگومان، ئەوەی (گاندی) بە شۆڕشی مەدەنی وبەرخودانی ناتوندوتیژ وبزووتنەوەی

---

[1] وليد الرجيب: العصيان المدني والمثال الناجح، الحركة التقدمية الكويتية، ٣٠/ ٦/ ٢٠١٤، taqadomi.com

[2] موسى العدوان: أيها الهنود.. أصنعوا الملح، رأي اليوم، صحيفة عربية مستقلة، ٢٢/ ٣/ ٢٠٢٠، www.raialyoum.com

(ساتیاگراها) لە کەمتر لە ساڵێکدا بەدەستیهێنا، هەرگیز بە شۆڕشی چەکداری ساڵەهای ساڵ بەدەست نەدەهێنرا. بەلای ئەوەوە، فۆرمەکانی توندوتیژی هەرگیز ڕێگەپێدراو نەبوون، چونکە بڕوای وابوو توندوتیژی ڕەفتارێکی ئاژەڵییە وهیچ مەشروعیەتێکی نییە.[1]

دواجار دەمەوێت ئەوەش بڵێم، ئەو ڕۆژەی کە (گاندی) لەلایەن دەمارگرژێکەوە شەهیدکرا، لیژنەیەك بۆ نووسین وخستنەڕووی دارایی وئەوەی لێی بەجێماوە پێکهێنرا. بێشك، تەواوی دارایی وکەلوپەلی ناوبراو ئەمانەی خوارەوە بوو:

دوو کاسە وکەوچکێکی لە دار داتاشراو، کتێبێکی ئایینی بە زمانی هیندۆ، چاویلکەیەك، کاتژمێرێك، دەفتەرێکی یاداشت، چەقۆیەك بۆ کردنەوەی نامە، جووتێك کەوش. ئەوانە، تەواوی کەلوپەل ودارایی کەسێك بووە کە (٤٥٠) ملیۆن کەس [*] بە ئاماژەیەکی جووڵاونەتەوە.[2] پێدەچێت مایەی گاڵتەجاڕیبێ، گەر کەلوپەل ودارایی کەسێکی نیشتمانپەروەری وەك (گاندی) بە سامان ودارایی شۆڕشگێڕێکی دوێنێ وحوکمدارێکی ئەمڕۆی گەلی کورد بەراورد بکەین.

---

[1] محسن المحمدي: السياسة بين ماكس فيبر وغاندي، فكر وفلسفة، موقع كوّة، ٢٠/ أبريل/ ٢٠١٧، couua.com

[*] پێدەچێت لە ساڵی (١٩٨٣ ز)دا کاتێك نووسەر (خوسرەو جاف) ئەم بابەتەی نووسیوە، ژمارەی دانیشتووانی ئەو کاتەی هندستانی هەژمار کردبێ کە (گاندی) تیادا شەهیدکراوە، واتە ساڵی (١٩٤٨ ز) کە لەوانەیە نزیکەی (٤٥٠) ملیۆن کەس بووبێت لەو کاتەدا. (نووسەر)

[2] خوسرەو جاف: لێرە ولەوێ، حەوتەوانە، چاپی یەکەم– سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٥٩

# تەوەری دووەم

## سیمای سەدەی بیستەم لە سەرەتاکانییەوە تا دارمانی یەکێتی سۆڤیەت:

**بۆ یەکەمجار، لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە دەورووبەری (٣٣٠٠- ٣٢٠٠ پ.ن)، کاتێك گەلی سومێری یاخود گەلی (کەیانجیێ) * نووسینی مێخییان داهێنا، ناوی (کوورِ دا) واتە (کورد)یان نووسی، ئیدی لەو سەردەمەوە ناوی کورد لە زارەوە بۆ نووسین دەرکەوت. [١] هەڵبەت، هەر لە ڕێگەی نووسینی مێخی وبە زمانی سومێری ولەسەر تاتە قوڕینە دەبەبووەکان، ناوی خاکی (گۆتیۆم) وەك یەکێك لە شانشینە سەربەخۆکان لە شارستانیەتی خۆرهەڵاتی کۆندا هاتووە، کە هاوسەردەمی سومێریی ***

* لە ڕاستیدا ئەم گرووپە مرۆییەی لە باکووری میسۆپۆتامیا ودەشتی نێوان هەردوو زاب، یان چیاکانی زاگرۆسەوە داکشاونەتە ناوچە گەرم وقامیشەڵانەکانی باشووری عێراق ناویان (کەیانجی) ( KI EN GI) بووە بە مانای (جێی خانەدانی قامیشەڵان) یان (جێی خاوەن قامیش) یان خاوەن (وڵات) و(نیشتمان). کۆنترین شارستانیەتی ناوچەکەن وبەر لە (٣٥) سەدە پێش زایین نووسینیان داهێناوە. هەڵبەت وشەی (سومێر) بۆ زانا وئارکیۆلۆژیستی ئەڵمانی ڕەچەڵەك جوو (یۆلیۆس ئۆپێرت) (Julius oppert) (١٨٢٥- ١٩٠٥ ز) دەگەڕێتەوە، کاتێك نووسینە مێخییە ئەکەدییەکانی سەر گڵێنە قوڕینەکانی خوارووی میسۆپۆتامیای خوێندبوەوە وبۆی دەرکەوتبوو کە ئەکەدییەکان کۆمەڵی کەیانجییەکان بە (سومێر) یان (شومێر- شومێروم) ناودەبەن. واتە وشەی سومێر لە ڕاستیدا وشەیەکی ئەکەدییە ومەبەست لە گرووپی مرۆیی کەیانجییەکانە. ئەم زانیارییانەم بە سوپاسەوە لە بەڕێز (شێرکۆ عادل دەباغ) وەرگرتووە.

[١] ئاکۆ محەمەد میرزادەیی: مێژووی دێرینی کورد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی مێخەك، چاپخانەی مێخەك- سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٢٧

* مێژوونووسی ئەرمەن (سافراستیان) وزۆرینەی مێژوونووسان وئارکیۆلۆژیستەکانیتر، وەك کۆمەڵێکی مرۆیی جودا لە کورد ئاماژەیان بە (سومێریان- کەیانجییەکان) داوە. بەڵام بەپێی هێما ونووسینی مێخیی وئاخاوتن وپێگە سەرەتاییەکانیان، ئەگەری کوردبوونیان هەیە. بەتایبەت کە ئەوانیش لە باکووری میسۆپۆتامیا ودەشتی هەولێر ونێوان دوو زێ ودامێنی

ئەکەدی ئیلامی ئەرمینی بووە. [1] وێڕای سەرچاوە ئایینی وشوێنەواریی وکنە وپشکنین وئارکیۆلۆژیستەکان، بەڵگەنامەیەکی دەستنووسی دیاری باوەڕپێکراو کە ڕاستەوخۆ باسی لە کورد کردبێ یاخود ناوی کوردی هێنابێ لە سەردەمانی زوودا، دەستنووسە گریکیی وڕۆمانییەکانن، بەتایبەت ئەوانەی مێژوونووسی گریکی (هێرۆدۆت) (٤٨٤- ٤٢٥ پ.ز). لە ڕاستیدا، (هێرۆدۆت)، یەکەم کەس بووە کە ناوی کوردی بە (کارداکیس) هێناوە. هەڵبەت، (کارداکیس)، مەبەست لەو هێزە کوردیە سەرەکییەی لەشکری پاشای هەخامەنشی (دارای یەکەم) (٥٢١- ٤٨٦ پ.ز) بووە. [2]

بەڵام، کۆنترین بەڵگەنامەی دەستنووس دەربارەی جموجووڵی کورد لە ناوچەی کوردستان کە تا ئێستا مابێتەوە، ئەوەی مێژوونووس وسەرکردەی سەربازیی گریکی (ئەکزەینەفۆن- زەینەفۆن) (٤٣١- ٣٥٤ پ.ز) بووە، کە دوابەدوای ناوهێنانەکەی هێرۆدۆت بووە وئاماژەی بە ناوی کورد وەك (کاردۆخ) داوە. زەینەفۆن لە ساڵی (٤٠١ پ.ز)دا، سوپا ١٠٠٠٠ کەسە بەکرێگیراوەکەی لە ئێرانەوە دەکشێنێتەوە ودەیەوێت لە گەرووی (زاخۆ)وە بەرەو (ئەرمینیا) سەرکەوێ تا بگاتەوە وڵاتی گریك. دیارە، بەپێی ڕووداو ودەستنووسەکەی ناوبراو، لەشکرەکەی لە نزیك شاری (زاخۆ)ی ئێستا دوچاری گەورەترین بەرەنگاربوونەوە وشکست

---

کێوەکانی زاگرۆسەوە هاتوونەتە ناوچە قامیشەلان وگەرمەکانی باشووری عێراق. بەشێکی ئەم زانیارییانەم بە سوپاسەوە لە بەڕێز (شاسوار هەرشەمی) وەرگرتووە.

[1] أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، سوريا، ٢٠٠٨، ص ٢٣

[2] د. فرست مرعي: الفتح الاسلامي لكردستان، الطبعة الاولى، الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، سوريا، ٢٠١١، ص ٣٢

وزیان دەبێتەوە بەدەست کوردەکانی ئەو ناوچەیە کە بە (کاردۆخییەکان) ناویان دەبات. لەسەر ئەم ڕووداوە خوێناوییە، ناوبراو کتێبێك بە ناوی (ئاناباسیس) [1] دەنووسێ کە تیایدا ئاماژە دەدات ودەڵێ: "بەربەرییەکان، [*] تەنگیان بە سوپا هەڵچنی ولەبەر لەشسوکییان بە ئاسانی لەدەست دەردەچوون." شایەنی باسە، ئەم لەشکرەی ناوبراو بۆ ئەوە هاتبوون تا بەسەر شای هەخامەنشی (ئەردەشێری دووەم) (٤٠٢- ٣٥٩ پ.ز)دا سەرکەون وهاوکاری بەپەلەی (کۆرشی بچوك)ی برای شای ناوبراو بکەن، کە فەرمانڕەوای ناوچەی (لیدیا) بوو لە ئاسیای بچووك. [2] ماوەتە ئەوەی بڵێین، لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم دوو وشەیە (کارداکیس وکاردۆخ) گەر تا ڕادەیەکیش جیاوازبن لەگەڵ یەك، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆك ومەبەستەوە هەردووکیان یەکن ومەبەست لە ناوی کوردە. [3]

کورتەی ئەم مێژووەی ئاماژەی پێدرا، سەرەتای ناسینی پێگە وشوناسی کورد وبەرکوڵی بەرەنگاربوونەوە ویاخیبوون وهێز وڕاپەڕینی کورد بوو بەرانبەر بە داگیرکەرانی پێش زایین، کە بە شێوەی بەڵگەنامە نووسراوە وپارێزراوە. جێی باسە، بەشێکی زۆری پاشاکانی ئەکەدیی (ئاشوری وبابلی) وتەنانەت (ئەکزەینەفۆن)ی سەرکردەی بەکرێگیراوەکان

---

[1] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥١

[*] بەربەرییەکان: مەبەستی لەو کوردانەی ناوچەی زاخۆ بووە کە هێرشیان کردووەتە سەر لەشکرە بەکرێگیراوەکەی.

[2] د. فەرسەت مورعی ئیسماعیل: کورد وکوردستان.. مشتومڕی ئەفسانە ومێژوو وئایین، و: ئامانج نیعمەت شەوکەت، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی هزر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٨

[3] د. فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، الطبعة الاولى، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية- السليمانية، ٢٠٠٦، ص ٣٠

وبێگانانیش، کاتێك باسی کوردە کێونشینە بەجەرگەکان دەکەن، زۆر بە زمانێکی ڕووکەشانە وئاڵۆز دەدوێن، بەتایبەت پاش ئەو گورزانەی سوپاکانی ئەم پاشایانە ودواتریش بەکرێگیراوە گریکەکان بەریانکەوتبوو لەسەر دەستی کورد. بەڵام سەرباری ئەوەش، تەواوی ئەو دەستنووس وتابلۆ قوڕینە کۆنانەی باسی هەڵسوکەوت وپێگەی کوردیان کردووە، هەرگیز پشتڕاستکەرەوەی ئەو وێنە جیاوازەی سەردەمی نوێ نین، کە بە درۆ بە کوردەوە لکێندراوە.[1] دیارە، ئەم ناسین وداگیرکاریی وبەرخودانەی باسکرا هەر بەوە کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو لە سەردەمانی پاش زایینیشدا جارێکیتر دووبارە بووەتەوە، بەتایبەت لە سەردەمی شاڵاوی داگیرکارییەکانی لەشکری عەرەبی ئیسلامی ودواتریش سەفەوی ومەغۆلاندا.

بەپێی بەڵگەنامەکان، سەرەتاکانی پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی لە کوردستان، بۆ سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی ڕاشیدی (عومەری کوڕی خەتاب) دەگەڕێتەوە، لە نێوان ساڵانی (٦٣٤- ٦٤٤ز).[2] مێژوو، گەواهی ئەوە دەدات کە سوپای عەرەبی ئیسلامی، چ شاڵاوێکی کردبووە سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. هەڵبەت، شەڕی (هەڵوان- حولوان) بە سەرکردایەتی (قەعقاع کوڕی عەمرو) سەرەتای ئاشنابوونی ئەوان بووە بە ناوچە کوردیەکان. ئەمەش، پاش سەرکەوتنیان لە شەڕی (قادسیە)دا بەسەر لەشکری ساسانییە زەردەشتییەکان بە سەرکردایەتی (ڕۆستەمی فروخزاد) لە (٦٣٨ز)دا. ئەمە، بێجگەلە شەڕە خوێناوییەکەی (جەلەولا)،

[1] أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الثانية، دار سردم للطباعة والنشر- السليمانية، كردستان، ٢٠٠٨، ص ٢٧

[2] ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٤٤

که هەزاران ڕۆڵەی کوردی تێدا شەهید کرابوو.[1] بەگوێرەی بەڵگەنامەکان، پاش (٨٠) ڕۆژ پێکدادان لە نێوان لەشکری ئیسلام ولەشکری فارسەکان، کە زۆربەی شەڕکەری میدیی (هەرێمی چیا) بوون لەگەڵ هێزێکی ئەرمەنی، سەرجەمیان تێکشکابوون. بەهۆیەوە، لەشکری عەرەبە موسڵمانەکان توانیبویان بچنە ناو شاری (حولوان)ەوە، کە دەرەنجام بووە هۆی کوشتارێکی زۆر لە ناوچەکەدا، هەربۆیە بە (جەلەولا) ناوبرابوو.[2]

وەك لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەمپێدا، کاتێك لەشکری عەرەبی ئیسلامیی گەیشتە ناوچەکانی (حولوان وتکریت وشارەزوور ونوسەیبین)، کەوتە کوشتن وئازاردانی ئەوانەی بەرەنگار وکۆسپ بوون لەبەردەم شاڵاوەکانیدا، تەنانەت کەوتە بەتاڵانبردنی سەر وسامانیشیان.[3] بەڵام، پاشئەوەی ئایینی ئیسلام بۆ یەکەمجار توانی جێپێی خۆی لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکاندا توند بکات، ئیدی کۆمەڵگەی کوردی هێدی هێدی دەستبەرداری پەیامی ڕۆحیی زەردەشتیی ودابونەریت وکەلتوور ودیاردە کۆمەڵایەتیە لەمێژینەکانی خۆی بوو، بەوەی سەرلەبەری پایەکان دادەڕمان وسەرلەنوێ بنیاتدەنرانەوە بە کەلتوورێکی نوێ. دیارە، ئەمەش بەهۆی یەکەم شەپۆلی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بوو لە پاش ساڵی (٦٤٠)ی زایینیی، کە دواجار زۆرینەی کورد بەهۆیەوە بوونە ئیسلام. هەربۆیە، ئایینی ئیسلام، ڕەگی قووڵی لە ناو هەموو کایەکانی کۆمەڵی کوردەوارییدا داکوتاوە، تەنانەت کاری لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردیش کردووە.[4]

---

[1] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧

[2] د.فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، مصدر سابق، ص ١٢٨

[3] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠

[4] مایكڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

**لێرە بەدواوە، چیتر مێژووی کورد بە سەردەمانی زووەوە مژوولْ ناکەین، بەڵکو کۆتایی بەو مێژوو وخەبات وبەڵگەنامە کۆنانە دەهێنین وپێدەنێینە سەدەکانی نۆزدە وبیستی زایینی، وبەڵگەنامە ودەستنووس وڕووداو وڕاپەڕین وتەواوی داگیرکارییەکانی ڕووبەڕووی کورد بوونەتەوە لە سەردەمی نوێدا، دەخەینەڕوو.**

**سەرچاوە مێژووییەکان، باس لەوە دەکەن کە دەیان سالْ دوای ئەو ڕووداوانەی (شەرەفنامە) تا ساڵی (١٥٩٦ ز) تۆماری کردبوو، شەڕ لە نێوان ڕۆم وعەجەمدا هەر بەردەوام بووە. هەڵبەت، لەو ماوەیەدا دوو جار ڕێککەوتننامەی ئاشتی تێکەوتووە. جاری یەکەم، ساڵی (١٦١٣ ز)، وجاری دووەم لە (١٦٣٩ ز)دا بووە. وەلێ، ڕێککەوتننامەی ئاشتی یەکەم ماوەیەکی کورتی خایاندووە، بەڵام ئاشتی دووەم کە (ڕێککەوتنی زەهاو) (١٧/ ٥/ ١٦٣٩ ز)ی بەدوادا هاتووە، دەشێ بە ڕێکەوتنێکی سیاسی- فرە بابەت دابنرێ، کە ئیتر سنووری هەردوو دەوڵەتەکەی لە ڕووی مەزهەبەوە تێدا دیاریکرا. لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەش، کوردستان ومیرنشینەکانی دابەشکران. میرنشینەکانی (لوڕستان وئەردەلان وموکریان)، بە یەکجاری کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە. هەرچی میرنشینەکانی (بابان وسۆران وبادینان وهەکاری وجزیرەی بۆتان وبتلیس)یشە، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە، ئەوەش بەگوێرەی جیاوازی باوەڕ وئایینزای ئایینی ئیسلامی.** [١]

---

[١] **ئازاد تۆفیق خەیات: نالی- دانتێ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد- سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٢٠٥**

گەر لە شەڕی چاڵدێراندا (١٥١٤ ز)، [١] سوڵتان (سەلیمی یەکەم) کاتێك هەڵیکوتایە سەر ئازەربایجان وئەرمەنستان ودواتر لە دەشتی چاڵدێرانیشدا شا (ئیسماعیلی سەفەوی) بەزاندبێ [٢] وبەهۆیەوە خاکی کوردستان لەسەر بنەمای مەزهەبیی (شیعە وسوننە) دابەشبووبێ، ئەوا ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی وزەهاویش، زەمینەیەکی لەبارتریان بۆ ئەو دابەشکردنە ڕەخساندبوو. [٣] هەر بەپێی بەڵگەنامەکان، لە نێوان ساڵانی (١٦٥٠- ١٧٣٠ ز)دا، دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی بە زۆربەی میرنشینە کوردیەکانی ناوچەی (دیاربەکر و وان) هێنابوو. بێگومان، ئەم پرۆسەی نەهێشتنی میرنشینە کوردیانەش، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا تەواو ببوو. [٤] جێی باسە، میرنشینی بابان، دوایین میرنشینی کوردی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانیی بووە، کە لە ساڵی (١٨٥١ ز)دا هەرەسی هێناوە وداگیرکراوە. واتە، کۆتاییهێنان بە دواوێزگەی دەسەڵاتی میرنشینی کوردی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی. [٥]

هیچ گومانی تێدا نییە، هاوشێوەی ئەم پرۆسەیەی دەوڵەتی عوسمانی، کوردستانی بن دەسەڵاتی ئێرانیش توشی هەمان پرۆسەی لەم شێوەیە بووە. بەپێی بەڵگەنامەکان، ساڵی (١٨٣٤ ز)، میرنشینی ئەردەڵان

---

[١] معركة جالديران: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[٢] د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا، و: شوکور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٠٠

[٣] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤

[٤] پ. د. وەدیع جوەیدە: جولانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما وپەرەسەندنی، و:ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٥١

[٥] ئازاد تۆفیق خەیات: نالی- دانتێ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

**لەلایەن سوپای (خەسرەو خانی جۆرجی) وبە فەرمانی (شا محەمەدی قاجاری)** [1] **دەستی بەسەردا دەگیرێ، و(ڕەزا قولی خان)ی میری میرنشینەکەش لە زیندانێکی (تاران)دا توندەکرێت، ئیدی دواجار کۆتایی بەو میرنشینە کوردیەش دەهێنرێ.** [2] **هەژیی گۆتنە، گەلێکی پەرتوبلاّوی وەك گەلی کورد، کە جیهان پشتگوێی خستبێ وهەرگیز گوێی لە دەنگ وتێکۆشانی لە پێناو مافی چارەی خۆنووسین وسەلماندنی شووناس وپێگە وکەسایەتی نەتەوەییدا نەگرتبێ، بێشك ئەم نامۆبوون وبێهودەیی وداگیرکارییە وهاوکێشە ئالۆزە قورسە دژوارە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ ئەم گەلە پەراوێزخراوە، کە بوون وپێگەی خۆی بۆ جیهان بسەلمێنێت. بەلاّم، خۆسەلماندنێك کە بە شۆڕشی چەکداری وخوێنی گەش وتێکۆشانی بێوچان، باجی درا.** [3]

**پێشتر، باسمان لەوەکرد کە لە شەڕی چاڵدێرانی (١٥١٤ ز)دا، کاتێك کوردستان لەسەر بنەمای ئایینزا بۆ دوو بەش دابەشکرا، دواتر لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەوە دەوڵەتانی عوسمانی وسەفەوی، بەهۆی کۆمەڵێك ڕێکەوتننامەی ئاشتی دووقۆڵی ولە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، جارێکیتر خاکی کوردستانیان دابەشکردەوە وچیتر ڕێگەیان بە بوونی میرنشینە کوردیە نیمچە سەربەخۆکان نەدا، وکۆتاییان پێهێنرا.**

---

[1] **محمد شاه قاجار: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٢١/ ینایر/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org**

[2] **ئازاد تۆفیق خەیات: نالی- دانتێ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠**

[3] **أ. د. غانم محمد الحفو، أ. د. عبدالفتاح علي البوتاني: الکورد والاحداث الوطنیة في العراق خلال العهد الملکي ١٩٢١- ١٩٥٨، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع- دمشق، سوریا، ٢٠٠٨، ص ١٥**

لێرەوە، بروسکەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی خاکی داگیرکراوی ڕۆشن کردەوە. هەڵبەت، شێخان وپیاوانی ئایینی لە دوای نەمانی میرانەوە، یەکەمین هەڵگری مەشخەڵی خەبات وبەرخودانی کوردان بوون. مانای، کۆتاییهێنان بە ڕۆڵی میر وسەرۆك خێڵ ودەستپێکردنی ڕۆڵی شێخان وسەیدەکان.[1] ڕاستە، پێشتریش بەهۆی داگیرکاریی وستەمی داگیرکەران وناسۆری گەلی کوردەوە، هەردەم ڕاپەڕین وبەرەنگاربوونەوەی ناوچەیی هەر هەبووە، بەلاّم پاش کۆتاییهێنان بە میرنشینە کوردیە لۆکاڵییەکان، خودی ئەم ڕاپەڕین وبەرەنگاربوونەوەیە، فراوانتر وکاریگەرتر وماناداترتر بووە. واتە، نەمانی ئەم میرنشینانە ودابەشکردنی خاکی کوردستان وسەرکوتکردنی ڕاپەڕین وئەو نیمچە سەربەخۆییەی پێشتر هەبووە، هەروا بە ئاسانی تێپەڕنەبووە. بەڵکو، هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی شکۆ وخاك وسەربەخۆیی، هەر بە زەبری چەك وڕاپەڕین وخوێن بووە.

ئەم هەرەسەی گەلی کورد، کە کۆتایی بە میرنشینە خۆجێیەکانی هێنرا، بە پلەی یەکەم هەرەسهێنانێکی فەرهەنگی بووە، تێکشکانێك بووە مرۆڤی کوردی لە ناسنامە تازەکەی نامۆ کردووە. واتە، ئەو ناسنامەیەی پاش چەندین سەدە لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلام وتێکشکانی یەکەم ناسنامە کە زەردەشتییەت بووە وناسنامەی کەلتووری ئێمەی لێکەوتووەتەوە، هاتووەتە ئاراوە.[2] بەڵگەنامە مێژووییەکان، گەواهی

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٢٧

[2] ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠١، ل ٢٢٨

ئـەوەدەدەن کـە گـەلی کـورد دوابـەدوای ئـەو هەرەسـە، لەلایـەن شـێخانی تەریقــەت وســۆفیگەران وپیــاوانی ئایینییــەوە جــارێکیتر هــەوڵی بەدەســتهێنانەوەی ناســنامە وقــەوارەی خێڵــەکی ودەســەڵاتی ئیــداری وسیاسی خۆی لە ناوچە خۆجێیە جیاجیاکاندا داوە. دواجار، کۆمەڵێك بنەماڵـەی دیـاری کـوردی نیشـتمانپەروەر، ڕۆڵـی کارایـان لـە بزوتنـەوە نەتەوەیی ونیشتمانییەکاندا گێڕاوە.[1]

جێـی ئاماژەپێدانـە، دوای ئـەم کۆتاییپێهێنانـە، تورکـەکان لەسـەر جێبــەجێکردنی سیاســەتی ســەرکوتکردنی میرانــی کــورد وســەپاندنی کارگێڕیی ناوەندیی پێیانداگرت. لە کاتێکدا، سەبارەت بە بابەتی یەکەم سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنا، بـەڵام بـە گشـتی نـەیانتوانی ئامـانجی دووەم بهێننــەدی. ئەمــەش، بووەهۆیئــەوەی بەشــێکی فراوانــی ئــەو ناوچــانەی پێشــتر لــەژێر دەســەڵاتی میرەکــانی بابــان، ســۆران، بۆتــان، بادینــان وهەکارییدا بوون بکەونە بەر ڕاووڕووتی سەرخێڵە وردەکان. بێگومان، ئەم هەلومەرجەش زادەی شکستی دەسەڵاتی ناوەند بوو. دیارە، لە هەموو ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی میرانـی پێشـووی لێنـەمابوو، قۆنـاغ وزەمینەیـەك بـۆ دەرکـەوتنی شـێوازێکی نـوێی نەتـەوەخوازی وسـەرکردایەتی لـەبار بـوو. لێــرەوە، شــێخان دەبنــە دەســەڵاتێکی بــاڵا لــە ناوچــەیەکی ئــاڵۆز وپــڕ پشێوییدا. دیارە، ئەوە یەکەمجار بووە کە لە پاش نەمانی دەسەڵاتی میرە کوردەکانـەوە، دەسـەڵاتێکی نـوێ وکوردایـەتی بێتـە ئـاراوە. بەمشـێوەیە، شێخەکانی شـەمدینان وبـەردرخان وبەرزنجـە وبـارزان ونەقشـبەندییەکانی

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: نالی– دانتێ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢

بامەڕنیٚ وقادرییەکانی بریفکانی وشێخانێکیتر دەرکەوتن.[1]

ئەم داکەوتە نوێیە، ئیدی کوردایەتی وهۆشیارییەکی نوێی لە نێو کورداندا دروستکرد. هەرچەندە، هەستکردن بە خود وشکۆ وخاکی هاوبەش وشوناسی کۆمەڵایەتی، لە چاخەکانی ناوەڕاستەوە بوونێکی سەرەتایی هەبووە، بەڵام لێرە بەدواوە ئەم هەستکردن بە یەکێتی شوناسە بەهێزتر وچەشەکرا بە خەبات وڕاپەڕینی بەردەوام، بەتایبەت لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کە هەستکردن بە یەکێتی کۆمەڵایەتی یاخود لاگر (ولاء) وخۆلەگەڵخستنی نەتەوەیی بەهێزتر بوو.[2] وێڕای لێکەوتە ناوخۆییەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کارلێك ولێکەوتەکانی نێوخۆی دەوڵەتی عوسمانیش هۆکارێکیتر بوون بۆ سەرهەڵدانی کوردایەتی وڕاپەڕین ویاخیبوونی کوردان. بەتایبەت، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورکی وهەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ چاکسازی وپیلانی ئەو کوشتارگەیەی بۆ لەشکری (ئینکیشاری) لە (١٨٢٦ ز) لە (ئەستەنبوڵ) ڕێکخرا. لە سەردەمی چاکسازی کەمالیستەکانیشدا، کە ئامانجیان دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن بوو لە تورکیا، ناسیۆنالیزمی کوردی دروستبوو.[3] هەرچەندە، تا دوای ڕاپەڕینەکەی شێخی نەهریش، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی گوتارێکی خێڵەکی

---

[1] پ. د. وەدیع جوەیدە: جولاًنەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما وپەرەسەندنی، و:ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩

[2] روبرت أولسن: المسألة الكردية في العلاقات التركية- الايرانية، ت: د. محمد احسان رمضان، الطبعة الاولى، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية- أربيل، ٢٠٠١، ص ١١

[3] ناسیۆنالیزمی کورد وڕوانگەی ڕۆژئاوا: کۆمەڵێك نووسەری بیانی، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٨٠

پەرتی گۆشەگیری ناوچەیی داخراو بووە، ڕۆحی جووڵاندنیشی کاردانەوە بووە نەوەك پرۆژە.[١] ئاشکرایە، یەکخستنی ئیرادەکان، مەرجی سەرەکی دروستبوونی نەتەوەیە.[٢]

سەرباری ئەم گێرمە وکێشە وقەیرانانەی باسکران، شکست لەدوای شکست بەرۆکی عوسمانیەکانی گرتبووەوە. بێجگەلە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کێشەگەلێکی دەرەکیش بەرۆکی گرتبوون. هەڵبەت لە دیارترینی ئەو کێشە وشکستانەش، سەرکەوتنی یۆنانییەکان بوو لە جەنگی سەربەخۆیی (١٨٢٨ ز)، وبەزینە گەورەکەی عوسمانیان لە شەڕی ڕووسی- تورکی (١٨٢٨- ١٨٢٩ ز)، کە دواتر بەپێی پەیماننامەیەك دەوڵەتی عوسمانی خۆی خستە ژێر پاراستنی ڕووسیاوە. دواتریش، شەڕی (کۆنیا) لە (٢١/ ١٢/ ١٨٣٢ ز) وتێکشکانی لەشکری عوسمانی لەبەردەم لەشکری میسریی بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم پاشا) ونزیکبوونەوەی پاشا لە ناوچەی ئاسیای بچوك وئەستەنبوڵ.[٣] تەواوی ئەم ڕووداوانە، سەرلەنوێ هاندەر وپاڵنەر بوون بۆئەوەی هەندێك لە ڕابەرانی کورد بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە. دیارە، ئەوەش لەو باوەڕەوە ڕێچکەی گرتبوو کە ئەگەر یۆنانییەکان ومیسرییەکان پێشتر ژێردەستەی (بابی عالی) بووبن ودواتریش بتوانن سوپاکەی ببەزێنن وسەربەخۆیی بەدەستبهێنن، ئەی بۆچی گەلی کورد نەتوانێ بەمشێوەیە بوونی خۆی

[١] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩

[٢] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣

[٣] عادل عبدالمحسن: ٢١ ديسمبر، هزيمة الاتراك على يد الجيش المصري في معركة قونية، أخبار، بوابة روز اليوسف، السبت، ٢١/ ديسمبر/ ٢٠١٩، www.rosaelyoussef.com

بسەلمێنیٚ؟[1] لەسەر ئەم بنەمایە وپاڵپشت بە جەور وستەمی داگیرکەران، ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بووە مەیدانی ڕاپەڕین وبەرخودان، کە لاپەڕەکانی مێژوو سەرلەبەری تۆمارکردوون.

گەرچی گەلی کورد، مێژوویەکی تاڵی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەڕێکرد، کەچی سەدەی بیستەمیش زۆر لە سەدەی پێش خۆی نەهامەتی زیاتر ودابەشبوونی خاکی زیاتری بۆ گەلی کورد پەلکێشکرد. بەتایبەت، دوایئەوەی لە سەردەمی نوێدا ناوچەی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) وەك جیهانێکی نوێی بەپیت، بووە مایەی ململانیٚ وجێمشتومڕ وچاوچنۆکیی زلهێزان. دەکرێت بڵێین، گرنگیپێدان وچاوتێبڕینی زلهێزان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ستراتیژیەتی خاکەکەی وڕێڕەوی بازرگانی وگرنگی پێگەکەی دەگەڕێتە، کە کیشوەرەکانی ئاسیا وئەوروپا وئەفریقای بەیەك دەگەیاند، بێجگەلە ناوەندگیریی نێوان زەریاکان. ئەمە لەکاتێکدا، کە زۆربەی نەوت وگازی جیهان وکانزا سروشتییە بەنرخەکان لەم شوێنەدا گرمۆڵە بوون.

جیۆپۆلەتیکناسان، هاوڕان لەسەر ئەوەی چەند ناوچەیەك لەسەر ڕووی زەوی هەن، جیاوازن لەگەڵ ناوچەکانیتر لە ڕووی ئەو خەسڵەت وتایبەتمەندییەی هەیانە، کە دەبێتە مایەی گەشەی هێز. ئەم ناوچانە، بە ناوچەی میحوەریی یان ناوچەی هێز ناودەبرێن، کە شوێنێکی زیندووی زۆر گرنگن. هەڵبەت، ناوچەی عەرەبی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە

[1] أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، دار سردم للطباعة والنشر- السليمانية، مصدر سابق، ص ١٠١

نێوکۆی ئەم ناوچە گرنگانەن.[1] بە بڕوای جیۆپۆلەتیکناسان، ناوچەی عەرەبی، یەکێکە لەو ناوچانەی دەکەوێتە مەودای یاخود چوارچێوەی ستراتیژییەوە، کە ڕەهەندێکی سیاسی هەیە. وەلێ، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم ناوچەیە بە (خۆرهەلأتی ناوەڕاست) ناسێندرا، لەوەدا کە یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی جیهان وپێگەیەکی جیۆستراتیژی ناوازە لە جیهاندا داگیردەکات. ئەمە وێڕای ئەوەی، ئەم ناوچەیە پردێکە هەر سێ کیشوەری ئاسیا وئەوروپا وئەفریقا بەیەك دەگەیەنێت، بێجگەلە پێگە دەریاییەکەی کە دەڕوانێت بەسەر دەریای ناوەڕاست وکەنداوی عەرەبی ودەریای عەرەبی تا دەگاتە ئۆقیانووسی هندیی، کە زۆرێك لە کەناڵ وڕێڕەوی ئاویی وجۆگە وتەنگەی ئاویی لەخۆدەگرێ.[2]

جێی باسە، دەستەواژەی (خۆرهەلأتی ناوەڕاست)، لە بنچینەدا دەستەواژەیەکی ئەوروپییە. پێدەچێت، ساڵی (١٩٠٢ ز)، بۆ یەکەمجار ئەم دەستەواژەیە لەلایەن ئەدمیراڵێکی دەریایی ئەمریکی بە ناوی (ئەلفرێد ماهان)ەوە بەکارهێنرابێ. ئەمەش، لە کاتێکدا بوو کە سەرنج وستراتیژیەتی هێزی دەریایی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو کەوتبووە سەر ڕووسیا، لەوەدا کە دەسەلأتەکەی لە ئێران وناوچەی دەریای قەزوین لە زیادبووندا بوو. هاوکات، ئەڵمانیاش پلانی بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسنینی بەرلین- بەغدا دادەنا. بەلأم ساڵی (١٩١١ ز)، (کێرزۆن)ی حاکمی ئەو کاتەی هندستان، کاتێك دەستەواژەی (خۆرهەلأتی ناوەڕاست)ی

---

[1] د. أمين محمود عبدالله: في أصول الجغرافية السياسية، مكتبة النهضة المصرية- القاهرة، ١٩٧٦، ص ١٥٨

[2] صبيح عبدالله غلام العامري: الهيمنة الامريكية في المنطقة العربية ١٩٤٥- ٢٠٠٣، بحث دكتوراه، جامعة سانت كلمنتس/ فرع بغداد، ٢٠١١، ص ٩

بەکارهێنا، مەبەستی لە ناوچەکانی تورکیا وکەنداوی عەرەبی وئێران بوو، بەوەی ڕێگایەك بوون بۆ چوونەوە سەر هندستان. [1]

بەپێی بەڵگەنامە بلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (تایمز) لەو سەردەمەدا، گوایە دەستەواژەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، مەبەست لەو ناوچەیە بووە کە گرنگییەکی ستراتیژی بەلای بەریتانیاوە هەبووە. هەڵبەت، زیاتر مەبەستیش لەو ناوچەیە بووە کە کەوتووەتە نێوان **خۆرهەلاتی نزیك** (تورکیا، عێراق، ئەردەن، سوریا، لوبنان، فەلەستین، میسر)ی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لەلایەك، لەلایەکیتر ئیمپراتۆریەتی ڕووسی لە **ئاسیای ناوەند** (تورکمانستان، ئۆزبەگستان، تاجیکستان، قرغیزستان، کازاخستان)، وە ناوچەکانی **حوکمڕانی هند**. [2]

بەلام دواتر بەهۆی بەرژەوەندی جودا وکێشمەکێشە سیاسییەکان وهەوڵ وچاوچنۆکی زلهێزانەوە، گرنگی ئەم ناوچەیە هەڵکشا بۆئەوەی ولاتگەلێك وخاکێکی زۆر زیاتر لەخۆبگرێ وتەواوی کیشوەری ئاسیا بە ئەوروپاشەوە بگرێتەوە. بەمەش، گرنگی ئەم خاکە بەرینە ستراتیژەی دواتر ناونرا (ئۆراسیا)، چووە قاڵبی بیری سیاسی وسەربازی وئابووری وتێفکرین لە چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەم خاکەی خودی (خۆرهەلاتی ناوەڕاست) لەخۆدەگرێ. لە هەمانکاتدا، لە هزر وڕوانگەی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئۆراسیا یاخود گەمارۆدانی لەلایەن زلهێزانی دەرەکی وسەرمایەدارییەوە، مانای لەناوچوونی حەتمی

---

[1] د. ممدوح محمود منصور: الصراع الامريكي- السوفيتي في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي- القاهرة، ١٩٩٦، ص ٣٩

[2] ديبورا ج. جيرنر: الشرق الاوسط المعاصر، محاولة للفهم، ت: أحمد عبدالحميد أحمد، الطبعة الاولى، المشروع القومي للترجمة، مطابع المجلس الاعلى للاثار- القاهرة، ٢٠٠٣، ص ٢٧

یەکێتی شورەوی. واتە، بیرۆکەی ئۆراسیا، گەر بەلای ئەمریکا وبلۆکی سەرمایەدارییەوە بەرژەوەندی بگەیەنیٚ، ئەوا بەلای یەکێتی سۆڤیەت وهاوەلاٚنی مانای مردنی دەگەیاند. هەربۆیە، بەلای سۆڤیەتەوە ئەگەرێکی پڕمەترسی هێنایەگۆڕیٚ، کە دەبوو بە زووترین کات بیر لە ڕێوشوێنی بەرگرتن لە هەر شالاٚوێکی دەرەکی بکرێتەوە. کەواتە، ئەم خاکە نوێیە بەرینەی خۆرهەلاٚتی ناوەڕاستیشی لەخۆدەگرت، بووە مایەی پرۆژەیەکی فیکریی سیاسی سەربازی ئابووری زلهێزان بە هەردوو بەرە ناکۆك ودژبەیەکەکەیەوە، لەپێناو پێشبڕکێی کۆنترۆڵکردن لەلایەك وبەرگرتن لەلایەکیتر. بەمەش، پرۆژەیەکی هزریی نویٚ فەراهەم بوو، کە ناونرا (فیکری ئۆراسیایی).

پاشان، ئەم فیکرە نوێیە، بووە یەکێك لە ئاڕاستەکانی فیکری سیاسی وکۆمەلاٚیەتی لە ڕووسیا وکۆمارەکانی ئاسیای ناوەند.[١] ئەوەی جێی سەرنجیشە، ئەوەیە کە سەرەتای فیکری ئۆراسیایی بۆ سالٚی (١٩٤٤ ز) واتە بۆ کاتی جەنگی جیهانی دووەم دەگەڕێتەوە، کاتێك مامۆستایەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی (یەیلٚ)ی ئەمریکی بە ناوی (نیکۆلاس سپایکمان)، جوگرافیای ئۆراسیای بۆ (دلٚی کیشوەریی) کە مەبەست لە خاکی ڕووسیا بوو دابەشکرد، جگە لەو خاکە وشکانییە پان وبەرینەی (١٧) ملیۆن کیلۆمەتر دووجای تێدەپەڕاند، لەگەلٚ کەوانەیەکی گەورەش لە ولاٚتانی کەناردەریایی، کە تەواوی ئەورووپا ونیوەدورگەی

[١] الاوراسية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٩/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

عەرەبی وعێراق وئێران وتورکیا وئاسیای ناوەند وهندستان وچین وکۆریا وباشووری خۆرهەلاتی ئاسیای دەگرتەخۆ.[١]

لەم ڕوانگەیەوە، دەشێت بلێین گرنگی وستراتیژیەتی ناوچەی (خۆرهەلاتی ناوەڕاست)، لەوەدایە کە ڕێگایەکە بۆ کۆنترۆلکردنی ناوچەی ئۆراسیا لەلایەن زلهێزانەوە، بەهۆی ئەوەی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بەشێکە لە بەربەستە کەناراوەکانی بەردەمی. وەلێ، هەولی کۆنترۆلکردنی خاکی ئۆراسیاش هەروا بە سانایی بابەتێکی ڕاگوزەر ولەخۆڕا دروستبوو نەبووە. بەلکو، هۆکارگەلێك هەبوون تەریب بە دەرکەوتنی گرنگی ئەم ناوچەیە لە ڕووی دەولەمەندیی سامانی سروشتی وسەرچاوەی مرۆیی وپێگەی جیۆستراتیژییەوە، کە لە مێژوودا مایەی چاوچنۆکیی زلهێزان وئیلهامبەخشی زۆرێك لە بیرمەندان وتیۆرسازان وسیاسەتوانانی بیانی ئەو سەردەمە بووە بە ئێستاشەوە. هەربۆیە، قالبوویەکی بواری سیاسەتی وەك (برژنسکی) [*] وتبووی:"پێگەی ئۆراسیا، تەختی ئەو شەترنجەیە کە ململانێ لەسەر کۆنترۆلکردنی جیهان تیایدا بەردەوامە." [٢] بێلەوەی،

---

[١] جنان العلى: الاوراسية الروسية والاوراسية الامريكية، استراتيجية جديدة للهيمنة على العالم، مجلة الوحدة الاسلامية، السنة الثانية عشر، العدد (١٣٤)- بيروت، شباط ٢٠١٣

[*] زبگنییڤ برژنسکی: (زبگنییڤ بژەژینسکی) (٢٨/ مارس/ ١٩٢٨ز) لە (وارشۆ) لە پۆلەندا لەدایك بووە، بە یەکێك لە کۆلەکەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دادەنرێت، کە خاوەنی کاریگەریی وپلە وڕێزێکی بێسنوورە لە واشنتۆن. لە سالانی (١٩٧٧- ١٩٨١ز) لە سەردەمی سەرۆك (جیمی کارتەر)دا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بووە وێڕای ئەوەی وەك مامۆستایەکیش لە زانکۆی (هارفارد) وانەی وتووەتەوە. برژنسکی بێجگەلە بواری سیاسەتی دەرەوە وەك بیرمەندێکی بواری (جیۆ ستراتیژی)ش دەرکەوتووە. ناوبراو لە (٢٦/ ٥/ ٢٠١٧ ز)دا ولە تەمەنی (٨٩) سالیدا لە ویلایەتی (فێرجینیا) کۆچی دواییکرد.

[٢] زبغنيو بريجنسكي: رقعة الشطرنج الكبرى، ت: أمل الشرقي، الطبعة الاولى، الاهلية للنشر والتوزيع- القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٣٣

"تەواوی سەرۆك وپاشا وڕابەر ودەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیە، هیچ نین جگە لە سەربازانی تەختی شەترنجە گەورەکە."[1] بە واتای، سەرۆکەکانی ئەم دەوڵەتانە هیچ نین، بەڵکو تەنها (داشی دامە)ن، چونکە ئەمریکا دەتوانێ دەستوەربداتە کاروباری ناوخۆیان. لە ئێستادا، ئەمریکا باوەڕی وایە هیچ وڵات ونەتەوەیەك وقەوارەیەکی سیاسی، ناتوانێ ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش وبەرژەوەندی ئەو.[2] لەبەرئەوەی، لە ڕوانگە وستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەو، "شتێك نییە بە ناوی (سەروەری وسەربەخۆیی تەواو) بۆ هەر دەوڵەتێك لەم جیهانەدا."[3]

لەم سۆنگەیەوە، دەگەین بەوەی کە بڵێین بیرکردنەوە لە بابەتی هایدرۆکاربۆن وپێگەی گرنگ وجیۆستراتیژی ناوچەی ئۆراسیا، دواجار لە تیۆرگەلێکی سیاسی وستراتیژیدا فۆرمەلە بوون. جێی باسە، لە کۆی ئەو بیرۆکە وتیۆرانەی لەو کاتەدا لەسەر مێزی گفتوگۆی زلهێزان ئامادەبوون، دەکرێت ئاماژە بە تیۆر وبیرۆکەکانی تیۆرسازان (ئەلفرێد ماهان، هاڵفۆرد ماکندەر، نیکۆلاس سپایکمان وئەلێکساندەر دی سێڤێرسکی) بدەین، کە بە هەند وەرگیران ودەنگدانەوە وکاریگەرییەکی زۆریان بەدوای خۆیاندا هێنا. بەمەش، دەرگای دۆزەخێکی نوێ بۆ میللەتانی بێدەرەتانی ئەم ناوچەیە بە گشتی وکورد بە تایبەتی، خرایە سەر پشت.

---

[1] جنان العلي: الاوراسية الروسية والاوراسية الامريكية، استراتيجية جديدة للهيمنة على العالم، مصدر سابق.

[2] کریستی لۆرانس: پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیادا، و: ماجید خەلیل فەتاح، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٣٥

[3] مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، الطبعة الاولى، من اصدارات مكتبة الزيتونة- بيروت، لبنان، ١٩٧٠، ص ١٧٠

تیۆرەکانی ئەم تیۆرسازانە، کە لە کاتی خۆیدا باسیان لە گرنگی کۆنترۆڵکردن وبەهای پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئۆراسیا وپشتێنەی ناوخۆیی ودەرەکی وهێزی وشکانی وئاسمانی ودەریایی دەکرد، دواتر بە پراکتیك هەوڵی جێبەجێکردنی بۆدرا. هەڵبەت ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە کە ڕێگریکردن لە سەربەخۆیی گەلی کورد لە سەردەمی نوێدا، پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرانە وبۆچوونگەلێکیتر هۆکاری بوون. لە سەردەمانی کۆندا هەتا سەرهەڵدانی سەردەمی ڕێنیسانس، ئەوەی دەربارەی گۆی زەوی زانرابوو، تەنها بوونی سێ کیشوەری (ئاسیا وئەوروپا وئەفریقا) بووە. هەڵبەت، بە کۆی ئەم سێ کیشوەرە زانراوە وتراوە (دورگەی جیهان)، [1] کە بڕوا وابووە زۆرینەی مرۆڤەکانیش هەر لێرەدا نیشتەنین، ئەمە جگە لەوەی دەزانرا کە چواردەوری ئەم دورگە جیهانییە بە ئاو دەورەدراوە. [2]

دیارە، خەسڵەتەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، خوڵقێنەری ئەو پایەگەلە فیکرییە بوون کە شارستانیەتی ئەوروپای خۆرئاوای لەسەر بونیادنرا. هەر لێرەوە بوو، ڕۆحی شەرکێشییەکان لە گەشتەکانی (مارکۆ پۆلۆ)دا خۆی دەرخست، تا دواجار (کۆلۆمبۆس)ی گەڕیدە کۆتاییپێهێنا وکیشوەرەکانی ئەمریکای دۆزییەوە. [3] ئەوەی مایەی سەرنجە، ئەوەیە کە تا سەردەمی ڕێنیسانس وڕۆشنگەریی، هەر ئەوەندە دەربارەی گۆی زەوی دەزانرا. بەڵام، سەردەمی نوێ کە بە مۆدێرن ناودێر کراوە، زانیاری نوێ

---

[1] ابوبكر الحضرمي: من يمتلك زمام القوة؟، فكر، أسلام أون لاين، ١٣/ يناير/ ٢٠١٥، islamonline.net

[2] نورا عبه جي: نظرية قلب العالم، الموسوعة السياسية، ٢٠٢٠، political-encyclopedia.org

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

ومەعریفەی نوێ وخواستی نوێ وچاوتێبڕین ودەستێوەردانی نوێ ومالۆیرانیی نوێی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەمەش پاشئەوەی سەردەمانی ڕێنیسانس وڕۆشنگەریی تێپەڕاند. سەردەمی نوێ، وێڕای ئەوەی سەردەمی ئەقڵگەرایی وئازادی ویەکسانی ودیمۆکراسی وپێشکەوتن وپۆزەتیڤیزم بووە، لە هەمانکاتدا سەردەمی پێگەیشتنی ئیمپریالیزمی نوێ یان کۆلۆنیالیزمی هاوچەرخیش بووە.[1] لێرە بەدواوە، ئیمپریالیزم بووەتە مۆتەکەی سەر دڵی زۆربەی زۆری گەلانی جیهان.

لە ڕوانگەی ئیمپریالیزمەوە ولە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تەواوی زەوی، ئەو زانیارییانەی پێشتر دەربارەی زەوی هەبوون، گەشەیانکرد وئەو مەعریفەیەی پێشتر لەبەردەستدا بوو دەربارەی دورگەی جیهانی هەر بەو شێوەیە نەمایەوە، بەتایبەت دوای گەشەسەندن ودۆزینەوەکانی سەردەمی نوێ. شایەنی باسە، لە گەرمەی گەشە وپەلهاویشتنەکانی ئیمپریالیزمدا، ئەدمیراڵێکی دەریایی وجوگرافیاناسی ئەمریکی بە ناوی (ئەلفرێد ماهان) (١٨٤٠- ١٩١٤ ز)، ساڵی (١٨٩٠ ز) لە ڕێی کتێبێکییەوە بە ناوی (کاریگەریی هێزی دەریا لە مێژوودا)، ڕایگەیاندبوو: "کۆنترۆڵی دەریا، یەکسانە بە کۆنترۆڵی هەموو دنیا."[2] دیارە، (ماهان) بەهۆی پسپۆڕییەکەی لە مێژووی دەریادا، گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە ئەوە دەوڵەتە دەریاییەکانن خاوەن هێزن وکۆنترۆڵی چارەنووسی هەموو جیهان دەکەن. هەروەها، جەختیشی کردبوەوە لەوەی هەرچی دەریا وزەریاکانە وەك یەکەیەکی تەواوکار، دەوری هەموو کیشوەرەکانیان داوە وێڕای

---

[1] جاك وودس: الاستعمار الجديد في آسيا وافريقيا وامريكا اللاتينية، ت: الفضل شلق، الطبعة الاولى، دار الحقيقة للطباعة والنشر، مطبعة باخوس وشرتوني- بيروت، نيسان/ ١٩٧١، ص ٩

[2] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

گەمارۆی دورگەکان. هەربۆیە، بە بڕوای ناوبراو، یەکەمین داواکاریی بۆ بەدەستهێنانی هێزی جیهانی، کۆنترۆڵکردنی ڕێگای ئاوی وزەریا ودەریا وڕێڕەو وتەنگە ستراتیژییەکانە، [1] ئەم بیرۆکەیە بە (قوتابخانەی ئەمریکی) ناسرا، کە دواجار بووە ستراتیژی جووڵە وکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە.

لە کاردانەوەی ئەم بیرۆکەیەی (ماهان)، ساڵی (١٩٠٤ ز) کەسێکی جیۆپۆلەتیکناسی ئینگلیز بە ناوی (هاڵفۆرد ماکندەر) (١٨٦١-١٩٤٧ ز) لە کتێبێکی پڕ ئەرزشیدا بە ناوی (چواردەوری جوگرافی بۆ مێژوو)، وتبووی: "کۆنترۆڵکردنی دورگەی جیهان، مانای کۆنترۆڵکردنی هەموو دنیا." ئەوەشی وتبوو کە: "ئەوەی کۆنترۆڵی خۆرهەڵاتی ئەوروپا بکات، دەتوانێ حوکمی ناوچەی ناوەڕاست (واتە ڕووسیا- نووسەر) بکات، هەر لایەنێکیش حوکمی ناوچەی ناوەڕاست بکات، واتە حوکمی ئۆراسیا دەکات. ئەوەشی کۆنترۆڵی ئۆراسیای لەدەستدابێ، واتە حوکمی هەموو دنیا دەکات." [2]

سەبارەت بە ناوچەی ناوەڕاست لە دورگەی جیهانی، کە مەبەست لە ناوچەی ڕووسیایە، ناوبراو ناوینابوو "ناوچەی جێگیربوون" کە دواتر ناوەکەی بۆ "دڵی زەوی" گۆڕی وتیۆرەکەشی هەر بەم ناوەوە ناونا. ناوبراو، هەر بەوەوە نەوەستابوو، بەڵکو پشتێنە یان "کەوانەی ناوەوە" و"کەوانەی دەرەوە"ی بۆ دڵی زەوی زیادکردبوو، وەکی دوو بەربەستی

---

[1] م. م. أحمد حامد البركي: النظريات الجيوبولتيكية القديمة، جامعة المثنى، كلية التربية الاساسية- قسم التأريخ، الجغرافيا السياسية، ٢٠١٦، بحث جامعي

[2] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠

**بەهێز یان دوو کەمەربەند.** [1] **ئەمە، پوختەی تیۆری (دڵی زەوی) (ماکندەر) بوو، کە پێویست بوو ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدرێت. بەڵام، پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، هەرچی کەوانەی دەرەکیی وناوەکییە، تەواوی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دەبنە کەمەربەند وبە کەنار ناودەبرێن وبە مەبەستی گەمارۆدانی ناوچەی ناوەڕاست (واتە ڕووسیا)، وەك فشار سوودیان لێوەردەگیرێ. لێرەوە، تیۆری "دڵی زەوی،" مانای ئەوەی دەبەخشی: "کێ کۆنترۆڵی وڵاتە کەنارەکان بکات، مانای کۆنترۆڵی ئۆراسیا دەکات. کێ کۆنترۆڵی ئۆراسیاش بکات، واتە کۆنترۆڵی جیهان دەکات".** [2]

**کەواتە، مەبەست لە دڵی زەوی یان دڵی جیهان، پێگە یاخود سنووری ڕووسیا بوو. هەرچی پشتێنە کەنارییەکەشە، وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداو وباکووری ئەفریقا وهندستان ویابان وچین وکۆریا وئەو دورگە و وڵاتانەی دەکەوتنە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا وچەند ناوچەیەکیدی دەگرتەوە، کە دەکەوتنە پشتەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە. بەمانای، تێکڕای وڵاتانی چواردەوری یەکێتی سۆڤیەت وهاوپەیمانانی، بە شێوەیەکی بازنەیی.** [3] **شایەنی وتنە، تیۆری دڵی زەوی (ماکندەر)، جەختی لەوەش دەکردەوە کە دەبێت بەهۆی هێزی سەربازیی وڕێگا وشکانییەکانەوە**

---

[1] نورا عبە جي: نظرية قلب العالم، الموسوعة السياسية، ٢٠٢٠، political-encyclopedia.org

[2] د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥، ل ٤٠٩

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢١٢

گەمارۆی ڕووسیا بدرێت. بێگومان، ئەم بیرکردنەوەیە بەسەر ستراتیژی بەریتانیادا زاڵبوو.

لەلایەکیترەوە، ساڵی (١٩٤٢ ز) لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی وساتی دەستپێکردنی پرۆژە ئەتۆمییە نهێنییەکەی ئەمریکا بە ناوی (مانهاتن) (١٩٤٢– ١٩٤٦ ز)، [١] مامۆستایەکی ئەمریکی بواری جیۆستراتیژی بە ناوی (نیکۆلاس سپایکمان) (١٨٩٣– ١٩٤٣ ز)، کەمێك لە تیۆری دڵی زەوی (ماکندەر)ی کەمکردەوە وڕایگەیاند ئەو دڵە مردووە. ناوبراو، لەبری دڵی زەوی، ناوچەی پشتێنە یاخود کەوانەی ناوەوەی (ماکندەر)ی هەڵبژارد وناوی "کەوانەی کەنار"ی لێنا وتیۆرەکەشی ناونا "تیۆری کەناری زەوی" [٢] یان "تیۆری چوارچێوە." مەبەستی (نیکۆلاس) لە پشتێنەی کەنار، تێکڕای وڵاتانی ئەوروپا ودورگەی جیهانیی، لە نێویاندا عێراق وئێران وتورکیا وئەفغانستان وهندستان وچین ویابان وکۆریا وخۆرهەڵاتی سیبیریا و وڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیای دەگرتەوە. بە بڕوای ناوبراو، ئەم پشتێنەیە ناوچەیەکی ڕاگوزەرە، کە پێکدادانی هێزە دەریایی وزەمینییەکانی تێدا ڕوودەدات. ئەوجا، کێ زاڵببێ بەسەر زەوییە کەنارەکان یان کەوانەی ناوەوەدا، کۆنترۆڵی ئۆراسیا دەکات. ئەوەشی کۆنترۆڵی ئۆراسیای کرد، مانای دەست بەسەر جیهاندا دەگرێ. دیارە، گرنگی پشتێنەی کەنار یان پشتێنەی ناوەوە، لەوەدایە کە ناوچەیەکی بەپیتە وسەرچاوەی سروشتی ومرۆیی زۆر لەخۆدەگرێ،

---

[١] مشروع مانهاتن: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٨/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[٢] النظرية الجيوسياسية: دراسات جيوسياسية، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية، ٢٧/ ٦/ ٢٠١٦، www.politics-dz.com

وده‌ڕوانیٚ به‌سه‌ر زه‌ریا وده‌ریاكاندا وپردی نێوان ئاوه نێوده‌وڵه‌تییه‌كان وناوچه‌ی دڵی زه‌وییه.[1]

ده‌كرێت ئاماژه به‌وه‌ش بده‌ین، كه تیۆری تایبه‌ت به ئۆراسیا هه‌ر له سنووری وشكانی وده‌ریاییدا نه‌مایه‌وه، به‌ڵكو سه‌ر زه‌وی به‌جێهێشت وهه‌نگاوی به‌ره‌و هێز وده‌سه‌ڵاتی ئاسمانی هه‌ڵنا. دیاره، ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر ده‌ستی داهێنه‌ر وئه‌فسه‌ری فرۆكه‌وانی ڕووسی، (ئه‌لێكسانده‌ر دی سێڤێرسكی) (١٨٩٤- ١٩٧٤ ز). ناوبراو، له‌به‌رئه‌وه‌ی كه‌سێكی فرۆكه‌وان بوو، له‌وه گه‌یشتبوو كه ده‌كرێت له ئاسمان وبه هێزی فرۆكه‌وانی به‌سه‌ر زه‌ویدا زاڵ ببیت. ساڵی (١٩٤٩ ز)، دوای كۆتاییهاتنی دووه‌مین جه‌نگی جیهانی، (سێڤێرسكی) ته‌واوی بیرۆكه‌كه‌ی له "تیۆری هێزی ئاسمانی" داڕشت. بێگومان له‌م تیۆره نوێیه‌دا، ناوبراو گریمانه‌ی ئه‌وه‌ی كردبوو كه: "زاڵبوون به‌سه‌ر ئاسماندا، هه‌لی زاڵبوون به‌سه‌ر زه‌ویدا ده‌ڕه‌خسێنێت."[2]

ئه‌م گریمانه‌یه سه‌رباری ساكاریی بیرۆكه‌كه‌ی، به‌ڵام چه‌مكه‌كانی بواری سه‌ربازی وچه‌قی هێزه جیۆپۆله‌تیك وجیۆستراتیژییه‌كانی گۆڕی. هه‌ڵبه‌ت، تایبه‌تمه‌ندییه ستراتیژییه‌كانی بواری ئاسمان، چاره‌سه‌ركه‌ری ناوه‌ڕۆكه جیۆستراتیژه‌كه‌یه‌تی. ئه‌مه‌ش، به ڕه‌چاوكردنی ئه‌وه‌ی كایه‌ی ئاسمانیی بوارێكی له‌ڕاده‌به‌ده‌ر گرنگ ده‌خوڵقێنیٚ، به‌جۆرێك كه هه‌ردوو كایه‌ی وشكانی وده‌ریایی تێده‌په‌ڕێنێت.[3] به تیشك خستنه‌سه‌ر هێزی

---

[1] م. م. أحمد حامد البركي: النظريات الجيوبولتيكية القديمة، بحث جامعي، مصدر سابق

[2] جلال خشيب: الجيوبوليتيك الروسية الحديثة والمعاصرة، مركز ادراك للدراسات والاستشارات- حلب، سورية، ٢٠١٨، ص ٩

[3] عبدالقادر محمد فهمي: المدخل الى دراسة الاستراتيجية، الطبعة الاولى، دار مجدلاوي- عمان، الاردن، ٢٠٠٦، ص ٩٨

ئاسمانی وبە سەیرکردنی بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی بۆ جیهان، ساڵی (١٩٥٠ ز)، ناوبراو توانی تەواوی بیرۆکەکەی لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی: "هێزی ئاسمانیی کلیلی مانەوەیە" دابڕێژێ.[١] بۆ ئەمەش، نەخشەیەکی جەمسەری باکووری گۆی زەوی کێشا، بە شێوەیەك کیشوەری ئەمریکای لە باشووری جەمسەر وکیشوەرەکانی ئۆراسیا وئەفریقای لە باکووری جەمسەری گۆی زەوی نەخشاند. ئەم نەخشەیەی (سێڤێرسکی)، لەسەر بنەما وبنچینەی دابەشکاریی جیهانی کۆن وجیهانی نوێ ئامادەکرا. لەم نەخشەیەدا، ئەوە ڕوون بوو کە سەروەری ئاسمانی ئەمریکا، کیشوەری ئەمریکای باکوور وباشووری دەگرتەوە. لە کاتێکدا، ناوچەی سەروەری ئاسمانی سۆڤیەت، ئۆراسیا وبەشێکی زۆری ئەفریقا وتەواوی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا وباکووری ئوستورالیاشی دادەپۆشی.[٢]

لەم بیرۆکەیەدا گریمانەی ئەوە کراوە، ناوچەکانی دەسەڵاتی ئاسمانی ئەمریکا وڕووسیا، لە ئەوروپای خۆرئاوا وباکووری ئەفریقا وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی بەریەککەوتن ببنەوە. ئەمە بێجگەلەوەی، دەسەڵاتی هێزی ئاسمانی ڕووسیا، ئەمریکای باکوور دادەپۆشێ. لە بەرانبەردا، دەسەڵاتی هێزی ئاسمانی ئەمریکاش، "دڵی زەوی" ئۆراسیا دادەپۆشێ. دەکرێت بڵێین، لە فەرهەنگی (سێڤێرسکی)دا، ناوچەی بەیەکداچوون وتێکەڵبوونی دەسەڵاتی وشکانی وئاسمانیی ودەریایی ئەمریکا وڕووسیا، بە "ناوچەی چارەنووس" ناوزەد دەکرێت. بێگومان، ئەمە ناوچەیەکی یەکلاکەرەوە دەبێ بۆ هەر جەنگێکی ئەم دوو زلهێزە، سەرباری ئەوەی ناوچەیەکی جیۆستراتیژی زۆر گرنگی جیهانیش

---

[١] جلال خشيب: الجيوبوليتيك الروسية الحديثة والمعاصرة، مصدر سابق، ص ٩

[٢] م. م. أحمد حامد البركي: النظريات الجيوبولتيكية القديمة، بحث جامعي، مصدر سابق

**دەبێ. دواجار، ناوبراو سەرلەبەری ئەم بۆچوونانەی لەم وتەزایەدا دارشت، کە گوایە: "کێ دەسەلاٚتی ئاسمانیی بەدەستبهێنێت، دەتوانێ زاڵببێ بەسەر ناوچەکانی بەیەکداچوونی دەسەلاٚتی ئاسمانی، ئەوەشی کە بەسەر ناوچەکانی بەیەکداچوونی دەسەلاٚتی ئاسمانیدا زاڵببێ، ئەوا چارەنووسی جیهانی دەکەوێتە دەست." [١]**

**گرنگی ئەم تیۆرەی (سێڤێرسکی) لە سەردەمی جەنگی ساردا، هێندەیتر جۆش وخرۆشی بە دەسەلاٚتدارانی سۆڤیەتدا لەوەی هەرچی زووە لە رێی توانا سەربازی وتەکنۆلۆژی ودارایییەکان وبە پشتبەستن بە پێشنیارە زانستییەکانی زانای رووسی (کۆنستانتین تسیۆلکۆڤسکی)، [*] هەوڵی داگیرکردنی بۆشایی ئاسمانیش بدەن. لێرەوە، سەردەمێکی نوێی زانست وپێشبرکێ لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین رووبەری بۆشایی ئاسمان دەرکەوت، ئەوەش لە رێگەی مانگی دەستکرد وکەشتی ئاسمانی وئامێرەکانی تایبەت بەو بوارە. لەم پێناوەدا، یەکێتی سۆڤیەت لە (٤/ ١٠/ ١٩٥٧ ز)دا، توانی یەکەمین مانگی دەستکرد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە ناوی (سپۆتنیك ١) رەوانەی بۆشایی ئاسمان بکات. ئەم هەنگاوەی سۆڤیەت، بووە هۆی ئەوەی ئەمریکاش پاش کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی زانستیی، بتوانێ لە (١/ ٢/ ١٩٥٨ ز)دا یەکەمین مانگی دەستکردی خۆی بە ناوی (ئێکسپلۆرەر ١) رەوانەی بۆشایی ئاسمان بکات. بێشك، سۆڤیەت**

---

[١] **كمال الاسطل: المدخل الجيوبوليتيكى في التحليل السياسي، موقع د. كمال الاسطل، ٢/ ١١/ ٢٠١٨، k-astal.com**

[*] **کۆنستانتین تسیۆلکۆڤسکی: زانایەکی فیزیایی رووسی بووە لە (١٧/ ٩/ ١٨٥٧ ز)دا لەدایك بووە ولە (١٩/ ٩/ ١٩٣٥ ز)دا لە شاری (کالوگا)ی نزیك بە مۆسکۆ کۆچی دواییکردووە. ناوبراو ئەندازیار وداهێنەری تیۆرگەلی موشەك وکەشتی ئاسمانی وفرۆکەی تیژرەو ومانگی دەستکرد ورۆکێت وخاوەنی نووسین وئەندێشەیەکی زانستیی بەربلاٚوی تایبەت بەو بوارە بووە.**

**هەر بەمەوە نەوەستا، بەڵکو لە (١٢/ ٤/ ١٩٦١ ز)دا یەکەمین کەشتیوانی ئاسمانی بە ناوی (یۆری گاگارین) ڕەوانەی بۆشایی ئاسمانکرد، کە لە ماوەی (١٠٨) خولەکدا توانی یەك خولی تەواو بە دەوری گۆی زەویدا بسوڕێتەوە. لە ڕاستیدا، ئەم هەوڵە زانستیيانەی سۆڤیەت، ئەمریکای بە تەواوی توشی نیگەرانی وشۆك کردبوو. هەربۆیە، ئەمریکاش لە (٥/ ٥/ ١٩٦١ ز)دا، توانی یەکەمین کەشتیوانی خۆی بە ناوی (ئالان شیپارد)ەوە ڕەوانە بکات، بە هەمان مەبەست.[١]**

**دیارە، شۆکبوون ونیگەرانیی لە توانا زانستییەکانی سۆڤیەت، (جۆن کێنێدی)ی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکای ناچارکرد لەوەی پلانی نیشتنەوەی کەشتیوانێك لەسەر مانگ تا ساڵی (١٩٧٠ ز) ڕابگەیەنێت. بێگومان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەی سەرۆکی ناوبراودا سەرکەوتوو بوو، بەوەدا کە توانی لە (٢٠/ ٧/ ١٩٦٩ ز)دا کەشتی (ئەپۆلۆ ١١) کە دوو کەشتیوانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو بە ناوی (نیلْ ئارمسترۆنگ) و(باز ئاڵدرین)، ڕەوانەی مانگ بکات وبتوانن بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پیْ بخەنە سەر خاکی مانگ.[٢] لێرە بەدواوە، ئەمریکا هێدی هێدی توانی لەو پێشبڕکێیەدا سەرکەوتنی زیاتر وهەنگاوی زیاتر بنیْ. لەبەرئەوەی، توانا زانستی وداراییەکانی بۆ ئەم مەبەستە زۆر وزەوەند بوون. بێگومان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵانە بودجەیەکی ئەستووری بۆ ئەم بوارە تەرخان دەکرد، کە هەرگیز سۆڤیەت نەیدەتوانی ئەو بڕە پارەیە بۆ لێکۆڵینەوەکانی تەرخان بکات.**

---

[١] **تأريخ رحلات الفضاء، مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٣/ يونيو/ ٢٠٢٠،** ar.wikipedia.org

[٢] **كريم أحمد: إسم أول رائد فضاء هبط على سطح القمر، موضوع. اكبر موقع عربي بالعالم، ١٧/ يونيو/ ٢٠٢٠،** mawdoo٣.com

ئەمڕۆ، ئاژانسی (ناسا)، گەورەترین وگرنگترین دامەزراوەیە کە بەرپرسە لە بەرنامە ئاسمانییەکانی ئەمریکا، جگەلەوەی بەرپرسیشە لە لێکۆڵینەوە مەدەنی وسەربازییە ئاسمانییەکان. جێی باسە، ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٢٠ ز)دا، بڕی (٢٢) ملیار دۆلاری بۆ ئەم ئاژانسە ئاسمانییەی خۆی تەرخانکرد.[١]

هەڵبەت تیۆرگەلی تیۆرسازان، ئێمەی بۆ ئەوە پەلکێشکرد تا کورتەیەك لە بابەتی پێشبڕکێی بۆشایی ئاسمان بخەینە ڕوو. ئێستا، بە گەڕانەوە بۆ بابەتی ئۆراسیا وجارێکیتر تیشك خستنەوەسەر تیۆرەکانی تیۆرسازان، دەکرێت بڵێین لە کاتی جۆش وخرۆشی جیهان وبەرەی هاوپەیمانان بە بۆنەی کۆتاییهاتنی جەنگ وسەرکەوتن بەسەر ئەڵمانیای نازیدا، سەرەتای سەرهەڵدانی جەنگێکی نوێ بەدەرکەوت، کە "جەنگی سارد"[٢] بوو لە نێوان بەرەی خۆرئاوا وبەرەی خۆرهەلاّت. لە ڕاستیدا، ئەم جەنگە سەرەتای هەوڵێك بوو بۆ دابەشکردنی نەك ئۆراسیا بەڵکو تەواوی جیهان، بەسەر دوو سەربازگەی سۆسیالیستی وسەرمایەداریدا. ئا لەم کاتەدا، لە (٥/ ٣/ ١٩٤٦ ز)دا (چەرچڵ) لە وتارێکیدا لە شاری (فولّتۆن)ی ویلایەتی (میزوری) لە ئەمریکا بە ئامادەبوونی (هاری ترومان)ی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا، بۆ یەکەمجار ئاماژەی بە دەستەواژەی (پەردەی ئاسنین)دا وەك سیاسەتێکی دابڕان لە جیهانی سەرمایەداری، کە یەکێتی سۆڤیەت پەیڕەوی دەکات. بێگومان، ئامادەبوونی سەرۆك (هاری ترومان)

---

[١] ناسا: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٨/ ٣/ ٢٠٢٠، ckb.wikipedia.org

[٢] الستار الحديدي، مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

له کاتی وتاردانی ناوبراودا، ئەوەی لێدەخوێندرایەوە کە حکومەتی ئەمریکاش لەگەڵ هەڵوێستی بەریتانیادا هاوڕایە.[1]

هەڵبەت، داڕشتنی بیرۆکە وتیۆرەکانی تایبەت بە سیاسەتی زلهێزان بەرانبەر بە جیهان وئۆراسیا وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست وناوچەکانیتر، هەر لە کایەی بیرمەندان وتیۆرسازاندا نەمایەوە. بەڵکو، پەڕییەوە بۆ نێو خودی سەرۆکەکان وسیاسەتمەداران ودەسەڵاتدارانی هەردوو بلۆکەکەش، بەوەی هەریەکە وبە بۆچوونی خۆی ولە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆی وئەندامانی هاوپەیمانییەتەکەی وناوچەکەی، لێدوان ونەخشەڕێگا وهاوپەیمانی وچارەسەری دەخستەڕوو، کە دواتر لە دوتوێی یاساگەلێك وبڕیار وڕێنماییدا پەیڕەو وجێبەجێدەکران. مانای، دەستەواژەی (پەردەی ئاسنین)یش هاوشێوەی تیۆرەکانی تیۆرسازان، یەکێك بوو لەو دەربڕینانەی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەرانبەر سۆڤیەت دایانهێنا، کە دواتر ولە (١٣/ ٨/ ١٩٦١ ز)دا ئەم پەردەیە هەڵکشا بۆ (دیواری بەرلین).[2] پاڵپشت بەو تیۆرانەی پێشوو وە بەو دەسەڵاتانەی لەبەردەست زلهێزانی خۆرهەڵات وخۆرئاوادا بوون، دوابەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی، ڕاستەوخۆ گەمەیەکی نوێی جیهانی پەیڕەوکرا کە دۆست ودوژمنانی دوێنێی لە دوو بەرەی جیاوازدا ڕێکخست. بەرەیەك، ئاوێزان بە فیکری کۆمۆنیزم وماکسیزم وشۆڕش، بەرەیەکیش باوەڕدار بە لیبراڵیزم وکەپیتاڵیزم وڕیفۆرم.

---

[1] مایلز کوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خیر، مصدر سابق، ص ٦١

[2] جدار برلین، مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٣١/ ینایر/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

نەزانی وهەرزەگۆییە، گەر کەسێك وابزانێت ناوچەی ئۆراسیا بەگشتی وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت، تەنها مایەی کێشمەکێشی بەرەی سۆسیالیست وبەرەی سەرمایەداری بووە. بەڵکو، لە ناو بەرەی خۆرئاوای سەرمایەداریشدا، کێشمەکێش ورکابەریی وبەرژەوەندیخوازی بوونی هەر هەبووە. دیارە، مەترسی هەڵکشان وپەلکێشانی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیست ودەسەڵاتی سۆڤیەت، بەرەی سەرمایەداری یەکیخستبوو. بەڵام لەوە بترازێ، هەر ئەندامە وبە دوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا وێڵ بوو بە ئێستاشەوە، بگرە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوا دوژمنایەتی مێژووییان لەگەڵ یەکدی هەبووە. بۆ نموونە، (ڕێبازی مۆنرۆ) کە پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا (جێیمس مۆنرۆ) لە (٢/ ١٢/ ١٨٢٣ ز)دا ولە پەیامێکدا ئاڕاستەی کۆنگرێسی ئەمریکای کردبوو، ئاماژەی بە سەربەخۆبوونی تەواوی گەل ودەوڵەتانی نیوەگۆی خۆرئاوای دابوو لە دژی ستەم ودەستێوەردان وچەوساندنەوەی دەوڵەتانی ئەوروپایی. وێڕای ئەوەی، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ناکرێت ئەوروپاییە ئەمریکییەکان لە داهاتوودا بە هاووڵاتی کۆڵۆنیالە ئەوروپاییەکان دابنرێن.[١]

لە سەردەمی نوێشدا، ململانێی ئەمریکا وبەریتانیا لەسەر ناوچەی کەنداو، هەر لەساڵی (١٩٢٠ ز)یەوە دروستبوو، کاتێك ئەمریکا لە کۆنگرەی (سان ڕیمۆ) داوای لە بەریتانیا کرد کە پێویستە بەشداری پێبکرێ لە نەوتی کەنداودا، بەڵام بەریتانیا ئەو داوایەی ڕەتکردبووەوە. دواتر بۆ ئەم مەبەستە، سەرۆکی ئەمریکا (ڕۆزڤێڵت) لیژنەیەکی تایبەتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕەوانە کردبوو، کە سەردانی هەریەك لە (سعودیە، عێراق، ئێران، کوێت، بەحرەین وقەتەر) بکات. لە دوای

---

[١] مبدأ مونرو، مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٢/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

تەواوبوونی کارەکەیان وگەڕانەوەیان بۆ ئەمریکا، لیژنەی ناوبراو ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە (ڕۆزڤێلت) کردبوو وتیایدا هاتبوو: "نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، گەورەترین گەنجینەیە کە سروشت بۆ مێژووی بەجێهێشتبێ، کاریگەری ئابووری وسیاسی ئەم گەنجینەیەش یەکجار قورس وگرانە." کاتێکیش، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (جێیمس بێرنز) لە (ڕۆزڤێلت)ی پرسیبوو، ئایا پشکی ئێمە لەو نەوتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە پێویستە دەستی بەسەردا بگرین چەندە؟ (ڕۆزڤێلت) سەرەتا کەمێك بێدەنگ ببوو، بەڵام دواتر وەڵامی دابووەوە بەوەی "نابێت کەمتربێت لە ١٠٠ ٪" [١]

کەواتە هەروەك پێشتر ئاماژەمپێدا، تەشەنەسەندنی فیکری کۆمۆنیست ودەستێوەردان ومەترسییەکانی سۆڤیەت، وڵاتانی بلۆکی ئەوروپای خۆرئاوای یەکخستبوو. گەرنا، هەریەکە وێڵی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بووە، ئەمەش شتێکی ئاسایی وسروشتییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا. کاتێك ئەوروپا جەنگی یەکەمی تێپەڕاند، (بۆڵشێڤیزم) لە سۆڤیەتی جاران دروست ببوو. هەڵبەت، بەریتانیا وفەرەنسا، لەترسی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم، یارمەتیدەر یان چاوپۆشییان لە دروستبوونی نازیزم لە ئەڵمانیا وفاشیزم لە ئیتالیا کردبوو، کە دوو فیکری تۆتالیتاری بوون. بەتایبەت، کاتێك مەترسی ئەوە لەئارادا بوو کۆماری (ڤایمار) بەلای کۆمۆنیزمدا لابدات. کەواتە، (هێتلەر ومۆسۆلینی)، بەرهەمی سیاسەتی

---

[١] م. هەردی مەهدی میکە علی: التطورات السياسية المعاصرة في العراق، جامعة التنمية البشرية، كلية القانون والسياسة، قسم العلوم السياسية، محاضرات جامعية للمرحلة الثانية، ٢٠١٢- ٢٠١٣، ص ٨

**دەرەوەی بەریتانیا وفەرەنسا بوون. یاخود، دەکرێ بڵێین فاشیزم ونازیزم بەرهەمی کۆمەڵگەی کەپیتاڵیزم بوون، بۆ دەرچوون لە قەیران.** [1]

**هەر پاش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم لە (٢١ /٢/ ١٩٤٧ ز)دا، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە (واشنتۆن) بە ناوی (سیشڵ)، دوو نامەی بەپەلەی (بەشی بیانی) لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا دابووە دەست (لۆی هەندرسۆن)ی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی نزیك وئەفریقا، وتیایاندا ئاماژە بە کۆتاییهاتنی نوێنەرایەتیکردن وچاودێری ومانداتی بەریتانیا بۆ چەند ناوچەیەکی جیهان هاتبوو، بەوەی حکومەتی خاوەن شکۆ، دوچاری قەیرانی دارایی بووەتەوە وهەرگیز ناتوانێ بەرەنگاری هەڵکشانی کۆمۆنیزم لە هەریەك لە تورکیا ویۆنان ببێتەوە،** [2] **کە لە ڕووی داراییەوە ئەو کارە بە (پەنجا) ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت. لەبەرئەوە، مەترسی کۆمۆنیزم، هەر بە تەنها هەڕەشە نییە بۆ سەر تورکیا ویۆنان، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو ئەوروپای باشوور لە دەرەوەی پەردەی ئاسنین وبۆ سەر باکووری ئەفریقا وخۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش. بەمەش، گڵۆپی سەوز بۆ حکومەتی ئەمریکی هەڵکرا، کە دەستێوەردان بکات وببێتە دەوڵەتێکی کاریگەر لە کاروباری جیهاندا.** [3] **واتە، مەترسی هەڵکشانی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم ودەسەڵاتی**

---

[1] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موڕادی، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانیی، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦، ل ١٥٥

[2] أ. م. د. أميرة رشك لعيبي الزبيدي، م. م. قاسم نمر جلوب السعيدي: مبدأ الرئيس الامريكي هاري ترومان واختلاف رؤيته لاستراتيجية الاحتواء عن رؤية مدير مكتب تخطيط السياسات جورج كينان، مجلة حولية المنتدى، جامعة البصرة، كلية التربية للعلوم الانسانية، العدد الخامس عشر، نيسان– ايار– حزيران/ ٢٠١٨، ص ٢٢٣

[3] مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، مصدر سابق، ص ٥٧

سۆڤیەت، جارێکیتر ئەمریکا وبەریتانیای دوژمنی مێژوویی کردەوە بە هاوپەیمان.

بێمکوورپیکردن، دوابەدوای ئەم دوو نامەیەی حکومەتی بەریتانیا بۆ حکومەتی ئەمریکا، وئاماژەدان بە مەترسی داگیرکاریی سۆڤیەت لە ڕووی فیکر وخاکەوە، بەپەلە ترۆپکی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا کەوتنە ڕاوێژ وگفتوگۆ لەمبارەیەوە. دواجار، لە (١٢/ ٣/ ١٩٤٧ ز)دا، (ڕێبازی ترومان) هاتە بەرهەم کە تیایدا ئەوە هاتبوو: "کاتێك دوژمنکارییەك، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەڕەشە دەبیٚ بۆ سەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەتی ئەمریکا کارێك بکات بۆ ڕێگریکردن لەو دوژمنکارییە." ئەوەی مایەی ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە کە ئەم ڕێبازە بەتایبەتی بەسەر ئێران وتورکیا ویۆناندا جێبەجێکرا، بۆ ڕێگریکردن لە هەڵکشانی کۆمۆنیزم تیایاندا وچوونە نێو بەرەی خۆرهەڵات. ئەوجا، لە کارە لەپێشینەکانی (ترومان)، وەڵامدانەوەی هەر بەرەنگاربوونەوەیەکی جیۆسیاسی سۆڤیەت بوو، کە کاری بکردایەتە سەر جێگیری وهێمنی ئەورووپای خۆرئاوا ویابان وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست وڕێگریکردن لەوەی سۆڤیەت داگیریان بکات، ئەمە جگە لە زامنکردنی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.[١] ئەوەشمان بیرنەچیٚ، کە (ترومان) هەردەم وڵاتانی ئێران وتورکیا ویۆنانی بە هێڵی بەرگری یەکەم دادەنا، لە بەرانبەر دەستێوەردانی سۆڤیەت.[٢]

---

[١] أ. م. د. أميرة رشك لعيبي الزبيدي، م. م. قاسم نمر جلوب السعيدي: مبدأ الرئيس الامريكي هاري ترومان واختلاف رؤيته لاستراتيجية الاحتواء عن رؤية مدير مكتب تخطيط السياسات جورج كينان، مصدر سابق، ص ٢١٩

[٢] ايران ١٩٠٠– ١٩٨٠: تأليف: مجموعة من المؤلفين، مصدر سابق، ص ٢٦٩

ڕاستییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە، سەرلەبەری ئەوروپا لە ڕووی ئابوورییەوە توشی گەورەترین قەیران بوون. دیارە، بەریتانیاش یەکێك بوو لەو وڵاتانەی ئەوروپای خۆرئاوا کە زیانێکی ئابووری زۆری پێگەیشتبوو، هەر ئەوەش ناچاری کردبوو دەست لە تورکیا ویۆنان وبەشێکی زۆری ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا هەڵگریٚ. بێگومان، داڕمانی ئابووری ئەوروپا بووە هۆی قەیرانگەلێکی قووڵ وبڵاوبوونەوەی هەژاری وبێکارییەکی بەرفراوان. بە مانای، دەستەبەربوونی خاکێکی بەپیت بۆ بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم. هەربۆیە، دەبوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك بەهێزترین ئابووری ئەو سەردەمە، بە زووترین کات کارێك بکات بۆ ڕێگرتن لە هەرەسهێنانی هەرچی زیاتری ئابووری ئەوروپایە. بەمەش، (پرۆژەی مارشاڵ)، وەك پرۆژەیەکی ئەمریکی نویٚ بۆ بوژاندنەوەی ئابووری ئەوروپا، ڕووناکی بینی.[١]

بۆ زیاتر تیشك خستنەسەر ئەم بابەتە، دەبیٚ ئەوە بزانین کە سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەم پرۆژە ئەمریکییە نوێیە لە (٥/ ٦/ ١٩٤٧ ز)دا، بۆ کاریگەریی سیٚ فاکتەر دەگەڕێتەوە. هۆکاری یەکەم، بەهۆی ئەو شەپۆلی سەرما وشەختەیەوە بوو، کە تەواوی کیشوەری ئەوروپای لە (١٩٤٦ و١٩٤٧ ز)دا گرتبوەوە. دووەمین هۆکار، سەرنەکەوتنی (ڕێبازی ترومان) بوو، لە بەرگرتن لە شاڵاوی کۆمۆنیزم بە ڕووی تورکیا ویۆناندا. سێیەمیان، بەهۆی ئەو مامەڵە ناخۆش وبێزارییەوە بوو، کە دوچاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (جۆرج مارشاڵ) ببوەوە لە (کۆنفرانسی مۆسکۆ) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاییندەی ئەڵمانیا کە بۆ وەزیرانی دەرەوە

---

[١] مشروع مارشال، مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

له مانگی سێ وچواری (١٩٤٧ ز)دا، سازکرابوو.[١] ئەمە جگە لەوەی، لە ترسی باڵادەستی ودەستێوەردانی سۆڤیەت لە وڵاتانی ئەوروپا، بەریتانیا وفەرەنساش پاش وتووێژێکی دوولایەنە، لە (١٤/ ٣/ ١٩٤٧ ز)دا پەیمانی (دانکیرك)یان بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشە ومەترسییەکی بلۆکی سۆسیالیست واژۆکردبوو. دەکرێت، ئەم پەیماننامەیە بە هەنگاوی یەکەم بەرەو پێکهێنانی (ناتۆ) لە داهاتوودا لە قەڵەم بدەین.[٢]

ڕاستییەك هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێبدەین، ئەویش ئەوەیە کە تەنها ئۆراسیا جێسەرنج ومەبەستی ئەمریکا نەبوو، بەڵکو مەبەستەکە کۆنترۆڵکردنی تەواوی گۆی زەوی بوو. ئەوەتا، هاوپەیمانی (ڕیۆ)ی (١٩٤٧ ز)، کە زۆرینەی وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای لەخۆگرتبوو، یەکێکە لە هاوپەیمانییە سەربازییەکانی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کە جەخت لە باڵادەستیی ئەمریکا بەسەر تەواوی خاکی کیشوەری ئەمریکا وبەرەنگاربوونەوەی سەرجەم وڵاتانی ئەم کیشوەرە لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکیی دەکاتەوە.[٣] واتە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر بە دروستکردنی کۆدەنگییەك لە ئۆراسیادا نەوەستا، بەڵکو کۆدەنگی وهاوپەیمانی لە کیشوەری ئەمریکاشدا دروستکرد. مەبەستی

---

[١] أحداث بارزة في العلاقات الخارجية الاميركية ١٩٠٠- ٢٠٠١: المجلة الالكترونية يو أس أيه، أجندة السياسة الخارجية، وزارة الخارجية الاميركية/ مكتب برامج الاعلام الخارجي- واشنطن، نيسان/ أبريل ٢٠٠٦، ص ١٧

[٢] سليماني خديجة: أثر الاستراتيجية الجديدة لحلف شمال الاطلسي على السياسات الدفاعية بمنطقة المغرب العربي، بحث لنيل شهادة الماجستير، جامعة د/ مولاي الطاهر- سعيدة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية- الجزائر، ٢٠١٥، ص ٤٤

[٣] حلف الريو: بوابة وادي فاطمة الالكترونية، ١٦/ ٧/ ٢٠١٣، www.wadifatima.net

ئەم کردارەش، بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاٌت وبلۆکی سۆڤیەت بوو لە ڕووی ئایدیۆلۆژیا ودەستێوەردانی سەربازییەوە.

جارێکیتر وبە گەڕانەوە بۆ بابەتی ئۆراسیا وتاوسەندنی ململانێی نێوان بلۆکی سۆسیالیزم وبلۆکی کەپیتاڵیزم. دەشێت، ئاماژە بەو هاوپەیمانییە نوێیەی وڵاٌتانی ئەوروپای خۆرئاوا بدەین، کە لە (١٧/ ٣/ ١٩٤٨ ز) ولە ژێر ناوی (پەیمانی برۆکسل) لەسەر دەستی هەریەك لە (فەرەنسا، بەریتانیا، بەلجیکا، هۆڵەندا ولۆکسەمبۆرگ) دروستبوو، وەك کاردانەوەیەك لە بەرانبەر دەستێوەردان وپێگە ودەسەلاٌتی یەکێتی سۆڤیەت لە خۆرهەلاٌتی ئەوروپادا. [1] بەتایبەت، پاش دڵنیابوونەوەی بلۆکی خۆرئاوا لەو کودەتا سەربازییە سەرکەوتووەی لە (٢١- ٢٥/ ٢/ ١٩٤٨ ز)، لە چیکۆسلۆڤاکیا لە بەرژەوەندی سۆڤیەت ڕوویدا. [2] بەلاٌم، ئەم هاوپەیمانییە نوێیە، هەر لە چوارچێوەی ئەوروپای خۆرئاوادا نەمایەوە، بەڵکو لەسەر دەستی ئەمریکا پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوەدی ودواجار پاش وتوێژی لایەنەکان، لە (٤/ ٤/ ١٩٤٩ ز) ولە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سەربازیی نێودەوڵەتیدا، پرۆتۆکۆڵی (ڕێکخراوی پەیمانی ئەتڵەسیی باکوور) (ناتۆ) لە (واشنتن) واژۆکرا. [3] جێی باسە، ساڵی (١٩٥٢ ز) ئەڵمانیای خۆرئاوا، پاشان هەریەك لە تورکیا ویۆنانیش لە ساڵی (١٩٥٥ ز)دا چوونە نێو ئەم هاوپەیمانییەوە.

---

[1] التحالفات في فترة مابعد الحرب العالمية الثانية: موقع الخيمة، (موقع الاستاذ دحدح عبدالحفيظ)، ٢٠٠٨، www.khayma.com/dahdah

[2] سليماني خديجة: أثر الاستراتيجية الجديدة لحلف شمال الاطلسي على السياسات الدفاعية بمنطقة المغرب العربي، بحث لنيل شهادة الماجستير، مصدر سابق، ص ٤٤

[3] حلف شمال الاطلسي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٧/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

هەر لە ڕوانگەی بەرەنگاربوونەوەی بلۆکی سۆسیالیستیی، ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وئەوروپای خۆرئاوا (بلۆکی سەرمایەداریی)، بە دروستکردنی هاوپەیمانی لە نێوخۆی کیشوەری ئەمریکا وئەوروپادا نەوەستانەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ولاَتانی عەرەبییش هاوپەیمانییەکیان بە ناوی (پەیمانی بەرگری هاوبەش وهاریکاریی ئابووری) (میدۆ) لە (١٨/ ٦/ ١٩٥٠ ز)دا لە (قاهیرە) دامەزراند.[١] هەرچەندە، ولاَتانی عەرەبی ئەندام لەم هاوپەیمانییەدا، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە لە پێناو بەرقەراربوونی ئاشتی وئاسایش وسەربەخۆیی وبەرەنگاربوونەوەی هەر مەترسییەك، ئەم هاوپەیمانییەیان دروستکردووە. بەلاَم، ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە ولاَتانی کۆمکاری عەرەبی، بەهۆی فشارەکانی ئەمریکا وبەریتانیا ولە ترسی پێگەی خۆیان ودەستێوەردانی سەربازی سۆڤیەت وبەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم، ناچاربوون کە هەڵوێستێکی دەستەجەمعی وەهایان هەبێ.

پاش ئەوەی، پاشای میسر (فاروق)، بە پێشنیارەکانی ئەمریکا وبەریتانیا وفەرەنسا وتورکیا دەربارەی پەیماننامەی ناوبراو وچارەسەرکردنی کێشەی کەناڵی (سویس) وبە خواستەکانی خۆرئاوا ڕازی نەبوو، ئیدی لە (١٤/ ١٠/ ١٩٥١ ز)دا بە فەرمی هاوپەیمانییەکەی ڕەتکردەوە.[٢] بەلاَم، ئەمە نەبووە هۆیئەوەی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی لە ئەوروپای خۆرئاوا دەستەوەستانبن، بەڵکو بەهۆی بزوتنەوەی ئەفسەرانی

---

[١] معاهدة الدفاع المشترك والتعاون الاقتصادي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٥/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[٢] عبدالرحمن الرافعي: مقدمات ثورة ٢٣ يوليو سنة ١٩٥٢، نقاش، ويكيبيديا ألاخوان المسلمين، ٥/ مايو/ ٢٠١١، www.ikhwanwiki.com

ئازادیخوازن، له (٢٣/ ٧/ ١٩٥٢ ز) وبه سەرکردایەتی ئەفسەرانی پلەبەرز (محەمەد نەجیب وجەمال عەبدولناسر)، کودەتا بەسەر پاشای میسردا کرا. پاشان، له (١٨/ ٦/ ١٩٥٣ ز)دا، (کۆماری میسر) ڕاگەیەندرا وکۆتایی بە دەسەلأتی پاشایەتی هێنرا. هەرچەندە، ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسر، دواجار ئەوەیان ڕەتکردەوە کە ببنە پاشکۆی خۆرئاوا. بەڵکو، کودەتاچییەکان پێداگرییان لەسەر چوونە دەرەوەی تەواوی هێزە بیانییەکان له میسر کرد. بەمهۆیەوە، له (١٩/ ١٠/ ١٩٥٤ ز)دا، حکومەتی کۆماریی میسر وحکومەتی شانشینی بەریتانیا (ڕێکەوتننامەی کشانەوە)یان واژۆکرد، [1] کە دەبوو سەرانی هەردوو وڵات وتوێژەکانیان دەستپێبکەن دەربارەی چۆنیەتی کشانەوەی سەربازانی بەریتانیا لە سەربازگەیەکی بەریتانیی لە کەناڵی سویس. هەر دوای ئەم واژۆکردنە بە یەك مانگ، پنتاگۆن (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا)، بەپەلە دوو نوێنەری خۆی بە پلەی (کۆلۆنێل) دەنێرێت بۆ قاهیرە، بە مەبەستی داڕشتنی بنەما نوێیەکانی پەیوەندی نێوان میسر وئەمریکا. [2] ئەم هەنگاوەی ئەمریکا، پشتڕاستکەرەوەی وتەکانی پێشوومە لەوەی ئەمریکا وبەریتانیا مەترسی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم ودەستێوەردانی سۆڤیەت یەکیخستبوون. گەرنا، ئەمریکا هاوشێوەی بەریتانیا لە بابەتی بەرژەوەندیدا بێجگەلە خۆی کەسیتر ناناسێت.

میسری سەردەمی (جەمال عەبدولناسر)، گەرچی لە سەرەتادا وەك دۆستێکی ئەمریکا دەردەکەوت، بەلأم دواجار وەك هاوپەیمانێکی

---

[1] وفيق عبدالعزيز فهمي: قضية الجلاء وثورة ٢٣ يوليو سنة ١٩٥٢، الدار القومية للطباعة والنشر– القاهرة، ص ١٢١

[2] مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، مصدر سابق، ص ١٦٧

سۆڤیەت خۆی نمایشدەکرد. بەتایبەت، دوای سەردانەکەی ناوبراو بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە مانگی چواری (١٩٥٨ ز)دا، کە چاوی بە سەرۆکی سۆڤیەت (نیکیتا خرۆچۆڤ) کەوتبوو. [١] وەلێ، ئەمەش وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر بە سیاسەتەکانی خۆرئاوا وهێرشە سێ قۆڵییەکەی (بەریتانیا وفەرەنسا وئیسرائیل) بۆ سەر کەناڵی (سویس) لە (٢٩/ ١٠/ ١٩٥٦ ز)دا [٢] وبەرەنگاربوونەوە وڕەتکردنەوەی (ڕێبازی ئایزنهاوەر) لە (٥/ ١/ ١٩٥٧ ز)دا بوو. دەرەنجامی ئەم سەرکێشییەش، سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە میسر لە دوای ساڵی (١٩٥٨ ز)یەوە، ئیدی سیاسەتی دوژمنایەتیکردنی (عەبدولناسر) بوو. [٣]

هەربۆیە، لە گەرمەی شەڕی ساردداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵکشانی فیکری کۆمۆنیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وپارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا وبەرگرتن لە سیاسەتە دوژمنکارییەکانی (عەبدولناسر)، لە (٢٤/ ٢/ ١٩٥٥ ز)دا هاوپەیمانییەك لە کۆمەڵێك وڵاتی ناوچەکە بە ناوی (پەیمانی بەغدا– حلف بغداد) پێکهێنرا. هەڵبەت، ئەو وڵاتانەی لەم هاوپەیمانییەدا بەشدار بوون، هەمان ئەو وڵاتانە بوون کە لە نێوکۆی پشتێنەی ئۆراسیادا بوون. ئەوانیش، تورکیا وئێران وعێراق وپاکستان بوون، بە سپۆنسەری بەریتانیا وبیرۆکەی ئەمریکا. بەڵام، پاشئەوەی عێراق بە هاندانی (جەمال عەبدولناسر) ولە ڕێی کودەتایەکی سەربازیی کە بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز بە سەرکردایەتی پلەبەرز

---

[١] د. أحمد الخميسي: جمال عبدالناصر في أوراق المخابرات الروسية، جريدة الكرنك– القاهرة، ٢٨/ سبتمبر/ ٢٠١٢

[٢] د. لطيفة محمد سالم: أزمة السويس ١٩٥٤– ١٩٥٧، مكتبة مدبولي– القاهرة، ١٩٩٦، ص ٢٥٥

[٣] مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، مصدر سابق، ص ٢٧٩

(عەبدولکەریم قاسم) لە (١٤/ ٧/ ١٩٥٨ ز)دا بەرپایانکرد [1] وکۆتاییان بە حوکمڕانی پاشایەتی هێنا وپاشان جاڕی کۆمارییاندا، ئیدی عێراق لە (٢٤/ ٣/ ١٩٥٩ ز)دا لەم هاوپەیمانییە هاتەدەرەوە. بەمەش، ناوی (پەیمانی بەغدا) بۆ (پەیمانی ناوەندی) (المعاهدة المركزية) یان (سێنتۆ) گۆڕدرا. [2] هەرچەندە، دواجار (عەبدولکەریم قاسم)یش بە هەمان دەردی مەلیك (فاروق)ی میسر چوو، لەبەرئەوەی ڕیسەکەی ئەمریکا وبلۆکی سەرمایەداری دەکردەوە بە خوری.

بەڵام، وەنەبێ ڕێککەوتن وهاوپەیمانیبەستن تەنها بۆ بلۆکی سەرمایەداریی قۆرخ کرابێ، بەڵکو بلۆکی سۆسیالیزمیش بە هەمان شێوە لەگەڵ هاوبیر وهاوپەیمانانی خۆیدا لە سەردەمە جیاجیاکاندا هاوپەیمانی دەبەست. بەڵام، باسەکەمان زیاتر ڕێککەوتننامە سیاسی وسەربازی وئابوورییەکانی بەرەی سەرمایەداریی دەخاتەڕوو. ئەوجا، هاوشێوەی بەرەی خۆرئاوا، یەکێتی سۆڤیەتیش ئا لەم ساتە لە (١٤/ ٥/ ١٩٥٥ ز)دا، لەسەر ئاستی ئۆراسیا (پەیمانی وارشۆ)ی لە نێو هاوڕێبازانی خۆیدا ڕاگەیاند. ئەمە سەرباری ئەوەی لە نێو پشتێنەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، ڕۆژبەڕۆژ پێگەی بەهێزتر ودەستێوەردانی زیاتر ودۆستایەتی قووڵتری لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەك میسر وعێراق وسوریا ویەمەنی باشوور وسۆماڵدا دەبەست. [3] لەگەڵ هاتنی ساڵی (١٩٦٠ ز)دا،

---

[1] جمال مصطفى مردان: عبدالكريم قاسم البداية والسقوط، المكتبة الشرقية طبع. نشر. توزيع، طبع بمطابع الدار العربية- بغداد، ١٩٨٩، ص ٣٠

[2] د. إبراهيم السامرائي: العراق. البلد العربي الذي نخرهُ السياسيون ١٩١٤- ٢٠٠٣ م، الطبعة الاولى، دار المعتز للنشر والتوزيع- عمان، الاردن، ٢٠١٥، ص ٢١٢

[3] حلف بغداد: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

هەریەك لە وڵاتانی عێراق، تونس، جەزائیر، یەمەنی باکوور، ببوونە کۆماریی یاخود پەیڕەویان لە فیکری ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکرد. لە ڕووی تیۆرییەوە، هیچ کام لە دەوڵەتانی عەرەبی بێجگەلە یەمەنی باشوور کە لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت بوو، هاوپەیمانی هیچ لایەنێکی سەرەکی جەنگی سارد نەبوون. بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە، هەموو دەوڵەتە عەرەبییە کۆمارییەکان جگەلە لوبنان، هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت بوون. لە بەرانبەریشدا، دەوڵەتە عەرەبییە شانشینەکان دۆست وهاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون.[١]

بەهۆی لێکەوتەی هاوپەیمانی وپەیوەندییەکانی سۆڤیەت ودەوڵەتانی عەرەبی، ئەمریکا ڕۆژبەڕۆژ نیگەرانیی زیاتر وپەشۆکانی زیاتری بەخۆوەدەبینی. هەربۆیە، سەرۆك (ئایزنهاوەر) لە (٥/ ١/ ١٩٥٧ ز) ولە وتارێکیدا کە ئاڕاستەی کۆنگرێسی کردبوو، (ڕێبازی ئایزنهاوەر)ی ڕاگەیاند.[٢] ئەم ڕێبازە، تایبەت بوو بە بارودۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وبەهاناوەچوونی هەر وڵاتێك لەم ناوچەیەدا گەر مەترسییەکی دەرەکی ڕووی تێبکات، یاخود خوازیاری هاریکاری سەربازیی وکۆمەکی ئابووری ئەمریکا بێت. لە هەمانکاتدا، ئاگادارکردنەوەی میسریش بوو لە ئەگەری دروستکردنی هەر هاوپەیمانییەکی سەربازیی لەگەڵ سۆڤیەتدا، گەر وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە ئەنجامی ئەو هێرشە سێ قۆڵییەی ساڵی (١٩٥٦ ز) کرایە سەری، نیازی شتێکی وەهای هەبێ. هەرچەندە، بۆچوونێکیش هەیە کە گوایە هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕێبازە دەرەنجامێك بووە لە

---

[١] الحرب الباردة العربية: مقالة، موقع المعرفة، ٢٨/ يونيو/ ٢٠٢٠، www.marefa.org

[٢] مبدأ ايزنهاور: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٢/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

دەرەنجامەکانی سەرنەکەوتنی هێرشە سێ قۆڵییە ناوبراوەکەی سەر (کەناڵی سویس) لە (١٩٥٦ ز)دا. [١]

لە ڕاستیدا، ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی خۆرئاوای، کە بە درێژایی ماوەی جەنگی سارد سەرقاڵی هاوپەیمانی بەستن بوون لە کیشوەرگەلی ئەمریکا وئەوروپا وئاسیا وناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمانکاتدا چاوێکیشیان لەسەر (باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا) بووە، بەوەی یەکێکیتر بووە لەو شوێنانەی بایەخێکی جیۆستراتیژی زۆری بەلای ئەمریکا وخۆرئاواوە هەبووە. هەربۆیە، لە (٨/ ٩/ ١٩٥٤ ز)دا، هاوپەیمانییەك بە ناوی (پەیمانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا) [٢] یاخود (پەیمانی مانێلا) ناسراو بە (سیاتۆ) لەدایك ببوو. ئەمە، وێڕای (پەیمانی هاریکاری وئاسایشی هاوبەش) ناسراو بە (پەیمانی ئاسایشی یابانی– ئەمریکی) لە نێوان ئەمریکا ویابان کە لە ساڵی (١٩٦٠ ز)دا واژۆکرا، [٣] وزۆرێکیتر لە ڕێکەوتن وهاوپەیمانی کە لەو ڕۆژگارە ولە گەرمەی جەنگی ساردا دروستببوو. بە هەمان شێوە، ئامانجی سەرەکی ئەم هاوپەیمانییانەش، بەرگرتن لە هەڵکشانی فیکری کۆمۆنیزم ودەستێوەردانی سەربازیی سۆڤیەت وپاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وئەوروپای خۆرئاوا بووە.

هاوشێوەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، شەستەکانیش بارگاوی بە چەندین هاوپەیمانی سەربازیی وئابووریی کرابوو، کە گشتی لەخزمەت

---

[١] مایلز کوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خیر، مصدر سابق، ص ٢٤٢

[٢] سیاتو: مقالة، ویكیبیدیا الموسوعة الحرة، ١٥/ دیسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

[٣] نظرة عامة: معاهدة الامن الیابانیة الامریكیة، موسوعة اللغة العربیة، ٢٠١٦، mimirbook.com

بلۆكی سەرمایەداریی وبلۆكی سۆسیالیستییدا بوون. پێدەچێت، (ڕێبازی نیكسۆن) لەو سەردەمەدا لە هەموویان زیاتر كاریگەریی وناوبانگی هەبووبێ. شایەنی باسە، سەرۆكی ئەمریكا (ڕیچارد نیكسۆن) لە (٢٥/ ٧/ ١٩٦٩ ز)دا، پاش تەنها شەش مانگ لە چوونە نێو كۆشكی سپی وەك سی وحەوتەمین سەرۆك، تەواوی ئەمریكا وجیهانی تووشی شۆك كرد، كاتێك دەستپێشخەرییەكی خستەڕوو بە ناوی (ڕێبازی نیكسۆن).[١] دیارە، خستنەڕووی ئەم ڕێبازە لە كاتێكدا بوو كە ئەمریكا لە پشێوییەكی گەورەی سیاسییدا بوو، بەهۆی تاوسەندنی جەنگی (ڤێتنام) وئەو كوشتارە زۆرەی لە سەربازە ئەمریكییەكان دەكرا بە دەستی شۆڕشگێڕانی (ڤیتكۆنگ) لە جەنگەڵەكانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا، بێجگەلەوەی لێكەوتەكانی جەنگی سارد ودەنگی ناڕەزایی ناوخۆ وسەرهەڵدانی ڕۆشنبیریی بەرهەڵستكاریی، سەرلەبەری دەسەڵاتدارانی خۆرئاوای هەراسان كردبوو.

لە ڕاستیدا، ئەم ڕێبازە نوێیە باسی لەوەدەكرد، كە: "وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كار لەسەر ئەوە دەكات هانی وڵاتانی (جیهانی سێ) بدات، تا ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتی بگرنەئەستۆ لەپێناو بەرگریكردن لە خۆیان. لە كاتێكدا، ڕۆڵی ئەمریكا، تەنها پێشكەشكردنی ڕاوێژ وپێدانی پسپۆڕیی وشارەزایی ودرێژكردنی دەستی یارمەتی دەبێ."[٢] لەو سەردەمەدا، تەواوی گەلی ئەمریكا دژی ئەو شەڕە نەگریسە بوون كە

---

[١] مبدأ نیكسون یطبق سیاسة (الفتنمة) علی العالم: مدارات تأریخیة، صحیفة البیان الاماراتیة- الامارات العربیة المتحدة، ٢٤/ یولیو/ ٢٠٠٩

[٢] مبدأ نیكسون: صحیفة المدینة تصدر عن مؤسسة المدینة للصحافة والنشر- المملكة العربیة السعودیة، الثلاثاء، ١٠/ ٣/ ٢٠١٥

ببوەهۆی بەفیڕۆدانی توانا مرۆیی وماددییەکانی ئەمریکا. لەبەرئەوە، پێویست بوو لەسەر (نیکسۆن) بەدوای دەرچەیەکدا بگەڕێت، تاوەکو ئەمریکا لە زۆنگاوی ڤێتنامدا بهێنێتە دەرێ. هەرچەندە، پێشتریش بەرنامەی کاری ناوبراو بۆ هەڵبژاردن، بەرزکردنەوەی دروشمی (دەرچوون لە ڤێتنام بە ئاشتی وبە ڕێزەوە) بوو. وەلێ، دەرچەکەش لە ڕێی ئەو ڕێبازەوە بوو کە ناودەبرا بە (ڕێبازی نیکسۆن). بەمەش، دەبوو (ڤێتنامی باشوور) کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری لێدەکرا، بەرپرسیاریەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ (ڤێتنامی باکوور) کە یەکێتی سۆڤیەت وچین پشتگیریان لێدەکرد، هەڵبگرێ. لە هەمانکاتدا، دەبوو ئەمریکا لە ڕووی سەربازییەوە دەست لە خاکی ڤێتنام هەڵبگرێ، بێئەوەی دەستبەرداری یارمەتی لۆجستی ببێ بۆ (ڤێتنامی باشوور).[١]

لە سەرەتای شەستەکان تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی کۆتاییهاتنی دووەم جەنگی جیهانیی ودەستەبەربوونی جۆرێك لە خۆشگوزەرانی وئارامیی وگەشەی ئابووری وپێشکەوتنە زانستییەکانی تایبەت بە بۆشایی ئاسمان، ولە هەمانکاتدا بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی لە بەرانبەر جەنگی ڤێتنام وزۆربوونی خۆپیشاندان وناڕەزاییەکان بەرانبەر بە بلۆکی سەرمایەداری، جۆرە ڕۆشنبیرییەك وهزر وفیکرێکی بەرهەڵستکاری لە ناو لاوانی بلۆکی سەرمایەدارییدا بووە دیاردەیەك وسەریهەڵدا، کە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی سیستمی حوکمڕانی ودەسەلاَت دەکرا. سەرەتا، لە ئەمریکا وبەریتانیا، پاشان زۆربەی جیهانی

---

[١] مبدأ نیكسون یطبق سیاسة (الفتنمة) علی العالم: مصدر سابق

خۆرئاوای گرتەوە، بەوەی هەریەك لە شارەکانی (لەندەن ونیویۆرك وسان فرانسیسکۆ)، بوونە مەڵبەندی چالاکی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە.[1]

هەڵبەت لەم دوو دەیەدا، لەلایەکەوە کۆمۆنیزم وسۆسیالیزم زیاتر دەدرەوشانەوە، لەلایەکیتریشەوە سەردەمی چنینەوەی بەرهەمی ئارامیی وگەشەسەندنی ئابووری بوو لە ئەوروپا. وێڕاش، سەردەمی دەرکەوتنی ئەستێرەی (بوونگەرایی) و(چەپی نوێ) وسەرهەڵدانی ئەو شۆڕشانە بوو کە لە نێو ستراکتووری قەوارەی سەرمایەداری لە فەرەنسا وئەمریکادا ڕوویاندەدا. ئەمە بێجگەلەوەی، بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی ویاخیبوون لە بەها باوەکان وشۆڕشی مافە مەدەنییەکان وشۆڕشگەڵی ئافرەتان وسێکسی وهیپییزەکان وبلاْوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان ودەرکەوتنی موزیکی پۆپ بوو. بێگومان، ئەمە سەردەمی تیرۆری سیاسییش بوو لە ئەمریکا، بەوەی کەسایەتییەکی گرنگی وەك سەرۆك (جۆن کێنێدی) تیادا کوژرا، هەروەك چۆن (ڕۆبێرت کێنێدی) برای وڕابەری بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان (مارتن لوتەر کینگ– مارتن لوثر کینغ) وڕابەری موسوڵمانانی ڕەش پێستی ئەمریکا (ماڵکۆم ئێکس)، لەو ماوەیەدا کوژران.[2]

وەلێ هەر لەو ماوەیەدا، جیهان بەگشتی وئەوروپای خۆرئاوا بەتایبەت، لە هەوڵی دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکانیان وبوونی

---

[1] الخط الزمني لثقافة الستينات المضادة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٦/ ديسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

[2] د. النور حمد: ستينات وسبعينات القرن الماضي في حالة الازدهار خارج السياق، صحيفة سودانايل، أول صحيفة الكترونية سودانية، ١٩/ تشرين الثاني/ ٢٠١٧، www.sudanile.com

مرۆڤەكانیاندا بوون. لەسەر ئاستی دەوڵەت، لیبراڵیزم وسكیۆلاریزم وهیومانیزم لە گەشەسەندندا بوون. واتە، وێڕای لابردنی ئاسەواری وێرانكاریی وجەنگ، فەلسەفەش كەوتبووە خۆی لەبۆ خزمەتكردنی مرۆڤایەتی. لەم هەلومەرجەدا، فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودية)، تاكە فەلسەفە بوو كە لە ماوەیەكی كورتدا لە ئەوروپادا ببێتە مۆدە [1] وبتوانێ سەرجەم بوارەكانی ژیان بگرێتەوە وهەوادارێكی زۆری لەسەر ئاستی جیهان بۆ دروستببێ. هەڵبەت، بوونگەرایی، بەر لە هەر شتێك فەلسەفەی مرۆڤایەتی بوو. [2] كۆمەبەستم لەم ڕاڤە ودەربڕینە، ئەوەیە كە بڵێم ئا لەم سەردەمەدا كە بێزاری ورەخنەگرتن لە ئەقڵ وئاییندەی مرۆڤایەتی وبۆرژوا وجیهانی سەرمایەداریی بووە دیاردەیەكی بەرچاوی بەتایبەت خۆرئاوای ئەوروپا، لە هەمانكاتدا تەشەنەسەندنی بیری كۆمۆنیزم ورێسای سۆسیالیزمیش، زیاتر لە دەرگای خۆرئاوای دەدا. دیارە، لە بارودۆخێكی وەهاشدا، یەكێتی سۆڤیەت وسەربازگەی سۆسیالیستی، سوودێكی زۆریان دەبینی.

بێمكووڕیكردن، ئەمە زەنگێكی زۆر مەترسیدار وڕاچڵەكینێكی بەئاگاهێن بوو، كە ئەوروپای خۆرئاوا وئەمریكای وریاكردەوە، كە هەرچی زووە بكەونەخۆ لەپێناو بەرگرتن لە داڕمانی حەتمی پێگە ودەسەڵات وبەها وسیستمی سەرمایەداری. بەتایبەت، دوایئەوەی كە ڕایگشتی ومافی مرۆڤ ودێمۆكراسی وئازادییەكان، هێندەیتر ڕۆچووبوونە نێو

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥

[2] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢

سیستمی حوکمڕانییانەوە. هەربۆیە، پێویست بوو لەسەر خۆرئاوا کە بەدوای دەرچەیەکی گونجاودا بگەڕێ، لە پێناو هێورکردنەوەی شەقام وکپکردنی دەنگی ناڕەزایی وقەیرانەکان ولێکەوتەکانی جەنگی ڤێتنام ودەستێوەردانی سۆڤیەت وهەڵکشانی کۆمۆنیزم وپاراستنی دەستکەوت ودەسەلأتەکانیان. ئەمە وێڕای بەرگرتن لە جەنگێکی جیهانیی ئەتۆمیی نزیك لەو سەردەمەدا، کە سەرەتا لە (١٥/ ٤/ ١٩٦١ ز) بە هەوڵێکی نەزۆك وشکستخواردووی نەیارانی ڕژێمی (کاسترۆ) ودەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) لە (کەنداوی بەرازان) لە باشووری کوبا دەستیپێکرد، [1] پاشان بە (قەیرانی مووشەکیی کوبا) کۆتاییهات، کە هێندەی نەمابوو هەردوو زلهێزەکە لە پاییزی (١٩٦٢ ز)دا بەیەکدا بدەن. [2] ئەوجا، دەربازبوون لەم دۆخە ناهەمووارە وپارێزگاریکردن لە دەستکەوت وبەها ودامەزراوەکان وئارامیی وئاسایش، دانوستان وقوربانیدانی دەویست.

هەڵبەت، پاش هەوڵەکان بۆ کۆتاییهاتنی قەیرانی مووشەکیی کوبا لە ساڵی (١٩٦٢ ز)دا، یەکەمین هەوڵی خۆرئاوا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە وڕێگریکردن لە هەر پێکدادانێکی ئەتۆمیی چاوەڕوانکراو، واژۆکردنی (پەیمانی قەدەغەکردنی تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی بەشەکی) بوو لە (٥/ ٨/ ١٩٦٣ ز)، پاشان گەلاڵەکردنی (پەیماننامەی بلأونەکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکان) لە (١/ ٧/ ١٩٦٨ ز)دا، کە دواتر لەلایەن (وڵاتە

---

[1] خليج الخنازير: محاولة انقلاب بكوبا هددت بحرب نووية/ عسكري واستراتيجي، شبكة الجزيرة الاعلامية، موقع الجزيرة نت، ٢٦/ ١١/ ٢٠١٦، www.aljazeera.net

[2] أزمة صواريخ كوبا: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٩/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

یەکگرتووەکانی ئەمریکا وبەریتانیا ویەکێتی سۆڤیەت)ەوە واژۆکرابوو، وە لە (٥/ ٣/ ١٩٧٠ ز)یشدا کەوتبووە بواری جێبەجێکردنەوە. [١]

لەلایەکیترەوە، (ڕیچارد نیکسۆن)ی سەرۆکی ئەمریکا، لەگەڵ دەستبەکاربوونی لە کۆشکی سپی، خێرا لە مانگی دووی ساڵی (١٩٦٩ ز)دا بە سەردانێك گەیشتبووە بارەگای (ناتۆ). لەو سەردانەیدا، ناوبراو هیواخواستی ئەوەبوو کە سەردەمێکی نوێ لە وتوێژی کراوە لەگەڵ سۆڤیەتدا بێتەدی، وچیتر قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوە کۆتایی پێبهێنرێ. پێدەچێت، ئەم هیواخواستنەی ناوبراو لە نێو سۆڤیەت وپەیمانی وارشۆدا گوێبیستی هەبووبێ. لەبەرئەوەی، پاش مانگێك پەیمانی وارشۆ ڕاگەیەندراوێکی بە ناوی (جاڕنامەی بۆداپێست) ڕاگەیاند، لەبۆ بەستنی کۆنگرەیەك لەپێناو ئاسایشی ئەوروپا. کەواتە، نەرمینواندن وڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی وڕێکەوتنی دوولایەنە لەسەر بەستنی کۆنگرەیەك لەپێناو ئاسایشی کیشوەری ئەوروپا، ئەو باج وقوربانیدان وکارە هەنووکەییە بوو کە پێویست بوو بکرێت.

بەڵام لە بەرانبەر ئەم قوربانیدانەدا، کۆمەڵێك دەستکەوتی دوولایەنەش بەدیهێنرا. بۆ نموونە، دەستکەوتی سۆڤیەت ئەوەبوو کە خۆرئاوا دانی بە قەڵەمڕەویی وسنوورەکانی دەسەڵاتی بلۆکی خۆرهەڵات لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوەنا وەك ڕاستییەك. لە بەرانبەردا، دەستکەوتی خۆرئاواش، ئەوەبوو کە سۆڤیەت بەڵێنی ڕیزگرتن لە

---

[١] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٩

**مافەکانی مرۆڤ ومافی چارەی خۆنوسینی گەلانی ئەوروپایدا.**[1] **ئەوەبوو، ئەندامانی پەیمانی (ناتۆ) وپەیمانی (وارشۆ) لە (١/ ٨/ ١٩٧٥ ز)دا، لە (هێلسنکی) چاویان بە یەك کەوت وکۆبوونەوە لەپێناو ڕێکەوتن وداڕشتنی بنەمایەکی نوێ بۆ ڕێگریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوە، هەروەها چەك داماڵین وئاسایش وهاوکاری نێوان تەواوی وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا، کە پاشان بە (کۆنگرەی ئاسایش وهاریکاری لە ئەوروپا)، یان (بەڵگەنامەی هێلسنکی) ناوزەدکرا.**[2] **بێشك، قۆناغی دووەمی هەوڵەکانی (نیکسۆن) بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخ لەو کاتەدا، ئەوەبوو کە لە مانگی حەوتی ساڵی (١٩٦٩ ز)دا، (ڕێبازی نیکسۆن)ی ڕاگەیاندبوو لەپێناو قوتاربوون لە زەلکاوی ڤێتنام، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا.**

**شیاوی باسە، (١/ ٨/ ١٩٧٥ ز) ئەو مێژووە بوو کە سەردەم وقۆناغێکی نوێی لە هەردوو بەشەکەی ئەوروپادا هێنایە گۆڕێ، وێڕای کارکردن لەسەر چەکداماڵین ودەستەبەرکردنی چاودێری نێودەوڵەتی لەپێناو ئەنجامدانی ئەو کارە. هەرچەندە، بەشێك لە چاودێران بڕوایان وایە، ڕووسیا هەر لە سەرەتاوە وەك وەیشوومەیەك لە بەڵگەنامەی هێلسنکی ڕوانیبوو، بەوەی دواجار دەبێتە هۆی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەو سۆڤیەتەی بۆ ماوەی حەوت دەیە ڕۆڵێکی سەرەکی لە تەرازووی هێزدا دەگێڕا. بێگومان، دڵەڕاوکێکەی سۆڤیەت لە شوێنی خۆیدا بوو، لەبەرئەوەی پاش تێپەڕبوونی دەیە ونیوێك بەسەر ئەم ڕاگەیاندنەی هێلسنکیدا، یەکێتی سۆڤیەت داڕما. پێدەچێت، ئەو**

[1] **منظمة حلف شمال الاطلسي (الناتو): منظمات وأحلاف وتكتلات، موسوعة مقاتل من الصحراء، ٢٠١٩،** www.moqatel.com

[2] **اتفاقية هلسنكي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٥/ فبراير/ ٢٠٢٠،** ar.wikipedia.org

ڕاگەیاندنەی جەختی لە ئازادی ومافەکانی مرۆڤ دەکردەوە، لەگەڵئەوەی لە یەکخستنی ئەوروپا بە هەردوو بەشەکەیەوە هاوکار بوو، لە هەمانکاتدا ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پارچە پارچەکردنی یەکێتی سۆڤیەتدا گێڕابوو.[1] وا دیارە، کۆبوونەوەی (لوتکەی لەندەن)یش کە لە (٢٩/ ٦/ ١٩٧٧ ز)دا بەسترا[2] هێندەیتر قوڕەکەی بۆ سۆڤیەت خەستتر کردبێتەوە، بەوەی ئەویش جەختی لە یەکپارچەیی وپاراستنی ئاسایشی وڵاتانی ئەوروپا وکەمکردنەوەی گرژی نێوان هەردوو بلۆکەکە ودیمۆکراسی وئازادییەکان وڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وپرەنسیپەکانی ئازادی ڕادەربڕین وڕۆژنامەوانیی دەکردەوە، ئەو ئازادییانەی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لێدەکردەوە ولە فەرهەنگی سۆڤیەتدا بوونی نەبوو.

پاش ئەو گەمەیەی ئەمریکا دەستپێشخەری بوو، وە پاش ئەو پشووە کورتەی جەنگی سارد وزامنکردنی ئاسایشی تەواوی ئەوروپا، جارێکیتر گرژییەکان ڕویانکردەوە شانۆی ڕووداوەکان. بەپێی بەڵگەنامەکان، ئەم گرژییانە لە کاتێکدا بوون کە هێزەکانی سۆڤیەت لە (٢٤/ ١٢/ ١٩٧٩ ز)دا، پێشڕەوییانکرد لە داگیرکردنی یەکێك لە وڵاتانی پشتێنەی ئۆراسیا کە ئەفغانستان بوو.[3] بێگومان، ئەم داگیرکارییەش چەند مانگێك دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی وڕووخاندنی

---

[1] ١٩٦٩/٨/١ وثيقة هلسنكي. بداية النهاية لاوروبا الموحدة: مدارات تأريخية، صحيفة البيان الاماراتية– الامارات العربية المتحدة، ٣١/ يوليو/ ٢٠٠٩

[2] منظمة حلف شمال الاطلسي (الناتو): منظمات وأحلاف وتكتلات، مصدر سابق

[3] الجنرال كالوغين: قصة الغزو السوفياتي لافغانستان، سياسي، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٢٣/ ١٢/ ٢٠٠٩، www.aljazeera.net

حکومەتەکەی (شاپوور بەختیار) بوو لە ئێران لە (١١/ ٢/ ١٩٧٩ ز)دا. [١] واتە، ڕووخاندنی یەکێکیتر لە هەمان وڵاتانی پشتێنەی ئۆراسیا. ئەم ڕووداوگەلە، هاندەر بوون بۆئەوەی ئەمریکا لە ڕێی سی ونۆیەمین سەرۆکییەوە کە (جیمی کارتەر) بوو، کاردانەوەی فەرمی خۆی لەسەر ئەم هەنگاوە ڕابگەیەنێت. هەڵبەت، سەرۆکی ناوبراو لە (٢٣/ ١/ ١٩٨٠ ز)دا، نوێترین هەڵوێست وستراتیژی ئەمریکای لەبارەی ئەم داگیرکارییە وئاسایشی کەنداوەوە بە ناوی (ڕێبازی کارتەر)ەوە ڕاگەیاند. بەپێی ئەم ڕێبازە، کە تا ئەمڕۆ بەکارە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی کەنداو، دەڵێ: "هەر هەوڵێك لە هەر هێزێکی دەرەکییەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی کەنداو، بە دەستدرێژی بۆ سەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژماردەکرێ وبە هەر شێوەیەکیشبێ دەبێ ئەو دەستدرێژییە بەرپێبگیرێ، گەر بە هێزی سەربازیشبێ." [٢]

پێدەچێت، هەموو ئەو گفت وپەیمان وڕێککەوتنە دوو قۆڵییانەی بەسترا وباسکرا، بەم هەنگاوە کتوپڕە جارێکیتر بەباچووبێتەوە. دەتوانم بڵێم، پاش ئەو مانگە هەنگوینییە درۆیینەیە، جارێکیتر ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان لە دژایەتیکردنی یەکتر دەرخستەوە. ئەمەش، بە پشتبەستن بە وتەزایەکی (هێنری کیسنجەر)، کە وتبووی: "ئێمە، هەردەم هەوڵی تێکشکاندن وجڵەوگیری دەسەڵاتی سۆڤیەت دەدەین لە هەر شوێنێك دەرکەوێ، وێڕای سەرقاڵکردن وماندووکردنیان لە هەر

---

[١] لقمان خيالي: الجبهة الوطنية ودورها في السياسة الداخلية الايرانية، من منشورات مؤسسة (والا) للنشر والاعلام- السليمانية، ٢٠١١، ص ٢٨٩

[٢] مبدأ كارتر، الرئيس الاميركي جيمي كارتر يعلن استراتيجية أمن الخليج: جريدة الوسط، يومية سياسية مستقلة، ٢٠١٤، ص ٧

سەرکێشییەك کە هەوڵی بۆبدەن." [1] هیچ گومانی تێدا نییە، ئەمە ئامانج وبەرژەوەندی وستراتیژی سەرەکی ئەمریکایە. وەلێ، یەکێتی سۆڤیەت وگشت دەوڵەتانی جیهانیش هەر لە دوێنێوە تا ئەمڕۆکە وسبەینێش، هەر هەموویان بە هەمان ستراتیژ وکارنامەی نەگۆڕ کاردەکەن. هەرچەندە، نەگۆڕی سەرەکی لە سیاسەتدا، ئەوەیە کە سیاسەت بەردەوام لە گۆڕاندایە. [2]

لە مێژووی جەنگی سارددا، سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە قۆناغی دووەمی جەنگەکە دادەنرێت. واتە، گەر لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویەکێتی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ خۆیان بەشداری کێشمەکێش وململانێ سەرەکییەکان بووبێت وهەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمییان لەیەك کردبێت، ئەوا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ساتی داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت لە (١٩٩١ ز)دا، گەمەکە گۆڕدرا وئەمجا لەلایەن کرێگرتە ودەوڵەتانی هاوپەیمانیانەوە، هەڕەشەکان ودژیەکی جێبەجێ دەکران. واتە، دەتوانین بڵێین جەنگی ساردی ڕاستەوخۆی دوو زلهێزەکە گۆڕدرا بە جەنگی بریکارانیان (الحرب بالوكالة).

هەڵبەت سەربارى سەرهەڵدانەوەی گرژییەکان، بەڵام بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت وەهای دەخواست کە جارێکیتر نەرمی لەگەڵ خۆرئاوادا

---

[1] هنري كيسنجر: سنوات التجديد، ت: د. هشام الدجاني، الطبعة الثانية، صدرت هذه الطبعة باتفاقية نشر خاصة بين الناشر مكتبة (العبيكان)- المملكة العربية السعودية وهيئة أبو ظبي للثقافة والتراث (كلمة)- أبو ظبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٠، ص ٥١٣

[2] هشام عقراوي: الثابت في السياسة هو أن كل شىء متغير، مقالة اليوم، صوت كوردستان، مصدر سابق

بنوێنێتەوە، لەبەرئەوەی باش دەیزانی کە لە نێوخۆدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەسەڵاتەکەی گەندەڵتر وکرمۆڵتر دەبێ. ئەمە بێجگەلەوەی، لە (٩/ ١١/ ١٩٨٩ ز)دا، (دیواری بەرلین) پاش (٢٨) ساڵ لە دروستکردنی، کە هێمای جەنگی سارد ودابەشکردنی خاك وگەلی ئەڵمانیا بوو، بە بازووی هەزاران گەنجی ئەڵمانیی ڕووخێندرا [1] ولە (١٨/ ١١/ ١٩٨٩ ز)یشدا، سنووری نێوان هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا بە فەرمی کرایەوە. [2] سەرباری ئەمەش، لانی کەمی مافەکانی مرۆڤ وئازادییەکان وڕادەربڕین وزیندووبوونەوەی هەستی ناسیۆنالیستی وئیتنی وئایینی وئابووری شلۆق وڕەهەندەکانی جەنگی سارد وپرسگەلێکیتر، تێکڕا گورزێکی کوشندەیان لە ستراکتوور وهێزی سۆڤیەت وتەواوی بلۆکی ئەوروپای خۆرهەڵات وەشاندبوو.

هەربۆیە، لە (٣/ ١٢/ ١٩٨٩ ز)دا، سەرلەونوێ هەردوو سەرۆکی دوو زلهێزەکە (میخائیل گۆرباچۆڤ وجۆرج بوشی باوك) لەسەر ڕووی کەشتییەکی سۆڤیەتیی بە ناوی (ماکسیم گۆرگی) سەرەتا چاویان بەیەك کەوتبوو، پاشان (ڕێکەوتننامەی ماڵتا)یان واژۆکردبوو. لەم چاوپێکەوتن وکۆبوونەوەیەدا، هەردوولا جارێکیتر جەختیان لەسەر وەلانانی جەنگی ئەتۆمی وگەڕێکیتری چاوپێکەوتن وهاریکاری دوولایەنە کردبوەوە، وێڕای جاڕی کۆتاییهاتنی جەنگی سارد وململانێی ئایدیۆلۆژی وسیاسی وسەربازی وگرژییەکان وکەمکردنەوەی ژمارەی کلاْوە ئەتۆمییەکان. هەروەها، جەختیان لە ئاشتەوایی وبلاْوکردنەوەی دیمۆکراسی وهاوکاری ئابووری وزانستی دوولایەنەش کردبووەوە. ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا گرنگە

---

[1] جدار برلين: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٣١/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[2] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩

ئاماژەی پێبدرێت، کۆتاییهاتنی تەواوەتی جەنگی سارد بوو. لێرە بەدوا، سیستمێکی جیهانی نوێ سەریهەڵدا، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تیایدا باڵادەست بوو.[١]

چەند مانگێک دوای ئەم ڕێککەوتننامەیە، وپاش تێپەڕبوونی پازدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی هێلسنکیدا، جارێکیتر کۆبوونەوەیەکی لوتکە لە (پاریس) لە (١٩/ ١١/ ١٩٩٠ ز)دا بەسترا، کە تیایدا بە فەرمی وبە کردار جاڕی کۆتایی جەنگی سارد لە نێوان هەردوو سەربازگەکە وسەرەتایەکی نوێ بۆ ئەورووپایەکی نوێ درا. لە ڕاستیدا، هەروەك چۆن لە کۆنگرەی هێلسنکیدا یەکێتی سۆڤیەت دەستپێشخەر بوو، بێگومان لە لوتکەی پاریسیشدا بە هەمان شێوە دەستپێشخەر بوو، لەوەدا کە پێشتر (گۆرباچۆڤ) لە مانگی دوازدەی (١٩٨٩ ز) لە سەردانێکیدا بۆ (ڕۆما) بانگەوازی بۆکردبوو، بە مەبەستی بونیادنانی (ماڵی گەورەی ئەورووپا). دیارە، ئەمەش دەربڕینێکی نوێی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو، لە پاش ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی لە دەوڵەتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا ڕوویاندابوو، لە ئەنجامی خاوبوونەوەی چەپۆکی یەکێتی سۆڤیەت لەسەریان. بێگومان، ئەم ڕووداوانەش بەهۆی سیاسەتە نوێکەی (گۆرباچۆڤ)ەوە بوو،[٢] وەك بەرنامەی چاکسازی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی

---

[١] وضعية ادماجية مؤتمر مالطا: تأريخ، dzofferz مدونة عروض الانترنيت في الجزائر، ٢٠١٦، dzofferz.blogspot.com

[٢] منظمة حلف شمال الاطلسي (الناتو): منظمات وأحلاف وتكتلات، مصدر سابق

ولآت به ناوی (پرۆسترۆیکا)، [1] وسیاسەتی کرانەوە وشەفافیەت بەناوی (گلاسنۆست)ەوە، کە مەبەست لە پرۆسەی دیمۆکراتیزەبوون بوو. [2]

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، لە ئەنجامی ئەو کودەتا سەرنەکەوتووەی ئەندامانی (لیژنەی دەوڵەت بۆ حاڵەتی لەناکاو ولیژنەی مەرکەزیی پارتی کۆمۆنیست) لە (١٩/ ٨/ ١٩٩١ ز)دا پێیهەستان بۆ ڕێگریکردن لە (گۆرباچۆڤ) [3] وە لە ئەنجامی کۆتاییپێهێنانی ڕۆڵی دەستووریی پارتی کۆمۆنیست لە حوکمڕانی وڕێکخستنی دەوڵەت وبەهۆی گەندەڵی ودارمانی تەواوەتی ئابووری وپایەکانی دەوڵەت ولە پیوار (غیاب)ی دەسەلآت وبێسەروبەرییدا، لە (٢١/ ١٢/ ١٩٩١ ز)دا کۆمارەکانی سۆڤیەت یەك لەدوای یەك سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، ولە ڕێی بەیاننامەیەکەوە ڕاگەیاند کە چیتر یەکێتی سۆڤیەت بوونی نەماوە. لە ڕاستیدا، دارمان وپاشەکشەی سۆڤیەت کاتێك خێراتر بوو کە لە بەرواری (٢٥/ ١٢/ ١٩٩١ ز)دا، (گۆرباچۆڤ) دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی کۆمار ڕاگەیاند، [4] بەمەش یەکێتییەکە کۆتاییپێهات. پرۆسەی گلاسنۆست ودیمۆکراتیزەبوونیش کاتێك بەرهەمەکەی بینرا، کە لە (٢٦/ ١٢/ ١٩٩١ ز)دا، یەکەم سەرۆکی یەکێتی ڕووسیا (بۆریس یەڵتسن)، ڕێکەوتننامەی هەڵوەشاندنەوەی (یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستیی)

---

[1] گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣

[2] زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٧

[3] محاولة الانقلاب السوفيتية ١٩٩١: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[4] جۆن ئار. ماتیوز: سەرهەڵدان وڕووخانی یەکێتی سۆڤێت، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلآوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلآت- هەولێر، ل ١٢٨

واژۆکرد. بەمەش، خۆری (یەکێتی سۆڤیەت) ئاوا بوو وبۆ هەتاهەتایە ناوی چووە نێو لاپەڕەکانی مێژووەوە.

هەڵبەت، پەڕتووکی (کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ)ی بیرمەند (فرانسیس فۆکۆیاما) کە لە بەرواری (١٩٩٢ ز)دا بڵاوکرایەوە، باشترین ڕاڤە وشیکاریی لەخۆگرتبوو بۆ ئەو دۆخەی کۆمارەکانی سۆڤیەت. بە بڕوای نووسەرەکەی، دواجار "سیستمی سەرمایەداریی دەبێتە تاکە ئایینی مرۆڤایەتی هەتاهەتایی." [١] ئەوەش لە بیر نەکەین، گوتاری کۆتایی مێژوو، گوتارێك بوو دژ بە مارکسیزم. هەر بە بڕوای (فۆکۆیاما)، بە ڕووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت وبلۆکی سۆسیالیستیی وئایدیۆلۆژیای مارکسیزم، ئیدی تێکڕای جیهان بە سیستمی (سەرمایەداریی لیبراڵیی) گەیشت، کە چیتر جیهان سیستمێکی لەوە باشتر بەخۆوە نابینێ، ئەمەش کۆتایی مێژووە. [٢] بەڵام، سەرباری ڕاستییەکان، ئەوەی ناوبراو دەیڵێت مەرج نییە کۆتایی مێژووبێ. چونکە، گەر سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵیی چەشەکراو بە ئایدیۆلۆژیای لیبراڵ دێمۆکراسی، تاکە سیستمی ئەم سەردەمەی جیهانگیریشبێ، ئەوا مەرج نییە مێژوو بە کۆتا گەیشتبێ. واتە، گەر گوتاری کۆتایی مێژوو مەبەستی لە کۆتایی وکەموکوڕیی مارکسیزمبێ، ئەوا منیش مەبەستم لە کەموکوڕیی لیبراڵ دێمۆکراسی وسیستمی سەرمایەداریی لیبراڵە لەمڕۆدا. [٣] ئەمەش بە پشتبەستن بە

---

[١] أسامة أمين الخولي: العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠، ص ٢٣- ٢٤

[٢] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٣

[٣] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

وتەی (هابرماس)ی فەیلەسووف، کە دەڵێ: "شارستانیەتی خۆرئاوا دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکی ئازادیخوازی مرۆڤانەی قەشەنگ، لەگەڵ سیمایەکی پاوانخوازیی کە خواستی هەژموونگەرایی وخۆسەپاندنی هەیە.[1]

وێڕای ئەم ڕاستییانەش، هەر دوابەدوای شکستی بلۆکی سۆسیالیستیی وبڵاوبوونەوەی گەنگەشە وگوتارگەلێك لەسەر هۆکاری ئەم شکستە وسەرهەڵدانی هەوەسی جوداخوازی وجیاکاری ئیتنی وئاییینی، (تیرۆریزم)یش وەك بەهێزترین بەربژێر ئەو بۆشاییەی دوای داڕمانی سۆڤیەت وسەربازگەی سۆسیالیستی پڕکردەوە کە پێشتر جیهانی سەرمایەداری خوازیاری پڕکردنەوەی بوو، لانیکەم لەنێو کۆمەڵگە وگرووپ وگردبوونەوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی وجیهانی ئیسلامی وکۆمارە ئیسلامییەکانی نێو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. هیچ گومانی تێدا نییە، پێشتر جیهان بۆ ماوەی زیاد لە چل ساڵ وبەپێی لۆژیکی جەنگی سارد، ژیانی بەو شێوەیە بەڕێدەکرد کە: "ئاشتی بەردەست نییە وجەنگیش بەربژێر نییە." بەڵام، لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیست ویەکدا، جیۆسیاسییەکی نوێی تایبەت بە جەنگ وئاشتی دەرکەوت. ئەمڕۆش، دوایئەوەی ئەمریکا بووەتە تاکە هێزی باڵادەست، تەرازووی هێز وداتا وزانیارییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە تیرۆریزم بووەتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی نوێ.[2] بەمانای، دوابەدوای کۆتایی سۆڤیەت وبلۆکی سۆسیالیستی، دیاردەی فەندەمێنتاڵیزم

---

[1] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٤

[2] فرانسوا جيريه: الجيوسياسية الجديدة، ت: هلا أمان الدين، الطبعة الاولى، مكتبة الملك فهد الوطنية- الرياض، ٢٠١٤، ص ٨

(بنەڕەتخوازیی– الاصولية) لەلایەك وتیرۆریزم لەلایەکیتر، سەریانهەڵدا کە ناتوانین بەمەش بڵێین کۆتایی مێژوو، چونکە ئاڕاستە وجووڵە وڕەوڕەوەی مێژوو هەر بەردەوامە. دیارە، بابەتی تیرۆریزم، بوار وبابەتێکی جودایە لەو بابەتەی ئێمە باس وگەنگەشەی لەسەر دەکەین. هەربۆیە، لێرە بەدواوە چیتر باسی تیرۆر وبابەتەکانی پەیوەست بە تیرۆریزم ناکەم.

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، (برژنسکی) لە سەرەتای کتێبێکیدا بە ناوی (تەختی شەترەنجە گەورەکە)، جەختی لەوە کردبوەوە کە ئامانجی کۆتایی سیاسەتی ئەمریکا، پێویستە بێلایەنی ونموونەییبێ. واتە، پێویستە سیاسەتی ئەمریکا لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی جیهانی هاریکار وخۆشگوزەران بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، کورت ببێتەوە. ئەمەش، لە ڕێی پارێزگاریکردن لە ئاڕاستە دوورمەوداکان وبەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ڕەگەزی مرۆیی. بەڵام، لە هەمانکاتدا، هەرگیز نابێت وناشێت ڕکابەرێك یان بەرەنگاربوونەوەیەکی ئۆراسیایی کە لە توانایدابێ زاڵببێ بەسەر ئۆراسیادا، دەربکەوێ. چونکە، ئەمە مانای ڕکابەریی وبەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆی ئەمریکایە. [1] هەڵبەت، ئەم بۆچوونانەی ناوبراو، بنەمایەکی لۆژیکی یا سیاسی یان پابەستبوون ومەبەستێکی تایبەتی لەپشت بوو.

هەر لەم نێوکۆیەدا، جیۆپۆلەتیکناس وستراتیژیستی ئەمریکی (جۆرج فریدمان)، لە کتێبێکیدا بە ناوی (سەد ساڵی داهاتوو)، هۆکاری ئەم هەستیارییەی ئەمریکای بەرانبەر بە پێگەی ئۆراسیا وگەمەکارەکانی

---

[1] زبغنيو بريجنسكي: رقعة الشطرنج الكبرى، ت: أمل الشرقي، مصدر سابق، ص ٦

له (پێنج ئامانجی جیۆپۆلەتیکی)دا کورت کردبوەوە، کە گوایە ستراتیژە مەزنەکەی ئەمریکا ئاڕاستە دەکەن ولێرەدا بە خاڵبەندی دەیخەینەڕوو:

١- باڵادەستبوونی تەواوی دەسەڵاتی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکان بەسەر ئەمریکای باکووردا

٢- پوچەڵکردنەوەی هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە نیوەگۆی خۆرئاواوە

٣- زامنکردنی ڕێگا دەرییاییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەلایەن هێزی دەرییاییەوە بۆ ڕێگرتن لە ئەگەری هەر هێرشێك

٤- دەسەڵاتی تەواو بەسەر ئۆقیانووسەکان وزامنکردنی ئەو دەسەڵاتە بەسەر سیستمی بازرگانی نێودەوڵەتیدا

٥- ڕێگەنەدان بە نەتەوەکانی دیکە، لەوەدا کە ململانێ لەگەڵ هێزە دەریاییە جیهانییەکەی ئەمریکادا بکەن

بەرژەوەندییە بەردەوامەکەی ئەمریکا، لەوەدایە ڕێگە نەدرێت هیچ هێزێکی ئۆراسیایی هێندە هەست بە ئاسایش وئارامیی بکات، کە بەشێك لە بودجەکەی ئاڕاستەی دروستکردنی هێزی دەریایی بکات.[١] واتە، دوابەرژەوەندی ئەمریکا لەوەدایە کە هیچ هێزێك بەتایبەت لە ئۆراسیادا هێندە بەهێز نەبێت کە وەکی ڕکابەرێکی بێهاوتا خۆی نمایش بکات وئەمریکا بخاتە دڵەڕاوکێیەکی قووڵەوە، لە ئاییندەدا. بێگومان،

[١] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤- ٦٩

پوختەی مەبەست لەم دەستپێشخەرییەی ئەمریکا، سۆڤیەتی جاران وڕووسیای ئێستایە بە پلەی یەکەم. بێشك، لە ئێستاشدا هەمان کاری پێشوەختە بۆ ڕێگریکردن لە گەورەبوونی هەر هێزێکی ئۆراسیایی لە ئارادایە، لەو نێوەندەشدا (چین) یەکەمین بەربژێرە.

لەمڕۆدا، نوێترین هەوڵی ئەمریکا خۆی لە یاسای (کاتسا) (CAATSA)دا دەبینێتەوە، کە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لە (٢/ ٨/ ٢٠١٧ ز)دا بڕیاری لەسەردا وئیدارەی پێشووی (ترامپ) وەك نوێترین ستراتیژی ئەمریکا لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان پشتی پێدەبەست.[1] کاتسا، یاسایەکی فیدراڵی ئەمریکایە وناودەبرێ بە (یاسای قەڵاچۆکردنی دوژمنانی ئەمریکا لە ڕێی سزاکانەوە)، کە سزای هەر دەوڵەتێك دەدات چەکی ڕووسی بکڕێت، بەمهۆیەوە سزا بەسەر وڵاتانی ڕووسیا وچین وتورکیا وئێران وکۆریای باکووردا سەپێندرا. پێدەچێت، تورکیاش بەهۆی ئەم یاسایەوە گورزی بەرکەوتبێ، لەبەرئەوەی ئیدارەی (ترامپ)، تەگەرەی بۆ (ئەنقەرە) دروستکرد لە دەستڕاگەیشتن بە فڕۆکەی جەنگی (F-٣٥)ی ئەمریکی، ئەوەش بەهۆی کڕینی سیستمی مووشەکیی ڕووسی (S-٤٠٠) لەلایەن تورکیاوە.[2] بێشك، مەبەستی سەرەکی ئەمریکا لەم یاسایە ڕووسیایە، واتە دووبارەبوونەوە یاخود نوێبوونەوەی جەنگی سارده بە شێواز وبە میکانیزمێکی نوێ. هەرچەندە، قسە لەسەر ئەوەش هەیە کە ئێستا (چین) بەهۆی ئابوورییە زەبەلاحەکەیەوە لەپێش ڕووسیایە

---

[1] ماهو قانون كاتسا الذي يستهدف خصوم الولايات المتحدة؟: دولي، عنب بلدي، مؤسسة اعلامية سورية مستقلة، ١٤/ ١١/ ٢٠١٩، www.enabbaladi.net

[2] ماهو قانون كاتسا.. سيف ترامب المسلط على أنقرة: ترجمات، سكاي نيوز عربية، ١٨/ يوليو/ ٢٠١٩، www.skynewsarabia.com

كە تووڕەبوون ودڵەڕاوكێی ئەمریكای بەدەستهێناوە. كەواتە، هێشتاكێ مێژوو كۆتایی نەهاتووە.

لە ڕاستیدا، ئەو ڕێكەوتن وپەیماننامە دۆستانە ودژبەیەكانەی سەربازگەی خۆرهەڵات وخۆرئاوا كە باسمانكردن، مەرج نییە تەواوی كار وهەوڵەكانی هەردوو بلۆك بووبێ. واتە، نێوەڕۆكی بابەتەكەمان هەر ئەوەندە گەنگەشەی ئەو هەوڵانەی ئاماژەی پێدرا وباسكرا، لەخۆگرتووە. گەرنا، هاوپەیمانی وهەوڵە ئەرێنی ونەرێنییەكانی هەردوولا زۆر لەوەزیاترن. بە درێژایی ساڵانی جەنگی سارد ودواتریش، چەندین ڕێكەوتنی ستراتیژیی بە نهێنی ئەنجامدراوە كە لێرەدا دەرفەت نەبووە باسبكرێن. بەڵام وەك بەركوڵێكی سیمای سیاسەت لەو سەردەمەدا، هەر ئەوەندەم بە پێویستزانی كە پوختەیەكی هاوپەیمانییەكان بخەمەڕوو، چ وەك مێژووی هاوپەیمانییە دۆستانە ودژبەیەكەكان لە سەردەمی جەنگی ساردداِ، چ وەك سیمای لۆژیك وستراتیژیەتی سیاسەت لە سەدەی بیستەمدا.

هەڵبەت، ئەوەی لێرەدا ئاماژەم پێنەداوە ئەوەیە كە لە مێژووی ئەم جەنجاڵی وكێشمەكێشەی دوو سەربازگەكە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بڕی سوود وقازانج وپێگە، كەچی شۆڕشگێڕانی كورد سەرباری ئەوەی هیچ خوێندنەوەیەكیان بۆ ئەم بارودۆخە نەبووە، هەردەم لە هەوڵی ئەوەشدابوون بە خەباتی چەكداری ولوولەی تفەنگەكانیان سەرلەبەری سنوورە دەستكردەكان هەڵوەشێننەوە وبوون وقەبارەی خۆیان لە چەند شوێنێكی جیالەیەكی كوردستان بسەلمێنن. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە كە سەرباری نشوستی ونسكۆ یەكلەدوای یەكەكان، كەچی هەر

سوور بوون لەسەر ستراتیژی خەباتی چەکداری ودووبارەکردنەوەی هەمان بژاردەی دۆڕاوی پێشووتر، بێئەوەی بیر لە گۆڕینی بژاردە وجۆری خەباتی داهاتوو بکەنەوە. کاتێکیش، دەوڵەتێکی ئیقلیمی یا نێودەوڵەتی بە هۆکاری بەرژوەندی وسیاسی خۆی بڕێك چەك وتەقەمەنی پێدەدان، ئیدی لێیان دەبوو بە برای باوکیان وزۆر ئاسایی بوو بەلایانەوە سەرلەبەری پلان وهەنگاوی خەباتەکەیانی بۆ بخەنەڕوو. واتە، گەلی کورد، هەردەم بەم ئەقڵیەتە سەرەتاییە خێڵەکییە بیریکردووەتەوە بۆیە هەردەم مایەپووچ بووە. ئەوجا، کاتێکیش کەسانێکی نیشتمانپەروەر وڕۆشنبیر وزرنگ ئەم هەڵانەیان بدرکاندایە، بە نەیار و(جاسوس) لەقەڵەم دەدران، یان دەبوایە ڕاوەدوو یاخود بکوژرانایە، لەبەرئەوەی دوا بیرکردنەوە ودوا بڕیار، دەبوو تەنها کار وتایبەتمەندی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانمان بوایە.

**شۆڕش لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردیدا :**

دەرخستەی ئەو بەشەی پێشوو، خستنەڕوو وتاووتوێکردنی داکەوت (واقع) وسیمای سەرەکی سیاسەتی سەدەی بیستەم بوو، کە جگە لە ململانێی دوو سەربازگەی هەڵکێشراو لە ئایدیۆلۆژیا وبەرژەوەندی وپێگەی دژ بەیەك، هیچ کونجێك بۆ لایەنی سۆزداری ومرۆڤدۆستی وپشتگیری مافی گەلانی ژێردەستە وستەملێکراو نەمابووەوە. هەڵبەت سەرکردە ومیللەتانی جیهان، باش ئەوەیان دەزانی کە تەواوی وڵاتان لە جیهانێکدا دەژین پشت بە لۆژیکی (خۆت یارمەتی خۆت بدە) دەبەستێت. سیاسەتی نێودەوڵەتیش، بریتی بوو لەو گۆڕەپانەی پرەنسیپەکانی تێدا دەشکێندرا، وبەبێ هیچ سزایەکیش پێچەوانەی پەیڕەو وسیستمەکان مامەڵە دەکرا. [1] گەلی کوردیش، یەکێك بوو لەو گەلانەی لەو سەردەمە ولە ئێستاشدا پشتگیرییەکی ڕاستەقینەی زلهێزان ودەسەڵاتە هەرێمییەکانی لە بارەی مافی چارەی خۆنووسینەوە پێڕەوا نەبینراوە. بۆ نموونە، لە (١٧/ ٤/ ٢٠٠٠ ز)دا، لە میانی کۆبوونەوەیەکی (فرانسیس ڕیکاردۆن)ی ڕێکخەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئاڵوگۆڕ لە عێراق، لە ناوەندی ئاشتی جیهانی سەر بە زانکۆی ئەمریکا ولە ژێر ناوی (کورد لە گۆڕەپانی جیهاندا)، وتبووی: "وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هیچ

---

[1] جۆن جەی میرشەمیر: بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ و: فاروق جەمیل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٣١

**سیاسەتێکی تۆکمەی بەرانبەر بە کوردەکان نییە، ئێمە وەك هاوولاٌتیانی دیکەی ئێران وعێراق وسووریا وتورکیا چاو لە کوردەکان دەکەین." [١]**

**لە ئێستاشدا، ئەمریکا لە هەمبەر کوردان هەمان فۆرم وشێوازی سیاسەتی جەنگی سارد دووبارە دەکاتەوە، کە مۆدێلێکی کلاسیکییە وبریتیە لە مۆدێلی یەکەمی سیاسەتی ئەمریکا کە دەڵێ: "گەر سیاسەتی ئەمریکا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا ببینێتەوە، ئەوا هەمان سیاسەتی تورکیای دەبێت لە هەمبەر دۆزی کورد لە تورکیادا." [٢] کاتێکیش تورکیا لە (٩/ ١٠/ ٢٠١٩ ز)دا، لە ژێر ناوی (کانی ئاشتی) هێرشی کردە سەر کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان، (دۆناڵد ترەمپ)ی سەرۆکی پێشووی ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لێدوانێکی گاڵتەجاڕانە لە (١٧/ ١٠/ ٢٠١٩ ز)دا وتبووی: "ئێمە لە جەنگێکی ناوخۆیی بەشدارنابین، ئەوان دوژمنی سەرسەخت وسروشتی یەکترن، تورکەکان وکوردەکان بە درێژایی چەندین ساڵ لەگەڵ یەکتر شەڕ دەکەن، ئێمە لەو جەنگە ناوخۆییەدا بەشدار نابین." [٣] پاشان، ناوبراو بە تەنزەوە وتبووی: "تورکەکان وکوردەکان وەك دوو منداڵ وان، لێگەڕێ با شەڕ**

---

[١] پ. لۆکمان میهۆ: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، و: وریا ڕەحمانی، لە بلاٌوکراوەکانی دەزگای چاپ وبلاٌوکردنەوەی ڕۆژهەلاٌت، چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٨٠٤

[٢] کریستی لۆرانس: پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیادا، و: ماجید خەلیل فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢

[٣] جۆن بۆڵتن: ژووری ڕوداوەکان- یادەوەرییەکان لە کۆشکی سپییەوە، و: د. دارەوان حامید، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٢٤٥

بکەن، دواتر لێکیان کەرەوە." [1] ئەمە پاداشتی ئەمریکای دیمۆکراتخواز بوو بۆ ئەو کوردانەی ڕۆژئاوا، کە کاریگەرترین وچالاکترین ڕۆڵیان لە قڕکردن وکێومالْکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سووریا دەبینی. بێگومان، ئەمە نوێکردنەوەی هەمان سیاسەتی کلاسیکی ئەمریکا بوو بەرانبەر بە کوردان، کە لە جەنگی سارددا لە برەودابوو.

هەڵسەنگاندن وپێداچوونەوە بە مێژووی بەرژەوەندییەکاندا، زلهێزانی گەیاندبووە ئەو بڕوایەی کە ناکرێت وناشێت لە ناوەڕاستی پشتێنەی ئۆراسیادا لێکترازاندنێك دروستببێت (واتە قەوارەیەکی سیاسی کوردی دروستببێ)، کە دواجار ببێتە مایەی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی خودی پشتێنەکە وزیانێکی مەزن بە بەرژەوەندی زلهێزان ببەخشێ. وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، ئەوەی مایەی نیگەرانی وسەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە بەرانبەردا گەلی کوردیش بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، هەردەم لە خەیاڵی ئەوەدا بووە بە زەبری تفەنگ وڕاپەڕینی ناوچەیی کە بە بڕوای خۆی ئەوە شۆڕش بووە، سەرلەبەری سنوورە دەستکردە تۆکمەکان تارومار بکات ولانیکەم دەسەڵاتێکی خۆجێیی لە یەکێك لە ناوچە جیاجیاکانی خاکی بەرینی کوردستاندا بونیادبنێ.

دەتوانم بڵێم، لەپێش پەیمانی (ئەنگلۆ- عوسمانی) کە لە (١٩/ ٧/ ١٩١٣ ز)دا لە نێوان بەریتانیا ودەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرا، [2] وە سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی وقاجاری لەلایەك ولەلایەکیتریشەوە

---

[1] ترامب: الاتراك والاكراد مثل ولدين ينبغي عليك أن تدعهما يتقاتلان ثم تبعدهما عن بعضهما: موقع مونت كارلو الدولية، ١٨/ ١٠/ ٢٠١٩، www.mc-doualiya.com

[2] المعاهدة الانجلو- عثمانية لعام ١٩١٣: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٨/ ديسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

سنوورگەلی هەریەك لە (كوێت وقەتەر وبەحرێن وكەنداو) لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەستنیشانكرا، جگەلە دیاریكردنی بوار وسنووری دەریاوانی، هەروەها بەپێی كۆنووسی لیژنەی دیاریكردنی سنوور لە (١٩١٤ ز)دا، ودواتریش بەپێی پرۆتۆكۆلی پاشكۆی پەیماننامەی ساڵی (١٩٣٧ ز) بۆ دابەشكردنی ئاوی (شەتولعەرەب– شط العرب) لە نێوان عێراق وئێران [١] وتەواوی ئەو ناوچەیەی بە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) ناودێر دەكرێ، زۆر بە وریایی وهەستیارییەوە، وەك گەوهەرێكی درەوشاوە لەلایەن زلهێزانی ئەو سەردەمە بە ئێستاشەوە مامەڵە لەگەڵ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست كراوە ودەكرێت. كەواتە، ئایا هەوڵەكانی گەلی كورد لەو سەردەمە ولەو هاوكێشە ئاڵۆزەی بەرژەوەندی زلهێزاندا، تا چەند سەركەوتوو بووە؟ ئایا لە كێبڕكێی بەرژەوەندی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، گەلی كورد توانیویەتی دەستكەوتەكان بچنێتەوە؟ دەكرێ بڵێین ئایا كورد توانیویەتی تەنانەت خۆی فڕێبداتە سەر مێزی گفتوگۆی زلهێزان؟ لە كاتێكدا زۆربەی زۆری هەوڵەكانی گەلی كورد نەزۆك وخێڵەكی وناوچەیی وبێ بەرنامە بووە نەك نەتەوەیی وبە پلان وسەرتاپاگیر.

پێش چوونە ناو كرۆكی بابەتەكەوە وبە بڕوای كۆمەڵێك توێژەر ونووسەر، گوایە لە ڕووی زانستی كۆمەڵناسییەوە، وشەی ڕاپەڕین شیاو وگونجاوترە وەك لە وشەی شۆڕش، بۆ بزاڤ وجموجووڵە چەكدارییەكانی كورد بە درێژایی مێژووی ساڵانی خەبات وتێكۆشان. [٢] واتە، ئەوەی كورد

---

[١] شط العرب واندلاع الحرب العراقية الايرانية، جذور الازمة: الشرق الاوسط، موقع بي بي سي العربي، ٣/ سبتمبر/ ٢٠١٠، www.bbc.com/arabic

[٢] د. خەسرەو عبدالرحيم نجم: دروستكردنی عێراق وكارەساتی ئاسوری ١٩١٤– ١٩٣٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨

هەردەم بە شۆڕشی زانیوە وبە شۆڕش ناویدەبات، جگە لە ڕاپەڕینێکی ناوچەیی وخێڵەکی وکاردانەوەیەکی کاتی، هەرگیز ناکرێت بخرێتە ناو خانەی شۆڕشەوە. چونکە، شۆڕش چەمکێکی سیاسی فراوان وبەرینی هەیە، [1] ومانا ودەلالاتێکی زۆر قووڵ وگشتگیر لەخۆدەگرێ. هەرچەندە، کۆدەنگییەکیش هەیە کە هەموو شۆڕشێك ڕاپەڕینێکی جەماوەرییە. [2]

بەشێك لە بیرمەندان، دەڵێن شۆڕش هەردەم ڕوانینێکی گشتگیری هەبووە، کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئیرادەی گۆڕانکاری لە ڕووی کۆمەڵایەتی وئابووری وفیکرییەوە دەدات. دەوترێ، شۆڕش، فراژووتن وئاوەژووکردنی سیستمی حوکمڕانییە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە. [3] یاخود، شۆڕش، گۆڕانێکی بنەڕەتی وڕیشەییە بەهۆی توندوتیژییەکی لەناکاوەوە. [4] ئەمە جگە لەوەی، هەموو کات شۆڕشەکان خاوەنی کەسایەتییەکی کاریزمای موقەدەسی خاوەن پلانی کاریگەر بوون، کە دواجار بوونەتە داینەمۆ وڕێنیشاندەر وڕۆحی شۆڕشەکە. ئەوجا، گەر کۆمەڵێك هەبێ وخوازیاری بەجێهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوبێ، ئەوا پێویستە ڕێکخستنێکیش بۆ ڕێکخستنیان هەبێ. هەڵبەت، هەموو ڕێکخستنێکیش سەرکردایەتییەکی دەوێ، لەبەرئەوە یەکەی سەرکردایەتی ئەرکێکی یەکجار گرنگ ومەترسیدار

[1] مەلا بەختیار: شۆڕشی کوردستان وگۆڕانکارییەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان"، چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٢٣٣

[2] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨٦

[3] د. محمد علي آل ياسين: القانون الدستوري، المبادىء الدستورية العامة، مصدر سابق، ص ٧١

[4] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٠

وپێویسته.[1]

لێرەدا، دەكرێ بپرسین ئایا ئەوەی گەلی كورد لە تەواوی مێژووی سەدەی بیستەمدا بە شۆڕشی زانیوە، لە توانایدا بووە چ سیستمێكی حوكمڕانی لە پارچەكانی كوردستانی داگیركراودا بگۆڕێ ولە شوێنیدا سیستمێكی حوكمڕانی نوێ بونیاد ودابمەزرێنێ، هاوشێوەی شۆڕشگەلی فەرەنسی وڕووسی وچینی وهندی وئێرانی وتوركی وئەوانەیتر؟ خۆ ئەگەر، باس لە حوكمڕانی هەرێمی كوردستان بكرێت كە گوایە لە ڕێی شۆڕشەوە بووە، ئەوا بابەتێكی هەڵە وجیاوازە، بەوەی ئەو گۆڕانكارییە نەك هەرێمی كوردستان بگرە تەواوی عێراقیشی گرتەوە. لە ڕاستیدا، لە دوای ڕووخاندنی سۆڤیەت وبلۆكی سۆسیالیستی، ڕزگاركردنی عێراق لە كارە پێشینەكانی ئەمریكا وبلۆكی سەرمایەداری بوو. پێدەچێت هێندەی ڕزگاركردنی عێراق سیاسەتی پێداچوونەوە بە پشتێنەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ودووبارە فۆرمەلەكردنی سەربازانی شەترەنجەكە بووبێ، هێندە ڕاپەڕینێكی جەماوەری سەرتاسەری نەبووبێ. گەر پلان ولەشكركێشی ئەمریكا وخۆرئاوا نەبووایە، ئەستەمبوو نەیارانی (سەدام) بە كوردیشەوە بتوانن سیستمی حوكمڕانیی ڕژێمی (بەعس) بگۆڕن، هەروەك چۆن پلان وهاریكاری ئەمریكا وخۆرئاوا هاوكار بوو لە گۆڕینی ڕژێمی (شای ئێران) بە ڕژێمەكەی (خومەینی) وسەركەوتنی شۆڕشە نەرێنییەكەی.

كەواتە، هۆكارەكانی سەركەوتن یان ژێركەوتنی هەر شۆڕشێك وێڕای هەڵهاتن وهەڵترشانی بارودۆخ، پەیوەستیشە بە دەستەبەربوونی كۆمەڵێك مەرجەوە، گرنگترینیان بوونی ئەقڵێكی ڕێكخەرە بۆ جوڵانەوە

---

[1] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٧٠

میللییەکە. وەلێ، ئەو ئەقڵە دەبێتە ئەو کۆگار (مَرجَع) وسەرکردە ڕێکخەرە جەماوەرییەی سەرجەم باڵەکانی گەل بەرەوپێش دەبات ودوانگە (مِنبَر)ی بانگەوازی شۆڕشیش بڵندتر دەکات، ئەو شۆڕشەی جەماوەری تووڕە لەپێناویدا ڕژاونەتە سەر شەقام.[1] بەڵام، بزووتنەوە چەکدارییەکانی کورد، هەرگیز نە گشتگیر بوون نە خاوەنی یەک کۆگار ویەک پرۆگرام ویەک ئەقڵی ڕێکخەر بوون. مانای، لەگەڵئەوەی مێژووی ڕاپەڕینە بەردەوامەکانی کورد بە ئێستاشەوە نەیتوانیوە مۆرکی گشتگیریی هەبێ، هەرگیز خاوەن یەک سەرکردەش نەبووە. واتە، سەرکردەی ڕاپەڕینەکانی پێشوو، سەرکردەی یەک خێڵ یەک مەزهەب یەک ناوچەی جیا بوون. بێگومان، قورسە سەرکردەی ناوچەیەک لە ناوچەکانیتر پشتیوان ولایەنگر ودواکەوتەی هەبووبێ، وێڕای ئایین ومەزهەب وناوچە وخێڵ و....هتد، کە هەردەم کۆسپی گەورەی بەردەم بزوتنەوە بەردەوامەکانی کورد بوون، ئەمە وسەرباری نەبوونی هێزێکی چەکداری یەککگرتووی دیسپلینکراو وپرۆژەی ناسیۆنالیزم وتێنەگەیشتن لە هونەری سیاسەت ومانای دەسەڵاتکردن.

وێڕای ئەم شیکارییە، بەڵام بە گشتی فەیلەسووفان وبیرمەندان وتیۆرسازان، سوورن لەسەرئەوەی گەر شۆڕش بۆ مانایەکی فراوانتر وئاییندەیەکی گەشتر وگۆڕان هەوڵ نەدات، ئەوا دواجار پاشەکشە وبێرۆکراسیەتی کوشندە چاوەڕوانیەتی. واتە، هەموو شۆڕشێک یان ڕاپەڕینێک گەر گۆڕانکارییەکی جۆریی لە کۆمەڵگەدا بەدینەهێنێت، ئەگەر سەرکەوتووشبێ لە ڕووخاندنی ڕژێم یان دەرپەڕاندنی داگیرکەر، ئەوا

[1] عبدالکریم آل شیخ حمود: القیادة الصالحة والهدفیة. سر نجاح الثورة، وکالة أنباء براثا، ٢٩/ ٨/ ٢٠١٨، burathanews.com

دواجار دەبێتە شۆڕشێکی شکستخواردوو.[1] کەواتە، مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی هەر شۆڕش یان ڕاپەڕین یاخود بزوتنەوەیەکی چەکداری، ئەوەیە کە دەبێت دواجار گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو یان چاکسازی یان گوزەر بەرەو دیمۆکراسی بخوڵقێنێ. بەڵام، لە ڕاستیدا مێژووی شۆڕشەکان بە دەگمەن باس لە گۆڕان ودەساودەسکردنی دەسەڵات لە دەستەی شۆڕشگێڕەوە بۆ دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیری هەڵبژێردراو دەکەن، کە بە شێوەی ئاشتی یاخود لە پرۆسە وکردارێکی دیمۆکراسیدا ئەنجامدرابێ. هەڵبەت، ڕەوشی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، ڕەوشێکە کە تیایدا ئەگەری چاکسازی وگۆڕانی بنچینەیی لە پێکهاتەی دەوڵەت ودەساودەسکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەئارادایە.[2] ئەوجا لەسەر ئاستی کەسیی شۆڕشگێڕیش، (جیڤارا) وتەنی: "ئەوەی کە هەڵگری چەکە گەر هەڵگری فیکر نەبێ لەگەڵیدا، ئەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێتە چەتە وڕێگر."[3] واتە، پێویستە شۆڕشگێڕ کەسێکی ڕۆشنبیری خاوەن فیکربێ.

کەواتە، ئەستەمە شۆڕش وخەباتی چەکداری، گوزەر بەرەو دیمۆکراسی بخوڵقێنن، چونکە دواجار شۆڕش نەوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕ بەرهەمدێنێ، کە بڕوای تەواوی بە توندوتیژی وخەباتی چەکداری هەیە، نەك بە کرداری دیمۆکراسی وچاکسازی لەپێناو گەڕاندنەوەی کەرامەت وشکۆی شکاوی گەلێك. هەروەها، مەرج نییە شۆڕشگێڕانیش هەڵگری

---

[1] سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەکان، و: سابیر عەبدوڵڵا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥

[3] عشاق آرنستو تشي جيفارا: كل من يحمل سلاح ولا يحمل معه فكراً سيصبح يوماً ما قاطع طريق، موقع فيسبوك، ١٦/ ٦/ ٢٠١٩، www.facebook.com

فیکرێکی تۆلێرانسبن، بەڵکو دەشێت هەڵگری فیکرێکی تۆتالیتاربن. لەبەرئەمەیە کە وتراوە: "شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات." [1] دیارە لە بنچینەدا، ئەمە وتەیەکی (فێرجینیۆ)ی کەسایەتی میانڕەوی فەرەنسی بووە کە وتبووی: "شۆڕش، وەك (ساترن) (خواوەندی کشتوکاڵی ڕۆمان) وایە ڕۆڵەکانی خۆی هەڵدەلووشێ." [2] گەرچی دواجار ولەبەردەم ئامێری سەرپەڕین (مقصلة)، شۆڕشگێڕی توندڕەوی فەرەنسی (جۆرج دانتۆن)، لە دوا ساتی ژیانیدا ئەم وتەزایە بە شێوەیەکی پوختتر دووبارە دەکاتەوە ودەڵێت: "شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات." [3] گومانی تیا نییە، هەردەم سیستمی حوکمڕانی شۆڕشگێڕان، ڕەچاوی شەرعیەت ویاسا ناکات، لەبەرئەوەی چەمکی شۆڕش هیچ واتایەکی شەرعی ویاسایی نییە، هەر ئەمەشە کە بووەتە هۆی سەرچاوەی لاوازی شۆڕش بە بەردەوامی. [4] واتە وەك پێشتر ئامارژەمپێدا، شۆڕش گەر شەرعیەتی دروستبوونیشی هەبێ، شەرعیەتی یاسایی (مەشروعیەت)ی نابێ. [5]

لەسەر ئەم بابەتە، وتەزایەکی فەرەنسی هەیە، دەڵێ: "ئاسانە شۆڕش دەستپێبکات، بەڵام ئەستەمە بە ئاشتی کۆتایی پێبهێنرێت." [6] مانای، ڕاستاندنی وتەزاکەی (دانتۆن)ی شۆڕشگێڕە کە بە دەستی هاوڕێ

---

[1] معتزبالله عبدالفتاح: حتى لا تاكل الثورة المصرية ابناءها، موقع الوطن، الثلاثاء، ٢/ ٤/ ٢٠١٣، elwatannews.com www.

[2] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ١٦٨

[3] شوكت جميل: هل تأكل الثورة أبناءها، ولما؟ الحوار المتمدن، ١٦/ ٩/ ٢٠١٣، www.ahewar.org

[4] مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، مصدر سابق، ص ٣٨

[5] ثورة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، مصدر سابق

[6] عمر الصلح: الثورة تأكل ابناءها، مقالات، منتدى روسيا اليوم، ٢٨/ ٩/ ٢٠١٢، arabic.rt.com

شۆڕشگێڕەکانی سەری لە لاشەی جیاکرایەوە. ئەمەش پشتڕاستکەرەوەی وتەکانی پێشوومە، کاتێك وتم شۆڕشگێڕان بڕوایان بە توندوتیژییە نەك بە میانڕەوی. هەرچەندە لە فەرەنسا ولەسەر دەستی بیرمەندانی فەرەنسی ئەو سەردەمە، وتەزا ومانگاگەلێك بۆ چەمکی شۆڕش ڕووناکییان بینی، بەلاّم لە هەموویان مانادارتر ئەو وتەزایە بوو کە سەردەمانی دواتر (جیڤارا) بە شێوازێکیتر دایڕشتەوە، کە دەیگوت: "شۆڕش لەلایەن بیرمەندان پلانی بۆ دادەڕێژرێت، لەلایەن جوامێران بەرپادەکرێت، لەلایەن هەلپەرستانیش بەرهەمەکەی دەچنرێتەوە." [١] پوختەی مەبەست، ئەوەیە کە پێدەچێت ڕاپەڕینەکانی کوردیش هاوشێوەی شۆڕشەکان، دواجار هەلپەرستەکان سوودمەند بووبن، وێڕای ئەوەی شۆڕشگێڕەکانیش توندڕەو بوون. بەلاّم، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ودەبێتە کرۆکی بابەتەکە، ئاستی سەرکەوتن وبەئەنجامگەیاندنی کۆتا مەبەستە لەم هەولاّنەی گەلی کورد. سەرباری ئەوەی جوامێرگەلێکی ڕۆڵەی کورد شەهید وگیانی پیرۆزی خۆیان بە خاك سپارد، بەلاّم ئایا بیرمەندان وداڕێژەرانی ڕاپەڕینەکانی کورد تا چەند تەریب بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان وڕووداوە هەنووکەییەکانی جیهان وگەمەی نەتەوەکان وڕوانگەی دوو سەربازگەکە، خوێندنەوەیەکی ڕوون و واقیعییان بۆ ڕووداوەکان هەبووە لەو سەردەمەدا ؟

سەد ساڵ بەر لە ئێستا، بەپێی پەیماننامەی (سایکس پیکۆ) لە (١٦/ ٥/ ١٩١٦ ز)دا [٢] ودواتریش لەڕێی پەیماننامەی (لۆزان) لە (٢٤/ ٧/

---

[١] فادي قدري أبوبكر: نظرية الثورة المنبعجة، مقالة، مدونة ميدل ايست أونلاين، ٢٦/ ١٢/ ٢٠١٥، middle-east-online.com

[٢] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاّوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٣٩

١٩٢٣ ز)دا [1] وبەهۆی یەکنەگرتوویی کوردەوە، (ویلایەتی موسڵ) کە هەڵگری نەخشەی باشووری کوردستان بوو، لە کوردستانی گەورە دابڕا ولکێندرا بە عێراقی عەرەبەوە. ئەمڕۆ، پاش سەد ساڵ بەسەر ئەم پەیماننامەیەدا، لەبریئەوەی کورد یەکدەست ویەککگرتوو هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەم ناوچەیە بدات وکەلتووری پەرتەوازەیی جێبهێڵێ وکۆتایی بەو پەیماننامە شوومانە بهێنێ، کەچی نەك هەر نەیتوانیوە تەواوی خاکی ویلایەتی موسڵ بۆ زێدی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکو بە هەمان شێوەی پێشوو ماوەتەوە وبەپێی بەرژەوەندی حزبییش، جیاکاریی وزۆنی ڕەنگاوڕەنگی تێدا نەخشاندووە.

بەپێی بەڵگەنامە سەرچاوەییەکان، لە پەیمانی (سیڤەر) (١٠/ ٨/ ١٩٢٠ ز)دا، کاتێك (شەریف پاشا) وەك نوێنەری کورد وتاکە بەشداربوو ڕێگەی پێدرا داکۆکی لە مافی گەلی کورد بکات لە سەربەخۆبوون وجیابوونەوە لە دەوڵەتی تورکیا بەپێی ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)، [2] کەچی لە ناو پەرلەمانی تورکیادا، چەند پەرلەمانتارێکی کورد هەبوون ئەوپەڕی داکۆکیان لەوە دەکرد کە دەبێت کورد وابەستەی دەوڵەتی تورکیابێ. دیارە، پەرلەمانتار (حسێن عەونی) یەکێك بوو لەوانەی دەیوت: "ئەم ولاّتە هینی کورد وتورکە، ئێمەش وەك کورد هەرگیز نامانەوێ لە تورکەکان جیاببینەوە." وەلێ، (حەسەن خەیری)ش، یەکێکیتر بوو لەو پەرلەمانتارە کوردانەی دێرسیم، کە بە هاندانی (مستەفا کەمال) چەندین نامەی ناردبوو بۆ کۆنگرەی ناوبراو، تا ڕاییبگەیەنێت کە هەرگیز کورد نایەوێ لە تورکیا جیاببێتەوە. کار گەیشتە ئەوەی، ناوبراو بە جلی

---

[1] باسيلي نيكيتين: الكرد، ت: د. نوري طالباني، مصدر سابق، ص ٣٢٨

[2] ژیلوان عەبدوڵلاّ هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦

**کوردی وله کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی نێو پەرلەمانی تورکیادا دووبارە داکۆکی لە هەڵوێستەکانی پێشووی بکات، وێڕای ناردنی سەرجەم وێنە ولێدوانەکانی بۆ کۆنگرەی (سیڤەر). بەڵام، دوای لەگۆڕنانی (سیڤەر) ولەدایکبوونی (لۆزان)، کەچی (حەسەن خەیری) پاش ئەو هەموو خزمەتەی بۆ داگیرکەران، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆدەرچوو. تەنها تاوانیش، ئەوە بوو کە بە جلی کوردی وبە زمانی کوردی لەنێو پەرلەمانی تورکیا لە (ئەنقەرە) قسەی کردبوو، ئەویش تەنها خزمەتکاریی وداکۆکیکردن بوو لە پێکەوە ژیانی تورك وکورد.** [1]

**دوایئەوەی لە (٢٣/ ٨/ ١٩٢١ ز)دا، شا (فەیسەڵی کوڕی حسێن) وەك پاشای عێراق لەلایەن شانشینی یەککگرتووەوە دەستنیشانکرا، لە (١٠/ ١٠/ ١٩٢٢ ز)دا عێراق وبەریتانیا پەیماننامەی (ئینگلیزی– عێراقی)یان واژۆکرد.** [2] **بەپێی ماددەی (٨)ی ئەم پەیماننامەیە، بە ئاشکرا ئاماژە بەوە کرابوو کە هیچ بەشێکی خاکی عێراق نە دەبەخشرێت وە نە دەخرێتە ژێر چاودێری ودەسەڵاتی هیچ هێزێکی بیانی ودەرەکییەوە.** [3] **بێگومان، ئەمە بۆنی ئەوەی لێدەهات کە هەر لە سەرەتاوە بەریتانیا مڕی لە ویلایەتی موسڵ خۆشکردبێ. بەڵام، تا ئەو کاتەش شانشینی عێراق لە هەردوو ویلایەتی (بەغدا وبەسرە) پێکهاتبوو، هەرچی ویلایەتی (موسڵ)یشە بە هەڵواسراویی مابووەوە، واتە سنووری عێراق هێشتا کامڵ نەبووبوو. لەلایەکیترەوە، ئینگلیز وعێراق لە (٢٤/ ١٢/ ١٩٢٢ ز)دا، دوو**

---

[1] **ولید جولي: الندم بعد الكارثة، مقالات، موقع حزب الاتحاد الديمقراطي، ٢٢/ ١/ ٢٠١٧،** pydrojava.net

[2] **الاتفاقيات العراقية البريطانية ١٩٢٢– ١٩٢٧، شبكة عراقيبيديا، ٢٠٢٠،** wikiraq.org

[3] **د. خەسرەو عبدالرحیم نجم: دروستکردنی عێراق وکارەساتی ئاسوری ١٩١٤– ١٩٣٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩**

**قۆڵی بڕیارێك دەردەكەن بۆ ڕێگرتن لەوەی (شێخ مەحمود) نەكەوێتە بەرەی توركیاوە. [1] دیارە، ئەوەش بە مەبەستی لكاندنی ئەم ویلایەتە بە عێراقەوە بوو، لە داهاتوودا. بەمهۆیەوە، (كۆمەڵەی نەتەوەكان- عصبة الامم) ڕۆژی سێشەممە (٩/٣٠/ ١٩٢٤ ز)، لە سییەمین دانیشتنیدا لە (ژنێڤ) كە تایبەت كرابوو بۆ پرسی سنووری عێراق، بڕیاریدا بە پێكهێنانی لیژنەیەكی سیٚ كەسیی بۆ كۆكردنەوەی زانیاری وڕاستییەكان لەسەر ویلایەتی موسڵ. [2]**

**بێگومان، هەر زوو شا (فەیسەڵی یەكەم) ئەوەی دووپاتكردبووەوە كە عێراق بەبیٚ موسڵ بوونی نابێت. [3] دوابەدوای (كۆنگرەی قاهیرە)ی ئاداری (١٩٢١ ز)، ناوبراو لە دوو نامەیدا داوای لە مەندوبی سامی بەریتانیا لە عێراق كردبوو، كوردستان بخەنە سەر عێراق. (وینستۆن چەرچڵ)ی وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیاش وەڵامی ناوبراوی دابووەوە كە "ئێمە بەڵێنی دەوڵەتمان بە تۆ داوە نەك ئیمپراتۆریی، كورد نەتەوەیەكن خاوەنی جوگرافیای خۆیانن وسنووریان زنجیرە چیای حەمرینە." [4] لە (١٧/ ١/ ١٩٢٥ ز)دا، جارێكیتر شای عێراق لە ڕاپۆرتێكیدا**

---

[1] د. خەسرەو عبدالرحیم نجم: دروستكردنی عێراق وكارەساتی ئاسوری ١٩١٤- ١٩٣٤، چاپی یەكەم، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠١٨، ل ١١٦

[2] ولاية الموصل: تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركي البريطاني حول ولاية الموصل ١٩٢٤- ١٩٢٥، مراجعة وتحقيق: عبدالرزاق محمود القيسي، مركز الدراسات الكردية (كوردولوجي)، مطبعة رەنج- السليمانية، ٢٠٠٩، ص ١٩

[3] E. af Wirsen: كۆمیسیۆنی ویلایەتی موسڵ، و: كاوە ئەمین، چاپی یەكەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣١

[4] مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، چاپی سێیەم، چاپخانەی رۆكسانا- هەولێر، تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، ل ٢٧

که ئامادەیکردبوو بیداتە دەست نوێنەری باڵای بەریتانیا (سێر هێنری دۆبس) ولیژنەی لێکۆڵینەوە لە کێشەی ویلایەتی موسڵ، ئەوەی تێدا نووسیبوو کە موسڵ بۆ عێراق وەك سەر بۆ لەشی مرۆڤ وایە، وکێشەی موسڵ کێشەی هەموو عێراقە. [1]

لەلایەکیترەوە، (کۆمەڵەی کوردی) لە (سلێمانی) لە (١/ ١٠/ ١٩٢٤ ز)دا، واتە پێشئەوەی لیژنە نێودەوڵەتییەکە بۆ لێکۆڵینەوە بگەنە کوردستان، یاداشتێك ڕەوانەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکەن ودژایەتی وناڕەزایی خۆیانی تێدا دەخەنەڕوو بۆ ئەو داخوازییانەی تورکیا لە هەمبەر ویلایەتی موسڵ ولکاندنی بە تورکیاوە. کۆمەڵەی ناوبراو، ئەوەی خستبووەڕوو کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان کورد وتورکدا نییە، تەنها ئەوە نەبێ کە ئایینیان یەکە. [2]

پاش گەڵاڵەبوونی زانیارییەکان لە ڕاپۆرتێکدا لەسەر بارودۆخی ویلایەتی موسڵ لە (١٦/ ٧/ ١٩٢٥ ز)دا، [3] وبۆچوونی دانیشتوانەکەی وگشتپرسی لەسەر لکاندنیان بە عێراق یان بە تورکیا، لیژنەکە لە بەرژەوەندی بەریتانیا دوا ڕاپۆرتی خستبووە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکان. بەپێی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە، زۆربەی ئەو دانیشتوانەی پرسیان پێکراوە (واتە کوردەکان)، ڕایان وابووە کە لە بری گەڕانەوەیان بۆ ژێر حوکمی

---

[1] د. فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاك- سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٨٦

[2] خالد دلير: كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟، الطبعة الثانية- السليمانية، كوردستان، ٢٠٠٤، ص ١٦

[3] ولاية الموصل: تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركي البريطاني حول ولاية الموصل ١٩٢٤- ١٩٢٥، مراجعة وتحقيق: عبدالرزاق محمود القيسي، مصدر سابق، ص ٢٣١

تورك، بچنە پاڵ عێراق ولەگەڵ عێراقدا بژین. ئەم ڕاپرسییە، تەنیا دوو هەڵبژاردەی مانەوە لەگەڵ توركیا یان چوونە پاڵ عێراقیان بە دانیشتوانی ئەم ناوچەیەی كوردستان دابوو، وە لە پرسپێكردنەكەدا مەبەستیان هەڵبژاردنی سەربەخۆیی نەبووە. [1]

هەڵبەت، لە ڕاپۆرتەكەدا نووسرابوو: "دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ، پێكدێن لە كورد كە نیوەیەتی وعەرەب وكەمە نەتەوە ناموسوڵمانەكانیتری وەك ئێزدی وكریستیانی وجوو، كە نیوەكەیتریەتی. دیارە، عەرەب وئێزدی وكریستیان وكلدانی وجوو، ئارەزوومەندن بە مانەوە لە سنووری عێراقدا. بەڵام، ئاسوورییە نەستوورییەكان، نە لەگەڵ مانەوە لە چوارچێوەی توركیا وە نە لەگەڵ عێراقدان، بەڵكو خوازیاری پارێزگاریلێكردنی بەریتانیان. ماوەتەوە توركمانەكان، كە بە هەموو شتێك ڕازین وكاریگەرییان بۆ سەر ئەنجامەكان نییە. ئێستا، بەمشێوەیە خواستی نیوەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ زۆر بە باشی زانرا وریفراندۆم بۆ ئەم نیوەیە بێسوودە. بەڵام، نیوەكەیتر كە كوردن، زۆرینەیان ساویلكەن وباش ناتوانن ویستی خۆیان دەرببڕن وگوزارشت لە ڕاوبۆچوونی خۆیان بكەن." [2]

بەمهۆیەوە، لە (١٦/ ١٢/ ١٩٢٥ ز)دا وبە بڕیاری ئەنجومەنی كۆمەڵەی نەتەوەكان، ویلایەتی موسڵ لكێندرا بە عێراقەوە. [3] هیچ گومانی تێدا نییە، لەوەی ڕاپرسییەكی ڕووكەشانە لەم ناوچەیەدا بەڕێوەچووبوو.

---

[1] مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

[2] خالد دلير: كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟، مصدر سابق، ص ١٨– ١٩

[3] د. فاضل حسین: كێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاكەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠

بەلاّم، ئەوەی گرنگە دوابڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو لە لکاندنی ئەم ویلایەتە بە عێراقەوە کە لە بەرژەوەندی ئینگلیزدا بوو، بەوەی بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ دەبوو عێراق بچێتە ژێر ماندات (انتداب)ی بەریتانیاوە. دیارە، ئەوەش لە ئەنجامی سازشی هەردوو لایەنی کێشەکە بوو، واتە بەریتانیا وتورکیا. هەڵبەت، بەریتانیا دەستبەرداری ئەو بەڵێنانە ببوو کە لە پەیمانی (سیڤەر)ی (١٩٢٠ ز)دا بە کوردی دابوو، لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە خۆرهەلاّتی ئەنادۆڵ وباکووری میسۆپۆتامیا، لە بەرانبەر دەستهەڵگرتنی تورکیا لە زۆرێك لە بەرژەوەندییەکانی لەم ویلایەتەدا، لە کاتی بەڕێوەچوونی وتوێژەکان لە پەیمانی (لۆزان)ی (١٩٢٣ ز)دا.[1] بەهۆی ئەم بڕیارەی کۆمەڵەوە، ئینگلیزەکان کاریان لەسەر لەکیسدانی دوا هیوای کوردان لە سەربەخۆبوون کرد. دیارە، کۆمەڵەی نەتەوەکانیش، بەهۆی کاریگەریی بەریتانیاوە مافەکانی گەلی کوردیان پشتگوێخست. لە ڕاستیدا، بابەتی موسڵ لە پێشینەکانی سیاسەتی بەریتانیا بوو، چونکە سەرچاوە کشتوکاڵی ونەوتییەکانی ئەم ویلایەتە، گرنگترین پێداویستی بوون بۆ ژیانی ئابووری عێراق.[2] ئەمە بێجگەلەوەی ویلایەتی موسڵی زۆرینە سوننە، پارسەنگی عێراقی زۆرینە شیعەی دەکرد.

بەلاّم، سەرەڕای ئەم نەهامەتییەی بەسەر کورد هات ولەو کاتەدا کە (حەسەن خەیری) وێڕای دژایەتیکردنی (سیڤەر)، لەسەر پۆشینی جلی

---

[1] ولاية الموصل: تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركي البريطاني حول ولاية الموصل ١٩٢٤- ١٩٢٥، مراجعة وتحقيق: عبدالرزاق محمود القيسي، مصدر سابق، ص ١٠

[2] صلاح جمور: أصول القضية الكردية، ت: د. سعاد محمد خضر، من منشورات مركز ژين للتوثيق والدراسات، مطبعة ژين- السليمانية، ٢٠١٩، ص ١٧٨

کوردی لەسێدارەدرا، کەچی هێشتا گەلێك لە کوردان باوەڕیان بە بەڵێن وگفتەکانی (مستەفا کەمال) دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی موسوڵمان بۆ کورد وتورك دەکرد. ئەمانە، بڕیاریاندابوو کە هەموو هێزی خۆیان لەم ڕێگەیەدا بخەنەگەڕ ولەگەڵ تورکیای کەمالیدا بمێننەوە. بەڵام، هەر ئەوەندەی پەیمانی (لۆزان) مۆرکرا، خێرا (ئەتاتورك) لەو بەڵێنانەی بە کوردیدابوو پەشیمان بووەوە. [1] ئای چ گاڵتەجاڕییەك بوو، ئەو گەلەکوردە گەمژە نەزانانەی تێکەوتبوو، کە بە هەموو درۆیەك بە ناوی ئیسلامەوە بڕوایاندەکرد.

شایەنی وتنە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە سیاسەتی بەریتانیای خۆرهەڵاتییدا لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە پرسێکی جەوهەریی بوو. ئەمەش لە زاری سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا (لوید جۆرج)ەوە، کە وتبووی: "بێبەشکردنی عێراق لە دانەوێڵە ونەوتی ویلایەتی موسڵ، مانای ئیفلیجبوونی دارایی وئابووری ڕاستەقینە." [2] پێدەچێت، ئەم مامەڵەی لکاندنی کوردستانی باشوورە (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی عێراقەوە، هاوکاتبووبێ لەگەڵ واژۆکردنی پەیماننامەی دوولایەنەی حکومەتی عێراقی وبەریتانی لە (١١/ ١/ ١٩٢٦ ز)دا. دوای ئەم مامەڵەیە وتێپەڕاندنی ئەم پەیماننامەیە لە پەرلەمانی عێراق، ولەپێناو ڕاستکردنەوەی سنووری نێوان عێراق وتورکیا ودوایین کرداری جیاکردنەوەی کوردستانی باشوور لە کوردستانی باکوور، لە (٥/ ٦/

[1] فیلیپ کرینبروك، کریستییەن ئالیسۆن: کولتوور وناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی – هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٠

[2] صلاح جمور: أصول القضية الكردية، ت: د. سعاد محمد خضر، مصدر سابق، ص ١٧٨

١٩٢٦ ز)شدا پەیماننامەیەکی سێ قۆڵی حکومەتی عێراقیی وبەریتانیی وتورکیی، واژۆکرا.[١]

پێشتر لە کۆنگرەی (سان ڕیمۆ)ی (٢٥/ ٤/ ١٩٢٠ ز)دا، بەریتانیا وفەرەنساش ڕێککەوتبوون، لەسەر ئەوەی فەرەنسا دەستهەڵگرێ لە بەشی خۆی لەم ویلایەتە کە پێشتر لە سایکس پیکۆدا پێیدرابوو، لە بەرانبەردا پشکی پێشووی ئەڵمانیای لە کۆمپانیای نەوتی تورکی پێبدرێت، کە بە (٢٥ ٪) خەمڵێندرابوو.[٢] هەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشە، بەو پێشنیارەی بەریتانیا ڕازی ببوو کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەشداری دەرهێنان وبەرهەمهێنانی نەوت لە موسڵ وبەغدا بکەن.[٣] بەم شێوەیە، جارێکیتر خاکی کوردستان دابەشکرایەوە. واتە، لەبری یەکگرتنەوە ونەخشاندنی کوردستانی گەورە، کەچی دەرەنجام کوردستانی باشوور لە کوردستانی باکوور وکوردستانی ڕۆژهەڵات جوداکرایەوە. ڕاستە، ئەم کردارە قێزەونە نامرۆڤانەیە زلهێزانی ئەو سەردەمە بەرپرسن لێی. بەڵام، هەرگیز ناکرێت تەواوی بەرپرسیاریەتی بخەینە ئەستۆی بێگانەوە. واتە، بەشێکی ئەو نەهامەتییەش، ئەکەوێتە سەر شان وئەستۆی خۆمان، لەبەرئەوەی لە مێژوودا زانراوە کە گەلی کورد زۆر بە زوویی دەرفەتەکان لەدەستدەدات.

---

[١] أ. د. غانم محمد الحفو، أ. د. عبدالفتاح علي البوتاني: الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١– ١٩٥٨، مصدر سابق، ص ٢٧

[٢] بهمن كاك عبدالله احمد: دۆزی کورد لە ڕێککەوتننامە وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا لە سایکس– بیکۆ تا جەزائیر (١٩١٦– ١٩٧٥)، چاپخانەی هاوسەر– هەولێر، ٢٠١٧، ل ٤٨

[٣] صلاح جمور: أصول القضية الكردية، ت: د. سعاد محمد خضر، مصدر سابق، ص ٢٥٨

بێگومان، لەو ماوە ڕاگوزەرییەدا (فترة انتقالية) (١٩٢١- ١٩٢٥ ز)، واتە لەو کاتەی بەریتانیا نەخشەی دروستکردنی عێراقی داڕشت تا کاتی بڕیاردانی کۆمەڵەی گەلان لەسەر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە هەردوو ویلایەتی بەغدا وبەسرە ودوایین دەستنیشانکردنی سنوور، گەلی کورد بەگشتی وکوردانی باشوو بەتایبەت، نەیانتوانی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن وسەرنجی جیهان وبەریتانیای مەزن بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. تەنانەت، لەگەڵ دەسپێکی یەکەمین جەنگی جیهانییدا، جموجووڵی کوردەکان لە ڕووی گۆڕانکارییەکانەوە لەچاو گەلانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بەتایبەت ئەوانەی ناوچەی بەڵقان وخۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، زۆر لە دواوە بوو. بزوتنەوەی سیاسی کورد، بێتوانا بوو لە سوودوەرگرتن لەو دەرفەتە مێژووییەی بەهۆی بۆشای سیاسییەوە لە دوای جەنگ (١٩١٨- ١٩٢٠ ز) ودوای ڕووخاندنی ئەم ئیمپراتۆریەتە هاتەپێش. لە ماوەی نیو سەدەدا، شۆڕشەکانی کورد، تەنها ڕاپەڕینێکی تەقلیدی بوون کە بە ئاسانی سەرکوتدەکران.[١]

بەپێی بەڵگەنامەکان، لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم، پێشەنگی هێزەکانی بەریتانیا پێ دەخەنە سەر خاکی ویلایەتی بەسرە وهێدی هێدی سەردەکەون، تا تەواوی خاکی ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەوترێت عێراق، داگیردەکەن. هەڵبەت، لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا کە شا (فەیسەڵی یەکەم) دادەنرێ تا جاڕی شانشینیی عێراق، لە مێژووی کوردستانی باشووردا (شێخ مەحموودی حەفید) حوکمداری ناوچەی

[١] جيرارد جاليارد: شعب بدون وطن. الكرد وكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الاولى، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر، مطبعة آراس- أربيل، ٢٠١٢، ص ٢٥

سلێمانی بووه. [1] لەو پێنج ساڵەدا، شێخی ناوبراو لەلایەن بەریتانیاوە سێ جار دەسەلاٌتی پێدراوە وهەر جارەی پاش چەند مانگێك دەستبەرداری بووە. لە ڕاستیدا، حوکمداریی یەکەمی لە (١٧/ ١١/ ١٩١٨ ن) تا (١٨/ ٦/ ١٩١٩ ن)، وبە شەڕی دەربەندی (بازیان) ودوورخستنەوەی بۆ هندستان کۆتاییهاتووە. دووەم حوکمدارییش، لە (٩/ ١٠/ ١٩٢٢ ن) تا شەوی (٣/ ٣/ ١٩٢٣ ن) درێژە دەکێشێ. سێیەمیش، لە تەموزی (١٩٢٣ ن) تا (٩/ ٧/ ١٩٢٤ ن) درێژە دەکێشێ. [2]

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە شێخی ناوبراو لە ماوەی دووەم حوکمداریی لە (٢٢/ ١١/ ١٩٢٢ ن)دا، * خۆی وەك (مەلیکی کوردستان) دەناسێنێ. [3] پاشان، لە (٢٠/ ١/ ١٩٢٣ن)دا * بە واژۆی خۆی نامەیەك ئاڕاستەی کونسوڵگەری ڕووسیا لە (تەورێز) دەکات، [4] کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەسەلاٌتدارانی سۆڤیەت ئاگاداربکاتەوە لە خواستەکانی

---

[1] صلاح جمور: أصول القضية الكردية، ت: د. سعاد محمد خضر، مصدر سابق، ص ١٧٩

[2] عومەر مەعروف بەرزنجی: نوربەخشی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٩

* هەرچەندە (کرێس کۆچێرا) لە کتێبی (کورد لە سەدەی نۆزدە وبیستەمدا) لاپەڕە (٧٧)، ئەم بەروارەی بە (١٨/ ١١/ ١٩٢٢ ن) داناوە.

[3] محەمەد ساڵح ئاکرەیی: کورد ودەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاٌوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٧، ل ٧٦

* هەندێ سەرچاوە باس لە (١٠/ ١/ ١٩٢٣ ن) دەکەن. هەڵبەت ئەم جیاوازییە لە بەرواردا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخ مەحمود چەند جارێك نامەی بۆ سەرکردەکانی سۆڤیەت لە چەند کاتێکی جیادا ناردووە.

[4] د. ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاٌوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٤١

گەلی کورد، [1] وێڕای پیرۆزباییکردن لە (لینین). [2] بەڵام، ڕووسەکان لە (٨/ ٣/ ١٩٢٣ ز)دا سیاسەتێکی بێلایەنیان بەرانبەر بەم مەسەلەیە ڕاگەیاندبوو. [3] وێڕاش، بەردەوام پشتگیری داواکارییەکانی کوردیان کردووە بۆ (نیمچە ئۆتۆنۆمییەك) لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. [4] دیارە، لە ئەنجامی ئاشکرابوونی ئەم نامانەدا، بەریتانیا ناچاربوو جارێکیتر ناوبراو لە حوکمداریی دووربخاتەوە وبەهۆیەوە شاری سلێمانیش بە تۆپ وفرۆکە وبەشێوەیەکی دڕندانە، بۆردومان بکات. لەم بارەیەوە، مێژوونووس ودۆستی گەلی کورد (کریس کۆچێرا)، بە تەنزەوە دەڵێ: "ئەو حسابی ئەوەی نەکردبوو کە دوو پاشا لە هەرێمی عێراقدا جێیان نابێتەوە وناگونجێ." [5]

لەم ڕووەوە، دکتۆر (ئەفراسیاو هەورامی) لە بەدواداچوونەکانیدا بۆ پرس وکێشەی کورد لەنێو ئەرشیفی ڕووس وسۆڤیەتدا، ئەوە دەخاتەڕوو ودەڵێ: "چۆن کاربەدەستانی سۆڤیەت ئامادە دەبن یارمەتی (شێخ مەحمود) بدەن، لەکاتێکدا (کامیل بەدرخان) پاش ئەو هەموو ساڵ

---

[1] د. حامد محمود عیسى: القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي ١٩١٤- ٢٠٠٤، الطبعة الاولى، عربية للطباعة والنشر، مكتبة مدبولي- القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٦١٤

[2] شێخ ڕەشید شێخ عبدالرحمان قادر: بەریتانیا- تورکیا- ئێران- کورد (١٩١٥- ١٩٣١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٥٤

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥

[4] کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦- ١٩٧٩: و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری وڕاگەیاندن، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٤٩

[5] کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدە وبیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چاپی چوارەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاوێر- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٤٥

وئەو هەموو خزمەتەی کردوویەتی، دەردەکرێت وبە دەستی بەتاڵ سۆڤیەت جێدەهێڵێت." [1] دەکرێت بپرسین، هۆکاری چییە کاتێك (شێخ مەحمود) لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە وەك حوکمداری باشووری کوردستان دەستنیشان دەکرێت، کەچی پاش کەمتر لە ساڵێك لە حوکمداری لادەدرێ وبۆ هندستان دووردەخرێتەوە؟ هەڵبەت، ئەفسەری سیاسی بەریتانی لە سلێمانی مەیجەر (سۆن)، لە یەکێك لە ڕاپۆرتەکانیدا نووسیبوی: "کاتێك ئۆتۆنۆمی درا بە کوردستانی باشوور بە چاودێری وسەرپەرشتی بەریتانیا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، هێندەی نەبرد (شێخ مەحمود)، هەستی بەوەکرد کە بەهێزترین کەسایەتییە لە وڵاتدا ودەتوانێ بە یارمەتی ئێمە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ کە ئازادبێ لەو کۆتوبەندە ئیدارییە ڕاستەوخۆیەی بەغدا.... بەڵام (شێخ مەحمود)، هەرگیز ئەوەی پەسەند نەدەکرد کە سنوور وتوانای دەسەڵاتەکەی لەلایەن ئێمەوەیە."

هەر لەم سەروبەندەدا، سێر (پێرسی کۆکس) و(هیوبەر یۆنگ) لە وەزارەتی دەرەوە، بە شا (فەیسەڵ)یان وتبوو: "کوردستانێکی دۆست لەگەڵ عێراق، وەك ناوبڕێك لە بەرانبەر تورکیادا کارێکی ژیرانەیە، دۆستایەتی کوردستانیش لەگەڵ عێراق کارێکی ناچارییە. چونکە، بازاڕی کەلوپەلی کوردی وگەیشتنی کوردستان بۆ سەر دەریا، جگە لە عێراق شوێنێکیتر نییە. [2] هەڵبەت، شێخی نەمر، درکی بەو ڕاستییەش نەکردبوو کە سنووری قەڵەمڕەوییەکەی، خاکێکی داخراوە وهەرگیز

---

[1] د. ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١

[2] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥

ناتوانێت بچێته سەر دەریا. مانای، ئەستەمە لە داهاتوودا بتوانێت خۆی بگـرێ وبـژی. بێگومـان پـاش سـەدەیەك، كەسـێكی وەك (ئەحمـەد داود ئۆغڵۆ) لە كتێبی (قوڵایی ستراتیژیی)دا، هەمان كێشەی جوگرافیای خاكی هەرێمی كوردستانی خستبووەڕوو. ناوبراو ئاماژەی بەوە دابوو، هۆكاری سـەرەكی نـەتوانینی ئـەم جوگرافیایـە لـە پاڵپشـتیكردنی یەكێتییـەكی جیۆسیاسی ناوخۆیی، نەگەیشتنی ڕاستەوخۆیەتی بە دەریا. هەربۆیـە، لەسـەر ئـەم ناوچـەیەیە كـە یـەكبگرێ لەگـەڵ یـەكێك لـەو دەوڵەتانـەی پەیوەستبوونێكی دەریایی ڕاستەوخۆی هەیە، لە ناوچەكەدا.[١]

لـه بەدواداچـوونی ئـەو ڕاپۆرتانـە، ئـەوە دەردەكـەوێت كـە ئینگلیزەكان هـەردەم خوڵقێنـەری پشێوییەكان بوون، لەبەرئەوەی بەپێی بەرژەوەنـدی خۆیـان ولـە نێوكـۆی گەمـەی سیاسـەتكردن لەگـەڵ توركیـا لەسەر ویلایەتی موسڵ، ڕەفتاریان لەگەڵ شێخی ناوبراودا كردووە. ئەمە بێجگەلـەوەی، ئەوان هەستیاندەكرد كە شێخی ناوبراو كاریگەر بووە بە بەرزخوازی (طموح)ی كەسیی ونەتەوەیی، زۆر زیاتر لەوەی كە سیاسـەتی بـەریتانیا ڕێگـەی پێبـدات. لەلایـەكیترەوە، ڕاوێـژكاری نوێنـەری بـەرزی بـەریتانیا (مـس بێـڵ)، دانـی بـەوەدانابوو كـە ئامـانج لـە دانـانی مەیجـەر (سـۆن) بـۆ ئـەوە بـووە كـە دەسـەڵاتی (شـێخ مـەحمود) بچـووك بكاتـەوە، وبیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی شایستەیەتی. بێگومان، سەرباری ئەوەی شـێخی نـاوبراو بـەم ڕێكـارە ڕازی نـەبووە، لـە هەمانكاتـدا خـۆی كۆكردووەتەوە بۆ هەڵمەتێكی سەربازیی دژ بە بەریتانییـەكان. بەمهۆیـەوە،

---

[١] احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ترجمة: محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل، الطبعة الاولى، مركز الجزيرة للدراسات، الدار العربية للعلوم ناشرون، مطابع الدار العربية للعلوم- بيروت، لبنان، ٢٠١٠، ص ٤٧٤

هێـزە بەریتانییـەکان، شـێخیان دەسـتگیرکرد ویەکـەم حکومـەتی کوردیـان لەباربرد کە تەنها حەوت مانگ ویەك ڕۆژ حوکمیکرد.[1]

هەر بەپێی ئەو بەڵگەنامانە، کاتێك (شێخ مـەحمود) بە بریـنداری دەگـیرێ وڕەوانــەی نەخۆشــخانەیەکی ســەربازیی بــەریتانیی لــە بەغــدا دەکـرێ، جێگـری حـاکمی سیاسـی بـەریتانیی لـە بەغـدا (ئارنۆڵـد وێڵسـن) ســەردانی دەکــات وداوای نــەرمیی نوانــدنی لێــدەکات لــە ڕەفتارەکــانی داهاتوویدا. بەڵام، شـێخی ناوبراو ئـەوە ڕەتدەکاتـەوە، هەربۆیـە حکومـەتی بەریتانی بڕیاری سزادانی دەدات ودادگایـەکی سەربازیی بەریتانییش لـە بەغـدا سـزای لەسـێدارەدانی بۆدەردەکـات. بـەڵام، سـێر (جـۆرج مـاکمن)، جەنـەراڵی سـەربازی بـەریتانیی لـە موسـڵ، دەڵـێ: "دەزانم ئـەو کەسـێکی تونـدڕەوە، بـەڵام سـزای لەسـێدارەدان لەگـەڵ بنـەماکانی گەمـە سیاسـییە بەریتانییەکاندا ناگونجێ."[2] هەربۆیە، لە لەندەنەوە بڕیاری خنکاندنەکەی شێخ دەکرێت بە (١٠) ساڵ بەندیی وئاوارە بۆ دورگەی (ئەندامان) لە هنـد. واتە، وێڕای خاکی کوردستانی باشوور، مان ونەمانی شێخیش هەردەم لـە چوارچـێوەی گەمەیـەکی سیاسـی بەریتانیـدا ماوەتـەوە. بـەڵام، دەکـرا بـە دیپلۆماسـیەت وفێـڵ وگەمــەی سیاســی، ئــەم لــەباربردن ومــاڵوێرانی وبۆردومانکردنـە وەلابنرایـە. بـەڵام، داخەکـەم لـەنێو کۆمەڵگـەی خێڵـەکی ونەخوێنـدەوار وکـەم سیاسـەت، نەهامـەتی وڕاوەدونـان ونسـکۆ، هـەردەم شتێکی چاوەڕوانکراو وئاسایی بووە.

---

[1] د. عمر محمد محمد كريم: القضية الكوردية في سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢- ١٩٤٥، من منشورات مديرية الطبع والنشر، مطبعة شفان- السليمانية، ٢٠٠٩، ص ٤١- ٤٥

[2] ديفد كورن: الرجلان اللذان الحقا الكرد بالعراق، ت: حسن سيدو، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠١٣، ص ٤٧

کەواتــە، ویـڕای هەلپەرسـتیی ئینگلیـز، بـەڵام شـێخی نـەمریش نەیتوانیبوو لە گەمەکەدا سەرکەوتووبێ. دەبوو ناوبراو ئەو ڕاستییەی بزانیبا، کە ئەو بۆ بەجێگەیاندنی کاروباری ناوچەکە لەلایەن ئینگلیزەوە دانراوە. دەبوو ئەو زانیارییەی هەبوایە، کە زۆر پێشتر سنووری ناوچەکە بـەهۆی (ڕێککەوتننامـەی زەهـاو)ی (١٦٣٩ ز) وپاشـان بـەهۆی چـەند پـەیمانێکی نێودەوڵـەتی نوێـوە جیـا ودەستنیشـانکراوە ودووبـارە دەستکاریکردنەوەی بـەپێی بەرژەوەنـدی ویاسـای نێودەوڵـەتی، مەحاڵـە. دەبوو ئـەوەی بزانیبا، کـە ئینگلیـز وەك زلهێزێکـی ئـەو سـەردەمە، چلۆن ئەوی دەستنیشانکردبوو بۆ حوکمداریی، وەهاش دەتوانێ دووریبخاتـەوە هـەروەك کـردی. بـەڵام، لـەبری سیاسـەت وچاککردنەوەی پەیوەندییـەکان، کەچـی (شـێخ مـەحمود) بـە (فـەرمانی حوکمـدار)ی ژمـاری (١ ) لـە (٢١/ مایس/ ١٩١٩ ز)دا، یەکەمین شۆڕشی کورد بەرانبەر بە بەریتانیای مەزن بەرپادەکات. [1]

دیـارە، شـێخی نـاوبراو، هـەرگیز لـەو ڕاسـتییە نەگەیشـتبوو کـە حکومەتی بەریتانیی وعێراقیی، دانیان بە مافەکانی کورددا دەنا تـەنها لـە نێـو عێراقـدا، ولـە دامەزرانـدنی حکومـەتێکی سـەربەخۆ لـەو سـنوورەی بۆیدیاریکراوە. [2] هەڵبەت، بەپێی بەیاننامەی (ئینگلیـزی عێراقـی) لـە (٢٤/ ١٢/ ١٩٢٥ ز)دا، هـەردوو حکومـەتی نـاوبراو دانیـان بـە مـافی کورددا دەنا لــەوەی حکومــەتێکی کــوردی لەســـەر خــاکی کوردســـتانی باشـــوور

---

[1] ئەحمەد خواجە: چیم دی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٦

[2] الكورد في الوثائق البريطانية: ترجمة: د. عثمان علي، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر– اربيل، ٢٠٠٨، ص ١٥٠

دابمەزرێنیٚ، لەنێو سنووری عێراقدا.[1] بێگومان، ئەمەش جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پێشووتری نێو دوا ڕاپۆرتی لیژنەی (دی بۆنسن) بوو لە (٣٠/ ٦/ ١٩١٥ ز)دا ، کە باسی لە پشکی بەریتانیا لە میراتیی دەوڵەتی عوسمانی ودەستنیشانکردنی سیاسەتی جەنگیی بەریتانیی بەرانبەر بەم دەوڵەتە دەکرد. وەلیٚ، ئەوەی تایبەت بوو بە کورد ولەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکرابوو، پێشنیارکردنی قەوارەیەك بۆ کورد بوو لە ویلایەتی موسڵ. دوابەدوای ئەم ڕاسپاردانە، (لوید جۆرج)ی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیاش لە وتارێکیدا لە کۆنگرەی سەندیکای کرێکاران لە سەرەتای (کانوونی دووەمی ١٩١٨ ز)دا، وتبووی: "لە ڕوانگەی ئێمەوە، گەلانی ولاٚتانی عەرەب وئەرمینیا ومیزۆپۆتامیا وسووریا وفەلەستین، شایەنی دانپێدانانن بەوەی بارودۆخی نەتەوەییان سەربەخۆیە."[2]

مکووڕم لەسەر ئەوەی، دانپێدانانی فەرمی جیهان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمڕۆدا، جێبەجێکردنی ئەو بەیاننامە (ئینگلیزی عێراقی)یەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بووە. بەلاٚم وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، لەبری تیمارکردنی پەیوەندییەکان وهەنگاونان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو ودۆستایەتی ودامەزراندنی حکومەتی باشوور، پەرچەکردارەکان وپەیوەندییەکانی (شێخ مەحمود) لەگەڵ (مستەفا کەمال) وڕاپەڕینی ساڵی (١٩٢٧ ز) کە لەلایەن (شێخ ئەحمەدی

---

[1] صلاح جمور: أصول القضية الكردية، ت: د. سعاد محمد خضر، مصدر سابق، ص ٢٥٩

[2] أ. م. د. سؤدد كاظم مهدي: أكراد العراق بين مشاريع التقسيم والانضمام الى الدولة العراقية الحديثة، دراسة في الوثائق البريطانية ١٩١٦- ١٩٢٠، بحث جامعي، الجامعة المستنصرية، مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية- بغداد، ٢٠١٨، ص ٢

بارزان)ەوە بەڕێوەچوو، خراپترین دەسپێکی پەیوەندییەکان بوون. [1]

کەواتە، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر خاکی باشووری کوردستان ولە چوارچێوە وسنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عێراقدا، بە پراکتیزەکردنی تیۆری ئەو بەیاننامە ئینگلیزی عێراقییەی کۆتایی ساڵی (١٩٢٥ ز) بووە. لە ڕاستیدا، پاش تەنها هەشت ڕۆژ لە دوابڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (١٦/ ١٢/ ١٩٢٥ ز) دەربارەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، [2] دوابڕیاریش لە چارەنووسی خاکی باشووری کوردستان درا، ئەو بڕیارەی پاش نزیکەی هەشتا ساڵی ڕەبەق ئینجا بە کردار چووە بواری جێبەجێکردنەوە. بێشك، گەر حوکمدارانی کورد لەو سەردەمەدا کەمەکێك لە سیاسەتیان بزانیبا یان پرس وڕایەکیان بە منەوەران بکردایە، هەر ئەو دەمە دەیانتوانی حکومەتی باشووری کوردستان ساز بکەن. بەڵام، هیچ ناوترێ لەگەڵ مێژوویەکی پڕ لە هەڵە وکاڵوکرچی دەسەڵاتێکی خێڵەکی ئاییني، کە هەرگیز ڕۆشنبیران ومنەوەرانی خۆی بە (جاسوس)ی ئینگلیز لەقەڵەمداوە.

هەر لەم بارەیەوە، دەکرێ ئاماژە بە بروسکەیەکی نهێنی نوێنەری باڵای بەریتانیا سێر (هێنری دۆبس) لە (٢٨/ ١١/ ١٩٢٨ ز)دا بدەین، کە ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق (عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون)ی کردووە، وئەوەی تیادا نووسیوە کە:

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

[2] د. فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠

"کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، حکومـەتی خـاوەن شـکۆی بـەریتانیای پابەنـد کـردووە کـە گـەرەنتی (کـارگێڕیی خـۆجێیی) بـە کـوردی عێـراق بـدات. ئەنجومـەنی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، کاتێـك کێشـەی سـنووری ویلایـەتی موسڵی یـەکلایی کـردەوە، بڕیـاری لەمـەدا...." [1] مانـای وایـە، لـە سایەی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ ودواتریش بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵـەی گـەلان (عصـبة الامـم)، بـە یاسـا بـاس لـە (کـارگێڕیی خـۆجێیی) نـەك (سـەربەخۆیی تـەواو) بـۆ گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان کـراوە، کـە دەکرا لەڕێی دیپلۆماسیەتەوە ولە داهاتوودا شتێکی باشتر بۆ گەلی کورد بپچڕێندرابا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا.

ئەوەتا لە بەیاننامەیەکی بەریتانییدا هاتووە کە دەڵێت: "ئێمـە، دامەزرانـدنی کوردسـتانی سـەربەخۆی باشـوور لـەژێر سەرپەرشـتی بـەریتانیادا، بـە ئـەرکی خۆمـان دەزانـین. بـەلآم، بـە لەبەرچـاوگرتنی دواکەوتوویی ئەم ناوچەیە وکەمی ڕێگـەی پەیوەنـدی وگەیشتن ونـەبوونی یـەکێتی لـەناو هۆزەکانـدا، ناچـارین لـە ڕێگـەی دیکـەوە دەسـتبکەین بـە گەڕاندنـەوەی یاسا وهێمنیی، وە لەبـەر هۆکارە ئابووری وجوگرافییـەکان پرسی سەربەخۆیی هەڵدەگرین بۆ داهاتوو." دیارە، ئەمـەش لـە ئـەنجامی ئـەوەی هـۆزە کوردەکـانی دانیشـتووی هەرێمـەکانی کـەرکوك وکفـری وکوردەکـانی ئێـران، ڕازینـەبوون بـە ڕابەرایـەتی (شـێخ مـەحمود). [2] واتـە، نەخۆشییە درێژخایەنەکەی کورد، کە بە ئێستاشەوە هەرگیز یەکتر قبووڵ

---

[1] کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا: وەرگێرانی: سەلمان عەلی، بەرگی یەکەم، لە بلأوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٧

[2] سەرهەنگ شێخ عەبدول وەحید: کورد ونیشتیمانەکەی، و: سامان عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٦١

ناکەین، سەرباری دواکەوتوویی. کەواتە، بەریتانیا، دوایئەوەی هەستی بە پەرتەوازەیی ونەبوونی یەك دەنگیی کورد ولاوازی حوکمدارییەکەی شێخ کرد، هێدی هێدی پرۆژەی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی وەلانا. هەربۆیە، لەسەر بنچینەی بەدەستهێنانی ویلایەتی موسڵ وڕاگرتنی بالأنسی سوننە وشیعە لە عێراق وبڕی بەرژەوەندی وبردنەوەی یارییەکە لە تورکیا وپەرتەوازەیی کورد، گەمەی لەگەڵماندا کردووە. واتە گەمەکە لەوەدا بووە، هەر کاتێك تورکەکان داوای ویلایەتی موسڵیان کردبا، ئینگلیزەکانیش بە دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە عێراق، هەڕەشەیان لێدەکردن.[١]

مانای، دواجار پرسی دروستبوونی قەوارە ودەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، ببوە ڕیکلام وگەمە وگاڵتەجاڕی زلهێزان وهێزە ئیقلیمییەکان، بێئەوەی شێخی نەمریش هیچ ئەڵتەرناتیڤ وبەربژێرێکی بۆ ئەم کێشەیە هەبووبێ. بەلأم، ئەوەش ڕاستییە کە دنیای سیاسەت، دنیای گەمە وفرت وفێڵ وهونەری حوکمڕانی وبەدەستهێنانی دەرفەت وزۆرترین بەرژەوەندی وبڕی قازانجە. بەمانای، لە دنیای سیاسەتدا مەرج نییە دۆڕان وتیاچوون چەسپاوبێ، وەك چۆن مەرج نییە تێکڕای قازانج مسۆگەر ودیاریکراوبێ. هەرگیز، سیاسەت، دنیای بیرکاری وجەبر نییە کە حەتمیەتی (١+١ = ٢)، بەڵکو بڕی قازانج وزیان ڕێژەییە نەك ڕەها. واتە، گەر کوردی باشوور لە سەرەتادا حوکمڕانییەکی بێ سەروەری وڕووکەشانەشی بەدەستبهێنایە، ئەوا دەکرا لە داهاتوودا زیاتر پەرەی بسەندبایە وئێستاکەش دەوڵەت

---

[١] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١

ببوينايه، چونكه له سياسه‌تدا هيچ شتێك مه‌حاڵ نييه. به‌ڵكو، نه‌گۆڕی سه‌ره‌كی له سياسه‌تدا، ئه‌وه‌يه كه سياسه‌ت به‌رده‌وام له گۆڕاندايه.[١]

ئه‌وجا، له‌جياتی ئه‌وه‌ی هه‌ره‌می ده‌سه‌ڵاتی كوردی ئه‌و كاته، زيره‌كانه به‌شداری گه‌مه‌كه‌ی كردبا ولێزمه‌ی به‌ده‌سته‌وه نه‌دابا وبيسه‌لماندايه ئه‌و ويلايه‌ته‌ی چاوی تێبڕاوه ئه‌وه خاكی كوردانه كه ده‌شێت به‌رژه‌وه‌ندی زلهێزانيشی تێدا پارێزراوبێ، كه‌چی له‌لايه‌ك ناكۆكی وپه‌رته‌وازه‌يی ناوخۆ وله‌لايه‌كيتر ده‌سته وتاقمێك سه‌ربه‌خۆ (كاپتن بۆند)ی حاكمی چه‌مچه‌ماڵ له بناری چيای هه‌نجيره[٢] وكاپتن (پێرسۆن) له نزيك زاخۆ وكاپتن (ڤيتس گيڤن) له ئاوايی ڕۆسته‌م به‌گ نزيك به خورماڵ وكێ وكێ ده‌كوژن.[٣] پێشتريش، به‌شداری شه‌ڕی (شوعه‌يبه)ی هۆزه عه‌ره‌به‌كان ده‌كه‌ن، ودواتر نامه له‌گه‌ڵ (ئۆزده‌مير)ی تورك[*] ده‌گۆڕنه‌وه، وپاشان نامه‌ناردن بۆ سۆڤيه‌ت ده‌كه‌نه به‌رنامه، كه هيچی له قازانجی كورد

---

[١] هشام عقراوي: الثابت في السياسة هو أن كل شيء متغير، مقالة اليوم، صوت كوردستان، مصدر سابق

[٢] ئه‌حمه‌د خواجه: چيم دی، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٦٦

[٣] كورد وكوردستان: نووسينی كۆمه‌ڵێك نووسه‌ر وئه‌فسه‌ری سياسی ئينگليز، و: حسێن عوسمان نێرگسه‌جاڕی وحسێن ئه‌حمه‌د جاف، چاپی يه‌كه‌م، ده‌زگای چاپ وبڵاوكردنه‌وه‌ی ئاراس، چاپخانه‌ی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده- هه‌ولێر، ٢٠٠٢، ل ٦٠- ٦٤

[*] ئۆزده‌مير يان ئويێز ده‌مير پاشا: نازناوی ئه‌فسه‌رێكی چه‌ركه‌سی باڵاده‌ستی سوپای تورك بووه به ناوی (عه‌لی شه‌فيق)ه‌وه. ناوبراو لايه‌نگرێكی سه‌رسه‌ختی مسته‌فا كه‌مال بووه وله‌سه‌ر خواستی ئه‌و له (١٥/ ٦/ ١٩٢٢ ز)دا له‌گه‌ڵ هێزێكی بچووكدا هاتوونه‌ته ڕه‌واندز به مه‌به‌ستی نانه‌وه‌ی كێشه له نێوان كورده‌كان وسوپای به‌ريتانيا. ده‌وڵه‌تی تورك ئۆزده‌ميری وه‌ك كارتێكی فشار له به‌رانبه‌ر به‌ريتانيا به‌كارهێناوه. ناوبراو پێگه‌يه‌كی به‌هێزی له‌و ناوچه‌يه‌دا هه‌بووه، له‌به‌رئه‌وه‌ی په‌يوه‌ندييه‌كی باشی له‌گه‌ڵ خودی شێخ مه‌حمود وسه‌رۆك خێڵه كورده‌كاندا هه‌بووه.

نـەبووە. بێشـك، لـەو كاتـە هەسـتیارەدا پەنابردنەبـەر بۆڵشـێڤیكەكان، خۆكوشتن بووە.[1]

بەپێی بەڵگەنامەكان، (شێخ مەحمود) یەكەم ڕێبەری دیاری كورد بـووە كـە پشـتگیری لـە بانگـەوازی جیهـاد وغـەزای توركـەكان دژ بـە ڕووسـەكان وبەریتانیا كردووە. لە سەرەتای یەكەمین جەنگی جیهانیدا، كاتێـك عوسمانیـەكان ڕووبـەڕووی لێشـاوی ڕووسـەكان لـە بـاكوور وئینگلیزەكـان لـە باشـووری عێراقـەوە دەبنـەوە، دەیـانزانی چیتر بەرگـە نـاگرن. هەربۆیـە، لـە مـارتی (١٩١٥ ز)دا (شـیخ مـەحمود)یان لـە قـەڵای (مەریوان) لە ئێرانەوە هێنایەوە بۆ سلێمانی بۆ بەرگرتن لە ڕووسەكان لە (پێنجـوێن). وەلێ، پـاش كوشـتارێكی زۆر لـە كـورد وڕووس، لـە مایسـی (١٩١٥ ز)دا ڕووسەكان كشانەوە بۆ ئێران. پاش ئەو سەركەوتنەی شێخ بەسـەر ڕووسـەكاندا، ئینجـا بۆئـەوەی لـە خـوارووی عێراقیشـدا بـەكاری بهێننـەوە، ئـەمجارەش شـێخیان تەفرەدایـەوە وبـە لەشـكرێكی زۆرەوە ناردیان بۆ شوعەیبە بۆ بەربەستی ئینگلیزەكان.[2]

لـە (١٢/ ٤/ ١٩١٥ ز)دا، كاتێـك نـاوبراو بـە خـۆی وژمارەیـەك جـەنگاوەری خێڵـەكی كـوردەوە شانبەشـانی موجاهیـدە عەرەبـەكان لـە بەرژەوەندی توركە عوسمانیەكان لە شوعەیبە دەجەنگان، ئینگلیزەكان بە تـۆپ وفڕۆكـە شـیرزەیان دەكـەن وزیـانێكی گیـانیی زۆریـان لێـدەدەن. بـە ڕۆیشـتنی شـێخ بـۆ خـوارووی عێـراق، هـەلێكی بـاش بـۆ ڕووسـەكان

---

[1] د. ئەفراسیاو هەورامی: كورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

[2] ئەحمەد خواجە: چیم دی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

دەرەخسێت بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ سەر سنووری باکووری عێراق. دواتر، ئەنجامی ڕووداوەکان دەریانخست کە شێخ وجەنگاوەرە خێڵەکییەکان هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی ونەتەوەییان لەو شەڕانەدا چنگ نەکەوتووە، بەڵکو ئەو شەڕانە لەبری تورکی موسڵمان ولە ژێر دروشمی فریودەرانەی جیهاد وغەزای تورکدا، دژی ئینگلیز وڕووسیای تزاری ئەنجام دراون. [1] ڕاستییەکەش ئەوەیە، سوڵتان خەلیفەی ئیسلام لە ئەستەنبوڵ، وتبووی: "ئەگەر هەموو ئیسلام نەچێتە کۆڕی جەنگەوە، ئالأی پێغەمبەر دەردەهێنم." [2]

لە ڕوانگەی ئەو هەڵە مێژووییانەی باسکرا، مێژوونووسی ناوداری کورد دکتۆر (کەمال مەزهەر)، لە دیمانەیەکی سازکراو لەگەڵ یەکێك لە گۆڤارە کوردیە ناوخۆییەکاندا، ئاماژەی بەوە دابوو کە: "شێخ مەحموود، لە شەڕی شوعەیبەوە چەکی دژی ئینگلیز هەڵگرتبوو، وە وەفدیشی بۆلای ئۆزدەمیر پاشا ناردبوو کە پیاوی مستەفا کەمال بوو بۆ پەیوەندی دروستکردن، ئیتر چۆن دەتەوێت بەریتانییەکان دژت نەبن؟ لە هەمانکاتدا، گەر بەریتانییەکان نەبوونایە، ئەو نەختە مافەی کە هەشمانبوو نەمان دەما." [3]

---

[1] د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم وکاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا (١٨٨٠- ١٩٢٥)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧٤

[2] ئەحمەد خواجە: چیم دی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

[3] عەبدوڵڵا زەنگەنە: بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە (دیمانە وگفتوگۆ لەگەڵ د. کەمال مەزهەر)، چاپی یەکەم، لە چاپخانەی گرین گلۆری لە بەیروت بەچاپ گەیەنراوە- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٦٣

خۆزگـه، دەسـەڵاتدارانی ئـەو کـات ئـەو پرسـیارەیان لـەخۆیان بکردبا، گریمـان بۆلشـێڤیکەکان بـۆ هانـدان وئاژاوەنانـەوە یارمـەتی چـەك ودراوی شـێخیان دابـا، ئایـا ئینگلیـز وهاوپەیمانـەکان دەیانهێشـت دەسەڵاتێکی دەستەمۆی سۆڤیەت لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست دابمەزرایە؟ ئایا گـەلی کـورد دەیتـوانی بەربـەرەکانی ئینگلیـز بکـات؟ [1] هەڵبـەت، ئـەم خۆزگانە وپرسیارگەلێك، بە ئێستاشەوە چاوەڕوانی وەڵامێکی لۆژیکیین. جێـی باسـە، (ئارنۆڵـد وێڵسـن)، دەسـەڵاتی بـە مەیجـەر (نۆئێـل) دابـوو کـە (شـێخ مـەحموود) بکاتـە نوێنـەری بـەریتانیا وحـوکمڕان لـە سـلێمانی. [2] دیارە، ڕێنوێنییەکانی (وێڵسن) بۆ (نۆئێل)، ئەوەبووە کە (شێخ مەحموود) تەنها سەرۆکایەتی ئیدارەی سلێمانی پێبدرێت. [3] ئایا، ئەمە تێنەگەیشتن لـە سیاسـەت ومامەڵـەکردن لەگـەڵ ئینگلیـزدا نییـە، کـە دواجـار بـەبێ ئەڵتـەرناتیڤ ولـە پێگەیـەکی لاوازدا داوای زیـاتر بکـەی، بـەبێ پـلان وبێئـەوەی ترسـی لەدەسـتدانی ئـەوەی لـە دەستتدایە هـەبێ؟ وەك ئـەوەی دواجار لەدەستیدا! هەربۆیـە، توێـژەرێکی وەك (ئەفراسیاو هـەورامی)، لـە پـاش ئـەم هـەموو هەڵـە سـتراتیژی وپاشەکشـەیە دەڵـێ: "هەڵوێسـتی نێگەتیڤی شێخ مەحمود، تراژیدیای هەموو سەدەی بیستەمی گەلی کوردی

---

[1] د. ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

[2] صلاح جمور: أصول القضية الكردية، ت: د. سعاد محمد خضر، مصدر سابق، ص ١٧٩

[3] دەیڤید کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە- پێرسی کۆکس وئارنۆڵد تی. وێڵسن، و: ئاوات عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاك، ٢٠٠٧، ل ٢٧

بەدواوەبوو، کە هێشتا ئەم گەلە پێیەوە دەناڵێنێ." [1]

زۆرجار لە مێژوودا بیستوومانە کە ڕووسیای تزاریی ودواتریش یەکێتی سۆڤیەت لە ساتی بزاڤ وبەرپابوونی ڕاپەڕینەکانی کورددا، وەك پاڵپشت وباوکی گەلانی چەوساوە، بوونەتە لانك وفریادڕەس ودادلدەدەر، بەتایبەت لە سەردەمی هاریکاری نێوان ڕووسەکان ویەکە کوردیەکان لە ماوەی جەنگی (ڕووسی- ئێرانی) (١٨٠٤- ١٨١٣ ن) و(١٨٢٦- ١٨٢٨ ن)، وە جەنگی (ڕووسی- تورکی) (١٨٢٨- ١٨٢٩ ن)دا. [2] بەلأم، کاتێك بەرژەوەندی ڕووسەکان بە ئاکام گەیشتووە، ئیدی تەواوی پاڵپشتیی ویارمەتییەکان ڕاگیراون. واتە، هەر لە سەرەتاوە بەو گەمە ومەبەستە پاڵپشتیی ڕاگەیەندراوە. بە مانایەکیتر، تەواوی ئەو کارانە بە مەبەستی فشار خستنەسەر هێزە ئیقلیمیی وخۆرئاوا وهاوپەیمانەکانی بووە. دیارە، زەقترین فاکتەر بۆ دەستێوەردانێکی لەو جۆرە، بابەتگەلی هایدرۆکاربۆن وپێگە جیۆستراتیژی وبەرژەوەندییە ئالۆزەکان بووە، بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی سارددا.

کەواتە، سیاسەتی گەمەکردن وفشارخستنەسەر هێزە ئیقلیمی ولایەنگرەکانی کەمپی خۆرئاوا، مەبەست لێی تەنها دوورخستنەوەی مەترسییەکانی سەر پێگەی ڕووسیا وکەمپی خۆرهەلأت وبەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان بووە. کاتێکیش کە مەترسی نەماوە وبەرژەوەندی

---

[1] د. ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[2] موضوعات من الكوردولوجيا السوفيتية: تأليف: مجموعة من المستشرقين السوفيت، ت: د. اسماعيل حصّاف، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة خاني- دهوك، ٢٠٠٧، ص ٦

بەدەستهاتووە، ئیدی بەپێی ئەو پلانەی کە پێشتر داڕێژراوە خودی ڕاپەڕینەکە بووەتە قوربانی بەرژەوەندییەکە. لە گەمەی نەتەوەکاندا، ئەمە سادەترین ستراتیژە کە بە ساناترین لۆژیك بەڕێوەدەچیٚ، بەتایبەت لە نێوان دوو کەمپە دژبەیەکەکەی سەردەمی جەنگی سارددا. هەڵبەت لەگەڵ دەسپێکی جەنگی سارددا، لەپێناو بەرژەوەندی دامەزراندنی کۆمپانیای (ئێرانی- سۆڤیەتی) بۆ کنە وپشکنینی نەوت، لە (٤/ ٤/ ١٩٤٦ ز)دا، ئێران وسۆڤیەت ڕێکەوتنێکی دوو قۆڵییان واژۆکرد بە ناوی ڕێککەوتنی (قەوام- سادجیکۆڤ). بەهۆی ئەم ڕێکەوتنەوە، سوپای سۆڤیەت لە ئایاری (١٩٤٦ ز)دا لە هەردوو کۆمارە لاوەکەی (کوردستان وئازەربایجان) کشایەوە. ئەوجا، پاش چەند مانگێکیش، تراژیدیای گرتنەوەی هەردووکیان لەلایەن سوپای ئێرانەوە ڕوویدا. [1]

لەم بارەیەوە، (کرێس کۆچێرا) دەڵیٚ: "دەبوو (قازی محەمەد) وسەرانی کۆمارەکەی ئەوەیان درکبکردایە کە کۆمارەکەیان لە مەترسیدایە. لەبەرئەوەی: **یەکەم/** هێزەکانی سۆڤیەت لە دوای قەیرانێکی نێودەوڵەتی لە (١٠/ ٥/ ١٩٤٦ ز)دا لە خاکی ئێران کشانەوە. **دووەم/** لە (١٩/ ١٠/ ١٩٤٦ ز)دا، وەزیرانی سەر بە حزبی (تودە) لە ناو حکومەتی ئێرانییدا دەرکران. **سێیەم/** لە (٢٧/ ١١/ ١٩٤٦ ز)دا، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران (جۆرج ئالن) ڕایگەیاندبوو: "دەوڵەتی ئەمریکا پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاك وسەروەری ئێران دەکات." [2] وەلیٚ، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر سەبارەت بە بەرژەوەندی ئەمریکا وپەیوەست بە گەلی کورد

[1] لقمان خيالي: الجبهة الوطنية ودورها في السياسة الداخلية الايرانية، مصدر سابق، ص ٩٨

[2] کرێس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدە وبیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩

لە قۆناغەکانی جەنگی ساردا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمریکا بە گشتی لەو سەردەمەدا دۆزی کوردی لەبەرچاو نەگرتبوو.[1]

بێگومان، وەنەبێت هەڵوێستی بەریتانیا وفەرەنسا وسۆڤیەت وئەڵمانیا وئیتالیاش لەوەی ئەمریکا باشتر بووبن، وەك لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەمپێدا. لە وەڵامی فەرمی نامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق (مستەفا بارزانی)دا، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا لە حوزەیرانی (١٩٦٥ ز)دا لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، ئەوەی خستبووەڕوو کە: "حکومەتی خاوەن شکۆ بەداخە بۆ شەڕ لە کوردستاندا، هەروەك هەر ناسەقامگیرییەکیتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام، ئێمە مەسەلەی کورد وەك مەسەلەیەکی ناوخۆی عێراق دادەنێین، کە بۆ ئێمە گونجاو نییە دەستی تێوەربدەین."[2] هەڵبەت، ناوبراو هۆکاری ئەم دەستتێوەرنەدانەشی خستبووەڕوو، بەوەی حکومەتی خاوەن شکۆ پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ حکومەتی شەرعی بەغدادا هەیە ودانیپیێداناوە. هەروەها، بەرژەوەندییە بازرگانی وسیاسییەکانی لە عێراق بە باشترین شێوە بەرەوپێش دەچن. سەرباری ئەوەی، لە ئێران وتورکیا وسووریاش کەمینەی کورد هەیە، کە دەشێت دەرەنجامێکی نەخوازراوی هەبێت لە کاتی پشتگیری لە کوردانی عێراق. هەربۆیە، عێراقێکی سەقامگیری یەکگرتوو وپەرەسەندوو جێی پێشوازیلێکردنی بەریتانیایە.

---

[1] کریستی لۆرانس: پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیادا، و: ماجید خەلیل فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥

[2] کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦- ١٩٧٩: و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بوترێ، ئەوەیە کە ئایا تێکڕای سەرانی کورد بەوانەشەوە کە مەخابن شەهیدکران، تا چەند ئاگامەندی وخوێندنەوەیان بۆ ئەم گەمە نێودەوڵەتییانە هەبووە لە سەردەمە جیاجیاکاندا، چ وانەیەکیان لەو هەڵخەڵەتاندنە یەکلەدوای یەکانە وەرگرتووە، تا چەند بەوەیان زانیوە کە سەرلەبەری پاڵپشتییە دەرەکییەکان تەنها سیناریۆیەکی گاڵتەجاڕ بووە؟ بەڵام، سەرباری نسکۆکان، لەپای چی هێشتا هەر درێژەیان بە ستراتیژی شۆڕش وخەباتی چەکداری داوە، ولەبری تیاچوون ومالوێرانی وئەنفال وهەڵسەنگاندنی شکست، زۆرێکیان خەیاڵیان بەلای خەباتی مەدەنییدا نەچووە، بۆئەوەی چیتر ڕۆڵەی کورد لە ستراتیژێکی بەرژەوەندیخواز وگەمەیەکی فێڵاویدا سووتماك نەبن؟ وەلێ، لەبری وازهێنان لە خەباتی چەکداری وکۆتاییهێنان بەو ئەقڵییەت وستراتیژە، کەچی بەردەوام هەمان کار وهەمان دەرەنجام دووبارە وبەدیدەکرا. (کرێس کۆچێرا)، دەڵێ: "کوردەکان، کە کەوتنە سایەی هەر سێ دەوڵەتی تورکیا وئێران وعێراقی ئینگلیزەوە، دڵخۆشی خۆیان بەوە دەدایەوە کە دەتوانن سوود لە ناکۆکی ئینگلیز وتورك یان تورك وئێران وە یاخود ئێران وئینگلیز ببینن،" [١] کە دواجار هیچی وادەرنەچوو وە نەشیانتوانی لەو دەرفەت ودۆخە سوودمەندبن.

بێشك، بەڵگەنامەیەکی زۆر هەیە کە باس لە نەزانینی سیاسەتکردن وهەڵخەڵەتاندنی کورد لە سەردەمە جیاجیاکاندا دەکات. سەرکردە وسیاسەتوانان ومنەوەرانی کوردیش، ئەو ڕاستییەیان باش دەزانی کە دەوڵەتانی دراوسێ وزلهێزانیش لە نەزانیی ئێمە زانان. پێدەچێت،

---

[١] کرێس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدە وبیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

مێژوونووسی کورد (ڕەفیق حیلمی)، لە سەردەمی (شێخ مەحمود)دا لە هەموان باشتر تێگەیشتبێ کە ئەرکی سەرشانیان ئیتر تەواو بووە وتا تورك داوای شتێکیان لێنەکات، نابێ باسی مەسەلەی کورد بکەن. ئەو دەڵێ: "تورکەکان، خۆیان زۆر بە سیاسی وئێمەیان بە (!) زانیوە، چونکە نە نامەی ڕەسمیی ونە تایبەتیشیان نەداوینەتێ." [١] پاشان دەڵێ: "من، لەگەڵ ئەمەشدا کە لەم سینەمایە تێگەیشتم، وام بە باش زانی کە خۆم بە هەڵخەڵەتاو وحۆل بزانم، نەك بە زرنگ و وریا. خۆ ئەگەر، قەوماوەکانی (کارەساتەکانی) دوایی ڕاستی ئەم بیروبۆچوونانەی منی دەرنەخستایە، لەوانە بوو بڵێم بە خۆڕایی ئەم کردەوانەم بە پێچەوانەوە لێکداوەتەوە..." [٢]

ئەوە بەڵگەنامە شوورەوییەکانن، کە ئاماژە دەدەن بەوەی باڵیۆز وکونسوڵ وفەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ناوچە کوردستانییەکانی تورکیا وئێران، باشترین کۆکەرەوەی هەواڵ وزانیاری بوون بۆ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان. بەتایبەت، لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەسایەتی وسەرکردەکانی کورددا، کە ساویلکانە سۆڤیەتییەکانیان لە بەرنامە وپلانی خۆیان ئاگادار کردووەتەوە. [٣]

لە نێوکۆی بەڵگەنامەکانەوە، مانگی دوازدەی (١٩٣٠ ز)، لە ڕۆژنامەی ( IL POPOLO)ی شاری (تریێستێ)ی ئیتالیادا، نوسراوێك دەربارەی کورد بڵاوکرابووەوە، کە تیایدا نوسرابوو: "شۆڕشەکەی کورد هەرچەندە زۆر لەمێژە بەردەوامە، بەڵام کەمترین بایەخی پێدراوە لە

---

[١] ناهیدە ڕەفیق حیلمی: بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٣٠- ٢٣٥

[٢] پاکیزە ڕەفیق حلمی: ڕەفیق حلمی (یادداشت) کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی سێهەم، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی- بەغدا، ١٩٩٢، ل ١٤٢

[٣] د. ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ت

میدیای نێودەوڵەتییدا." ئەمەش، لەبەرئەوەی کێشەی کورد نەك هەر بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیراوە، بەڵکو بە خەتەر وکێشە لەبەردەم پلان وبەرژەوەندی وسیاسەتی نێودەوڵەتی زانراوە. [1] ئەوجا، شۆڕشی کوردان گەر کێشە وخەتەربێ، ئەی لەپای چی جارجارە پاڵپشتی دەرەکیی کراوە؟ کێشەکە لەوەدایە، لە شانۆی نێودەوڵەتییدا ئەم جۆرە سیناریۆیە هەردەم دووبارە بووەتەوە بێئەوەی سەرانی کورد خوێندنەوە وتێڕامانیان بۆ بارودۆخەکە هەبووبێ وئەم کۆتاییە تاڵانە سەرەتایەکی گومانگەرایی لە هەناویاندا فەراهەم کردبێ وڕاڤەکاریی وپێداچوونەوە بە نسکۆکان وڕووداوەکاندا بکەن.

لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا، کاتێك یابان بەناچاری خۆی بەدەستەوەدا لە بەرانبەر هێزگەلی هاوپەیمانان، ئیمپراتۆری یابان (هیرۆهیتۆ) وتارێکی کاریگەری پێشکەش بە گەلەکەی کرد وداوای ئارامیی کۆمەڵایەتی وچەسپاندنی بنەماکانی دیمۆکراسی لێکردن. ئەمە بێجگەلەوەی ئیمپراتۆری ناوبراو، جاڕی ئاگادارییەکی شۆڕشگێڕانەشیدا بەوەی پێویستە گەلی یابان ئیدی دەستبەرداری "بیرۆکەی تایبەت بە قودسییەتی ئیمپراتۆر" بن. [2] بێگومان، ئەم بەڵگەنامەیە، چەند هەقیقەتێك دەخاتەڕوو کە شایەنی ئەوەن لەگەڵ پرسی گەلی کورددا بەراورد وڕاڤە وباسبکرێن.

سەرەتا، ڕاستە یابان وەك هێزێکی سەربازی مەزن تا توانیویەتی داگیرکاری وستەمی لە گەلانی ناوچەکە کردووە ودواتریش بووەتە یەکێك

---

[1] د. خەسرەو عبدالرحیم نجم: دروستکردنی عێراق وکارەساتی ئاسوری ١٩١٤- ١٩٣٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠

[2] د. فوزي درويش: اليابان الدولة الحديثة والدور الامريكي، الطبعة الثالثة، مطابع غباشي- طنطا، مصر، ١٩٩٤، ص ١٩٢

له ولاّتانی تەوەر، بەلاّم کاتێك بە زەبری چەکی ئەتۆمیی ناچارکراوە خۆبەدەستەوەبدا، ئیدی ئیمپراتۆر وتەواوی دەسەلاّتی سەربازیی یابانی ئەو ڕاستییەیان لا ئاشکرابوو کە نەك جەنگ وتۆڵەسەندن، بەڵکو خەباتی چەکداریش سوودی نەماوە. ئەوجا، بۆئەوەی چیتر گەلی یابانی توشی قڕکردنی بەکۆمەڵ نەبن، باشتر وایە تفەنگەکان بێدەنگ بکرێن ودەست بە خەباتی مەدەنی وکۆمەلاّیەتی بکرێت. دووەم هەقیقەت، ئەوەیە کە ئەم کۆتاییە تاڵە سەرەتایەکی گومانگەرایی لای ئیمپراتۆر دروستکرد، بەوەی پێویست بوو بە زووترین کات وتا هەموو شتێك لەدەست دەرنەچووە، چاو بە سەرجەم ڕووداوەکان وکارەساتەکەدا بخشێنێتەوە. هەربۆیە، توانی جاڕی بوێرترین بڕیار بدات، کە تایبەت بوو بە ئایینده وپێگەی پیرۆزی خۆی. ئەو، لە گەلەکەی گەیاند کە ئیمپراتۆر لەمڕۆ بەدواوە بێجگەلە مرۆڤێك هەرگیز بوونەوەرێکی موقەددەس نییە، خەمی گەل خەمی ئەمیشە، نەهامەتی وخۆبەدەستەوەدانی گەل ئەمیش دەگرێتەوە، پێویستە یابان ئیدی واز لە کەلەپوور وترادسیۆن وبیرۆکەی خۆکوشتنی پیرۆز بهێنیّ ودەست بە خەباتی مەدەنی وڕۆشنبیریی بکات. ئەمە، ئەو بنەما دیّموکراسییانە بوو کە ئیمپراتۆر جەختی لێدەکرد.

لێرەوە، وێڕای خاپووربوونی ولاّت وکۆمەڵکوژیی، گەل هێندەیتر ئیمپراتۆری لە دڵدا دەپەرست. ڕاستە، گەل لە ساتێکی مێژوویی سیڕەی بێدەنگیدابوو، یادەوەرییەکانی مژووڵ ببوو بە گەورەیی کارەساتەکە وتۆقیبوو، بەلاّم دواجار هێدی هێدی بەرچاوی ڕوون بووەوە. هەرگیز، نەدەکرا تا هەتایە لە خەم ولێکدانەوە وناسۆری ئەو ڕووداوەدابیّ کە ڕوویدا. هەربۆیە، پاڵپشت بە دەسەلاّتی نویّ وبە وتەکانی ئیمپراتۆر، سەرلەبەری یابانیان گۆڕی لە دەوڵەتێکی سەربازییەوە بۆ بەهێزترین

ئابووری ونویترین تەکنۆلۆژیا. بە مانای، تەواوی کۆمەڵگەکە بە فەرمانڕەوا وفەرمانلەسەر، ستراتیژی بیرکردنەوەیان گۆڕانی بەسەرداهات، لەسەر داروپەردووی مرۆڤی کۆن وتەقدیسی کۆن وتێگەیشتنی کۆن، مرۆڤی نویٚ بونیادنرایەوە.[1] واتە، دوایئەوەی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دوو شاری سووتماك کرا، ئیدی سەرلەبەری هزر وبیرکردنەوەیان گۆڕانی بەسەرداهات، بەوەی چیتر نەدەبوو ئاسنی سارد بکوتن. بەڵکو، دەبوو هەموو هەنگاوێك بە ئاوەز شەنوکەو بکرایە ئینجا بڕیاری لەسەر درابایە. دیارە، ئەم شەنوکەوەی ئاوەز لەلای کوردان، نامۆ یاخود تەنها ئەندێشەیەکی ڕاگوزەر بووە.

بێگومان، واقیعی گەلی کورد بە ئێستاشەوە، هەرگیز وەها نالێت. چکاوەی مەبەستم، ئەوەیە کە بڵێم زۆربەی زۆری ڕاپەڕین وبزوتنەوەکانی کورد، پێش نسکۆ ودوای نسکۆش بە هەمان ڕیتم ڕۆیشتوون. هێندەی کاردانەوەی کاتی وسۆز وئایین ڕۆڵی بینیوە، هێندە هزر وئاوەز وپلانی دوور مەودا ڕۆڵی نەبینیوە. پێناچێت، گەلی کورد لەم شکستانەی خۆی وانەیەکی ئەوتۆی وەرگرتبیٚ. بە ئێستاشەوە، پێدەچێت شۆڕشگێڕانی گەلی کورد بە ڕوانگەی (ئەرستۆ) لە سیاسەت گەیشتبن نەك بە ڕوانگەی (ماکیاڤێللی)، بەوەی سیاسەت هونەری حوکمڕانیکردنە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی، نەك سیاسەت ئاوێزانبیٚ لەگەڵ مۆراڵدا لەپێناو مرۆڤایەتی.

---

[1] هاشم ساڵح: ئایین وعەلمانیەت وکۆمەڵگەی مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاٚوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل ٧٥

لەلایەکیترەوە، سەرجەم ڕاپەڕینەکان وزۆربەی سەرکردەکانیش بە ئایین کاریگەر بوون. هەربۆیە، دەکریٚ بڵێین سەرکردەکانی گەلی کورد لەبەر دڵسافییان، هەردەم بە ئایین هەڵخەڵتێندراون. گەر لاپەڕەکانی مێژووی کورد هەڵدەینەوە، تراژیدیایەکی زۆر دەبینین کە پاڵەوانەکەی ئایین بووە. بۆ نموونە، ساڵی (١٧٤٧ ز) کاتێك (ئەحمەد پاشا)ی والی بەغدا بە سوپایەکی گەورەوە پەلاماری میرنشینی بابان دەدات، سەرەتا لەلایەن عولەما وشێخ ومشایەخی کوردەوە دەنگ دەدرێت کە هەرچی بچێت بەگژ سوپای دەوڵەتی عوسمانیدا وچەکی لە ڕوودا هەڵگریٚ، کافرە. بەم جۆرە، میر (سەلیم پاشا)ی بابان خەڵکی لێدوور دەکەوێتەوە وناچار بەرەو قەڵای (سروچك) هەڵدیٚ. دیارە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتا ونەخۆشکەوتنی والی بەغدا ومردنیەوە، کۆتایی بە لەشکرکێشییەکە دەهێنریٚ. بەڵام، پاشئەوەی (سلێمان پاشا)ی زاوای (ئەحمەد پاشا) دەبێتە والی بەغدا، جارێکیتر ولە ساڵی (١٧٥٠ ز)دا، والی نوێی بەغدا لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتی بابان دەستپێدەکاتەوە. هەروەك جاری پێشوو، شێخ ومشایەخی کورد جارێکیتر جاڕی ئەوە دەدەنەوە هەر کەس بچێت بەگژ سوپای عوسمانیدا، کافرە. ناچار، (سەلیم پاشا) هیچی پێناکریٚ وخۆی وخێزانی بەرەو ئێران هەڵدێن.[١] لە ڕاستیدا، تورکەکان وشەی ئیسلامیان کردبوو بە کوتەکی دەستیان.[٢] شیاوی وتنە، فیکری ئیسلام دەرفەتی ئەوەی بە کوردەکان نەدەدا تاوەکو لە ڕێی ئازادیدا ببزوێن، دەتوانین ئەم ڕاستیە لە وتەی یەکێك لە کونسوڵەکانی بەریتانیا

---

[١] تۆفیق قەفتان: مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان تا دروستکردنی شاری سولەیمانی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا- سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٧٧

[٢] ئەحمەد خواجە: چیم دی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣

له توركيا بەدیبکەین، کاتێك له نامەیەکیدا له (٣/ ١/ ١٩٠٩ ز)دا بۆ سەرووی خۆی، دەنووسێ: "هیچ گومانێك لەوەدا نییە، که بانگەشەکردن بۆ شەریعەت زۆرینەی جەماوەری کوردی نەزان ڕازی دەکات." [١]

دەوترا، ڕاپەڕینەکەی شێخ (عەبدولسەلام بارزانی) به بەرنامه وبه بایەخ بووه. بەڵام به وتەی (کریس کۆچێرا)، هەرچەنده بەرنامەکەی شێخ له چەند خاڵێکی گرنگ پێکهاتبوو، بەڵام به پلەی یەکەم بەرنامەیەکی نەتەوەیی کوردی بووه، به پلەی دووەمیش بەرنامەیەکی ئیسلامی بووه. [٢] واته، ئایین شوناس ومۆرکی کۆمەڵگەی کوردی وزۆربەی ڕاپەڕینەکانی بووه، که ئەمەش لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی عەلمانیدا نایەتەوه. دەوترێ، گەر شۆڕش وڕاپەڕین لەگەڵ شارستانیەت وتازەگەری وئازادی ودادپەروەری ویاسادا نەگونجێ، واباشتره پێیبوترێ (ئاشووب). کەواته، دەبێت له شۆڕشدا مێژوویەکی نوێ بنووسرێتەوه. [٣] جا ئەگەر ئەوانەی باسکران له شۆڕش وڕاپەڕیندا بەدینەکران، ئەوه مانای چەقبەستوویی فیکریی ئەو شۆڕشه ودەستەبەرنەبوونی شۆڕشی فیکریی وکۆمەڵایەتی وڕیفۆرم وتازەگەری ودواکەوتوویی کۆمەڵگەکه. شۆڕشی سیاسییش، گەر نەتوانێ به شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی وفیکریی، تازەگەریی وڕاڤەکاریی وڕیفۆرم له ئاییندا بەرپانەکات، بێشك چارەنووسی ئەو شۆڕشه بەرەو بێرۆکراسیەت وهەڵدێر دەچێ. هەڵبەت، ڕیفۆرم له ئاییندا، بەمانای بوێری ودەرچوون له تێکست وتێگەیشتن وتەقدیسی کۆن ودووباره

---

[١] الكورد في الوثائق البريطانية: ترجمة: د. عثمان علي، مصدر سابق، ص ١٠٥

[٢] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٨

[٣] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩

**بونیادنانەوەی فیکریی وڕاڤەکاریی نوێ وسەردەمییانە. بەمەش، ئەو شۆڕشە، دیدگایەکی شۆڕشگێڕانە وڕوانگەیەکی نوێ وڕۆشنبیرانەی بۆ دەخوڵقێ. کەوابێ، هیچ شۆڕشێکی سیاسی، بەبێ ڕیفۆرمی ئاییی سەرناگرێ.** [١]

**پێشئەوەی (مستەفا کەمال) بە فەرمی (خەلافەت) لە تورکیا هەڵبوەشێنێتەوە، ساڵی (١٩٢٣ ز) واژۆی پەیماننامەی (لۆزان)ی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپیداکرد، بە مەرجی پچڕاندنی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئیسلام وهەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی ودەرکردنی خەلیفە لە تورکیا ودارشتنی دەستوورێکی مەدەنی نوێ. بەمهۆیەوە، ناوبراو لە (٣/ ٣/ ١٩٢٤ ز)دا، بە فەرمی خەلافەتی لە تورکیا هەڵوەشاندەوە وهەمان ساڵیش (عەلمانیەت)ی خستە بواری جێبەجێکردنەوە.** [٢] **هەڵبەت، (ڕەزا شا)ی ئێرانیش پاش تۆکمەکردنی پایەکانی دەسەلاَت، ساڵی (١٩٣٦ ز) یاسای (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت)ی دەرکرد.** [٣] **کاتێکیش ئینگلیز لە (١٩٤٧ ز)دا لە هند دەرچوو، شۆڕشگێڕانی هند خێرا دەستوورێکی نوێیان دارشت کە هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ دابونەریتی خۆرهەلاَتدا دەپچڕاند، وێڕای هەڵوەشاندنەوەی دەسەلاَتی (میهراجات وڕاجات) وقەدەغەکردنی بوونی چینی فەرامۆشکراو وجیاکاری کۆمەلاَیەتی و(جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت).** [٤] **لە ڕاستیدا، عەلمانیەت یاخود**

---

[١] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩١

[٢] د. فوزي أبو خليل: كيف تحولت تركيا من العثمانية الى العلمانية؟ مدونات، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٢٨/ ٩/ ٢٠١٨، www.aljazeera.net

[٣] لقمان خيالي: الجبهة الوطنية ودورها في السياسة الداخلية الايرانية، مصدر سابق، ص ٣٩

[٤] سلامة موسى: كتاب الثورات، مصدر سابق، ص ٨٩

سێکیولاریزم هەرگیز (ئەتاییزم) (الحاد) یان ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵکو سیفەتێکی نوێ ومۆدێلێکی تازەی سیستمی حوکمڕانییە، هاوشێوەی سیستمە سیاسییەکانی کار بۆ دابینکردنی چوارچێوەیەکی سیاسی وکەلتووری بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی هاوچەرخ دەکەن. بەمانای، "دەوڵەت دەبێتە دامەزراوەیەك کە پارێزگاری لە چەمکی هاووڵاتیبوون وئازادی بیروڕا وعەقیدە دەگرێت،" ئەوەش بە پەیڕەوکردنی تەواوی یاسا. لێرەوە، دەوڵەت لەبریئەوەی ئایین یان ئایدیۆلۆژیایەك یاخود کەمینەیەك یاساغ بکات، ئەوا بە پێچەوانەوە پارێزگاری وڕێزی لێدەگرێت.[1]

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە سەدەی نۆزدەوە ڕاپەڕین تێکەڵ بە خەباتی چەکداری بوو، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ڕاپەڕین پەرەدەستێنێ بێئەوەی هیچ دەرەنجامێکی ئەرێنی بۆ کورد هەبووبێ. لەبەرئەوەی، وێڕای زاڵبوونی ئەقڵی کۆنەپارێزی وکەلتووری کۆنەوارەتی وخێڵایەتی ونەخوێندەواری، کۆمەڵێك پەیماننامە وڕێککەوتنی هێزی دەرەکیش، خاکی کوردانی دابەش وسنوورەکانی جیاکردەوە. وەلێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، شۆڕش وڕاپەڕینە بەردەوامەکانی کورد، هەردەم بە کۆنەپەرست ونەریتیی ودژە عەلمانیەت لەقەڵەمدراوە، جگەلەوەی لە کوردستانێکی دواکەوتووی هەژاردا، ناسیۆنالیزمیش نەیتوانیوە ببێتە بزوتنەوەیەکی جەماوەری خاوەن پرۆژەی نەتەوەیی. هەربۆیە، ئینگلیز لە دروستکردنی پەیوەندیدا هەردەم پەنایان بۆ شێخ وئاغا ودەرەبەگ

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٦

وسەرخێڵ دەبرد. [1] بەڵام، ئەو شۆڕشەی (کەمال ئەتاتورك) لە (١٩٢١ ز)دا بەرپایکرد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە شۆڕشێکی عەلمانی وسەردەمییانە لەقەمدرا. لەبەرئەوەی، تەنها سیستمی حوکمڕانی نەگۆڕی، بەڵکو ئەو چوارچێوە تەقلیدییەی تێپەڕاند وکۆمەڵگەشی گۆڕی. ئەتاتورك، هەر کە جاڕی کۆماریی لە (٢٩/ ١٠/ ١٩٢٣ ز)یدا، خێرا ئایینیشی لە دەوڵەت جیاکردەوە. [2]

هەڵبەت، ڕەنگدانەوەی ئایین لەناو ڕاپەڕینەکانی کورددا، بووەتەهۆی ئەو ناوەناتۆرەیە لە ڕوانگەی خۆرئاواوە. واتە، لێرەدا بابەتەکە تەنها بەسیاسیکردنی ئایینە بۆ دۆزی کورد. بەڵام، خۆ هەر گەلی کورد نییە کە هەردەم شانازی بە ئیسلامبوونی خۆیەوە کردبێ، بەڵکو گەلانیتریش هەن کە هەردەم شانازییان بە ئیسلامبوونی خۆیانەوە کردووە. بەڵام، توانیویانە زیرەکانە سوود لە ئایینەکە وەربگرن، لەپێناو چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بۆ خۆیان. بێگومان، نەتەوەکانی تورك وعەرەب وفارس، باشترین نموونەی مێژوویی بەردەستن. بە هەرحاڵ، گەلی کورد لە مێژوودا بەهۆی ستەم وشکست وچەقبەستوویی مێژووییەوە، (ئیبن خەلدون) وتەنی، ناچاربووە:

- پەنا بباتە بەر ئایین وگۆشەگیری

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤

[2] سلامة موسى: كتاب الثورات، مصدر سابق، ص ٧١

## • له مێژوودا شۆڕش وڕاپەڕین بەرپابکات [1]

دەشێت، ئەم بۆچوونە لەگەڵ داکەوتی گەلی کورددا هاوجووتبێ، لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو خاکی داگیرکراوە وبە گومڕا وکەم سەیرکراوە. هەربۆیە، جگە لە شۆڕش وڕاپەڕین لە سایەی ئایینیدا، هیچ بژاردەیەکیتری لەبەردەستدا نەبووە. هەژیی گۆتنە، ئایین وشۆڕش، لە کاتی ستەم وترسدا لەدایکدەبن، لە کاتی سەرفرازی وخۆشگوزەرانیشدا گیاندەدەن. واتە، لە بەردەوامبوونی خەبات وجیهاددا، شۆڕش وئایین دەژین. کاتێکیش خەبات وجیهاد بە کۆتا گەیشتن، ئیدی مەرگ کۆتایی بە ئایین وشۆڕش دێنێ. [2] هەربۆیە، شێخان وشۆڕشگێڕانیش، لە کاتی داگیرکاریی وترس وستەمدا یەکەمین هەڵگری مەشخەڵی خەبات وڕاپەڕین وبەرخودانی کوردان بوون. هەرچەندە، ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەموو فیکرێکی شۆڕشگێڕانەی ئایدیۆلۆژی یان ئایینی، دواجار کۆمەڵگە بەرەو تۆتالیتاریزم دەبات.

هەڵبەت، زۆربەی بەشەکانی پێشووی ئاماژەپێدراو لەم باسەدا، لەسەر گرنگی خاکی (ئۆراسیا) وپارێزگاریکردن لە پێگەی هایدرۆکاربۆن ونەخشەی جیۆسیاسی ودەسەڵات وقووڵایی ستراتیژی ئەم ناوچەیە وپێشنیارکردنی چەندین تیۆری سیاسی وسەربازی وچەندین هاوپەیمانی دروستکردن وخەرجکردنی بڕێکی بێشوماری پارە ودوو جەنگی جیهانیی

---

[1] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی مورادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩

[2] علي عزت بيجوفيتش: الاسلام بين الشرق والغرب، ت: محمد يوسف عدس، الطبعة الاولى، مؤسسة بافاريا للنشر والاعلام والخدمات ومجلة النور الكويتية، مؤسسة العلم الحديث للطباعة والتوزيع- بيروت، ١٩٩٤، ص ١١٥

وکوشت وبڕی ملیۆنان کەسە لەسەری، کەچی شۆڕشگێڕانی کورد بەتەمابوون بە زەبری لوولەی تفەنگ ولە ڕوانگەیەکی خێڵەکی وناوچەیی وئاییینییەوە دەستکاری نەخشەی جیۆسیاسی پشتێنە وناوچەکە بکەن، بێئەوەی لە ئەلف وبێی سیاسەت بگەن. مکووڕم لەسەرئەوەی تا ئێستاش خاکی (ئۆراسیا) سەرچاوەی هەموو مەترسییەکانی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، [1] هەر لە سەرەتاوە تیۆرەکانی (هالّفۆرد ماکندەر وئەلفرێد ماهان وکیّ وکیّ) وپەیمانگەلی (سایکس پیکۆ وسان ڕیمۆ ولۆزان وناتۆ و...هتد)، لەم پێناوەدا ڕووناکییان بینیوە. تەنانەت، کاتێك بەریتانیا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە ناچاربوو کلیلی ناوچەی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست وباکووری ئەتڵەسی وزۆر شوێنیتر پێشکەش بە ئەمریکا بکات، [2] هەمووی لەم گێژاوەدا خۆی دەبینییەوە. بە ئێستاشەوە، ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کۆنترۆڵی تەواوی ئۆراسیا بکات، چونکە دەزانیّ بەهۆیەوە کلیلی جیهان دەخاتە گیرفانییەوە.

کەواتە، ئەوەی شۆڕشگێڕانی کورد درکیان پێنەکردبوو دوو شت بوو، یەکەمیان ئەوە بوو کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕاپەڕینەکانیان بە کۆنەوارەتی لەقەڵەم دەدرا. دووەمیان، درکنەکردنیان بە هەقیقەتی چەسپاویی ویاساییبوونی نەخشە جیۆسیاسییەکانی سایکس پیکۆیە لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی سارددا. هەربۆیە، لە کاتی بەرپابوونی هەر شۆڕش وڕاپەڕینێکی کورددا، لە بەرانبەردا لەسەر شانۆی جیهانیی، شانۆگەرییەکی قێزەون وگەمەیەکی فێلاّوی بێبەری لە ئاکار

---

[1] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵلاّ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠

[2] مایلز کوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خیر، مصدر سابق، ص ٥٧

نمایشدەکرا. بێگومان، هەر سیناریۆیەکی ئامادەکراو ودیمەنێك (مشهد)ی فیڵاوی جیهانیی، دەبوو ئەکتەرەکەی شۆڕشگێڕێکی کوردی هەڵخەڵەتاو بوایە کە لە کۆتاییدا بە ڕاستی شەهید دەبوو. دیمەنی سیناریۆکەش، ئەوەبوو کاتێك کوردی پارچەیەك دژی ستەم وجیاکاری وڵاتەکەی ڕادەپەڕی، لە وڵاتی دراوسێ (ئیقلیمی) بنە وبار وبارەگای دەخست. پاشان، لە ڕووی دارایی ولۆجستی وتەنانەت سەربازییشەوە یارمەتییەکی سنووورداری دەدرا، بە مەبەستی فشاردروستکردن لەسەر وڵاتی بەرانبەر. کاتێکیش وڵاتی دراوسێ بە هاوکاری وڵاتانیدی بەرهەمی فشارەکەی دەچنییەوە، ژێر بەژێر کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی لە نێوان هەردوو وڵاتی ناکۆکدا ئەنجام دەدرا وجارێکیتر ئاشتەوایی بەرپادەبووەوە. لە کۆتاییشدا، بۆ نیازپاکیی بەرانبەر، شۆڕشەکە سەردەبڕدرا ودەکرایە قوربانی. پێدەچێت، (شۆڕشی گولان)، باشترین نموونەبێ کە پاش (١٤) ساڵ خەبات، لە مانگی ئازاری (١٩٧٥ ز)دا وبەهۆی سیناریۆی (جەزائیر)ەوە کرایە قوربانی.[١] واتە، شۆڕشی گولان باشترین نموونەیە، کە لەسەر شانۆی جیهانیی ناشرینترین وفێڵاویترین سیناریۆ وتراژیدیاترین دیمەنی بۆ ئامادەکرابوو لە سەردەمی جەنگی سارددا.

لەم شانۆگەرییە قێزەونەدا، سەرکردایەتی شۆڕشگێڕانی کورد هیوایەکی زۆریان لەسەر ئەمریکا وئێران وئیسرائیل هەڵچنیبوو، بەڵام هەر لە سەرەتای ڕێکەوتنی (یانزەی ئازار)ەوە نە ئێران نە ئیسرائیل نە

---

[١] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ وهاوچەرخی گەلی کورد، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٨١

ئەمریکا بەو ڕێکەوتنە دڵخۆش نەبوون.[1] شای ئێران، بۆیە بەو ڕێککەوتننامەیەی (١١/ ئازار/ ١٩٧٠ ز) زۆر نیگەران ببوو، لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو ئەوە بواری بۆ حکومەتی بەعس دەڕەخساند کێشە لە کوەیت وکەنداو بە گشتی بنێتەوە.[2] کاتێکیش شەڕ بەرۆکی عێراق وکوردانی (بە پاڵپشتی شای ئێران) گرتەوە، تورکیا بەر لە هەر لایەك هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق وئێرانی دەدا. بۆ ئەم مەبەستە، لە (١٦/ ٥/ ١٩٧٤ ز)دا لە ئەنقەرەی پایتەخت کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان عێراق وئێران وتورکیادا کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا، داوا لە وەزیری دەرەوەی ئێران کرا یارمەتی کوردەکانی عێراق نەدەن، چونکە سەرکەوتنی کورد بۆ هەر سێ دەوڵەت کێشەیەکی گەورە دەخوڵقێنێ. پاشان، دوو کۆبوونەوەی دیکەش لە ئەستەنبوڵ کرا، یەکەمیان لە (١٢- ١٨/ ٨/ ١٩٧٤ ز)دا، دووەمیشیان لە کۆتایی هەمان ساڵدا.[3]

لە بەڵگەنامەکاندا، ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئیسرائیل ئامادەی هیچ جۆرە پشتگیریی ویارمەتییەکی کوردان نەبووە، چونکە ڕێکەوتنەکەی ئێران وعێراق بە هەوڵی ئەمریکا وخۆرئاوا ئەنجام درابوو. جگەلەمە، ئێران نەوتی ئیسرائیلی دابیندەکرد، هەربۆیە ئیسرائیل لە بازنەی بەرژەوەندی خۆی وئێران دەرنەدەچوو. لەوەش گرنگتر، شا ڕۆڵی ناوبژیکەری لە نزیککردنەوەی ئیسرائیل ومیسردا دەبینی، هەروەك چۆن

---

[1] شیلان شەریف ڕەشید: ناکۆکی وشەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٩٢، چاپی یەکەم- سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٦٧

[2] کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦- ١٩٧٩: و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧١

[3] شیلان شەریف ڕەشید: ناکۆکی وشەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٩٢، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩

میسریش ڕۆڵی ناوبژیکەری بینی بۆ ڕێککەوتنی ئێران وعێراق.[1] هەڵبەت، شانشینی سعودییەش، هاندەری پێکهاتنەوەی هەردوو دەوڵەت بوو تا بە گفتوگۆ ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن.[2] هەروەها، شا (حسێن)ی ئەردەن و(ئەنوەر سادات)ی سەرۆکی میسر و(هەواری بومیدیەن)ی سەرۆکی جەزائیر، ڕۆڵیان لە ناوبژیوانیی هەردوو وڵات هەبوو، بەڵام پوختە ودوا هەنگاوی پێکهێنانەوە (بومیدیەن) تۆماریکرد. مەخابن، خوێندنەوەی سەرکردایەتی کورد لەو دەمەدا بۆ ئەم هەموو جموجوڵانە دیار نییە.[3]

دواجار، هەروەك شانۆگەرییەکانی پێشتر، ئەمجارەش ئەکتەرە جوامێرەکان دەبوو خەڵتانی خوێن بکرانایە. بەداخەوە، لەبریئەوەی ئەم وڵاتانە داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن لە بەرانبەر ئەم کارە نامرۆڤانەیەی ئەنجامیاندا، کەچی دوای نسکۆی (١٩٧٥ ز)، (هێنری کیسنجەر) بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە وتبووی: "نابێ ئەو کردەوەیەی بە نهێنی ئەنجام دەدرێ، لەگەڵ ئەو کارانەی وەك ئەرك جێبەجێ دەکرێن، تێکەڵ بە یەکتر بکرێن."[4] ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە دەبوو شانۆگەرییەکە بە نهێنی نمایشبکرێ وجیهان بینەری نەبێ وئەکتەرانی

---

[1] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١– ١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢١٩

[2] حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني– العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦– ١٩٩٣، الطبعة الاولى، مطبعة خبات– دهوك، ١٩٩٨، ص ١٣٨

[3] شیلان شەریف ڕەشید: ناکۆکی وشەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی ١٩٧٥– ١٩٩٢، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦

[4] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

شۆڕشگێڕی کوردیش بەمە ڕازیبن. هەڵبەت، هۆکاری نەدرکاندن وبە نهێنی هێشتنەوە وشاردنەوەی ئەو پرسە گرنگە، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئیدارەی ئەمریکا لەو کاتەدا بڕیارێکی تاکتیکی بەبێ ئاگاداری کۆنگرێس (پەرلەمان) دەرکردبوو، کە بەپێی یاسا دەبوو کۆنگرێس لە هەموو یارمەتیدانێکی دەرەکی ئاگاداربێ ویاسای بۆ دەرکردبێ. [1] واتە، هەر لە سەرەتاوە مەبەست ونیازخراپیی ئەمریکا دەرکەوتبوو.

جێی وتنە، (کیسنجەر) ساڵی (١٩٧٢ز) لە تاران بە شای وتبوو: "ڕووسەکان لە پەیوەندیدان لەگەڵ عێراق، ئەو پەیوەندییەش زۆر چووەتەپێش ودەبێ کارێکی وەها بکرێ کە ڕێگە لەم گەندەڵییە بگیرێ." بێگومان، دوای نسکۆ ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانییدا ئەو ڕاستییەشی خستبووەڕوو کە: "ستراتیژیی ئەمریکا زۆر ئاشکرایە، ئەویش بێهێزکردنی هەر وڵاتێکە کە سەر بە سۆڤێتبێ، چونکە سۆڤێت پەیوەندی سوپایی لەگەڵ عێراقدا دامەزراندبوو، هەربۆیە ئێمەش یارمەتی کوردەکانماندا." [2] لەلایەکیتریشەوە، پشتیوانیکردنی ئەمریکا وئێران لە کورد، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هێزی سەربازیی عێراق لەلایەن کوردەوە لاواز بکرێت، بۆئەوەی لە دوای شەڕی ئۆکتۆبەری (١٩٧٣ز)یەوە عێراق

---

[1] مسعود بارزانی: بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢١١- ٢١٢

[2] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١- ١٩٧٥، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

**نەبێتە هەڕەشە ومەترسی بۆ سەر ئیسرائیل. [1] واتە، ئەمەش دیمەنێکیتری هۆکاری یارمەتییەکانی ئێران وخۆرئاوا بووە بۆ کوردەکان لەو کاتەدا.**

**سەرباری ئەو هۆکارانە، بەلاّم پێدەچێت هۆکاری سەرەکی مەترسییەکانی ئەمریکا وئێران بۆ هەنگاوە مەترسیدارەکانی عێراق بگەڕێتەوە. بەڵگەنامەکان، باس لەوە دەکەن کە نیسانی(١٩٧٢ ز)، (سەدام حسێن) وسەرۆکوەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت (ئەلێکسی کۆسیگین)، پەیماننامەی (دۆستایەتی وهاریکاری) لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆدەکەن. ئەمەش، مانای دەستەبەربوونی بازاڕی سۆڤیەت بۆ نەوتی عێراق بێجگەلە فرۆشی چەك وچۆڵی بەردەوامی سۆڤیەت بۆ عێراق. ئەم هەنگاوە، ڕێخۆشکەر بوو بۆ خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق لە (١/ ٦/ ١٩٧٢ ز)دا، [2] بەمەش (سەدام حسێن) ئەمریکای تووڕەکردبوو، هەروەك چۆن پێشتر سەرۆکوەزیرانی ئێران دکتۆر (موسەددەق)، بە خۆماڵیکردنی نەوت لە (١٥/ ٣/ ١٩٥١ ز)دا تووڕەیی ئەمریکای مسۆگەر کردبوو. [3] ئەم هەنگاوە، سەردەمێکی پڕ کێشە وهەڵبەز ودابەزی سیاسی بۆ عێراق هێنایە پێش. یەکەم بەرەنگاربوونەوەش، کودەتا شکستخواردووەکەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی (نازم کزار) بوو لە (١٩٧٣ ز)دا، کە ناجێگیریی ڕژێمی نوێی خستەڕوو. [4] کەواتە وەك ئاماژەمپێدا، پاشئەوەی بەریتانیا لە ناوچەکە کشایەوە وبە فەرمی ئەمریکا جێیگرتەوە وبووە**

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨

[2] م. هەردی مەهدی میکە علی: التطورات السیاسیة المعاصرة في العراق، مصدر سابق، ص ٧٦

[3] ایران ١٩٠٠– ١٩٨٠: تألیف: مجموعة من المؤلفین، مصدر سابق، ص ٢٦٩

[4] م. هەردی مەهدی میکە علی: التطورات السیاسیة المعاصرة في العراق، مصدر سابق، ص ٧٦

پارێزەری بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا لە ناوچەکە، چ کاتێك دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەر دەوڵەتێك پێویستبووایە، ئەنجامی دەدا.

هەڵبەت، ئەوەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەجێگیریی ماوەتەوە، ئەوەیە کە ئەمریکا دەتوانێ دەستوەربداتە کاروباری نەتەوەکان وقەوارەی ئەوان. ئەمریکا، باوەڕی وایە هیچ نەتەوە وقەوارەیەك ناتوانێ ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش وبەرژەوەندی ئەو. [1] ئەم ڕستەیە، وتەزای ئەفسەرێکی باڵای دەزگای هەواڵگری ئەمریکامان دێنێتەوە یاد بە ناوی (وێڵبۆر ئیڤەلاند) لە ساڵی (١٩٥٤ ز)دا، کاتێك ئەندامی وەفدی دانوستانکاری ئەمریکا دەبێ لەگەڵ وەفدی (جەمال عەبدولناسر) لە قاهیرە. لە پەراوێزی ئەو کۆبوونەوەیەدا، ناوبراو وتبووی: "شتێك نییە بە ناوی (سەربەخۆیی تەواو) بۆ هەر دەوڵەتێك لەم جیهانەدا." [2] ئەوەش لە ڕوانگەی ئەمریکاوە وبە پشتبەستن بەو ستراتیژەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە بەرانبەر هەر مەترسییەك بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە جیهاندا گیراوەتەبەر. ئەمڕۆ ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە کە لە دوای دیسەمبەری (١٩٩١ ز)ەوە، واتە لە دوای هەرەسهێنانی سۆڤیەتەوە، سەردەمی ئەمریکی دەستیپێکردووە. [3] بێگومان، ئەمریکا بێجگەلە بەرژەوەندییەکانی خۆی، هیچ کەس ولایەن وشتێکیدی ناناسێت. واتە، ڕێبازی پراگماتیکی (سوودگەرایی وبەرژەوەندیخوازی)، تایبەتمەندیی

---

[1] کریستی لۆرانس: پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیادا، و: ماجید خەلیل فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥

[2] مایلز کوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خیر، مصدر سابق، ص ١٧٠

[3] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

سیاسەتی واشنتۆنە.[1] ئەمەش، سروشتی هەڵسوکەوتی هەموو دەوڵەتانە لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

پێدەچێت، شۆڕشگێڕانی کورد، لەم ڕیتم وشێوازی مامەڵە نێودەوڵەتییە بێئاگابووبن. لە جیهانی سیاسەتدا، هەموو پەیماننامەکان وجووڵەیەکی دیپلۆماتی وکردەیەکی سەربازیی، لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیدایە. بەدیهێنانی بەژەوەندی، تاکە میکانیزمی جووڵەی گشت دەوڵەتانە، واتە سیاسەت هونەری بەدیهێنانە.[2] دیارە، کەسیش هێندەی (شارڵ دیگۆل)ی سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا، بە وتە بەناوبانگەکەی ڕاستگۆیانە ئەم پرسەی نەخستبووەڕوو، کاتێك وتبووی: "فەرەنسا هاوڕێی نییە، بەڵکو تەنها بەرژەوەندی هەیە."[3] دەکرێت، ئەم ڕستەیە وەها لێکبدەینەوە، کە ئەوەی دەبینرێ ودەگوزەرێ وبانگەشەی بۆدەکرێ لە دیمۆکراتی ومافی مرۆڤ وبەهاناوەچوونی لێقەوماوان ومافی گەلان لە ئازادی وخۆشگوزەرانی وئەوەی لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، تەنها درۆ وتراویلکە وخۆڵکردنە چاوی گەلانە. بەڵکو، ئەوەی واقیع وڕاستییە تەنها بەدەستهێنانی سوود وقازانجە، واتە بەدەستهێنانی

---

[1] سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەکان، و: سابیر عەبدوڵڵا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢

[2] جۆن جەی میرشەمیر: بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ و: فاروق جەمیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧

[3] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کتێب، ژمارە (٥٩٩٣)، یەکشەممە، ٣/ ٢/ ٢٠١٣، ل ١٥

بەرژەوەندییە. هەڵبەت، تەواوی دەوڵەتانیش ئەو ڕاستییە دەزانن، کە سەرکردەکانیان بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکانیان لەگەڵ یەکتردا درۆدەکەن. [1]

بەڵام، لەگەڵئەوەی شۆڕشەکانی کورد نەیانتوانیوە بەرژەوەندی گەلی کورد بەدەستبهێنن، ئەوا هەرگیز نەشیانتوانیوە مێژوو بنووسنەوە وگۆڕانکاری ئەنجام بدەن، هەرچەندە ئەوە گەلە کە لە کۆتاییدا مێژوو دروستدەکات. [2] چونکە، پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە ئەوانە شۆڕشی سەرتاسەری گەل نەبوون، بەڵکو کاردانەوەی کاتیی وڕاپەڕینی خێڵگەلێکی ناوچەیی بوون. هەڵبەت، شۆڕش زۆر لەوە مەزنترە، بەوەی مانا ودەلالات وڕەهەندێکی فراوانتری هەیە. بێشك، کۆمەڵگەی لاواز ودواکەوتوو وپەرتەوازە شۆڕش بەخۆیەوە نابینێ، لەبەرئەوەی سەرباری دەرەنجامە نەرێنییەکانیشی، بەڵام شۆڕش هێمای زیندوویی وهێز ولاوێتی کۆمەڵگە نیشان دەدات، [3] ئەو کۆمەڵگەیەی خاوەنی شار وژیار وڕۆشنبیریی وبەندەر وکارگە وچینی کرێکار وململانێی چینایەتیە.

نووسەری عەرەب، (سەلامە موسا)، لە ڕوانگەی شۆڕشەوە دەڵێ: "٤٠٠ ساڵ تێپەڕی ئینجا گەلی ئینگلیزی توانییان شۆڕشێکی نوێ بەرپابکەن. وەلێ، ئەو شۆڕشە میللی بوو، لەبەرئەوەی گەلی ئینگلیز لە ساڵی (١٦٤٠ ز)دا پێکهات." [4] بە بڕوای ناوبراو، ئەو شۆڕشەی لە (١٢١٥

---

[1] جۆن جەی میرشەمیر: بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ و: فاروق جەمیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤

[2] ایران ١٩٠٠– ١٩٨٠: تألیف: مجموعة من المؤلفین، مصدر سابق، ص ٣٠٨

[3] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ٣٢٦

[4] سلامة موسى: کتاب الثورات، مصدر سابق، ص ٤٣

ن)دا ڕوویدا و(پەیمانی مەزن) واتە (ماگناكارتا)ی لێكەوتەوە [1] شۆڕش نەبووە، بەوەی لەو بەراورەدا لە ئینگلتەرا گەل بوونی نەبووە، چونكە سەرلەبەری ئابوورییەكان كشتوكاڵیی وگوندنشینیی بوون. هەروەها، كرێكارە كشتوكاڵییەكان، كۆیلە یان نیمچە كۆیلە بوون، ئەمە بێجگەلەوەی تەنها چینی خانەدانەكان ودەرەبەگەكان سەربەخۆ بوون. هەربۆیە، كاتێك ئەم خانەدانانە ستەمیان لە پاشا (جۆن) بینیی، ئیدی ڕاپەڕین. بەڵام بە بڕوای نووسەر، لە ساڵی (١٦٤٠ ن)دا، ئینگلتەرا (شار)ی تێدا دروستببوو كە پیشەوەر وفرۆشگە ودەستگێڕ وكارگەی بچووك وچینی كرێكاری تێدابوو. وێڕای، چینێك خاوەن موڵكی بچووك كە خانەدان ودەرەبەگ نەبوون، بەڵكو چینی ناوەند بوون. ئەمە بێجگەلە دروستبوون وگەشەسەندنی كۆمەڵێك بەندەر، بۆ بازرگانی وفرۆشی كالاكان.

لەم بارەیەوە، مێژوونووسان دەربارەی دروستبوونی ئەم شارانە دەبنە دوو بەش، بەشێكیان هۆكارەكەی بۆ (پیشەوەران ودەستگێڕان) دەگەڕێننەوە كە بەدوای شوێنێكی ئارامدا دەگەڕان دوور لە مەترسی شەڕ ودز وجەردە وچاوی دەرەبەگ، دواجاریش خەڵكانێك لێیان گردبوونەوە. بەشێكیتریشیان بۆ دروستبوونی (كۆمۆنە) واتە گردبوونەوەی تاكەكانی دەگەڕێننەوە، كە چەند كۆمەڵگەیەكی ئاشتیخوازی دابڕاوی دوورەدەستی دوور لە شەڕ وململانێ وستەمی ئەو سەردەمە بووە، ئەوجا دەستگێڕ وپیشەوەرەكانیش ڕوویان تێكردوون وبناغەی شار دروستبووە. [2]

---

[1] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، مصدر سابق، ص ٢٣٣

[2] جان توشار: تأريخ الفكر السياسي، ت: د. علي مقلد، الطبعة الثانية، الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ١٩٨٣، ص ١٤٨

بەهەرحاڵ، مەبەستی (سەلامە موسا)، ئەوەبوو کە پێمانبڵێ ئینگلتەرا تەنها لە ساڵی (١٦٤٠ ز)دا گەلی بەخۆوەبینی، لەبەرئەوەی پێشتر شار وکارخانە وبەندەر وململانێی چینایەتی تێدا نەبووە. وێڕاش، شۆڕشی (١٦٤٠ ز)، شۆڕشێك بووە لە پێناوی ئازادییدا.[1] لەوەش زیاتر، ئەو دەیەوێت پێمانبڵێ شۆڕش تایبەتە بە گەل، وادیارە لە ڕوانگە ولە ژێر کاریگەری فیکری مارکسیزمدا بەو دەربڕین وشیکارییە گەیشتووە. بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، شۆڕش تەنها لە ناو گەلی زیندوودا ڕوودەدات، نەك گەلێکی پەراوێز وخێڵەکی وپەرتەوازەی وەك گەلی کورد.

دیارە، سەرکەوتنی شۆڕش مانای بوژاندنەوەی هیوای میللەتێك کە سەردەمانێکە لە ژێر جەور وستەمی دەسەڵاتێکی ملهوڕدایە. بێگومان، ئەم بوژاندنەوە وگۆڕانکارییە ڕیشەییە، پاڵنەر دەبێت بۆئەوەی گەل لە داهاتوودا کارێکی زەحمەت ئەنجام بدات لەبۆ ڕزگاربوون لەدەست داگیرکەر وگەڕاندنەوەی شکۆ وناسنامەی نەتەوەیی خۆی. واتە، ئەوە شۆڕش بوو کە توانی لە ڕێی ئەم کار وهەنگاوەوە، نەخشەڕێژیی وڕێخۆش بکات بۆ سەرەتای دەرکەوتنی بزوتنەوە ناسیۆنالیزمەکان لە ئەوروپادا.[2] شیاوی باسە، ڕاوبۆچوونی جیاواز لەمەڕ سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی هەیە، بەڵام مێژوونووسان وبیرمەندان کۆکن لەسەرئەوەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی وەك فیکرێکی سیاسی، لە دوای شۆڕشی

---

[1] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

[2] محمد فؤاد شكري: الصراع بين البورجوازية والاقطاع ١٧٨٩- ١٨٤٨، المجلد الاول، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة- القاهرة، ٢٠١٢، ص ٣٦٠

**فەرەنسی (١٧٨٩ ز)یەوە دەرکەوتووە، ئەو شۆڕشەی سێ پرەنسیپی (دادپەروەری وبرایەتی ویەکسانی) لەخۆدەگرت.** [١]

**بە بڕوای بیرمەندان، پێویستە لە ناو هەموو گەلێکدا دوو شۆڕشی یەکلەدوای یەك ڕووبدات. شۆڕشێکیان سیاسییە، وگەل دەیەوێت بە زەبری هێز وچەك دەسەلاتێکی زۆردار وملهوڕ کۆتایی پێبهێنێ، کە لە کۆتاییدا خوێنێکی زۆری تێدا دەڕێژرێت. شۆڕشەکەیتر کۆمەلایەتیە، کە دواجار چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئاشتییانە دەکەونە ململانێی یەکتر لەپێناو دابینکردنی (دادپەروەری) بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمان.** [٢] **جێی ئاماژەپێکردنە، گەلی کورد، گەر توانیبێتی بە خوێنڕشتن شۆڕشی سیاسی ناکام بەرپابکات، ئەوا ئێستاشی لەگەڵدابێ هەرگیز نەیتوانیوە ئاشتییانە شۆڕشی کۆمەلایەتی لەپێناو دادپەروەرییدا بەرپابکات، لەبەر تەسکیی بیر وڕوانگەی حزبایەتی. هەربۆیە، نەشیتوانیوە مێژوو بنووسێتەوە، ئەمە بێجگەلەوەی وتراوە سەرکەوتووەکان مێژوو دەنووسنەوە.** [٣] **کەواتە، ئەوەی پێیدەوترێت (دیمۆکراسی لانی زۆر)ی کۆمەلایەتی ئابووری فەرهەنگی، هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا چەکەرەی نەکردووە، کەوابێ دادپەروەریش بەرقەرار نەبووە. بێگومان، دیمۆکراسی لانی زۆر، بە دەسەلاتی دەستووری ویاسایی ودادپەروەری**

---

[١] سامح الطيطي: القومية في أوروبا، أرث ممتد على مدى ٢٠٠ عام، مدونات الجزيرة، ٥/ ١١/ ٢٠١٨، aljazeera.net blogs.

[٢] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥

[٣] ئەنفالناسی: ڕەگوڕیشەی دەستەواژەی جینۆساید، ژمارە (٣)، ساڵی سێیەم، (گۆڤار) ساڵنامەیەکی تایبەتە بە بلاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لەبارەی جینۆساید وئەنفالی کورد، ڕێکخراوی چەرموو بۆ پرسی ئەنفال- چەمچەماڵ، کوردستان، ١٤/ ٤/ ٢٠١٩، ل ١٠

کۆمەڵایەتی وئازادییەکان ومافەکان وبەشداری سیاسی وگشتی فەراهەم دەبێ، کە هەموو ئەمانە بەرهەمەکانی دیمۆکراسین.[1]

ساڵی (١٩٩١ ز)، لە باکووری عێراق (لە هەرێمی کوردستان)، هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی پارێزراو لەلایەن ئەمریکاوە بۆ کوردەکان دروستبوو.[2] هەڵبەت، وێڕای هەلومەرجی گونجاو وگۆڕاو وپارێزگاریی ئەمریکا، ئەم هەرێمە بە زەبری خەباتی چەکداری وڕاپەڕینی جەماوەری وخوێنڕشتن دروستبوو. واتە، لەو بەروارەدا شۆڕشێکی سیاسی لە ڕێگەی خوێنڕشتنەوە توانی کۆتایی بە ملهوڕیی دەسەڵاتێکی ستەمکار بهێنێ. بەڵام، پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین وئازادی، شۆڕشگێڕان چیتر نەیانتوانی قۆناغی دووەمی شۆڕش دەستپێبکەن ودادپەروەری وژینگەیەکی تەندروست وئاشتەوایی کۆمەڵایەتی فەراهەم بکەن. مکووڕم لەسەر ئەوەی، تا ئێستا ئەم هەرێمە نەیتوانیوە هەنگاو بەرەو قۆناغی داهاتوو بنێ، کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیە. بەمانای، هێشتا لە ماوەی ڕاگوزەرییداین، بێئەوەی هیچ ئاسۆیەکی هەنگاونان بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی ولانی زۆری دیمۆکراسی دەرکەوتبێ. هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم هەرێمەوە، پارتە لۆکاڵییەکان بە ململانێی توندی حزبایەتی وشەڕی براکوژی وناوچەگەریی هەموو هیوایەکیان لەگۆڕنا، کە ئەمەش گەورەترین خزمەت بوو بە ڕژێمی بەعس وداگیرکەرانی هەرێمیی ونێودەوڵەتیی. وەك ئاشکرایە، چوار ساڵی شەڕی براکوژی هەموو

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، کانونی دووەم/ ٢٠١٢، ل ٢١- ٢٤

[2] غنثر دیشنر: الکرد، ت: د. جورج کتورة، الطبعة الاولی، دار فارابي- بیروت، لبنان، دار آراس للطباعة والنشر- أربیل، أقلیم کردستان العراق، ٢٠١٤، ص ١٥

ئاواتەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەی لەگۆڕنا، سەرباری بەفیڕۆدانی خوێنی لاوان ودەستکەوتەکان وتوانا مرۆیی وسەرچاوە سروشتییەکان.

بێگومان، شەڕی براکوژی ودوو ئیدارەیی، شتگەلێکی نەرێنی ونەخوازراوی لێکەوتەوە. لە هەلومەرجێکی وەهاشدا کە یاسا پێزی نامێنێ وپاشاگەردانی بالأدەست دەبێ، هێزی سیاسی نەك دەسەلأتی سیاسی، دەبێتە دێوەزمە ودیفاکتۆ وچاودێر بەسەر کۆمەڵگەوە. [1] لە ئەنجامدا، تاکەکان ناچاردەکرێن لە ژێر سێبەری هەژموونی حزب نەك دامەزراوەی سیاسی وکۆمەڵگەی مەدەنیدا، ژیان بە کولەمەرگی وناچاری بگوزەرێنن. ئەوجا، لەبەرئەوەی گەل هێشتا لە شۆڕشی سیاسی وقۆناغی خوێنڕشتنندایە، کەواتە شەڕی براکوژی وململانێی توند لێکەوتە ودرێژکراوەی ئەو شۆڕشە سیاسییەیە، چونکە شۆڕشی کۆمەلأیەتی ودیمۆکراتیزەبوون وقۆناغی دادپەروەری وئاشتەوایی هێشتا دوورە. هەڵبەت، لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەم پرسە دەپەیڤم.

## خەباتی چەکداری یان خەباتی مەدەنی؟

دەکرێ سەرنج بدەین لەوەی، شۆڕشەکانی گەلی کورد دەرەنجامی ململانێی چینایەتی نەبووە بە پێوەری مارکسیزم، چینی پرۆلیتاریا یان چینی بۆرژوا ڕابەرایەتی نەکردووە، ئەوەندەی مۆرکی کوردەواری (بە مانا تەسکەکەی) وئایینی پێوە دیاربووە، هێندە هەڵگری مۆرك وپرۆژەیەکی ناسیۆنالیزم یان سۆسیالیزم یاخود لیبراڵیزم نەبووە. دیارە لە سەدەی

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ئەیلول/ ٢٠١١، ل ١٤٧

نۆزده وسەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردستان وەکی ئەمڕۆمان شاری گەورەی ئاوەدان وڕوخساری شارستانیەت وشارۆمەندی وچینی بۆرژوا وکارگە وبەندەری گرنگی تێدا نەبووە. هەرگیز، ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی هاوشێوەی شۆڕشگەلی ئەمریکی فەرەنسی ڕووسی هندیی تورکی وئەوانەیتر نەبووە. ئەوەی هەبووە، کاردانەوە ویاخیبوون وڕاپەڕینێکی خێڵەکی بەردەوام وبێ پرۆژەی ئایدیۆلۆژیی بووە لە ناوچەگەلێکی ڕوخسار گوندنشین ودواکەوتوو دژ بە دەسەلاتی عوسمانیی وئێرانیی، کە میران وشێخان وپیاوانی تەریقەت وسەرخێڵ سەرۆکارییان کردووە، دەرەنجامیش نسکۆ وکوشتن وبڕین وڕاگواستنی بەدواداهاتووە. دیارە، ئەمە کەمکردنە وبێڕێزی نییە بەرانبەر بە ڕاپەڕینەکانی کورد، بەڵکو ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە مێژوو بە بەڵگە تۆماری کردووە. دیارە، کوردستانی ئەو دەمە لەبری شارگەلێکی گەورەی خاوەن شارستانیەت وکار وکارگە وزانکۆ، سیمای گوندێکی فەرامۆشکراوی هەبووە. چونکە، داگیرکەرانی کورد بە ئێستاشەوە نەیانهێشتووە خاکی کوردستان ببوژێتەوە وژیار وشار وکار وکارخانە وفێرگە وبەندەر وئاوەدانی تێدابێ.

کەواتە، لەلایەکەوە داگیرکاری ونەبوونی ژیار ونەبوژاندنەوەی ژێرخان وسەرخانی کوردستان، وای لە تاکی کورد کردووە هەردەم بیر لە ڕاپەڕین ویاخیبوون وخەباتی چەکداری وتوندوتیژی وتۆڵەسەندن بکاتەوە، لەلایەکیتریشەوە کۆمەك وهاوکاری گوندنشینە کوردەکان بۆ هێزە ڕاپەڕیو وپارتیزانەکان، هەردەم مایەی بەلا وجینۆساید وڕاگواستن بوون بۆ گوندەکان.[1] بە مانای، ئەمانە هۆکاری ڕاستەقینەی وێرانبوون وفەراهەمنەبوونی ژیار وشاری ئاوەدان وچینی ڕۆشنبیر وناوەند وکرێکار

---

[1] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠

بوون له كوردستاندا. ئەوجا ئەگەر كۆمەڵگەیەك ئاشنا وپەنجەی لەگەڵ دیمۆكراسیەت ورۆشنبیریی وژیار وسەرخان وژێرخانی گەشەسەندوودا نەرمكردبێ، زیاتر بیر له هەوڵ وفشار وخەباتی مەدەنی دەكاتەوە. واتە، ستراتیژی (خەباتی چەكداری) ڕەنگدانەوەی كۆمەڵگەی ژێردەستە ودواكەوتووە، بەڵام ستراتیژی (خەباتی مەدەنی) ڕەنگدانەوەی كۆمەڵگەی سەردەستەی پێشكەوتووە بە هەموو ڕەهەندەكانییەوە.

لەبارەی داكەوتی خاكی كوردستان وڕابردوو وداهاتووی شۆڕش وخەباتی كۆمەڵگەی كوردی، بەڕێز (مەلا بەختیار) له پەڕتووكی (شۆڕشی كوردستان وگۆڕانكارییەكانی سەردەم)دا دەڵێ: "دوو ستراتیژ بەرانبەر یەك دانراون، یەكێكیان (**ستراتیژی چەكداری**)یە، كە زیاتر له دوو سەدە تاقیكراوەتەوە وبە كارەساتی ئەنفال پاشەكشەی كردووە، لەگەڵ (**ستراتیژی ڕاپەڕین**) كە تاقینەكرابووەوە وتازە بیری لێكرابووەوە، دوای سێ ساڵ له (١٩٨٨– ١٩٩١ ز) سەركەوت.[١]

هەرچەندە ئەم تێڕوانین وبۆچوونەی ناوبراو ڕاستە، بەوەی دەبوو زووتر گەلی كورد له پێناو بەرگرتن له جینۆساید ومالۆیرانی زیاتر، بیری له گۆڕانی ستراتیژی خەبات بكردایەتەوە، بەڵام ئەگەر گۆڕانكارییەكانی دوای هەرەسی یەكێتی سۆڤیەت وكۆتایی شەڕی سارد ودروستبوونی تاكجەمسەریی وپێداچوونەوە بە بەشێك له نەخشەی جیۆسیاسی ناوچەكە وكاریگەریی ئەمریكا وگۆڕینی شێوازی گەمە سیاسییەكە نەبووایە، مەحاڵ بوو ڕژێمی بەعس هەروا بە ئاسانی كەنار بخرایە.

---

[١] مەلا بەختیار: شۆڕشی كوردستان وگۆڕانكارییەكانی سەردەم "خەباتی شاخەكان یان ڕاپەڕینی شارەكان"، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

پاشان، ناوبراو سەرباری ناوبردنی وشەی (شۆڕشی کوردستان)، ئاماژەی بە دوو ستراتیژ کردووە، کە (ستراتیژی چەکداری وستراتیژی ڕاپەڕین)ن، لە کاتێکدا دەشێت من هەردووکیان لە خانەی (**ستراتیژی ڕاپەڕین**)ی چەشەکراو بە خەباتی چەکداری جێبکەمەوە سەرباری ناونەبردنی وشەی شۆڕش، چونکە شۆڕش هێمای زیندوویی وهێز ولاوێتی کۆمەڵگە نیشان دەدات.[١] پێشتریش ئاماژەم بە ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێك توێژەر ونووسەری بواری زانستی کۆمەڵناسیدا، لەوەی وتبویان وشەی ڕاپەڕین گونجاوترە وەك لە وشەی شۆڕش بۆ بزاڤگەل وجموجووڵە چەکدارییەکانی کورد، بە درێژایی هەموو مێژووی ساڵانی خەبات وتێکۆشان.[٢]

لە ڕاستیدا، هەردوو ستراتیژی ڕاپەڕینەکەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم، بریتین لە: ستراتیژی (ڕاپەڕینی بەردەوام)، ((نموونەی خەباتی چەکداری بەردەوام وڕاپەڕینە بەردەوامەکانی گەلی کورد وشۆڕشی مەزنی ئەمریکا (١٧٧٥- ١٧٨٣ ز)[٣] وپراکتیکی تیۆری شۆڕشی بەردەوامی ترۆتسکی[٤] وشۆڕشی درێژخایەنی ماو زی دۆنگ[٥] وهاوشێوەکانیان)) لە دەرەوەی شار (ئێمە دەڵێین شاخ) ولە سنوورێکی بەرفراوانی دوور لە

---

[١] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٣٢٦

[٢] د. خەسرەو عبدالرحيم نجم: دروستکردنی عێراق وکارەساتی ئاسوری ١٩١٤- ١٩٣٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨

[٣] إيمان الحياري: مراحل الثورة الامريكية، تأريخ، موضوع. اكبر موقع عربي بالعالم، ١٧/ يونيو/ ٢٠١٩، mawdoo٣.com

[٤] ليون تروتسكي: نتائج وتوقعات والثورة الدائمة، ت: بشتر أبو سمرا، مركز الدراسات الاشتراكية- القاهرة، ٢٠٠١، ص ٨٦

[٥] حكمت محمد كريم (ملا بختيار): ثورة كوردستان ومتغيرات العصر، ت: د. بندر علي أكبر (أنور مندلاوي)، الطبعة الثالثة، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠١١، ص ١٣٩

شارستانیەت وبە پلانێكی درێژخایەن وبە زەبری چەك وهێزی لەشكریی ومیلیشیا، لەگەڵ ستراتیژی (**ڕاپەڕینی لەناكاو**) ((تووڕەیی جەماوەر وبە بنبەستگەیشتنی خەباتی مەدەنی ونەبوونی كەناڵەكانی گفتوگۆ وڕووداوە هەنووكەییەكان خولقێنەریەتی)) لە ناو سنووری شار وشارۆچكەكان وبە پلانێكی هەنووكەیی دوور لە هێزی لەشكریی ومیلیشیا كە لەوانەیە خۆڕسك وبەبێ چەكبێ یان ماوەیەكی كورت چەك ڕۆڵببینێ تیایدا.

گەرچی ڕاپەڕین شێوەیەكە لە دەربڕینەكانی شۆڕش، [1] بەلاٌم گەر ڕاپەڕین درێژەبكێشێ، ئەوا یان دەگۆڕدرێ بۆ یاخیبوونێكی مەدەنی ئاشتیخواز (سلمي) یان سەردەكێشێ بۆ خەباتی چەكداری. [2] بێگومان، شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩ ز)، سەرەتا بە ناڕەزایی دەربڕین، مانگرتنی كرێكاران، خۆپیشاندان ودواتر بە ڕاپەڕینێكی جەماوەری دەستیپێكرد تا دواجار چەكیش ڕۆڵێكی كاتی تێدابینی. بیروبۆچوونێكی تەقلیدی هەیە، پێیوایە شۆڕشگەلی ئەمریكی وفەرەنسی وتەنانەت ئینگلیزیش ڕاپەڕینێكی خۆڕسك بوون. [3] وێڕای ئەوەش، كۆمەڵێك بیرمەند بڕوایان وایە هەموو شۆڕشێك ڕاپەڕینێكی جەماوەرییە. [4]

بێگومان، جەماوەری شار وشارۆچكەكان بە هاندانی گرووپێكی بچووك وبەهۆی ساتی لاوازی دەسەلاٌت وهەلومەرجی ڕووداوێك كە دەیانوروژێنێت، لەناكاو هەڵدەكوتنە سەر دامودەزگاكان ولە ماوەیەكی

---

[1] سلامة كيلة: الانتفاضة والثورة، جريدة الغد، أفكار ومواقف، ٧/ أكتوبر/ ٢٠١١

[2] حلمي موسى: الانتفاضة الشعبية بين أشكال الكفاح وطرق النضال، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٥/ ٣/ ٢٠٠٧، www.aljazeera.net

[3] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ١١٧

[4] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨٦

کەمدا ناوچەکە لە شوێنەواری ڕژێم پاکدەکەنەوە. ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩٩١ ز)، باشترین نموونەی ڕاپەڕینی لەناکاو بوو، کە لە ئەنجامی تووڕەیی جەماوەر وپێشهاتەکان وشکستی ڕژێمی بەعس ڕوویدا، بەڵام بە زەبری چەك سەرکەوتنی بەدەستهێنا. چونکە، ڕژێمێکی گشتگیری وەك ڕژێمەکەی (سەدام) کە بە زەبری چەك وخوێن وتوندوتیژی دەسەڵاتی گرتبووەدەست، گەر بە زەبری چەك وخوێن وتوندوتیژی نەبوایە مەحاڵ بوو وەدەربنرێت. هەرچەندە، (مەلا بەختیار) جەخت دەکاتەوە لەوەی کاتێك خەباتی چەکداری وسەنگەربەندی ناوشارەکان وشەڕە تفەنگ جێی تەوژمی ڕاپەڕینێکی جەماوەری خۆڕسك دەگرێتەوە، دواجار دوژمنان سەرکەوتوو دەبن. لەبەرئەوەی، لە شەڕە تفەنگدا، دوژمن دەتوانێ جۆرەها تۆمەتی وەك یاخیبوون وئاشووب وفیتنەی بێگانە ولە یاسا دەرچوون وچەندین تۆمەتیتر بداتە پاڵ جەنگاوەران، جگە لەوەی لە شەڕە تفەنگدا دوژمن بەهێزترە، چونکە جۆرەها چەکی قورس وتۆپ وزرێپۆش وفڕۆکە وسوپای مەشقپێکراوی هەیە. [1] بەڵام لە بەشەکانی پێشتردا باسمکرد، کە هەموو شۆڕشێك ڕاپەڕینێکی جەماوەرییە، ڕاپەڕینیش شێوەیەکە لە دەربڕینەکانی شۆڕش، [2] کەواتە خودی ڕاپەڕینیش تۆوی توندوتیژی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، وەك چۆن شۆڕش هەردەم بە توندوتیژی بارگاوییە. دواجار، ئەم ڕاپەڕینە لە هەلومەرجێکی لەباردا دەگۆڕدرێ بۆ

---

[1] مەلا بەختیار: شۆڕشی کوردستان وگۆڕانکارییەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان"، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤

[2] سلامة كيلة: الانتفاضة والثورة، جريدة الغد، أفكار ومواقف، ٧/ أكتوبر/ ٢٠١١

هەڵمەت وخەباتی چەکداری، [1] وەك سەرەتای هەڵمەتە چەکدارییەکەی ڕاپەڕینە مەزنەکە.

لەلایەکیترەوە، پێدەچێت ئیدی لە ئێستادا سەرلەبەری ستراتیژ وڕاپەڕین وخەباتی چەکداری، چیتر وەکی سەردەمی جەنگی سارد پێزی نەمابێ. واتە، گەلانی ژێردەستەی جیهان وا باشترە ئیتر بیر لە خەباتێك بکەنەوە کە زۆرترین دەستکەوت وکەمترین زیانی بەدواوەبێ. لەبەرئەوەی، ئێستا جیهان پێیناوەتە سەردەمێکی نوێوە کە جیهانگیرییە ودنیای دوو جەمسەریی وجەنگی ساردی جاران کۆتاییانهاتووە وسەردەمی ئەمریکی دەستپێکردووە. [2] ئەوەش ئاشکرایە، کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، سەروەری دەوڵەتان بەرەو لەناوچوون دەچن. [3] هەربۆیە، لێرەوە دوو جۆر خەباتی دژبەیەك دەخەمەڕوو، کە (**خەباتی چەکداری**) و(**خەباتی مەدەنی**)ن وگەلانی جیهان بەجیا مامەڵە لەگەڵ هەردووکیاندا دەکەن، بەوەی خەباتی چەکداری لە سەردەمی جەنگی سارددا لە برەودا بوو، بەڵام لە ئێستای بەجیهانیبووندا خەباتی مەدەنی لە برەودایە. وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، گەلی کورد نە توانیویەتی شۆڕشی سەرتاسەری لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بە ڕابەرایەتی یەك کۆگار ویەك سەرکردەی کاریزما ویەك پلانی ستراتیژی بەرپابکات، وە نە توانیویشیەتی بە ڕاپەڕینە چەکدارییە بەردەوامەکانی ڕابردووی، بوون ومافی خۆی دەستەبەر بکات. کەواتە، باشتروایە لە ئێستادا ستراتیژی بیرکردنەوەی بگۆڕێ، بەوەی

---

[1] حلمي موسى: الانتفاضة الشعبية بين أشكال الكفاح وطرق النضال، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٥/ ٣/ ٢٠٠٧، www.aljazeera.net

[2] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

[3] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٠

ئیدی بیر له خەباتی مەدەنی بکاتەوە. مەخابن، نەگۆڕینی ستراتیژی خەباتی چەكداری شاخەكان، نەك هەر لە بەرژەوەندی پاشەڕۆژی گەلەكەمان نەبوو، بەڵكو زیانێكی كاریگەریشی هەبوو. [1] بەپێی سروشتی ڕووداوەكان، لە ساڵی (١٩٧٤ ز)یەوە، خەباتی چەكداری سەلماندوویەتی كە هەردەم دەرەنجامێكی پێچەوانەی هەبووە. [2]

پێشتر ئاماژەم بەوەدا، خەباتی مەدەنی ڕەنگدانەوەی كۆمەڵگەی پێشكەوتووە. كەواتە، با ئێمەی كورد، ڕچەشكێنی ئەو شانۆ تەقلیدیی وتیۆرە سیاسی وڕێڕەوە تاریكەبین كە ساڵەهای ساڵە كاروانی خەباتی گەلی كوردی پیادا تێدەپەڕێ. پاش مێژوویەكی زیاتر لە (٢٠٠) ساڵەی تێكشكان وڕاوەدونان وهەڵخەڵەتاندن ومردن، دەبا ستراتیژی خەباتی مەدەنیش تاقیبكەینەوە. لەبەرئەوەی، پێشتر دەرەنجامی خەباتی چەكداری فرە خراپ لەسەرمان كەوتووە. خۆ هەر هیچ نەبێ، لە خەباتی مەدەنییدا، ڕۆڵەی كورد لەناوناچێ وخاكی كوردستانیش چیتر وێران نابێ. لە ڕاستیدا، دەرەنجامی خەباتی چەكداری، بووە هۆی جێبەجێكردنی ئۆپەراسیۆنەكانی (ئەنفال) كە لە (٢٣/ ٢/ ١٩٨٨ ز)دا دەستپێكرد تا كۆتایی مانگی ئەیلوولی (١٩٨٨ ز) درێژەیكێشا. [3]

---

[1] حكمت محمد كريم (ملا بختيار): ثورة كوردستان ومتغيرات العصر، ت: د. بندر علي أكبر (أنور مندلاوي)، مصدر سابق، ص ٢٥٥

[2] ديفيد ماكدووال: الكورد.. شعب أنكر عليه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الاولى، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر، مطبعة آراس– أربيل، ٢٠١٢، ص ١٦١

[3] شەهاب كەریم: مێژوویەك لە لوولەی تفەنگەوە، ڕۆژگارە سەختەكانی شاخ (١٩٧٩– ١٩٩١)، چاپی یەكەم– سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٣٦١

لەبەرئەوە، باشتر وایە بیر لە ڕێگایدی بکەینەوە. وەك دەڵێن، ئیدی دەبێت لەسەر مێزی دانوستان دابنیشین.[1]

لە (جەنگی دووەمی کەنداو)ی (١٩٩٠ ز)دا، دوای شکست وخۆبەدەستەوەدانی ڕژێمی عێراق بۆ خواستی هاوپەیمانان، ژینگەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی مەزهەبی لە خوارووی عێراق فەراهەمبوو. پاشان، لە سایەی بارودۆخی گونجاودا ئەو ڕاپەڕینە مەزهەبییە عەرەبییە هەڵکشا بۆ باکووری عێراق وبووە ڕاپەڕینێکی جەماوەری کوردی. بەمەش، (خەباتی چەکداری) لە شاخەوە گواسترایەوە بۆ نێو شارەکان وبووە (ڕاپەڕینی جەماوەری)، ولە ماوەیەکی کورتدا باشترین ئەنجام ودەستکەوتی مێژوویی بەدەستهێنا، کە لە مێژووی کەوناری ڕاپەڕینە ناوچەییە بەردەوامەکان وخەباتی شاخدا بەدەستنەهاتبوو. هەڵبەت، ناوبردنی ئەو جۆشوخرۆشە کوردیە بە ڕاپەڕین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پارچەیەکی کوردستان (باشوور) ڕوویدابوو. ئەوجا، گەر تەواوی پارچەکانی کوردستان یان تەنها خاکی باشووری کوردستانی بە ڕابەرایەتی کەسێك وبەرنامە وئایدیۆلۆژیایەکی پێشوەختە بگرتایەتەوە، ئەوساکە دەمانتوانی بڵێن شۆڕش. خۆ ئەگەر نەشتوانین بڵێن شۆڕش، هەڵبەت هۆکارەکەی ئەوەیە کە "شۆڕش بەبێ شۆڕشگێڕ بەرپانابێ،"[2] مەبەستیشم لە کەسێکی کاریزمای کۆگارە کە تەواوی چین وتوێژ وناوچە جیاجیاکانی کوردستانی لەگەڵدابێ. وێڕاش، ژینگە وپێشهاتی چاوەڕوانکراو وبارودۆخی گونجاو، خوڵقێنەری ئەو

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٩١

[2] مایلز کوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خیر، مصدر سابق، ص ٩٨

ڕاپەڕینە بووە نەك بەرنامە وپلانی دوورمەودا وئایدیۆلۆژیای دوای شۆڕشێکی درێژخایەن.

لەوانەیە، کەسانێك ڕەخنە لەم بۆچوونەم بگرن وبڵێن ڕاپەڕینی (١٩٩١ ز) بە بەرنامەی پێشوەختەی حزبەکان وبە ڕابەرایەتی (بەرەی کوردستانی) بەرپابووە. هەرچەندە ڕاستییەك لەمەدا هەیە، بەڵام بەرەی کوردستانی کە لە (٧/ ٥/ ١٩٨٨ ز) لە هەشت پارتی سیاسی کوردی پێکهاتبوو ولەو ساتەدا تاکە دەسەڵات بوو کە بڕیاری سیاسی کوردستانی بەدەستبێ، [١] کەچی قۆناغێکی نوێی وەها لای زۆربەی هێزەکانی هێشتا لێکنەدرابووەوە. لە زاری (مەلا بەختیار)ەوە: "بەرە بە ئەقڵیەتی شۆڕشی چەکداری لە نێو شاردا ڕەفتاری دەکرد وخەڵکی بەڕێدەکرد. ئەرکە سیاسی، ئیداری، یاسایی وڕۆشنبیرییەکان تێکڕا ڕەچاو نەکرابوون. وەڵێ، دیاردە بزێوەکانی زۆربەی هێزەکانی بەرەش لە قۆناغی سیاسی دوای ڕاپەڕیندا، تا دەهات زیانی زیاتری بە ڕاپەڕین وجەماوەر دەگەیاند. [٢] ئەمە بێلەوەی هێزە سەرەکییەکانی نێو بەرە، پاشخانێکی ڕق وکینە وتۆڵەی براکوژییان لەگەڵ یەکدی هەبوو. بە ئێستاشەوە، هێزە سیاسییەکانی باشوور، وەك پێویست دان بە ڕێبەرایەتی یەکتردا نانێن وهەر حزبێك خۆی وهێزەکەی بە پێشەنگ دەزانێ." [٣] هەر بە بڕوای (مەلا بەختیار): لە جەنگی کوێتدا، حزبە

---

[١] محەمەد ڕەئوف: هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢– ٢٠١٤، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، چاپخانەی ناوەندی سارا– سلێمانی، ٢٠١٨، ل ١٣

[٢] مەلا بەختیار: شۆڕشی کوردستان وگۆڕانکارییەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان"، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٩

[٣] حكمت محمد كريم (ملا بختيار): ثورة كوردستان ومتغيرات العصر، ت: د. بندر علي أكبر مندلاوي)، مصدر سابق، ص ٢٦٦

عێراقییەکان لە تاراوگە چاوەڕێی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق بوون تا بێنەوە ولاّت. بەرەی کوردستانیش، بڕیاری بەرپاکردنی ڕاپەڕینی نەبووە، بەڵکو ئومێدی بە ڕووخاندنی ڕژێم هەبووە لە جەنگەکەدا." [1] کەواتە، ناوهێنانی بەرنامەیەکی تۆکمەی پێشوەختەی بەرەی کوردستانی بۆ ڕاپەڕینەکەی (١٩٩١ ز)، تەنها چیرۆکێکی دروستکراوی دواتر بووە.

بێمکووڕیکردن، مێژوو گەواهی ئەوە دەدات کە نەبوونی هەلومەرج وباروودۆخی گونجاو، فاکتەری کیمیابارانی شاری (هەڵەبجە) بووە. بێگومان، لە کۆتایی جەنگی ئێران عێراق ودوای شالاّوی کتوپڕی سەربازیی ئێران وهەڵمەتی پێشمەرگە بۆ سەر ئەم شارە، جەماوەری شارەکەش ڕاپەڕین ولە کەمترین کاتدا تەواوی شارەکە بە زەبری چەك کۆنترۆڵکرا، کە پێشوەختە بەرنامەڕێژییەکی کاتیی بۆکرابوو. بەلاّم، لەبەرئەوەی کات وسەردەمەکەی لەبار وگونجاو نەبوو (کۆتاییەکانی جەنگی سارد)، بۆیە لە (١٦/ ٣/ ١٩٨٨ ز)دا، [2] ڕژێمی بەعسی لەناوچوو بە پاساوی داگیرکاری، بە گازی کوشندە وبە بەرچاوی جیهانەوە، هەزاران کەسی کردە قوربانیی. وەلێ، لەو هەڵمەتەی پێشمەرگە بۆ سەر شاری هەڵەبجە کە (**ستراتیژی ڕاپەڕین**)ی تیادا پەیڕەوکرابوو، مەخابن کارەساتێکی مرۆیی زۆری لێکەوتەوە. بەلاّم، پاش سێ ساڵ واتە لە (١٩٩١ ز)دا، هەمان (**ستراتیژی ڕاپەڕین**) لە شاری (سلێمانی) (بەنموونە) دووبارەکرایەوە کە پێشتر هاوشێوەی شاری هەڵەبجە بەرنامەڕێژییەکی کاتی بۆکرابوو، کەچی ئەمجارەیان باشترین دەستکەوت وگۆڕانێکی

---

[1] مەلا بەختیار: شۆڕشی کوردستان وگۆڕانکارییەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان"، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١

[2] کیمیابارانی هەڵەبجە: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٣/٤/ ٢٠٢٠، ckb.wikipedia.org

مێژوویی بەدوای خۆیدا هێنا. تەنها جیاوازییش لەم دوو ڕاپەڕینەی گەلی کورددا، بوون ونەبوونی هەلومەرجی گونجاو بوو. گەرنا، هەردووکیان ڕاپەڕینی جەماوەری بوون، بە ستراتیژی ڕاپەڕینی چەشەکراو بە خەباتی چەکداری.

هەر سێ مانگ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (ڕێدمەن) لە (١٥/ ٦/ ١٩٨٨ ز)دا، ناوبراو هەڵوێستی وڵاتەکەی لە هەمبەر خەبات وئامانجە نەتەوەییەکانی کورد بە ڕێبەرانی کورد ڕاگەیاندبوو، بەوەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوەیە کە: "کوردەکان دەبێ هەوڵ بدەن لە چوارچێوەی وڵاتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە ئامانجەکانیان وەدیبێنن، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستوەرنادا تە کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتانە." [١] بەڵام، هەر لەگەڵ داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت وکۆتاییهاتنی جەنگی سارد ودەرکەوتنی ئەمریکا وەك تاکە زلهێزی شانۆی سیاسی نێودەوڵەتی، وێڕای دەستێوەردان، ساڵی (١٩٩١ ز) لە باکووری عێراق هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی پارێزراو لەلایەن ئەمریکاوە بۆ کوردەکان چێبوو. [٢] کەواتە، گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی نێودەوڵەتی وهەرێمیی، هۆکاری گۆڕینی هەڵوێستی وڵاتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا بووە. بێشك، سەرکەوتن وسەرنەکەوتنی ستراتیژی ڕاپەڕینی ئەم دوو شارە کوردیەش لە سەدەی ڕابردوودا، پەیوەست بووە بە سەردەم

---

[١] پ. لۆکمان میهۆ: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، و: وریا ڕەحمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦١

[٢] غنثر دیشنر: الکرد، ت: د. جورج کتورة، مصدر سابق، ص ١٥

وگۆڕانی هەلومەرجی سیاسی وئاستی بەرژەوەندی وگەمە ونەخشەی جیۆستراتیژی ناوچەی خۆرهەلاّتی ناوەڕاستەوە.

واتە، ئەو ولاّتەی (ئەمریکا) پێشتر داوای لە ڕێبەرانی کورد کردبوو کە بە (خەباتی مەدەنی) هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن، لە پاش سێ ساڵ هەڵوێستی گۆڕدرا بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ وهاندانی کوردان بۆ ستراتیژی ڕاپەڕین و(خەباتی چەکداری) لەپێناو مافەکانیان وکارکردن بۆ ناوچەیەکی ئارام لەبۆ کوردەکانی بەر لە سێ ساڵ. بێگومان، ئەمەش پێچەوانەی لۆژیك وقسەکەی پێشوومە، بەوەی جەختم لەوەکردوە کە پێویستە ڕوئیای گەلان لە خەباتی چەکدارییەوە بەرەو خەباتی مەدەنی بگۆڕدرێ. بەلاّم، لە دنیای سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، بەڵکو نەگۆڕی سەرەکی لە سیاسەتدا، ئەوەیە کە سیاسەت بەردەوام لە گۆڕاندایە.[١] بەمهۆیەوە، هەر زووبەزوو (فرانسوا میتەران)ی سەرۆکی فەرەنسا و(جۆن مەیجەر)ی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا و(جۆرج بوش)ی سەرۆکی ئەمریکا کەوتنە ڕاوێژ وگفتوگۆی تەلەفۆنیی. پاشان، (ڕۆلان دۆما)ی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و(دۆگلاس هێرد)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و(جەیمس بەیکەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کەوتنە وتووێژ بۆ دانانی ڕێگەچارەیەك. سەرەنجام، ئەم وتووێژ وکۆبوونەوانە، بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی لە (٥/ مایس/ ١٩٩١ ز)دا لێبەرهەمهات. دواتریش، ولاّتانی ئەمریکا وبەریتانیا وفەرەنسا، کەوتنە جێبەجێکردنی بڕیارەکە

---

[١] هشام عقراوي: الثابت في السياسة هو أن كل شيء متغير، مقالة اليوم، صوت كوردستان، مصدر سابق

وناوچەی (دژە فڕین)یان دروستکرد، بەوەی هێڵی (٣٦) بۆ باکوور و(٣٣) بۆ باشووری عێراق دەستنیشانکرا.[١]

دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١ ز)، سەبر سەبر ئەو جەماوەرە شۆڕشگێڕە لە باشووری کوردستان بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخ، توانیان لە (١٩/ ٥/ ١٩٩٢ ز)دا، پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنن.[٢] ئێستا، ئەم هەرێمە خاوەن حکومەت وپەرلەمانەی تەمەنی لە چارەکە سەدەیەك زیاترە وسەرمەستی سەرکەوتن ودەستکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەیە (شۆڕشە سیاسییەکە)، هێشتا بێدارنەبووەتەوە لەو خەونە شیرینەی وهەنگاوی بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ودادپەروەری وگوزەر بەرەو دیمۆکراسی نەناوە. چونکە، سەرباری هەلومەرجی گونجاو وبە پێوەری دیمۆکراسی، ڕاپەڕین لە خوارەوە ولە نێو جەماوەری شۆڕشگێڕەوە بەرپابووە، کە دواجار کۆمەڵێك شۆڕشگێڕی پۆپۆلیستی بەرهەمهێناوە.[٣] بە بۆچوونی زۆرێك لە بیرمەندان، سەرباری ئەوەی شۆڕش لە نێو جەماوەری گەلەوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام دواجار جەماوەر شۆڕش دروست ناکەن.[٤] لەمبارەیەوە، (گۆستاڤ لۆبۆن) دەڵێ: "جەماوەر حەزی لە تێڕامانی زۆر نییە وبۆ مشتومڕی ئەقڵییش دەستنادات، بەڵام زۆر حەزی لە مومارەسە وکاری پراکتیکییە وبۆ ئەمەیان سەری پێوەنییە."[٥] ڕاستە،

---

[١] محەمەد ڕەئوف: هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢– ٢٠١٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١

[٢] مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

[٣] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨

[٤] کرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٢٠٤

[٥] گۆستاڤ لۆبۆن: سایکۆلۆژیای جەماوەر، و: ئارام جەمال، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١

(لنكۆڵن) وتەنی: "شۆڕش مافی گەلانە" [1] بەڵام، (هینتنگتۆن)یش دەڵێ: "تەنها نوخبەکان دەتوانن بە کردار وشێواز وپەیمانەکانی خۆیان، لەبری ڕژێمێکی دیکتاتۆریی دیکە، سیستمێکی دێمۆکراتی دابمەزرێنن." [2]

هەر بە بڕوای بیرمەندان، حوکمڕانی زۆرینەی جەماوەر کارێکی مەحاڵە، چونکە زۆرینەی گەل توانای ئەوەیان نییە حوکمڕانی خۆیان بکەن. تەنانەت، لە سیستمە دێمۆکراسییەکانیشدا، بڕیارە گرنگەکان تەنها لەلایەن کەمینەیەکی بەهێزەوە دەدرێت. [3] ئەمە بێجگەلەوەی، دواجار ئامانجی شۆڕش بەستراوەتەوە بە ئایدیۆلۆژیاکەیەوە، [4] بەڵام ڕاپەڕینەکەی ئێمە ئامانجەکانی نەبەستراوەتەوە بە ئایدیۆلۆژیاوە، چونکە شۆڕش نەبووە. هەرچەندە، مێژوو نموونەی شۆڕشێکی میللیمان ناداتێ کە پێشتر ئایدیۆلۆژیایەکی بۆ ئامادەکرابێ. ئەو شۆڕشانەشی بە ڕژێمێکی خاوەن ئایدیۆلۆژیای فەرمی کۆتاییانهات وەك شۆڕشگەلی ڕووسی وئێرانیی وکووبی وهاوشێوەکانی، لە سەرەتادا شۆڕشگەلێك بوون دژ بە ستەم وڕزگاربوون لە داگیرکەر یان دژ بە سیستمێکی حوکمڕانی. بەڵام، کاتێك شۆڕش سەردەگرێ وپارتە شۆڕشگێڕەکان دەسەڵات دەگرنەدەست وجۆری حوکمڕانی دیاریدەکەن، وردە وردە هەنگاو بەرەو ئایدیۆلۆژیای فەرمی وڵات دەنێن. [5] مانای، هەر کە دەوڵەت لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا بووە

---

[1] سلامة موسى: كتاب الثورات، مصدر سابق، ص ٦٣

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥

[3] د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات- الكويت، ١٩٨٥، ص ٥١

[4] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦

[5] عزمي بشارة: في الثورة والقابلية للثورة، مصدر سابق، ص ٨٥

هێزێكی سەربەخۆ، ئیدی ئایدیۆلۆژیایەكی نویٚ دێنێتە كایەوە.[1] بەلاٚم، ڕاپەڕینی جەماوەری لەناكاو، بواری ڕەخساندن وداڕشتنی ئایدیا وئایدیۆلۆژیای هەڵسەنگێندراوی دوورمەودای نییە. ئەوجا، ڕاپەڕینە مەزنەكەش، بێجگەلە هەڵمەتێكی جەماوەری كتوپڕی لەخۆڕا، پێناچێت ئایدیۆلۆژیایەكی تایبەت بە كەمینەیەكی سیاسی لە پشت بوو‌بیٚ.

به بڕوای شارەزایان، هیچ پەیوەندییەكی باش لە نێوان شۆڕش ودیٚموٚكراسیدا بوونی نییە.[2] هەڵبەت، گوزەرە سەركەوتووەكان بەرەو دێموٚكراسی، هەردەم لە سەرەوە ڕوودەدەن، بە مانای لە نێو دەستەبژێری دەسەلاٚتەوە، بەلاٚم جەماوەری شۆڕشگێڕ لە خوارەوە، ڕۆڵێكی ئەوتۆ لەو گۆڕان وگوزەركردنەدا ناگێڕن، مەگەر كاتێك كەمینەیەكی چالاكی شۆڕشگێڕ سەربكەون وبەشداری بە جەماوەر بكەن.[3] كەواتە، نوخبە دەسەلاٚتدارەكانی سەرەوە، لە ڕێگەی سازشەوەبیٚ یا لە ڕێگەی فشارەوە، لە گۆڕان وگوزەری سەركەوتووانەدا زۆرترین ڕۆڵیان بینیوە. بەلاٚم، شۆڕشی جەماوەری لە خوارەوە، دواجار دەبێتەهۆی بەرپابوونی سیستمی گشتگیری بیٚ ڕكابەر وداخراوی هەڵكێشراو لە ئایدیۆلۆژیا وبیٚرۆكراسیەت. گوزەری دێموٚكراسییانە، پێویستی بە ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو وئاشتەوایی وچاكسازی وكۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، هەروەك چۆن شۆڕشە دێموٚكراسییەكانیش ڕاستەوخۆ ناگەن بە ئامانج،

---

[1] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وكۆتایی فەلسەفەی كلاسیكی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بلاٚوكراوەكانی مەكتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥، ل ٨٢

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموكراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

[3] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٢٠٤

بەڵكو لە ڕێی گوزەری دیمۆكراسییەوە دەگەن. [1] دیارە، لە وەرچەرخانی سیاسی وشۆڕشگێڕانەدا كە (كۆمەڵگەی جەماوەری) لەبری (كۆمەڵگەی مەدەنی) زەمینەی ئاڕاستەكردن ومۆبیلیزەكردنی سیاسی پێكدەهێنێ، ئەگەری گوزەر بەرەو دیمۆكراسی تا ڕادەیەكی زۆر لەئارادا نییە. [2] هەربۆیە، دەوترێ شۆڕشەكان هەرچەنێك ڕەوابن، بەلاّم مەرج نییە یاسایی ودیمۆكراتی وشەرعیەتی یاساییان هەبێ. [3] لەبەرئەوەی دیمۆكراتیبوون وگوزەر، تەنها بە خەباتی مەدەنی ولە ڕێی سندوقی دەنگدانەوە دەبێت.

جێی باسە، كۆمەڵگەی جەماوەری بوار بۆ جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیا وپارتی سیاسی نادیمۆكرات دەڕەخسێنێ، بەلاّم كۆمەڵگەی مەدەنی بەپێچەوانەوە پارتگەل وئایدیۆلۆژیای دیمۆكراتخواز تیایدا بالاّدەستە. تەنانەت، بە بڕوای فەیلەسووفان وبیرمەندانیش، شارستانیەتەكان لەسەر دەستی نوخبەیەكی ڕۆشنبیر نەك جەماوەر دامەزراون وئاڕاستە دەكرێن. [4] [4] ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، لە ڕژێمە تۆتالیتارە تەواو داخراوەكاندا (ڕژێمی سەدام بە نموونە)، ئۆپۆزسیۆن لەبری خەباتی مەدەنی وسندوقی دەنگدان وچاكسازی، پتر خوازیاری ستراتیژ وخەباتی چەكداری وڕادیكاڵی وشێوازە شۆڕشگێڕییەكانن. [5] كەواتە، ئۆپۆزسیۆنی گەلی كورد، بێئەوەی بەخۆی بزانێ كەوتووەتە نێو ئەم چوارچێوە وداكەوتەوە. هەربۆیە، بە

---

[1] عزمي بشارة: في الثورة والقابلية للثورة، مصدر سابق، ص ٩٠

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموكراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

[3] ثورة: ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠١٤، ar.wikipedia.org

[4] گۆستاڤ لۆبۆن: سایكۆلۆژیای جەماوەر، و: ئارام جەمال، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣

[5] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموكراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧

ناچاری پەنای بۆ ستراتیژی چەکداری وڕاپەڕینی خوێناوی وئامڕازەکانی شۆڕش وتۆڵەسەندنەوە وتوندوتیژی بردووە. ئەمەش، دەرەنجامی مێژووی ترس وداگیرکارییەکانە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ.

لە ڕواڵەتدا، هەموو نەتەوەیەك ئامانجی ستراتیژیی مەزنی خۆی هەیە، هەرچەندە مەرج نییە هەموو نەتەوەیەك بە ئامانجی ستراتیژی خۆی بگات. هەڵبەت، گەلی کورد، لە دێرزەمانەوە ئامانجی ستراتیژی خۆی هەبووە، بەڵام پەرتەوازەیی ونائامادەیی خۆی وبەربەستی بەرژەوەندی داگیرکەران، ڕێگر بوون لە گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەی. بێگومان، ڕێگریی داگیرکەران لە هاتنەدی ئەم ئامانجە ستراتیژییە، بە زەبری گەمەی سیاسی وکوشتن وبڕین وڕاگواستن وترس هاتووەتەدی. دیارە، ترس گەورەترین ڕۆڵی لە مێژووی چارەنووسی گەلی کورددا گێڕاوە، چ لە سەرکوتکردن وڕامکردنی چ لە پەرچەکردار وڕاپەڕینی خوێناوی، ئەمەش وایکردووە کە بڵێین: "ترس نەتەوە ئاڕاستە دەکات." [1] وتەزایەکیش هەیە دەڵێ: "ترس وکەرامەت وبەرژەوەندی، هاندەری سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی وجەنگن." [2]

بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، ساڵی (١٩٩١ ز) لە باکووری عێراق هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی پارێزراو

[1] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ ٦٣

[2] جۆن بۆڵتن: ژووری ڕوداوەکان– یادەوەرییەکان لە کۆشکی سپییەوە، و: د. دارەوان حامید، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٥٨

**لەلایەن ئەمریکاوە بۆ کوردەکان دروستبوو،[1] کە یارمەتیدەری ڕەوینەوەی لانی کەمی ترس وخۆبەڕێوەبەریی کوردان بوو. دیارە، کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، پەیوەندییە بەهێزەکانی تورکیاشی لەگەڵ خۆرئاوادا لاوازکرد، بەوەی هەڕەشەکانی ڕووسیا کاڵبونەوە.[2] سەرەتای سەدەی بیست ویەکیش، لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی جیهانیی نوێ وبازاڕی ئازاد وگۆڕانکارییەکانی بەجیهانیبوون، سەرباری هێوربوونەوەی ترسی گەلی کورد، هێدی هێدی ناسیۆنالیزمی کوردیش بووە واقیع وسەرئێشە بۆ داهاتووی دەوڵەتانی عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا.[3] دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی (داد وگەشەپێدان) لە (٢٠٠٢ ز)دا، جگە لە گۆڕانکارییەکانی تورکیا بەگشتی وکوردانی باکوور بەتایبەتی، (بەشار ئەسەد)ی سەرۆکی سوریاش بە ناوی چاکسازییەوە ولەپێناو هێورکردنەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی سوریای دوای ڕاپەڕینی (٢٠١١ ز)، ئاماژەی بە پێدانی مافە مەدەنییەکان بە کوردانی ڕۆژئاوا دابوو.[4] ئەمە سەرباری ئەوەی لە سەرەتای مانگی ئابی (٢٠١٢ ز)دا، ڕژێمی سوریا سوپاکەی لە ناوچە کوردیەکان کشاندەوە، کە بەهۆیەوە هەلومەرجێکی**

---

[1] غنثر دیشنر: الکرد، ت: د. جورج کتورة، الطبعة الاولى، دار فارابي- بيروت، لبنان، دار آراس للطباعة والنشر- أربيل، أقليم كردستان العراق، ٢٠١٤، ص ١٥

[2] کریستی لۆرانس: پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیادا، و: ماجید خەلیل فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧

[3] ناسیۆنالیزمی کورد وڕوانگەی ڕۆژئاوا: کۆمەڵێك نووسەری بیانی، و: وریا ڕەحمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

[4] لاجئون أكراد: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٨/ ديسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

لەبار بۆ کوردانی ڕۆژئاوا ڕەخسا. لەگەڵ ئەم کشانەوەیەی سوپادا، تەواوی ئەو ناوچەیە کەوتە ژێر ڕکێفی دەسەلاتێکی خۆبەڕێوەبەرییەوە.[١]

بمانەوێ ونەمانەوێ، بارودۆخی هەرێمی کوردستان، کاردانەوە وڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کوردانی باشوور وکوردانی ڕۆژهەلات دەبێت. لە ڕاستیدا، بێجگەلە کاریگەری ئابووری وکۆمەلایەتی وسیاسی، کاریگەری فەرهەنگی وئیتنیشی دەبێت. هەر لە ڕوانگەی ترسەوە، هەر چوار دەوڵەتەکە ئەوەی لێیدەترسن، تاوسەندنی زیاتری ناسیۆنالیزمی کوردییە، بەوەی ناسیۆنالیزم تاقە ئامرازێکە کە شتەکان پێکەوە وبە یەکگرتوویی دەهێڵێتەوە،[٢] سەرباری ئەوەی ناسیۆنالیزم هۆکاری سەرەکییە بۆ جەنگ.[٣] ئەم دەوڵەتانە، دواجار ناچارن کەمەکێك مافی مەدەنی بە کوردان بدەن، لەبەرانبەر باسنەکردنی مافی سیاسیدا. لەم ڕووەوە، مێژوونووس ومرۆڤناسی هۆڵەندی (مارتن ڤان برونسن)، دەڵێ: "ناسیۆنالیزمی کوردی، زیاتر لە سەدەی بیستەمدا وەك کاردانەوەیەکی ئیتنی بێدەوڵەت، دژی ناسیۆنالیزمە فەرمییە خاوەن دەوڵەتەکانی تورکیا وعێراق وئێران وسوریا گەشەی کردبوو."[٤] ئەوجا، گەر هەستی نەتەوایەتی کوردی لە سەدەی بیستەمدا گەشەیکردبێ، ئەوا

---

[١] د. معمر فيصل خولي: المسألة الكردية في تركيا من الانكار الى الاعتراف، بحث جامعي، مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية– عمان، الاردن، ٢٠/ يوليو/ ٢٠١٤

[٢] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤

[٣] جۆن جەی میرشەمیر: بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ و: فاروق جەمیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤

[٤] ناسیۆنالیزمی کورد وڕوانگەی ڕۆژئاوا: کۆمەڵێك نووسەری بیانی، و: وریا ڕەحمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠

له سەدەی بیست ویەکدا زیاتر تاویسەندووە. بەلاّم، هەلومەرجی سیاسی وقەیرانە ناوخۆییەکان وگەندەڵی وپەرتەوازەیی ولاوازی دەسەلاّتی هەرێمی کوردستان، پێدەچێت سەرلەبەری دەسکەوتە سیاسییەکان بەرەو هەڵدێر ببات، وێڕای کاڵبوونەوەی چەمکی کوردایەتی.

لاپەڕەکانی مێژوو، هێما بەوە دەکەن کە سەرباری داگیرکاریی، گەلی کورد بەهۆی ئەقڵی خێڵەکی ونەبوونی (ستراتیژی نەتەوەیی)یەوە، ئەو ئامادەییەی تێدا دروستنەبووە کە بتوانێ بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵوێستی هەبێ وگەمە ویاری سیاسی بکات وئامانجە ستراتیژییەکەی بەدەستبهێنێ. چونکە، ستراتیژی نەتەوەیی وئەقڵی سیاسی نەتەوەیی بەرهەمی ناسیۆنالیزمن، ئەو ناسیۆنالیزمەی خاوەنی پرۆژەی سەربەخۆیی ودروستکردنی دەوڵەتی کوردیە.[1] واتە، بەشێکی زۆری سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکانی کورد، پەیوەندی بە نەبوونی ستراتیژ وپرۆژەی نەتەوەخوازییەوە هەبووە. ناکرێت، هەست بە بوونێکی سروشتییانەی ناسیۆنالیست بە بێ ناسیۆنالیزم بکەین. دیارە، لە پیواری ناسیۆنالیزمدا، ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی کۆمەڵێك لە گەلەوە بۆ نەتەوە ناکرێ. جا لەبەرئەوەی گەلی کورد خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نییە، ئەوا ناکرێت وێنای نەتەوەیەك بکەین کە ناوی کورد بێت، بەڵکو هەر لە قۆناغی گەلدا دەمێنێتەوە.[2] ئەمەش، بە پشتبەستن بەو وتەزایەی دەڵێ:

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠

"ئەوە دەوڵەت وناسیۆنالیزمە کە نەتەوە دروست دەکەن."[1] لێرەدا دەمەوێت بڵێم، ئەگەر بە ستراتیژی خەباتی چەکداری وڕاپەڕین نەمانتوانیبێ ستراتیژی نەتەوەیی لەخۆبگرین، خۆ دەکرێ لە ئێستادا بە ستراتیژی خەباتی مەدەنی ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنین. کارنامەی زۆرێك لە پارتە سیاسییەکانی جیهان، ستراتیژی نەتەوەخوازیی وڕەگەزیی وفەرهەنگی وکەلتووری وئیتنی لەخۆگرتووە، بێئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی وجیاکاری وڕاسیزم بەرن. بەڵکو، وەك شوناسی پارت ومافێکی سەرەتایی نەتەوەکان، بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا خراونەتەڕوو.

ئێستا، تورکیا، بەهۆی دەستڕاگەیشتن بە ڕێکخراوەکانی یەکێتی ئەوروپا وبەهۆی خەمڵینی پەیوەندییەکان لەگەڵ تۆڕی نێونەتەوەیی، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتەی بەهێزتر کردووە وگۆڕەپانێکی سیاسی ویاسایی نوێی بۆ بانگەشە فەرهەنگی وناسیۆنالیستییەکانی کوردەکانی باکوور دروستکردووە. ئەمەش، نەك تەنها لە عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی نێونەتەوەییش ڕەوایەتی بە (کوردایەتی) داوە،[2] هەروەك ئەو مافە مەدەنی وفەرهەنگی وکەلتوورییە سەرەتاییانەی ئێستاکە لە تورکیادا دەیبینین. کاتێك ڕژێمی بەعس ڕووخا وعێراق بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی، تورکیا بە ڕەهایی دژی فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان وەستایەوە، کەچی ئەمڕۆ لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەوە پەیوەندییەکی

---

[1] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك) – سلێمانی، ٢٠٠٦ ، ل ١٥

[2] ناسیۆنالیزمی کورد وڕوانگەی ڕۆژئاوا: کۆمەڵێك نووسەری بیانی، و: وریا ڕەحمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

سیاسی وئابووری بەرچاوی لەگەڵ هەرێمدا هەیە. [1] ئەمڕۆ، سەرباری ڕێگرییەکان، کەس لە تورکیا ناتوانێ نکوڵی لە بوون وزمان وکەلتوور وفەرهەنگی گەلی کورد بکات. هەڵبەت، بوونی چەند پارتێکی سیاسی کوردی لەو وڵاتە وبەشداریکردنیان لە پەرلەمانی تورکیا ولە پرۆسەی دەنگدان ولە گرتنەدەستی چەندین سەرۆك شارەوانی وزۆرێك لە چالاکییە جۆراوجۆرەکان، ڕاستکردنەوەی ئەم وتانەیە. بێگومان، پارتی (گەلانی دێموکراتی) (HDP)، یەکێکە لەو پارتە کوردیانەی ئەمڕۆی تورکیا، کە لە هەڵبژاردنی پەلەمانی تورکیا لە (٧/ ٦/ ٢٠١٥ ز)دا ڕێژەی (١٣ ٪)ی دەنگەکانی مسۆگەرکرد کە (٨٠) کورسی دەکرد. [2] بەلام، وێڕای ڕێگرییە بەردەوامەکانی دەسەلاتی ئەردۆگان ودەستگیرکردنی بەشێکی زۆری پەرلەمانتار وسەرۆك شارەوانی وئەندامانی ئەم پارتە، کەچی هێشتا لە کار وخەباتی مەدەنی بەردەوامە.

لە ڕاستیدا، یەکەمین هەوڵی سەرنەکەوتووی تورکیا بۆ دانپێدانان بە بوونی کوردانی باکوور لە ناوخۆدا ومژارکردنی مافە کەلتووری وفەرهەنگی وئیتنییەکان وهەوڵی بوژاندنەوەی ئابووری ناوچە کوردنشینەکان، بۆ سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا (تورگوت ئۆزال) دەگەڕێتەوە، بەهۆی (پرۆژەی ئۆزال)ەوە لە ساڵی (١٩٨٧ ز)دا. [3] دیارە، دوابەدوای ناوبراو، چەند هەوڵێکیتر دراوە بەو ئاڕاستەیەدا کە ڕۆڵ

---

[1] خالد عقلان: الجذور التأريخية للقضية الكردية، ملفات أقليمية، مجلة المعهد المصري للدراسات- أسطنبول، ١٨/ مايو/ ٢٠١٧، ص ١٩

[2] الانتخابات البرلمانية عام ٢٠١٥: موقع فنك الالكتروني، ديسمبر/ ٢٠١٥، fanack.com

[3] د. نوال عبدالجبار سلطان الطائي: المتغيرات السياسية التركية تجاه المشكلة الكردية ١٩٩٩- ٢٠٠٦، السنة (٤)، العدد (٧)، مجلة مركز الدراسات الاقليمية- جامعة الموصل، كانون الثاني/ ٢٠٠٧، ص ٥

وكاريگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. بەڵام، دوای بەدەستهێنانی حکومەت لەلایەن پارتی (داد وگەشەپێدان) لە هەڵبژاردنەکانی (٣/ ١١/ ٢٠٠٢ ز)دا، [١] (ئەردۆگان) لە (٢٩/ ٨/ ٢٠٠٥ ز)دا سەردانی شاری دیاربەکر (ئامەد)ی کردبوو، تا پێیانبڵێ حکومەتەکەی ئەو بە دیمۆکراسیەت هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد دەدات. [٢] بێشك، ئەم قسانەی ناوبراو، بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخ وبەدەستهێنانی دەنگی زیاتر بوو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا نەك پێدانی مافی سیاسی. تەنانەت، لە سەردانێکیتریدا ناوبراو وتبووی: "دان بە هەڵە سیاسییەکانماندا دەنێین بەرانبەر بە کوردەکان وچارەسەریشی دەکەین." [٣] بەڵام، ڕاستی وڕووداوەکان پێچەوانەی ئەمە دەڵێن، بەوەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی ئەردۆگان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەسەڵاتی دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیادا نییە.

هەرچۆنێکبێ، ئەم گۆڕانکاری وهەوڵە کاڵوکرچانە، دەرگای لەسەر خەباتی مەدەنی بۆ کوردانی باکوور کردەوە. لە ڕاستیدا، ئەوەی پارتی گەلانی دیمۆکرات (HDP) بە (خەباتی مەدەنی) بەدەستیهێناوە، هێشتا پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بە (خەباتی چەکداری) نەیتوانیوە بەدەستیبهێنێ. ئەوەش ژ بیر نەکەین، لە ئێستادا تەنگژەکانی نێوان ئەمریکا وتورکیا لەسەر تەوەرەکانی پاشەکشەی ئاشتی وتاکڕەوی ومۆراڵی ئەردۆگان وهاوپەیمانییە گوماناوییەکەی لەگەڵ ڕووسیا

---

[١] حزب العدالة والتنمية (تركيا): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ مارس/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

[٢] د. نوال عبدالجبار سلطان الطائي: المتغيرات السياسية التركية تجاه المشكلة الكردية ١٩٩٩-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص ٢٢

[٣] أردوغان: نعترف باخطائنا السياسية تجاه الاكراد وسنصلحها، قضية اليوم، جريدة القبس الالكتروني، ١٣/ أغسطس/ ٢٠٠٥، alqabas.com

ونیازپیسی تورکیا لە سەردەمی جەنگی داعشدا دەسووڕێتەوە. هەربۆیە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییانەوە ئەمریکا وئەورووپا لە هەوڵی هێنانەپێشەوەی کوردەکانن. لەبەرئەوە، سەرباری پاشەکشەی دۆزی کورد لە نێو تورکیادا، بەڵام لە ئێستادا پرسی کورد بووەتە پرسێکی هەرێمیی بەرچاو. [1] لە ئایاری (٢٠١٣ ز)دا، (ئەنکەرە) دوایین قەرزی دایەوە بە سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی وڕایگەیاند کە ڕێژەی بێکاری لە (١٥ ٪)ەوە دابەزیوە بۆ (٩ ٪). بەڵام، ئەوەی جێی مەترسییە، هەنگاوە هێواش وسەقامگیرەکانە بەرەو ئۆتۆکراسی. وەلێ، لە خۆپیشاندانەکانی پارکی (گەزی)یەوە، نیگەرانییەکی زۆر هەیە لەوەی ئەردۆگان بووەتە مایەی پشێوی ناوچەکە وخۆبەڕاستزان وتۆڵەسێن وقۆمیسەرێکی باوکسالار، کە پێگەیەکی بێ ڕکابەری هەیە لە سەرەوەی ژیانی سیاسی وڵاتدا، [2] ئەمە جگە لەوەی جارێکیتر ڕێژەی بێکاری بەرزبووەتەوە بۆ (١١.٣ ٪) [3] وبارودۆخی ئابووری وڵات بەرەو داکشان چووە ونرخی دراوی نیشتمانیش بەردەوام لە دابەزیندایە.

به گەڕانەوەمان بۆ بابەتە سەرەکییەکە، کەواتە ئەوەی ستراتیژی (**خەباتی مەدەنی**) لە ماوەی کەمتر لە بیست ساڵدا بەدەستیهێناوە بۆ کوردانی باکوور، لە بوژاندنەوەی سەرخان وکەلتوور وفەرهەنگ وزمان ومافە مەدەنی وسیاسییەکان، هەرگیز ستراتیژی (**خەباتی چەکداری**)

---

[1] کریستی لۆرانس: پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیادا، و: ماجید خەلیل فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

[2] کۆتایی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: نووسینی چەند نووسەرێك، و: دەزگای میللەت، چاپی یەکەم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەزگای میللەت، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٢١٦

[3] ترکیا. ارتفاع البطالة ٠.١ نقطة خلال ابریل: ترکیا. اقتصاد، وکالة الاناضول، ٦/١٠/ ٢٠٢٢، www.aa.com.tr/ar

**کوردانی باکوور** به درێژایی سەدەیەك نەیتوانیوە بەدەستیبهێنێ. سەرباری کارامەیی ودڵسۆزیی وخۆڕاگری ئەندامانی پارتە سیاسییە کوردیەکانی باکوور، هەلومەرج وبارودۆخی دوای جەنگی ساردیش، هەوێنی ڕەوینەوەی ترس وئەو داکەوتەیە کە ئەمڕۆ لە باکووری کوردستان فەراهەم بووە. بەڵام، هێشتا ئاسۆی سەرفرازی تەواوی ئەوان بە کاروانی ئازادی نەگەیشتووە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، سەدەیەکی بەرخودان وخەباتی چەکداری لە کوردستانی باکوور، نەیتوانی هێندەی خەباتی مەدەنی پارتە کوردیەکانی ئەمڕۆ، گەر وێنەییشبێ ڕۆڵ ببینێ. کەواتە، ئەوەی لە خەباتی چەکداریدا بەدیهێنانی ئەستەمە، لە خەباتی مەدەنیدا شیاوە. هەربۆیە، ئیدی باشتروایە گەلی کورد شەنوکەوی خەباتی مەدەنی بکات، چونکە نەگۆڕینی ستراتیژی خەباتی چەکداری شاخەکان نەك هەر لە بەرژەوەندی پاشەڕۆژی گەلەکەمان نییە، بەڵکو زیانێکی کاریگەریشی بەدواوە بووە ودەبێ.[1]

## دەرەنجامەکانی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری لە کۆمەڵگەی کوردیدا

دەوترێت، ئەو نەتەوەیەی لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، بە شێوەیەکی گشتی لە ناو فەرهەنگێکی سیاسی داخراودا دەمێنێتەوە.[2] لە مێژوودا، دەوڵەتگەلی کۆمۆنیستیی،

---

[1] حکمت محمد کریم (ملا بختیار): ثورة کوردستان ومتغیرات العصر، ت: د. بندر علي أکبر (أنور مندلاوي)، مصدر سابق، ص ٢٥٥

[2] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٣٦)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠، ل ٧

بەهۆیئـــەوەی بـــە فیکـــری شـــۆڕش وخـــەباتی چـــەکداری ســـەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام سەرباری گەیشتن بە دوائامانج کەچی دواتر نـەیانتوانی هـــەنگاو بـــەرەو شۆڕشـــی کۆمەڵایـــەتی ودیموکراســـی وخۆشـــگوزەرانی وئایینده وفرەیی وکرانەوە بنێن. لەبەرئـەوەی وەك پێشتر ئامـاژەمپێدا، لـە بنچینەدا شـۆڕش بـڕوای بـە تۆڵەسـەندن وتوندوتیـژی هەیـە، کـە ئەمـەش لەگـــەڵ بنـــەماکانی دیموکراســـییدا نایەتـــەوە. لەمبارەیـــەوە، کاریزمـــا وئەفسانەی باشووری ئـەفریقا، (نێڵسـۆن مانـدێلا) لـە وتەیەکیـدا وتبـووی: "ئەقڵیـەتی تۆڵەسـەندن نـاتوانێ دەوڵـەتێك دروسـتبکات، بـەڵام ئەقڵیـەتی لێبـــوردن دەتـــوانێ نەتەوەیـــەك دروســـتبکات." [١] ئـــەم پێشـــەکییە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین هەرێمی کوردستان وێـڕای هەلومـەرجی لـەبار، بـەڵام لەبەرئـەوەی بەرهـەمی سـتراتیژی ڕاپـەڕین وتۆڵەسـەندن بـوو بۆیـە هێشـتا لـە فەرهـەنگێکی حزبیـی خێڵـەکی ناوچـەیی داخـراودا ماوەتـەوە. واتە، ستراتیژی ڕاپـەڕین ئـاوێزان بـە هەلومـەرجی لـەبار، سەرباری ئـەوەی گۆڕانکارییەکی مێژوویی لە باشووری کوردستان خوڵقانـد، کەچـی هێشـتا نـەیتوانیوە سنووری ئـەو گۆڕانکارییـە فـراوان بکـات، لەبەرئـەوەی خـودی هەنگاوەکە هەڵگری تۆوێکی زبرە.

هەرزەگۆییـــە، گـــەر وابـــزانین هـــەرێمی کوردســـتان بـــە فیکـــری مارکسیزم ومیکانیزمی شۆڕشی درێژخایـەن بەرهـەمهاتووە. واتـە، وێـڕای کۆتـایی جـەنگی سـارد وبـارودۆخی گونجـاو، ئـەوە سـتراتیژی (ڕاپـەڕینی لـەناکاو) بـوو کـە ڕۆڵێکـی کاریگـەری لـە بونیادنـانی ئـەم خۆبەڕێوەبەرییـە کوردیەدا بینی. ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەم ستراتیژە گـەر لـە هــەر شــوێنێکی ئــەم جیهانــەدا پــەیڕەو بکــرێ، تۆڵەســەندن وتوندوتیــژی

[١] هنادي وليد الجاسم: نفوس عظيمة، جريدة الشرق، العدد (١١٨٠٦)، ١٢/ أكتوبر/ ٢٠٢٠

سـەرەكیترین ئـامڕاز دەبـێ تیایـدا، چـونكە لـە هەناویـدا ئـەم تـۆوەی هـەڵگرتووە. واتـە، ئەمـە ستراكچـەر وسروشـتی ڕاپەڕینـە جەماوەرییەكـەی بەهاری (١٩٩١ ز) بووە. هەرچەندە، پاش سەركەوتنی ئەم ڕاپەڕینـە، ڕۆڵـی جەماوەری گەل كز وئەستێرەی هێزەكانی بەرەی كوردستانی هێدی هێدی دەدرەوشایەوە. هەڵبەت، ئەوە دووبارە ناكەمەوە كە خودی جەماوەریش كۆمـەڵێك كـەس وشۆڕشـگێڕی پۆپۆلیسـتی دروسـتكرد،[1] كـە ئێسـتا بەدەستیەوە دەناڵێنێ.

هـیچ گومـانی تیـادا نییـە، لـە كـاتی شـۆڕش وڕاپـەڕین وجەنگـدا، لـەبری لێكبـوردن وئاشـتەوایی، توندوتیـژی بەسـەر ڕەوشـەكەدا زاڵ دەبـێ. دەوترێـت، مـۆبیلیزەكردن لـە نـاخی كۆمەڵگـەی جـەماوەری، دەرفـەت بـە جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیا وڕێكخراوی سیاسی دەدات، كە لەگەڵ گوزەر بـەرەو دیمۆكراسـی ناهاوئاهەنگـە. بـە پێچـەوانەوە، مـۆبیلیزەكردنی سیاسـی لـە نـاخی كۆمەڵگـەی مەدەنیـدا، دەبێتـە هـۆی جۆرێـك لـە ئایـدیۆلۆژیا وڕێكخراوی سیاسی، كە لەگەڵ گوزەر بەرەو دیمۆكراسی پتر هاوئاهەنگە.[2] بـەمانای، لەبەرئـەوەی ڕاپـەڕین جـەماوەری بـوو، هەربۆیـە ئایـدیۆلۆژیا وهێزی سیاسی نادیمۆكرات پەرەیسەند یاخود زیاتر بووژانـەوە. كەواتـە، دواجـار ڕاپـەڕینی لـەناكاوی شـاریش نـەیتوانی گـۆڕان وكۆمەڵگەیـەكی مـەدەنی ڕاستەقینە ودیمۆكراسیەتی زۆر لـەم هەرێمـەدا دەستەبەر بكـات، هەروەك چۆن خەباتی چەكداری وبزوتنـەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەكانی

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموكراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩١

پێشـوو نـەیانتوانی. چـونکە، ڕاپـەڕینیش شـێوەیەکە لـە دەربڕینـەکانی شۆڕش.[1]

گـەورەترین کێشـەی هـەرێم لـە ئێسـتادا، ئەوەیـە کـە سیاسـەت لەلایەن **هێزی سیاسییەوە** نەك **دەسـەڵاتی سیاسییەوە** بەڕێوەدەچـێ. ئەم هێزە سیاسییانەی هـەرێم، دەسـەڵاتی سیاسـی سـەروەر نین، بـەڵکو هێـزی سیاسـی ناچـارین. ئەمـەش، ترسـناکترین بۆشـایی سیاسـی لـە هـەرێم دروسـتکردووە، کـە بووەتـە مایـەی قەیرانگـەلێك. واتـە، بۆشـاییە سیاسـییەکە، لـە نـەبوونی دەسـەڵاتێکی سیاسـی سـەروەری خـاوەن هەژموونی پەسەندکراو هاتووەتە ئاراوە. دیارە، پرۆسەی گۆڕانی هێـزی سیاسـی بـەرەو دەسـەڵات ودەوڵەتـداری وسیسـتم ویاسـا ودادپـەروەری، لەلایەن هێزە سیاسییە لۆکاڵییـەکانی هەرێمـەوە کـەمترین هـەوڵی بۆدراوە. چـونکە، (مـاکس ڤێبـەر) وتـەنی: "ڕابـەرە سیاسـییەکان نایانـەوێ هێزەکانیان ببێتە هێزێکی سیستماتیکی دەسەڵاتدار، لەبەرئەوەی سیستم بەرپرسیاریەتی ولێپرسینەوەی تێدایـە وئـەوانیش نایانـەوێ بکەونـە بـەر لێپرسینەوە."[2]

لە مێژووی (٣٠٠) ساڵەی دیمۆکراسی لـە خۆرئـاوا، دیمۆکراسـی بـەردەوام کـاری لەسـەر سـێ پرسـی سـەرەکی کـردووە. **یەکـەمیان**، پرسـی دروستکردنی دەسەڵات وسیستمی دیمۆکراسی ونوێبوونـەوە. **دووەمیـان**، پرسی مافەکان وئازادی ودادپەروەری ویەکسانی، کە لە دەستووردا دەبـێ

[1] سلامة كيلة: الانتفاضة والثورة، جريدة الغد، أفكار ومواقف، ٧/ أكتوبر/ ٢٠١١

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧

دیاریکرابن. **سێیەمیان**، پرسی کۆمەڵگەی دیمۆکراسی ومەدەنییە، کە تەواوی هێزە لۆکاڵییەکان بە ڕەنگ وناسنامە جیاوازەکانیانەوە دەبێ پابەندبن بە یاساکانی دیمۆکراسییەوە.[1] لە ڕاستیدا، دیمۆکراسی کاتێك سەقامگیر دەبێ، کە بەها وپێکهاتە دیمۆکراتییەکان بە ڕادەی پێویست بەهێز بووبن ولەلایەن هەمووانەوە پەسەندکرابن، وە لە ئەنجامدا دەوڵەت بتوانێ ڕووبەڕووی ئەگەری قەیرانەکان ببێتەوە. وەلێ، ئاستی پەسەندکردنی دیمۆکراسی لە هەر وڵاتێك پەیوەستە بە لاوازی وبەهێزیی ئایدیۆلۆژیاکانیترەوە، هەم لە ڕووی مێژووییەوە هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی وسیاسییەوە.[2] لە هەرێمی کوردستان، گەرچی دەسەڵاتێك (حزبی) لە ڕێگەی هەڵبژاردن وپەرلەمانەوە پێکهاتووە، واتە مەرجی یەکەمی دیمۆکراسیبوون بەدیهاتووە، بەڵام بە درێژایی ساڵانی حوکمڕانی کوردی نەیتوانیوە هەنگاو بەرەو دیمۆکراسی لانی زۆری کۆمەڵایەتی ئابووری دادپەروەری بنێ. بەڵکو، حزبگەلی دەسەڵاتدار، لایەنی هەژموونخوازیی ودەسەڵاتپەرستییان بە پلەی نایاب هێناوە.[3]

ئەوەی لە بەرچاودا ڕوونە، ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان تەریب بە هەلومەرجی گونجاو، توانرا ستراتیژی ڕاپەڕین سەربخرێ ویەکەم هەنگاوی دیمۆکراسی بنرێ، بەڵام بۆئەوەی هاووڵاتیان بەرهەمی ئەو ڕاپەڕین وشۆڕشە سیاسییە بچننەوە، ئەوا پێویستیان بە شۆڕشێکی

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨

[3] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، نیسان/ ٢٠١٢، ل ٢٧

کۆمەڵایەتی هەیە، لەپێناو لەدایکبوونی چەمکی دادپەروەرییدا.[1]
بەمانای، بۆ تەواوکاری (**شۆڕشی سیاسی**)، پێویست بوو دەسەڵاتدارانی هەرێم دەست بە (**شۆڕشی کۆمەڵایەتی**) بکەن ودادپەروەری بچەسپێنن. مەخابن، تا ئێستاش ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیە دەستییپێنەکردووە، بگرە شۆڕشە سیاسییەکەش ناکام بووە وقەوارەی هەرێمیش لە مەترسیدایە. هەڵبەت ئەوەی دەبینرێ ودەگوزەرێ، حکومەتێکی دوو حزبیی دوو ناوچەییە لە یەك کۆمەڵگەدا. واتە، زۆربەی کات ئەم حکومەتەی بەرهەمی خەباتی چەکداری وستراتیژی ڕاپەڕین بوو، لەلایەن دوو دامەزراوەی فەرمی ودوو پۆل سەرکردە وکاربەدەستی بێرۆکراسی ودوو کۆمەڵ یاسا ورێسای دوو زۆنی جیاوازی یەك کۆمەڵگەوە بەڕێوەدەچێ. بەمەش دەوترێ دیاردەی (**سەروەری دوالیزم**)،[2] یان ڕاستتر وایە بڵێین چەمکی (دەسەڵاتی دوالیزم)، کە دوو دەسەڵاتی حزبی جیاواز لە یەك کۆمەڵگەدا حوکمداریی دەکەن، کە لێکەوتە وبەرکەوتەی ستراتیژی ڕاپەڕین وبەرژەوەندی حزب وخێڵن.

کاتێك کە باس لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستاندا دەکەین، زۆر گرنگە ئاماژە بە ناکۆکییە ناوخۆییەکانیش بدەین. کوردەکان، بە درێژایی مێژوو یەك هەڵوێست ویەك دەنگ نەبوون. سەرکردەکانی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون ملکەچی یەکتر وپێکەوە

---

[1] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١
[2] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ١٨٠

لەسەر یەك مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە وبەرنامە وپلان دابڕێژن. [1] لە سەردەمی نوێدا، کاتێك ڕێبەرانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و(پارتی دیمۆکراتی کوردستان) بە ناوبژیوانی (مادلین ئۆڵبرایت)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە (١٧/ ٩/ ١٩٩٨ ز) لە (واشنتۆن) [2] توانییان ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتی واژۆ بکەن وکۆتایی بە چوار ساڵی پێکدادانی چەکداری لە نێوخۆی هەرێمی کوردستان بهێنن، هەر مانگێك دوای ئەو ڕێککەوتنە واتە لە (١٥/ ١٠/ ١٩٩٨ ز)دا ولە دیداری بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا، (دەیڤید وێڵش) جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئیدارەی کاروباری ڕۆژهەلاٚتی نزیك، وتبووی: "بە تێپەڕبوونی چەندین ساڵ ئەم بارودۆخە ئاڵۆزبووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەم دوو ڕێبەرە کوردە نەیانتوانیوە ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانیان، بۆئەوەی لەسەر مەسەلە زۆر گرنگەکان کە ئەوانی لە یەك جیاکردووەتەوە لەگەڵ یەکدی دانیشتن بکەن. [3] تەنانەت دوای ڕاپەڕینیش، لەبری هەنگاونان بەرەو شۆڕشێکی کۆمەلاٚیەتی ڕۆشنبیریی ئابووری و... هتد، هێشتا لە چوارچێوەی ناکۆکی ناوخۆیی وتۆڵەسەندن وکەنارخستنی یەکتر وبازنەی داخراوی حزبایەتی وشۆڕشی سیاسی (ڕاپەڕین)دا دەخولێینەوە. ئا لەم سەروەختەدا، دەکرێت بپرسین ئاخۆ دەرەنجامەکانی ستراتیژی ڕاپەڕین چین وچی بوون؟

---

[1] دڵپاك جەبار مەلا عەلی: هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٢٠

[2] تطورات القضية الكردية في ضوء المصالحة الكردية- الكردية في واشنطن: الاكراد والمشكلة الكردية، موسوعة مقاتل من الصحراء، ٢٠١٩، www.moqatel.com

[3] پ. لۆکمان میهۆ: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، و: وریا ڕەحمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥٩

یەکێك لە هۆکارەکانی پەرتەوازەیی کورد، نەبوون یاخود لاوازی فیکر وپرۆژەی ناسیۆنالیزمە. پێویستبوو هێزە سیاسییەکانی هەرێم دوابەدوای سەرخستنی ڕاپەڕین، ڕاستەوخۆ کاریان لەسەر بزواندن وپتەوکردنی هەستی نەتەوەخوازی بکردایە، بەوەی هەم لە هێزی سیاسییەوە بەرەو دەسەڵاتی سیاسی ودەوڵەتداری هەنگاویان بنایە، هەم دەسەڵاتدارییی ڕاستەقینەش مانای دەوڵەتدارییی خاوەن سەروەری. ئاشکرایە، گەلانی جیهانیش هێدی هێدی بەمشێوەیە بوونەتە نەتەوە. واتە، هێزە سیاسییەکانیان بوونەتە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتدار وئاوێزان بە هەستی نەتەوایەتی، نەتەوەیان فەراهەم کردووە. چونکە، ئەوە دەوڵەت وناسیۆنالیزمە کە نەتەوە دروست دەکەن. [1] بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، ژمارەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی فرەڕەگەزی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تا دەهات بە مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی وبیرۆکەی ناسیۆنالیزم ئاشنا دەبوون. لەو ڕۆژگارەدا، تەمەنی ئەم مۆدێلە لە ئەوروپا نزیکەی سەدەیەك دەبوو، مۆدێلی فەرەنسی وئینگلیزیش دیارترین شێوەکانی ئەم مۆدێلە تازەیەی ناسیۆنالیزم بوون. [2]

هەرچی گەلی کوردە، لەو سەردەمەدا هێندەی عەودالی خێڵ وتەریقەت وبیروباوەڕی ئایینی بووە، هێندە خەیاڵی بەلای دەوڵەتی نەتەوە وناسیۆنالیزمدا نەچووە. سەرەتا، تەریقەت، تەنها بە مانای

[1] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

[2] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

هەنگاونان بەرەو ڕێچکە وڕێبازی ڕۆحانییەت بووە، پاشان لە سەدەی سیازدەوە زاراوەکە چووەتە قاڵبی قوتابخانەیەکی فیکرییەوە، لەگەڵ شێوە وشێواز وتەکنیکێکی تایبەت وپەیوەندیدار بە عارفانەوە. تەریقەتەکە، پاش مردنی پیرە سۆفیش هەر دەمایەوە وموریدە وموریدی موریدەکانیش درێژەیان بە ڕەوتەکە دەدا. چونکە، تەریقەتەکان ببوونە شێوازێك لە ڕازگرتن وبە شێوە وئاکارێکی نهێنی ئەم دەست وئەو دەستیان دەکرد، وبۆ خەڵکە ڕەشۆکەکەش نەبوو پەی بەو نهێنییانە بەرێ. وەلێ، بەم دەساودەسکردنی تەریقەتەش دەوترا، سیلسیلە یان ئیسناد.[1]

لەم ڕوونکردنەوەیەوە، دەگەینە ئەوەی بڵێین بە ئێستاشەوە گەلی کورد نەگەیشتووە یان نەیانهێشتووە بگاتە پلەی هۆشیاری نەتەوەیی. لەبەرئەوەی، هێزە لۆکاڵییەکان هەردەم لە کێشمەکێش وململانێی خێڵەکی یەکتردا بوون، واتە بوار بۆ نەتەوەخوازییەکی پتەوی ڕاستەقینە نەڕەخساوە. ساڵی (١٩٢٠ ز)، (لوید جۆرج)ی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا وتبووی: "دەرەنجامی هەوڵەکانمان بۆ توێژینەوە لە هەستی نەتەوایەتی کورد ولە بەدواداچوونەکانمان لە ئەستەنبووڵ وبەغدا، مەحاڵە کوردێك ببینی کە زۆربەی کوردان پشتگیری بکەن. چەندین بەیاننامە، لە نوسینگەی سامی لە قوستەنتینییە هەیە کە تیایدا هاتووە، ڕایگشتی پتەو لای کورد نابینرێ."[2] لە ڕاستیدا، بە وردبوونەوە لە هەر چوار شۆڕشە سەرکەوتووەکەی جیهان (ئینگلیزی، ئەمریکی، فەرەنسی،

---

[1] مارتین فان برونەسن: ئاغا وشێخ ودەوڵەت، و: کوردۆ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١١٩

[2] دڵپاك جەبار مەلا عەلی: هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣

بۆڵشێڤی)، ناسیۆنالیزم نەك هەر ئامادەیی هەبووە، بەڵكو پاڵنەر وڕەگەزێكی سەرەكی وچارەنووسی (گەلێكی هەڵبژێردراو)یش بووە. [1] هەربۆیە، ئەم شۆڕشانە توانیویانە مێژوویەكی نوێ بنووسنەوە. [2] ئاخۆ، لە دەرەنجامی خەباتی چەكداری وڕاپەڕینە بەردەوامەكانی گەلی كورد وستراتیژی ڕاپەڕینە جەماوەرییەكەی (١٩٩١ ز)، چ مێژوویەكی نوێ بۆ ئەم گەلە نووسراوەتەوە؟

به وتەی مێژوونووسان، هەموو سەردەمانی ڕابردوو، بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد وەك جووڵانەوەیەكی كۆنەواری خێڵەكی دەركەوتووە، كە نەیتوانیوە تەریب یان شوێنكەوتەی بزاوتە هاوچەرخەكانی ناوچەكە ببێ. هەر بە بڕوای ئەوان، ئەم تایبەتمەندییە پەیوەست بووە بە ئاستی ئابووری وكۆمەڵایەتی وڕامیاری وڕۆشنبیری كۆمەڵگەی كوردیەوە. چونكە، گەلی كوردی چیانشین، وێڕای دەستەبژێرێكی ڕۆشنبیری بچووك، هاوشێوەی نەتەوە چیانشینەكانیتر دواكەوتوو بووە. [3] لە سەردەمی نوێشدا، ئەو كوردانەی لە شارەكاندا ژیانی مەدەنییان بەرەو گەشەسەندن دەچوو، بە هیچ شێوەیەك ئاغا ومولكدار نەبوون. واتە، دوژمنی سروشتیی سەركردە خێڵەكییەكان بوون. ئەمانە، هەڵگری بیری نەتەوەخوازیی (كوردایەتی) بوون، سەرباری ئەوەی خێڵگەراییان بە دواكەوتوویی وبەربەست لەبەردەم پێشكەوتنی كۆمەڵگەی كوردەواری دەبینی. وەلێ، دەركەوتنی ئەم چینە مەدەنییە ڕۆشنبیرە، هاوكات بووە

---

[1] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٢٤٨

[2] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩

[3] جيرارد جاليان: شعب بدون وطن. الكرد وكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٢٥

لەگەڵ دەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریای نەوت لە عێراقدا. هەربۆیە، دەوترا ململانێی نەتەوەیی لە سەدەی بیستەمدا، تەنها ململانێی نێوان کورد ودەسەڵاتە ناکوردەکان نەبووە، بەڵکو ململانێی نێوان دەستەواژەی (حکومەتی هاوچەرخ وخێڵگەرایی) بووە. [1]

لەوەتەی هەرێمی کوردستان لە (١٩٩١ ز)یەوە دروست بووە، بەرپرسیاریەتی مێژوویی کورد لە دەستی سەرکردەی پارتە کوردیە حوکمڕانەکاندایە، هەڵبەت توانا گەشەسەندووەکانی خەڵکی هەرێم، هەر لە ئەستۆی ئەواندایە. لەبەرئەوە، پێویستە لەسەریان واقیعێکی کوردی بونیادبنێن، لە ڕێی زیندووکردنەوەی خەون وسیاسەتێکی واقیعیی تەریب بە هیوا ومێژوو. [2] بێگومان، ئەمە واقیع وا دەڵێ نەك من. بەڵام، واقیعی هەرێم پێچەوانەی ئەمانە دەڵێ، چونکە لەبری زیندووکردنەوەی خەون وخوڵقاندنی ئەفسانەیەکی نەتەوەیی (اسطورة قومية) تەریب بە بونیادنانی واقیعێکی کوردی وهەرێمێکی گەشەسەندووی مۆدێرن ونووسینەوەی مێژوویەکی نوێ، هەر لە سەرەتاوە وەکی ساڵانی پێش ڕاپەڕین، شەڕی براکوژی ودوو ئیدارەیی ولەباربردنی خەونی پیرۆز وگەندەڵی وناوچەگەریی کرایەوە دیاری. ئەمەش، ڕاستاندنی وتەزای توێژەرانی سیاسییە، کاتێك دەڵێن: "لە سەرەتای هەموو شۆڕشێکدا، شۆڕشگێڕان وەك کۆمەڵێکی ڕێکخراوی یەکگرتوو دەردەکەون، بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕش وگرتنەدەستی دەسەڵات، بە ڕوونی ئەوە

---

[1] دیفید ماکدووال: الكورد.. شعب أنكر عليه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٣٧

[2] غنثر ديشنر: الكرد، ت: د. جورج كتورة، مصدر سابق، ص ٢٢

دەردەکەوێت کە هەرگیز یەکگرتوو نەبوون." [١] بێمکوڕیکردن، چوار ساڵی شەڕی براکوژی، پشتڕاستکەرەوەی ئەم قسەیەیە جگە لە بارودۆخی نەخوازراوی ئێستای هەرێم، کە دەسەڵاتی حزبیی کوردی، هاونیشتیمانیانی خۆیی کردووەتە دەرۆزەکەرێك، کە تەنها وبە ناچاری وێڵ وعەودالی بژێوی خۆیەتی.

هەڵبەت، لەبارەی ئەفسانەوە کە لێرەدا ناوی هێنرایە نێو باسەکەوە، فەیلەسووفی فەرەنسی (جۆرج سورێل) ئاماژە دەدات ودەڵێ: "پێویستە کۆمەڵێك هاوبەشبن لە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەزندا، بەو مەرجەی بە دڵنیاییەوە وێنای ئەو کارەیان وەك جەنگێکی پیرۆز لە پێناو جێبەجێکردنی کێشەکەیان بکەن." [٢] بێشك، بەجێهێنانی ئەم ڕۆڵ وئەرکە لەسەر ڕابەر وسیاسەتمەدار (دوور لە دەمارگیری وپاکتاوی نەژادیی)، کارێکی ئەخلاقیی ونموونەییە وبەشێکە لە خودی ئەفسانە، بەوەی ئەفسانەش بەشێکە لە مێژووی شارستانی. [٣] وێڕاش، ڕابەر یا سیاسەتمەدار، لە یەك کاتدا پێویستە دوو کاری جیا بگرێتەئەستۆ، لەلایەك وەك مرۆڤێکی داهێنەر لەلایەکیتریش وەك جادووگەرێك خۆی نمایش بکات. دەبێت ئەوەشبزانێ کە ئەو بووەتە پەیامبەری ئایینێکی نوێی نائەقلانیی، وپێویستە لەسەری بە شێوەیەکی سیستماتیك وڕێکخراو پەیامەکەی بگەیەنێ. [٤] هەرگیز ناکرێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە هەموو

[١] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ٣١٥

[٢] مایلز کوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خیر، مصدر سابق، ص ١٥٠

[٣] د. علي حسین قاسم: جدلیة العلاقة بین الدین والاسطورة، بحث جامعي، جامعة بني سویف، حولیة کلیة الاداب- القاهرة، ٢٠١٦، ص ٤٠

[٤] داریوش شایغان: ما الثورة الدینیة، ت: د. محمد الرحموني، مصدر سابق، ص ٢٢٤

بزاوتێکی ناسیۆنالیستی پێویستی بە دروستکردنی دوژمنێکی وەهمی هەیە.[١]

لە سیاسەتدا، ئارامی وهاوسەنگی هەرگیز بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ نابێت، ئەوەی بەرچاو دەکەوێ زیاتر هاوسەنگییەکی نەرمە لەبری هاوسەنگییەکی جێگیر. لە سیاسەتدا، هەردەم مرۆڤەکان لەسەر خاکێکی گڕکانی دەژین، هەربۆیە دەبێت ئامادەباشی بۆ هەر تەقینەوەیەك وزەمین لەرزەیەك لە هەر ساتێکدا وەربگرن. ئەوجا، هیچ هێزێکی ئەقلانی لە کاتە پەیگیر (حاسِم) وشلۆقەکاندا ناتوانێت لە پێشهات وتواناکانی خۆی دڵنیابێ، بەبێ دووبارەکردنەوە وخستنەڕووی پاشخان ویادەوەرییە ئەفسانەییە کۆنەکانی. واتە، لەم کاتانەدایە کە ئەفسانە دووبارە دەگەڕێتەوە ورۆڵی کاریگەر لە یەکڕیزی وکۆدەنگیدا دەبینێ، چونکە پێشتر لەناونەچووە ولە یادەوەریدا ماوەتەوە.[٢] بۆ ئەمەش (سورێل) ئاماژە دەدات ودەڵێ: "ناکرێت ئەفسانە بەدرۆبخرێتەوە، چونکە لە بنچینەدا هاوتای بیروباوەڕی کۆمەڵە وگوزارشتە لەو بیروباوەڕانە بە زمانی جووڵە. ناشکرێ ئەفسانە بۆ چەند بەشێکیتر دابەش بکرێ، کە لەسەر ئاستی باسە مێژووییەکان بتوانرێ جێبەجێ ببێ."[٣] بەلأم، ڕابەرانی کورد لە هەرێم بێئاگا لە گرنگی ئەفسانە، هێندەی کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە خۆیان بکەنە ئەفسانەیەکی موقەددەس، هێندە کاریان لەسەر بەئەفسانەکردنی مێژوو وکوردایەتی وپێشمەرگە وپیرۆزکردنی

---

[١] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، لە بلأوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ئەمستردام– بەهاری ٢٠٠٢، ل ٧٨

[٢] أرنست كاسيرر: الدولة والاسطورة، ت: د. أحمد حمدي محمود، المكتبة العربية بالاشتراك مع الهيئة المصرية العامة للكتاب– القاهرة، ١٩٧٥، ص ٣٦٩

[٣] محمد خيرالدين: ترجمة وظائف الخرافة السياسية، مغرس، محرك بحث اخباري، نشر في الاتحاد الاشتراكي يوم ١٤/ ٩/ ٢٠٠٩، maghress.com

**دۆزی کورد نەکردووە، ئەمەش ئەو گۆڕانە جۆرییەیە کە دەبوو شۆڕشی سیاسی کورد (ڕاپەڕین) لە دوای (١٩٩١ ز) وەك هەنگاوی شۆڕشێکی کۆمەلأیەتی، پەیڕەوی بکردبا.**

**دەوترێ، گەر شۆڕش یان ڕاپەڕینێك سەرکەوتووبێ لە ڕووخاندنی ڕژێمێك یان دەرپەڕاندنی داگیرکەر بەلأم نەتوانێ گۆڕانێکی جۆریی (نوعي) بەدیبهێنێ، ئەوا شۆڕشێکی شکستخواردوو دەبێ. واتە، گۆڕانکاری لە شۆڕش بەهێزترە، چونکە زۆرجار گۆڕان وڕیفۆرم بەبێ بەرپابوونی شۆڕشیش هەر ڕوودەدەن. بەلأم، شۆڕش، هەمیشە پێویستی بە گۆڕانە، بۆئەوەی نەبێتە کارێکی نەرێنی.[1] وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، گەرچی ڕاپەڕین سەرکەوتن ودەستکەوتنی بەدەستهێنا، بەلأم بە ئێستاشەوە نەیتوانیوە ڕیفۆرم وگۆڕانێکی جۆریی فەراهەم بکات. هەرگیز، نەیتوانیوە تازەگەریی وچاکسازی ودادپەروەری بەدیبهێنێ. ئەوجا، شۆڕشێك نەتوانێ لەگەلْ هاوچەرخبوون وشارستانیەت وئازادی ودادپەروەری وسەروەری یاسادا خۆی بگونجێنێ، واباشترە پێیبوترێ (ئاشووب) یان (کودەتا).[2] جێی باسە، هەنگاونان لە شۆڕشی سیاسییەوە بۆ شۆڕشی کۆمەلأیەتی، مانای دادپەروەری مانای چاکسازی مانای گوزەر بەرەو دێمۆکراسی، کە ڕەوشێکە تیایدا ئەگەری ڕیفۆرم وگۆڕانکاریی بنچینەیی لە پێکهاتەی یەکەی سیاسی ودەساودەستکردنی دەسەلأتی سیاسی لەئارادایە.[3] هەرچی داکەوتی هەرێمە، دوورە لەم باس**

---

[1] سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەکان، و: سابیر عەبدوڵلأ کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

[2] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥

وخواس وشەنوکەوەی دەیکەین. دەپرسم، ئاخۆ کوردایەتی ودەرەنجامی خەباتی خوێناوی چەندین ساڵە وستراتیژی ڕاپەڕینەکەمان، ئاشووبە؟

ڕاپەڕینێك چۆن دەرەنجامی باشی دەبێت، گەر بناغەکەی کاملْ وتۆکمە ونویْ نەبێت! گەر نەتوانیْ لەسەر داروپەردووی خەباتی کۆن ومرۆڤی کۆن وپیرۆزی کۆن وتێگەیشتنی کۆن، مرۆڤی نویْ بونیاد نەنێت.[1] مەگەر لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، شۆڕش، ڕووخاندنی بونیادی سەرخانێکی سیاسی کۆنی بەسەرچوو نەبێت.[2] داخەکەم، شۆڕشەکەی ئێمە سەرباری ئەوەی نەیتوانیوە ئامادەکاری بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی وبونیادی ژێرخان وسەرخانێکی نویْ بکات، نەشیتوانیوە بارودۆخی ناهەموار وەلابنیْ لەپێناو سەرفرازی مرۆڤدا،[3] تەنانەت دابڕانێکی مەعریفیشی لە مێژووی گەلەکەماندا دروستنەکرد. بەمەش، نەیتوانی کەلەپووری خێلْ وناوچەگەریی تێبپەڕێنیْ وئازادی ویەکسانی بۆ تاکەکانی هەرێم دەستەبەر بکات ومێژوویەکی نویْ بنووسێتەوە.

بە بڕوای زۆرێك لە بیرمەندان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە دوو بنەمای گرنگ پێکدێت، ئەو دوو بنەمایەش هەردوو دروشمە گرنگەکەی دیمۆکراسی (واتە ئازادی ویەکسانی) بەرهەمدێنن. بنەمای **یەکسانی**، واتە یەکسانی سیاسی وياسایی بۆ هێنانەدی ماف وئازادییەکان بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان. بنەمای **ئازادی** یان ئازادی ئابووری، واتە پەسەندکردنی جیاوازی ئابووری، بەڵام بە ڕەچاوکردنی

[1] هاشم ساڵح: ئايين وعەلمانيەت وكۆمەڵگەی مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥

[2] سلامة كيلة: الثورة في الماركسية، مقالات وحوارات مدونة سلامة كيلة، مصدر سابق

[3] محمد ڕەزا سەعيد: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

سوودمەندبوون وبەهرەمەندبوونی هەمووان لە خواردن، نیشتەجێبوون، تەندروستی، ئاسایش، ژیانی سۆزداری وڕەگەزیی، پەروەردە وفێرکردن، ئازادییە گشتی وکۆمەڵایەتیەکان، بێئەوەی کەس لە پێداویستییەکانی ژیانی ئابووری سەردەمییانە بێبەشببێ. بەمشێوەیە، دیمۆکراسی لە زەمینەی ئازادی ویاساییەوە دەچێتە زەمینەی ئابووری وکۆمەڵایەتی. واتە، دیمۆکراسی لەم دوو زەمینەیەدا، ماناکانی دەسەڵاتی خەڵك یان خەڵکسالاری دەبەخشن.[1] دادپەروەری کۆمەڵایەتی وماف وئازادی ئابووری، دروشمی سۆشیال دیمۆکراتەکان بوو کە داوای دەستوەردانی ئابووری وکۆمەڵایەتی حکومەتیان لەپێناو دامەزراندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا دەکرد.[2] کەواتە، گەیشتن بە سۆسیالیزم بەهۆی چاکسازی سەرمایەداریی وهاوبەشی ودەستوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابووریدا دەستەبەردەبێ.[3] هەرچەندە حکومەتی هەرێم، دەستێوەردانی ئابووری وکۆمەڵایەتی ئەنجامداوە، بەلاّم بەبێ دامەزراندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بە حوکمی چەقبەستوویی باوەڕ وخێڵگەرایی، نەك پەیڕەو لە ژیانی شارۆمەندی وکۆمەڵگەی مەدەنی وهاوچەرخبوون نەکراوە، بگرە لەم هەرێمەی ئێستاشدا بەسەردەمیبوون ودروشمی سۆشیال دیمۆکرات لە سەرەتادایە، پێداویستییەکانی ژیانێکی

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠

[2] دیمقراطیة اشتراکیة: مقالة، ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٣٠/ ینایر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[3] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨

**ئابووری شایستەش هێشتا وەك پێویست نییە. جێی خۆیەتی، لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە زیاتر بژاردە (نخبة)ی ڕۆشنبیر وچینی بۆرژوای سەردەم، پەنجە لەگەڵ بنەماکانی دێمۆکراسی وسۆسیالیزم ولیبراڵیزم وناسیۆنالیزم وچەمکەکانیتر نەرم دەکەن ولە توانایاندایە شەنوکەویان بکەن، بەڵکو بەبێ چینی بۆرژوا دێمۆکراسیش دروست نەدەبوو.** [1] **لەم ڕوانگەیەوە، بزوتنەوەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، پێگەی چینی بۆرژوای سەردەم تیایاندا زۆر لاواز بووە. خۆ ئەگەر، بوونیشیان هەبوایە، ئەوا زۆر کەم ودەستەوەستان بوون لە کردنی هەر کارێك.** [2]

**هەڵگەڕانەوەیەکی بێشەرمانە وهەرزەگۆییمە گەر لادەم لە بنەچەی خۆم، بەلاَم ئەوپەڕی گێلێتییە گەر ڕاستییەکانیش نەدرکێنم. بێشك، مێژووی کۆمەڵگەی کوردەواری، پڕیەتی لە باوەڕی کەوناری وخورافیات وتەقلید وتەقدیس. ئەوجا، گرنگ نییە هۆکار خەتای ئاوەزی مرۆڤی کوردی بووبێ یا بارودۆخ وداگیرکاریی وهەژاری ودواکەوتووییبێ. بەڵگەنەویستە، کۆمەڵگەی کوردەواری وبزوتنەوەی چەکداری، دوانەیەکی لێکدانەبڕاون. پاشان، کۆمەڵگەیەکی کۆنەپارێزی ناڕۆشنبیر کە بڕوای بە خورافیات وخێڵ وبیروباوەڕی باو هەبووبێ، بێگومان ئەم باوەڕبوونە ڕەنگدانەوەشی لەسەر ئەقڵییەت وئاییندەی بزاوتەکانی دەبێ. هەربۆیە، شۆڕشگێڕانی کورد نەیانتوانیوە سەردەمیانە ولە گەمەی سیاسیدا سەرکەوتووبن وبە ئاسانیش دەرفەتیان لەدەستداوە. لە سەردەمی**

---

[1] **د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤**

[2] **جیرارد جالیاند: شعب بدون وطن. الكرد وكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٢٦**

نوێشدا، ئەو هێزگەلەی لە ڕاپەڕینەکەی (١٩٩١ ز)دا بەشدار بوون، لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکی خێڵەکی بوون وژێرخانێکی مەعریفی کۆنەوارەتییان هەبوو، بۆیە وەك پێویست ڕێگەیان بۆ چینی بۆرژوای ڕاستەقینە وڕۆشنبیران خۆشنەکرد، تاوەکو ڕۆڵی کارا لە کۆمەڵگەدا ببینن. بێگومان، شۆڕشگەلی ئینگلیزی فەرەنسی ئەمریکی وتەنانەت شۆڕشی ڕووسی (١٩٠٥ ز)یش، وێڕای ئەوەی بە ناوی ئازادییەوە بەرپابوون بەلاّم لە هەمانکاتدا شۆڕشی بۆرژوازیش بوون. [١] ئێستاش لە زۆربەی زۆری ولاّتان، چینی بۆرژوا فەرمانڕەوایی دەکات. [٢] پێدەچێت، لە ئێستای هەرێمی کوردستانیش چینێکی بۆرژوا وبازاڕی ئازاد حوکم بکەن، بەلاّم بەبێ ڕەچاوکردنی مۆراڵ وبنەماکانی لیبراڵیزم.

هەربۆیە، دەوترێ لە پیوار (غیاب)ی چینی بۆرژوا ودەستەبژێری ڕۆشنبیر وهێزگەلە کۆمەلاّیەتیەکان، سەرکردەی خێڵەکان سەرپەرشتیار ونوێنەری بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بوون. خێڵ، بەهۆی بەرژەوەندی وپارێزگاریکردن لە مافی دەرەبەگایەتی وئەو سەربەخۆییەی بە درێژای مێژوو هەیبووە، هەردەم هەوڵیداوە یاخیبوون وڕاپەڕینی خێڵەکی بەرپا بکات. خۆ ئەگەر، ئەو بزوتنەوانە ئامانجگەلێکی نەتەوەییشیان هەبووبێ، دواجار ملکەچی ئامانجە خێڵەکییە سنووردارەکان بوون. کاتێکیش، کە پارتێکی سیاسی دروست بووە، زیاتر لە پایتەخت وشارە گەورەکان بووە. ئەمانە، زۆربەی کات نەیانتوانیوە کاریگەری لەسەر جەماوەر یان ڕکابەریی هەژموونی خێڵەکی وباوەڕی باو بکەن. هەربۆیە، دواجار لە

[١] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ١٨٥

[٢] کارزان عەزیز: لینین. جەنگ وشۆڕش (وەلاّم بە دۆخی ئێستا)، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٣٦

هەوڵ وگۆڕینی سەرخانی کۆمەڵایەتی کوردستان سەرکەوتوو نەدەبوون، بەپێچەوانەوە ملکەچی ئیرادەی سەرکردە خێڵەکییەکانیش دەبوون.[1]

به ڕای لێکۆڵەرانی سیاسی بیانی، سەرەکیترین کێشەی بزاوتە کوردیەکان لە مێژوودا، ئەوەیە کە دەبوو ڕابەران هەڵقوڵاوی چینی ڕۆشنبیر ولە نێو کەسانی مەدەنی وتێگەیشتووەوە سەردەربهێنن، نەك لە نێو خێڵگەلێکەوە کە ڕۆشنبیرییان نییە وجگە لە تۆڵەسەندن هیچ شتێکیتر نازانن.[2] هەرچەندە، مێژووی هێزگەلی سیاسی کوردی، ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرگیز نەیانتوانیوە لە کاریگەری وبڕیارەکانی خێڵ بەدووربن، بەڵکو هەردەم ملکەچ بوون. هەڵبەت، ساڵی (١٩٣٩ ز)، یەکەم پارتی سیاسی کوردی لە عێراق بە ناوی (هیوا) دامەزرێندرا، هەرچەندە ساڵی (١٩٣٨ ز)، ڕێکخراوێکی بچووکتر بە ناوی (برایەتی)یەوە دامەزرابوو. بەڵام، پارتی (هیوا)، پارتێکی گەورەتر ونوێخواز ولەلایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیر وکەسانی تێگەیشتووی نیشتەجێی شارە کوردیە گەورەکان دامەزرێندرابوو. سەرەڕای خۆبەدوورگرتنی دامەزرێنەرانی ئەم حزبە کوردیە لە هەژموونی خێڵ، بەڵام دواجار سەرکردایەتی ئەم حزبە ملکەچی دەسەڵات وهەژموونی خێڵ بوو، ئەمەش کاتێك کە ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی ساڵی (١٩٤٣ ز) بەرپابوو. لە دەمێکدا، کە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم گەیشتە عێراق، عەرەبەکان توانیان لە ساڵی (١٩٤٣ ز)دا (حزبی شیوعی) دابمەزرێنن. بەڵام، لێرە بێجگە لە کەمینەیەکی ڕۆشنبیری کورد،

---

[1] أ. د. سعد ناجي جواد: دراسات في المسألة القومية الكردية، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم– بيروت، لبنان، ٢٠٠٥، ص ١٤٣

[2] جيرارد جالياند: شعب بدون وطن. الكرد وكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٢١٢

سەرکردایەتی حزبی شیوعی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ناتوانێ لە کۆمەڵگەیەکی ئایینی خێڵەکیدا بە ئاسانی بانگەشە بۆ فیکری کۆمۆنیزم بکات. هەربۆیە، ناچار بوو بەرەیەکی چەپخواز بە سەرکردایەتی خۆی پێکبهێنێ وناویبنێ پارتی (ڕزگاری کورد)، کە لە ڕۆشنبیرانی کورد وشیوعییەکان وچەپەکانی نێو پارتی هیوا پێکهاتبوون.[1]

کەواتە، خێڵگەرایی وکۆنەپارێزی وباوەڕ ودابونەریتی باو، هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی ستراکچەری کۆمەڵگەی کوردەواری نەتوانێ تازەگەریی ودابڕانێکی مەعریفی لەگەڵ کەلەپووری کۆندا بخولقێنێ. ڕاپەڕینەکانی پێشووتری کورد، وێڕای دواکەوتوویی وبێپلانیی، هەرگیز نەیانتوانیوە ئامانجی ستراتیژیی پیرۆز بپێکن وبەسەردەمیبوون بهێننەدی. ئاشکراشە، شۆڕش، گەر سیستمی حوکمڕانی وئەقڵیەتی مرۆڤەکان وبونیادی کۆمەڵگەش تا ڕادەیەکی زۆر بگۆڕێ، ئەوا ناتوانێ سەرلەبەری کەلەپوور ودابونەریت وباوەڕە پیرۆزەکان وئارەزووە مرۆییەکان بگۆڕێ،[2] لەبەرئەوەی دابونەریت لە تێکڕای مەیدانە فیکرییەکاندا، هێزێکی کۆنەپارێزی مەزنە.[3] کەوابێ، ئەوە ئەرکی سەرکردایەتی شۆڕش وڕاپەڕینە کوردیەکان بوو، کە بەزووترین کات بیر لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی وگۆڕانێکی جۆریی لە کۆمەڵگەدا بکەنەوە بە مەبەستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی وریفۆرم وتازەگەری. مەحاڵە، شۆڕشی سیاسی بەبێ دەستەبەربوونی پێشوەختەی شۆڕشی فیکریی خۆی

---

[1] أ. د. سعد ناجي جواد: دراسات في المسألة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٤١

[2] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٣٢٥

[3] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩

ڕابگرێ.[1] هەڵبەت، ئەو شۆڕشە ڕۆشنبیرییەش، بەبێ هەنگاوی ڕیفۆرمی ئایینی کە لە منداڵدانی ئیرادەوە لەدایك دەبێ، مەحاڵە ڕووناکی ببینێ.[2] لەم ڕووەوە، سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی (ئۆگەست کۆنت)، وتبووی: "بیروباوەڕەکان بە هێرشکردنەسەریان نامرن، بەڵکو ئەو کاتە دەمرن کە بسەلمێندرێ بێکەڵکن وپێویست نین."[3] هەڵبەت، پێکدادانی چەکداری نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی هەرێم لە نێوان حزبی دەسەڵاتدار وهێزە ئیسلامگەراکان، ڕاستاندنی ئەم وتەزایە بوون، بەوەی دەسەڵات دەیویست بە زەبری هێز ئایدیۆلۆژیای حزب وپێگەی خۆی بسەپێنێ وڕێگری لە فیکر وکەلەپووری کۆن بکات. دەرەنجام، نەك سەرکەوتوو نەبوو، بگرە ئیسلامیزم هێندەیتر بەهێزتر وپەرەیسەند.

سەرباری فاکتەری پەرتەوازەیی وپەرشوبڵاوی وجیۆسیاسی، کە سێ هۆکاری سەرەکین لە دیاریکردنی چارەنووسی کورد تا ئەمڕۆ،[4] بە هەمان شێوە پێکهاتەی کشتوکاڵی وئایینیش مۆرك وچارەنووسێکیتری کۆمەڵگەی کوردەواری بووە. هەربۆیە، هەردەم لەژێر هەژموونی خورافیات ودەرەبەگ وخێڵایەتیدا ماوەتەوە. بە پشتبەستن بە شکۆمەندیی ئایینی وخاوەندارییەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان، دەرەبەگەکانی کورد سەرکەوتوو بوون لە سەپاندنی دەسەڵات وهەژموونیان بەسەر ئەو جووتیارانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانیان پێکدەهێنا. ئەمە لە کاتێکدا، هێزە

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەڵات، ژینگە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠

[3] محمد ئارکۆن: بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل ٨٤

[4] غنثر دیشنر: الکرد، ت: د. جورج کتورة، مصدر سابق، ص ١٠

کۆمەڵایەتیەکانیتر (کرێکاران، بۆرژوای بچووک ورۆشنبیران)، کەم ولاواز وبێ کاریگەریی بوون. بەمهۆیەوە، چینی کرێکاران تا ئەمرۆش لاواز وبچووکن، هەرچی رۆشنبیران وبۆرژوای بچووک ومامناوەندیشە لە پایتەخت وشارە گەورەکان دەژیان. ئەم دۆخە، دەرەبەگەکان وسەرکردە خێڵەکییەکانی لە حاڵەتێکدا هێشتبوەوە، کە هیچ کەسێك لە گوندەکان وناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان، نەیدەتوانی بەربەرەکانییان بکات. وێڕاش، هەر ئەم ناوچە دوورە دەستانە دواجار دەبوونە مەڵبەندی نەیارانی دەسەڵاتی مەرکەزیی، [1] لەبەرئەوەی لە زەبری چەپۆکی دوژمنی داگیرکەر بەدوور بوون.

لە سەدەی بیستەم، هۆکاری خستنی بنە وبارەگای ڕاپەڕینەکانی کورد لە لادێکان پشتی دەبەست بە فەلسەفە وبیری سەرەکی (ماو زی دۆنگ)، کە بڕوای وابوو شۆڕش دەبێت لە لادێکاندا بەرپابکرێ ئینجا بەرەو ناوشارەکان بگوازرێتەوە. دوای ناوبراو، (جیڤارا)ش هەمان بیری سەرەکی ئەوی دووبارەکردەوە. بەڵام، پێناچێت گونجاوبێ گەر شۆڕش لە لادێ بۆ ناوشار بگوازرێتەوە، لەبەرئەوەی گەر سەیری ژیارەکانی جیهان بکەین، دەبینین هەردەم شار بووەتە مەڵبەندی بەڕێوەبردن وحوکمکردنی ناوچەکانیتری وڵات. کاتێکیش خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورد لە لادێکانەوە داکشایە نێو شارەکان خێرا بە ڕاپەڕینێکی مێژوویی کۆتاییهات. دەوترێت، هەموو کات خەڵکی شار ئاستی ڕۆشنبیرییان لە خەڵکی لادێکان بەرزتر بووە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی دامودەزگای

---

[1] أ. د. سعد ناجي جواد: دراسات في المسألة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٠

هۆشیار وڕۆشنبیریی گرنگی تێدابووە.[1] کەواتە، شۆڕشگێڕانی کورد لەم ڕوانگەیەوە لادێکانیان کردبووە بارەگای جموجووڵ وخەباتی چەکداری وستراتیژی ڕاپەڕینی بەردەوام. بەڵام ساڵی (١٩٩١ ز)، کاتێك هەلومەرجی سیاسی گونجاو ڕەخسا، شۆڕشگێڕان بارەگایان لە لادێ وشاخەوە بەرەو ناوشار گواستەوە وستراتیژی ڕاپەڕینی بەردەوام گۆڕدرا بە ستراتیژی ڕاپەڕینی لەناکاو. دەرەنجام، باشترین دەستکەوت وگۆڕانکاری مێژوویی فەراهەم بوو.

سەدەکانی ڕابردوو کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بووە، وڕیشە وبنەوانیەتی لە خێڵە کۆچەری ونیمچە کۆچەرییەکانەوە وەردەگرت. لەم کۆمەڵگەیەدا، گوێڕایەڵیی ولاگر (ولاء) بۆ بنەماڵە ئینجا بۆ خێڵ بووە. دیارە، خوێن بنچینەی پابەستبوون بە خێڵەوە بووە. سەرباری ئەم پابەندبوونە بە خێڵەوە، پابەندبوونی ئایینیش لەگۆڕێدا بووە، بەتایبەت بە شێخانی تەریقەتی سۆفیزم لە قادری ونەقشبەندی، کە زۆر زوو لە کوردستان بڵاوبوونەوە.[2] سۆفیزم، یەکێك بوو لەو دیاردە ڕۆحییانەی جگەلەوەی پانتاییەکی فراوانی لە کۆهەستی کۆمەڵایەتی (الشعور الجماعي الاجتماعي) کوردەواریدا داگیرکردبوو، کاریگەری زۆریشی بە هەردوو دیوی ئەرێنی ونەرێنیدا بەسەر هێزی جەماوەرییەوە لە نێو بزوتنەوە سیاسییە کوردیەکاندا هەبوو. زۆرجار، ڕێبەرانی ڕۆحیی وشێخەکانی تەریقەت، دەبوونە ڕابەری ڕاپەڕین وبزوتنەوە

---

[1] ئەردەڵان عەبدوڵڵا: خەباتی پێشمەرگایەتی یان کارەسات وماڵوێرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا– کەرکوك، ٢٠٠٧، ل ١٧

[2] دیفید ماکدووال: الكورد.. شعب أنكر عليه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٣٣

نیشتمانییەکانی گەلی کورد. هەندێجاریش، دەبوونە بەشێك لە سیاسەت وهێزی سەربازیی داگیرکەری کوردستان. [1] هەرچەندە، بەشێك لە شێخان وپیاوانی تەریقەت، پێگە ئایینییەکەیان لە کۆمەڵگەدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارنەدەهێنا. هیچ گومانی تێدا نییە، شێخان وپیاوانی تەریقەت، دەسەڵاتێکی زۆریان لە نێوەندی کۆمەڵگەی کوردەوارییدا هەبووە، بە شێوەیەك هەر گوندێك لاگر وئارەزوومەندی تەریقەتێك بووە. [2]

پێشتر ئاماژەم بەوەدا، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە (١٩١٨– ١٩٢٠ ز) وتا ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بزوتنەوەی سیاسی کورد نەك کۆنەپارێز وبێتوانا وپەرتەوازە، بەڵکو نەشیتوانی سوود لەو بۆشاییە سیاسییەی لەو ماوەیەدا دروستببوو، وەربگرێ. هەڵبەت لە ماوەی نیو سەدەدا، شۆڕشەکانی کورد تەنها ڕاپەڕینێکی تەقلیدی ناوچەیی بوون کە زۆر بە ئاسانی سەرکوتدەکران. [3] مێژوونووسی کورد (محەمەد ڕەسوڵ هاوار)، لە یەکێك لە پەڕتووکەکانیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە سیاسەتمەدار ومێژوونووسی کورد (ئەمین زەکی

---

[1] د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم وکاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا (١٨٨٠– ١٩٢٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

[2] دیفید ماکدووال: الکورد.. شعب أنکر علیه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٣٤

[3] جیرارد جالیاند: شعب بدون وطن. الکرد وکردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٢٥

**بەگ)، لە هەموو کەس زیاتر هەستی بەوە کردبوو کە گەلی کورد پەندی لە ڕووداو وبەسەرهاتەکان وەرنەگرتووە.[1]**

**دوای جەنگی جیهانی دووەمیش لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥ ز)، بزوتنەوەی چەکداری کورد لە عێراق ڕەنگدانەوەی دواکەوتووی کۆمەڵگەی کوردی نیشاندەدا.[2] هەڵبەت سەرکردایەتی کورد، سەرکەوتوو نەبووە لەوەدا کە گۆڕانخوازانە ونوێخواز خۆی لە ئاست دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی نیشان بدات وجەماوەری گەل بەدوای خۆیدا پەلکێش بکات، وەك چۆن سەرکردایەتییە شۆڕشگێڕەکانی گەلانیتر سەرکەوتووانە ئەنجامیاندا. وێڕای ئەوە، بارودۆخی چەقبەستووی دنیای جیۆسیاسی (لە سەردەمی جەنگی سارددا)، هێندەیتر بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردی لاوازترکردبوو، تەنانەت هەڵبژاردەکانی بەرەی سیاسی بزوتنەوەکەش فشەڵ وکۆنەوارەتی ودواکەوتووانە بووە. ئەم میراتییە مێژووییە، هەردەم کاریگەریی نەرێنیی بەردەوامی لەسەر ئەقڵیەت وڕەفتاری تاکی کورد هەبووە، وئاستەنگی بۆ کۆمەڵگە وفشاری لەسەر ڕێڕەوی چارەنووسی نیشتمانیی دروستکردووە.[3] ئەمەش دەمانگەیەنێتە وتەزایەکی، (مارکس) کە وتبووی: "لە شەڕی بەرگریدا کاتێك بەرەی سیاسی فشەڵ**

---

[1] **محمد ڕەسوڵ هاوار: کورد وباکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەریێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٥**

[2] **جیرارد جالیاند: شعب بدون وطن. الکرد وکردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٢٦**

[3] **د. شێرکۆ فەتحوڵلا عومەر: پارتی دیموکراتی کوردستان وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦- ١٩٧٥، و: سوارە قەلادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- کەرکوك، ٢٠١٣، ل ٨**

**دەبیٚ، ئیدی بەرەی سەربازیش وردە وردە لاواز دەبیٚ." [1] هەربۆیە، لە دوای کارەساتی کیمیاباران وئەنفال وسەختی خەبات، پۆل پۆل پێشمەرگەکانی شاخ چەکیان دادەنا وخۆیان ڕادەستی ڕژێمی بەعس دەکردەوە. تەنانەت، لە دوای ئەنفالەکانەوە تا داگیرکردنی کوێت، هەوڵی سیاسی ودیپلۆماسی هەرە گرنگی هێزەکانی بەرەی کوردستانی، گەڕانەوە بوو بۆ ڕۆژگاری پاش هەرەسی (١٩٧٥ ز). بەلاٌم، ڕژێم بە هیچ شێوەیەك ئاوڕی لێنەدەدانەوە، بەڵکو خراپتر لە سەردەمی (١٩٧٥ ز) ڕەفتاریدەکرد. [2]**

**نووسەر وکوردۆلۆژیست (دەیڤید مەکدواڵ)، دەربارەی مێژووی خەباتی چەکداری کورد دەڵیٚ: " بەپێی سروشتی ڕووداوەکان، لە ساڵی (١٩٧٤ ز)یەوە، خەباتی چەکداری سەلماندوویەتی کە هەردەم دەرەنجامێکی پێچەوانەی هەبووە. خۆ ئەگەر لە کاتی خۆیدا، سەرکردایەتی کورد ڕازی بوایە بە یاسای ئۆتۆنۆمی (١٩٧٤ ز) وێڕای داڕشتنە ناکامڵەکەی، ئەوا هەر هیچ نەبیٚ (٤٠٠٠) گوندی کوردی خاپوور نەدەکران وخەڵکەکەشی ڕانەدەگوازران ومیراتیی کەلتووری کوردیش لە چیاکانی کوردستاندا بە گەشاوەیی دەمایەوە. لەبەرئەوە، کاتی خۆیەتی کە پارتە کوردیەکان لەخۆیان بپرسنەوە وڕەخنە لە خۆیان بگرن. دەربارەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەش، هەندێك لە کوردان بەشێك لە بەرپرسیاریەتی ئەو تاوانە دەخەنە ئەستۆی (بەرەی کوردستانی)یەوە.**

---

**[1] شەهاب کەریم: مێژوویەك لە لوولەی تفەنگەوە، ڕۆژگارە سەختەکانی شاخ (١٩٧٩- ١٩٩١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١**

**[2] حکمت محمد کریم (ملا بختیار): ثورة کوردستان ومتغیرات العصر، ت: د. بندر علي أکبر (أنور مندلاوي)، مصدر سابق، ص ٢٩٠**

بەلأم، لە ڕاستیدا هەر نەدەبوو بهێڵدرێ ئێرانییەکان بچنە نێو ئەو شارەوە، چونکە ئەو کردارە پەیامێکی هەڵەی ڕەوانەی بەغداکرد." [١]

لە حەفتاکان وهەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا، بزاوتە کوردیەکانی باشوور بەهۆی ناکۆکی نێوخۆیی وناوچەگەری وخێڵگەرایی وهاوپەیمانییە لێڵ وناسروشتییەکانەوە هەرەسیانهێنا، لەبەرئەوەی سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوە کوردیانە لایەنە تاریك وشاراوەکانی هاوپەیمانییە گوماناوییەکانیان بە هەند وەرنەدەگرت. تەنانەت، لەگەڵ دەسپێکی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق وئێران لە ساڵی (١٩٨٠ ز)دا، لانیکەم دەبوو هێزە کوردیەکانی باشوور شەڕ وشۆڕە ناوخۆییەکانیان کۆتاییپێبهێنایە بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە لەپێناو بەهێزبوونی باسکی شۆڕش وشکستی دوژمن. کەچی بە پێچەوانەوە، لەبری جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نیشتمانییە، شەڕ وشۆڕە ناوخۆییەکان لە سەرەتای هەشتاکانەوە کە مایەی بێزاربوونی خەڵك وگەشەنەکردنی شۆڕش بوون، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرەیان دەسەند. [٢]

بێگومان، لەگەڵئەوەی ئەم بزاڤە کوردیانە جووڵەگەلێکی نەتەوەیی ڕەسەن بوون، بەلأم هەرگیز نەیاندەتوانی بگەن بە ئاستی بزوتنەوە ڕادیکاڵەکان وبەهۆیەوە پەرە بە پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی نێوان جەماوەر وئەو پێشمەرگانە بدەن کە هەڵگری بیرێکی شۆڕشگێڕیی نەتەوەیی بوون. چونکە، هزری خێڵەکی وگەنیویی کادیرە ئیداریی

---

[١] دیفید ماکدووال: الکورد.. شعب أنکر علیه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ١٦١

[٢] شەهاب کەریم: مێژوویەك لە لوولەی تفەنگەوە، ڕۆژگارە سەختەکانی شاخ (١٩٧٩- ١٩٩١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١

وسەربازییەکان، هۆکار بوون لە مانەوە وبەردەوامی پەیوەندییە کۆن ودابونەریتە باوەکان. هەڵبەت، ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیی وجۆرێك لە تازەگەریی، ئەو دوو شتە بوون کە سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوانە هەژار بوون تیایدا. [1] بۆیە، دەوترا کوردەکان نەگەیشتوونەتە پلەی هۆشیاری نەتەوەیی وتازەگەریی وئامانجێکی هاوبەشیان نییە. [2] ئەوەش ژ بیر نەکەین، کاتێك لە مێژووی کورد ورد دەبینەوە، دەبینین زۆربەی کارەسات ورووداوە جەرگبڕەکان لە دەرەنجامی بەرژەوەندی وململانێی حزبەکاندا بووە، هێندەی قوربانیدان لە سەردەمی خەباتی چەکداری وشەڕی کورد کوشتندا بووە نیو هێندە لە شەڕی دژ بە ڕژێمی بەعسدا نەبووە، [3] هەربۆیە فشەڵ بوون.

لە مێژووی میللەتاندا، خاڵی نەرێنی لە شەرعیەتی شۆڕشی چەکداری (شۆڕشی سیاسی)دا ئەوەیە کە دەگۆڕدرێ بۆ شەرعیەتی ئابووری. واتە، شۆڕشگێڕان دوای گەیشتنیان بە دەسەڵات، مافی ئەوە دەدەن بە خۆیان کە داهاتی وڵات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن. بەڵام، بە پێچەوانەوە بەرهەمی (شۆڕشی کۆمەڵایەتی) بریتییە لە قایمکردنی پایەکانی دێمۆکراسی ودەوڵەتداریی ولەدایکبوونی دەستوور. کەواتە، خاڵی ئەرێنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە شۆڕشی سیاسی وچەکداری

---

[1] جیرارد جالیاند: شعب بدون وطن. الکرد وکردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، مصدر سابق، ص ٢٥

[2] دڵپاك جەبار مەلا عەلی: هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣

[3] شەهاب کەریم: مێژوویەك لە لوولەی تفەنگەوە، ڕۆژگارە سەختەکانی شاخ (١٩٧٩- ١٩٩١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨

زیاتره. [١] له یەکێتی سۆڤیەتدا، هەرگیز ئەو ڕێبازی سۆسیالیزمەی زۆرێك بەوپەڕی بڕواوە خەباتیان دەکرد بۆی وگیانی خۆیان له پێناویدا بەختکرد، چێنەبوو. بەڵکو ئەوەی له واقیعدا دەبینرا، تەنها (دەوڵەتێکی سۆسیالیستی) بوو، [٢] له کاتێکدا خودی دەوڵەت له ڕوانگەی (مارکس وئەنگڵس)ەوە، کەرەستەی دەستی توێژی دەسەڵاتدار بوو، [٣] که دواجار دەبوو چینی پرۆلیتاریا هەڵیبوەشێنێتەوە. بەڵام بەرژەوەندیخوازی وقۆرخکاریی ئابووری وداکەوت، ڕێگربوون له مارکسیزم له گەیشتن بە خەونی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیی بێچینی بێ دەوڵەت له یەکێتی سۆڤیەتدا. ئەمە، ئەو ڕەخنە سەرەکییە بوو که دواجار فەیلەسووفان وبیرمەندان له فیکری (مارکس)یان دەگرت، بەوەی هەرگیز نەدەکرا تیۆری مارکسیزم بە تەواوەتی پراکتیزەبکرێ.

شۆڕشگێڕانی هەرێم، سەرباری ئەوەی نەیانتوانی بەڵێنەکان وخەونەکانی تاکی کورد جێبەجێ بکەن، دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتی حزبی وشەرعیەتی شۆڕش، ئەو شەرعیەتە ئابوورییەشیان بەخۆیاندا که تەواوی داهات وسێکتەرە بازرگانی وئابووری وئەوانەیتر بۆ خۆیان قۆرخ بکەن. لەبری هەنگاونانیش بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی ودیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، دەستکرا بە جیاکاری ناوچەیی وبەحزبیکردنی کۆمەڵگە.

بەپێی (تیۆری ڕیالیستی) (النظرية الواقعية)ی بیرمەندی بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی (هانز مۆرگێنتاو– هانز مورغنثاو)، سروشتی مرۆڤەکان

---

[١] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[٢] کرین برینتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٢٨٩

[٣] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١

بەوە جیادەکرێتەوە کە خۆپەرست وهەلپەرست وبەرژەوەندیخوازن. بەپێی ئەم تیۆرەی ناوبراو، مرۆڤەکان لەگەڵئەوەی خۆپەرستن لە هەمانکاتیشدا بەدوای سوود وهێز وهەژموون وبەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕێن. هەر بەپێی ئەم تیۆرە، ئەم تایبەتمەندییەی مرۆڤ، جێگیرە وناگۆڕدرێ.[1] پێشتریش، ئابووریناسی سکۆتلەندی (ئادەم سمیس– آدم سميث)، مرۆڤی بە ئاژەڵێکی ئابووری ناوزەد دەکرد.[2] پێش ئەمیش، مامۆستای زانستی سیاسەت (نیکۆلۆ ماکیاڤێللی) وتبووی: "چاوچنۆکیی، غەریزەیەکی سروشتیی ئادەمیزادە."[3] دیارە، ناوبراویش ئەم وتەزایەی لە فەیلەسووفێکی وەك (ئەرستۆ)وە وەرگرتووە، کە وتبووی: "چاوچنۆکیی مرۆڤ هەرگیز تێرنابێ."[4] لە ڕاستیدا، مێژووی مرۆڤەکان پڕە لە هەلپەرستی وبەرژەوەندیخوازی وهەڵبەز ودابەزی سیاسی وململانێ وجەنگ وخوێن وداگیرکاری وکارگەلێکی نەرێنی نامرۆڤانە. بێگومان، کاریگەریی ومێژووی ئەم چیەتییە نەرێنییە (ماهية سلبية)، مرۆڤی دووچاری گرێی دەروونیی (سیاسەتکردن) بە مانا قێزەونەکەی کرد، هەربۆیە مرۆڤ بگاتە هەر شوێنێك جەنگیش دەگاتە ئەوێ.[5]

بەڵام، کاتێك دەستەبژێری مرۆڤەکان پەنایان بردە بەر (فەلسەفە) ولۆژیك ودیالێکتیك ودواندن وبیرکردنەوە لە خود، ئیدی هەنگاوەکانی

---

[1] بشير النجاب: النظرية الواقعية، الحوار المتمدن، العدد (٥٥١٣)، ٧/ ٥/ ٢٠١٧، www.ahewar.org

[2] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی مورادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢

[3] مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، چاپخانەی کۆمەڵگەی چاپەمەنی شەهاب– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١١

[4] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٧

[5] جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧

داهاتووی مرۆڤ بەرەو پرۆسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ومرۆڤدۆستی وژیان وزاڵبوون بەسەر ئەم گرێ دەروونییەدا بوو. لێرەوە، چیەتیی (ماهیەتی) مرۆڤەکان بە توانای قسەکردنی ئەقلانی (فەلسەفە) لەوانیدی جیادەکرانەوە، کە لە ئەنجامدا توانای ئازادبوون وڕابوون وڕۆشنگەریی لێبەرهەمهات. وەلێ، هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە مرۆڤایەتی مرۆڤ لە ئازادییەکەیدایە، هەروەك چۆن چارەنووسی مرۆڤ بە حوکمی جەوهەرەکەی ئازادبوونە، [1] وئازادبوونی مرۆڤیش ئازادبوونێکی مرۆیی کۆمەلایەتی گەشەسەندووی بەردەوامە. [2] بێگومان، هەر ئەم ئازادبوونەشە ئەو باوەڕەی بۆ فەیلەسووفێکی وەك (ئەپیکتاتۆس) دروستکردبوو کە بلێت: (مرۆڤ سەروەری ڕەهای خۆیەتی). [3] لەلایەکیترەوە، (ئەرستۆ)، مرۆڤی بەوە پێناسەدەکرد کە هێزی قسەکردنی هەیە. بۆ نموونە، دەیگوت: مرۆڤ قسەکەرە، (سوکرات)یش قسەکەرە، کەواتە (سوکرات) مرۆڤە. [4] بەمەش، مرۆڤی گرێ دەدا بە ئەقڵ وکۆمەڵگەی شارستانییەوە، بەوەی زیرەکی وئەقلانیبوونی مرۆڤ لە چۆنیەتی ئاخاوتنیدا دەردەکەوێ. [5] ئەوجا، مرۆڤایەتیش هەرگیز ناتوانێت بەبێ ئەقڵ یان لە دەرەوەی ئەقڵدا ئەقڵدا بژی. [6] چونکە، مرۆڤەکان خۆیان ئافرێنەری فەلسەفە وهزر وبیری

[1] پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: کۆمەڵێك نووسەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣

[2] يوسف المسمار: مفهوم الحرية في فلسفة أنطون سعادة، آراء ودراسات، جريدة البناء، يومية سياسية قومية اجتماعية، العدد (٣٢٧٥)، السنة الثانية عشرة، الاربعاء، ٨/ تموز/ ٢٠٢٠، ص ٦

[3] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧

[4] يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، مصدر سابق، ص ١٢٠

[5] د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موورادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨

[6] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢

خۆیانن،[1] له كاتێكدا خودی بیریش له مرۆڤدا هۆكاری جووڵەی مرۆڤەكه ومێژووه.[2]

گەر وابێ، كەواته دەستەبژێری سیاسی كورد، بۆ زاڵبوون بەسەر گرێی دەروونی وشكست وپاشەكشه وله ڕوانگەی بەرژەوەندییەكانیانەوه پەنایان بردووەته بەر (سیاسەت). واته، سیاسەتمەداره شۆڕشگێڕەكانی كورد، ناچارن پەنا ببەنه بەر سیاسەتكردن، هەم لەبەر پەردەپۆشی شكست هەم لەبەر نەزانی ونەدانی. پێدەچێت، تەواوی كێشەی نێوان پارتەكانیش، له ڕوانگەی ئەم بەرژەوەندیخوازییه وسیاسەت ودەسەڵات وهێز وهەژموونخوازییەوەیه نەك كوردایەتی ونیشتمانپەروەری. بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمپێدا، نوخبەی مرۆڤەكان وفەیلەسووفان وبیرمەندان، بۆ دووركەوتنەوه له سیاسەت وبەرژەوەندی وهەژموونخوازی، پەنایان بردووەته بەر (فەلسەفه وفەلسەفاندن). هەڵبەت توێژێكی دیاری هەرێم بۆ دووركەوتنەوه له سیاسەت، پەنایان بردووەته بەر عیرفان وخوداپەرستی ڕاستەقینه ولایەنی ڕۆحیی فەلسەفه وشاكاری ئەدەبی وشیعر ونووسینەوەی مێژووی كورد. لەبەرئەوەی، لێره سیاسەت ڕواڵەتێكی ڕاستەقینەی بێزراو وبیچمێكی قێزەونی هەیه.

شیانی وتنه، (پلاتۆ) هەردەم دەیگوت: "كاتێك مرۆڤه ژیرەكان خۆیان له سیاسەت بەدوور دەگرن، گەمژەكان دەسەڵاتیان دەكەوێتەدەست." یاخود دەیگوت: "ئەو ژیرانەی كاری سیاسی ڕەتدەكەنەوه، به دەسەڵاتی

---

[1] لین و. لینكستەر: خواوەندەكانی هزری سیاسی، و: كامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥

[2] د. عەلی شەریعەتی: فەلسەفەی مێژوو، و: توانا حەمەد ڕەسوڵ، چاپی یەكەم، سایه بۆ چاپ وبلاْوكردنەوه، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦، ل ١٤٠

گەمژەکان سزادەدرێن." [1] گەر وابێ، کەواتە ئەوانەی دەم لە سیاسەت دەدەن ئایا گەمژەکانن؟ ئایا ژیرەکان دوورەپەرێزن؟ دیارە مەبەست لە ژیرەکان، تەواوی ڕۆشنبیرە ڕەسەنەکان ومرۆڤە بەهەڵوێستەکان وکەسە ڕاستاڵەکانن کە بارودۆخی باو وسیاسەتی حزبایەتی وڕۆشنبیریی ڕووکەش وئەقڵییەتی خێڵەکی وناوچەگەری ڕەتدەکەنەوە. جارێکیتر دەکرێ بڵێین، ئاخۆ دەرەنجامی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەرهەمهێنانی سیاسەتی قێزەون ومرۆڤی گەمژە ومرۆڤی دوورەپەرێزە؟

دەوترێت، هیچ دەسەڵاتێك نییە بەبێ ڕۆشنبیریی، هەروەك چۆن هیچ ڕۆشنبیرییەکیش نییە ڕوویەکی دەسەڵاتی نەبێ. بەمانای، دەسەڵات ناتوانێ سیاسەتێکی دیاریکراو پەیڕەو بکات، گەر جۆرێك لە ڕەوابوونی پێنەبەخشێ. بەپێی ئەم لۆژیکە، دەسەڵات هەڵدەستێ بە پەلکێشکردن وڕامکردنی بەشێك لە ڕۆشنبیران بەو شێوەیەی دەیەوێ، تاوەکو لە یەك کاتدا ڕۆشنبیر وڕۆشنبیریی بەرهەمبهێنێ. [2] بەمەش، ڕۆشنبیری ڕامکراو بەپێی ڕۆشنبیرییەکەی خۆی هەڵدەستێ بە پیرۆزکردنی دەسەڵات. ئەمڕۆ لە جیهانی سێدا، زۆرێك لەو گەلە قەڵەم وڕۆشنبیرانە دەبینین کە خودی دەسەڵات بەرهەمیهێناون وکاریان پێدەکات. ئەمەیە جیاوازی نێوان کەسانی ژیر وڕۆشنبیر وتێگەیشتووی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لەگەڵ کەسانی تێنەگەیشتووی کۆمەڵگەی جەماوەری وحزبی وشۆڕشگێڕ وتۆتالیتاریی دواکەوتوو، ئەمەیە جیاوازی نێوان سیاسەت وفەلسەفە.

---

[1] أقوال أفلاطون: ١١٨ إقتباس من كلام أفلاطون، أقوال المشاهير، حكم نت، الخميس، ٢٠/ أغسطس/ ٢٠٢٠، net.حكم

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەڵات، ژینگە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا- سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٤٠

لەم سۆنگەیەوە، دیارە بە هەڵەدا دەچین گەر وابزانین کۆمەڵگە پێشکەوتووە دیموکراتخوازە سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆ سیاسەت ناکەن، یاخود پەیڕەوی لە سیاسەتێکی مرۆڤدۆستانە دەکەن. بە بڕوای بیرمەندی ئەڵمانی (ماکس ڤێبەر)، سیاسەت وهێزگەلی سیاسی کۆششکردنە بۆ بەدەستهێنانی هەژموون، بەوەی یەکە ودامەزراوە سیاسییەکان لە پێناو سەپاندنی هەژموون وکۆنترۆڵکردنی ئەوانیتردا، پەنا دەبەنە بەر ململانێ ورکابەریی یەکتر. [1] بەمەش، ئەو ئازادییەی پێشتر باسمکرد، دەکەوێتە ژێر پرسیار ومەترسییەوە. بە پێچەوانەوە، کاتێك ئازادی دەستپێدەکات، سیاسەت کۆتاییدێت. [2] بەڵام لە ڕووی لۆژیکەوە، تەواوی دەسەڵاتدارانی جیهان بۆ بەڕێکردنی کاروباری وڵاتەکانیان ناچارن سیاسەت بکەن، چونکە مێژووی حوکمڕانیکردن سیاسەتە. لێرەدایە، کە جۆری سیاسەتکردنەکە دەردەکەوێت، بەوەی ئایا لەپێناو بەرژەوەندی وڵات وگشتیدایە یان لەپێناو بەرژەوەندی حزبیی وتایبەتدایە. سەرباری ئەوەش، ناچارین ئەوە دووبارە بکەینەوە کە سیاسەتکردن هونەری حوکمڕانیکردنە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی، چونکە (ماکیاڤێللی) وتەنی: "سیاسەت ڕەوشت وبەهای تایبەتیی خۆی هەیە." [3] هەربۆیە، دەوترێت سەرکردەکان بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکانیان لەگەڵ یەکتردا درۆدەکەن. [4]

---

[1] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٥

[2] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[3] مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢

[4] جۆن جەی میرشەمیر: بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ و: فاروق جەمیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤

له ڕووی پەیڕەویکردن له سیستمی سەرمایەدایی، دەکرێت ئاماژە بە باڵی (سەرمایەداریی لیبراڵی) کە ئەمریکا وئەوروپای خۆرئاوا وهاوەڵانی دەگرێتەوە، لەگەڵ باڵی (سەرمایەداریی سیاسی) کە چین وڕووسیا وهاوەڵانی دەگرێتەوە، بدەین. گەرچی ئەم سیستمی سەرمایەدارییە، ئابووری بازاڕ وژێرخانی وڵاتان بە نۆرم وشێوازی تایبەت بە خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵام لە هەمانکاتدا هەوڵی هەژموونگەراییش لە سەرتاسەری جیهاندا دەدات. دیارە، لە سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵییدا، دەستەبژێری سیاسی حوکمڕان لە ڕێی وەبەرهێنان ونفوزی سیاسی وجیهانگیرییەوە، هەوڵی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی نوخبەی سیاسی دەوڵەمەند (خۆیان) دەدات کە پایەکانی دەوڵەتیان بەدەستە، بەمەش جۆرێك لە نایەکسانی دەخوڵقێت. لەکاتێکدا، سەرمایەداریی سیاسی، لەڕێی سەرمایەداریی ستەمکاریی وبەرزبوونەوەی خێرای تێکڕای گەشەسەندن وسەربەخۆبوونی نوخبەی سیاسی وجیاوازی چینایەتی وبێرۆکراسیی تەکنۆکرات ویاساگەلێك لە بەرژەوەندی نوخبە ونایەکسانی وجۆرێك لە گەندەڵییەوە، هەوڵی سەربەخۆبوونێکی زیاتری دەستەبژێری سیاسی دەدات. بێگومان، هەموو ئەمانەی دەربارەی هەردوو باڵەکەی سەرمایەداری وتران، لە ئەنجامدا (پلۆتۆکراسی) (واتە حوکمڕانی چینی دەوڵەمەند) دێننە ئاراوە. [١] جگەلەوەی، کاڵای هەرزانی چینی، بە ناوی گلۆباڵیزمەوە خۆی بەسەر هەموو میللەتانی جیهاندا دەسەپێنێ. [٢]

---

[١] برانكو ميلانوفيتش: مستقبل الرأسمالية العالمية بين النموذجين الامريكي والصيني، مركز المسقبل للابحاث والدراسات المتقدمة، الاثنين، ٢٧/ يناير/ ٢٠٢٠، futureuae.com

[٢] د. محەمەد ئارکۆن: ئیسلام وگلۆباڵیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠

لە هەمانکاتدا، خودی گلۆباڵیزمیش، واتە بەئەمریکاییکردنی جیهان.[1] بەمەش، جارێکیتر ئازادی تاك لە ڕێی سیاسەتێکی چەپەڵەوە دەکەوێتەوە بەر مەترسی.

دەوترێت، شۆڕشەکان ودیکتاتۆریەتەکان بە توندی پەیوەستن بە یەکەوە، لەبەرئەوەی شۆڕشەکان لانیکەم کار لەسەر تێکشان ولاوازکردنی ئەو یاساگەل ودابونەریت وبیروباوەڕانە دەکەن، کە سەردەمانێکە تاکەکانی کۆمەڵگەیان بە توندی بەیەکەوە بەستووەتەوە. کاتێکیش، لە کۆمەڵگەدا یاساگەل ودابونەریت وبیروباوەڕەکان کاڵببنەوە ونەتوانن تاکەکان بە تەواوی بەیەکەوە پەیوەست بکەنەوە، دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان هێز بەکاردێنن بۆ دووبارە پابەندکردنەوەی تاکەکان پێوەی.[2] هەر لە سەرەتای دروستبوونی هەرێمی کوردستانەوە، هێزە کوردیەکان کاریان لەسەر تێکشکاندنی ئەو بۆند وپەیوەندی ودابونەریت وبیروباوەڕانە دەکرد کە سەردەمانێك لەنێو کۆمەڵگەدا ئاسایی بوو، بەوەی لە ڕێی هێزەوە دەبوو تاکەکان پابەندبن بە جیاکاری ودروشمە نوێیەکانی حزب. پێدەچێت، ڕەهەندەکانی ئەو لێکەوتانە تا ئێستاش کاریگەری هەر مابێ، ئەمەش دەرەنجامی ستراتیژی ڕاپەڕین وچەکداری بوو.

تیۆرە سیاسییەکان، ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕژێمە شۆڕشگێڕەکان، بۆ مانەوە وبەردەوامیدان بە دەسەڵاتەکانیان پشت بە هێزگەلی کپکردن ودامرکاندنەوە وتەنانەت تیرۆریش دەبەستن، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە

---

[1] هاشم ساڵح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢

[2] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٢٦٦

دەڵێ: "جەوهەری حوکمڕانی، هێزە." [1] واتە، بۆئەوەی دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕ بەردەوامی بە خۆی بدات، دەبێت هەردەم چاوێکی لەسەر هێزبێ. بێگومان، بۆئەوەی ئەو هێزەش کاریگەربێ، ئەوا پێویستە سەرچاوەیەکی ئابووری ونوێترین تەکنۆلۆژیا وئامرازەکانی پەیوەندیکردنی لەبەردەستدابێ. دیارە، تەکنۆلۆژیای نوێ، زۆرترین زانیاری وباشترین مەعریفە لەسەر کۆمەڵگە دەبەخشێتە دەسەڵات. بەڵکو، لای فەیلەسووفێکی وەك (میشێل فۆکۆ)، خودی مەعریفەش دەسەڵاتە. [2] بەڵام، لەگەڵئەوەشدا دەسەڵاتی مەعریفە وچنگکەوتنی نوێترین زانیاری نێوخۆیی وجیهانی، پێویستی بە سەرچاوەیەکی دارایی وئابووری هەیە. هەربۆیە، سیاسەت لای فەیلەسووفانی کۆمۆنیزم هەردەم وەك بەشێك لە ئابووری سەیرکراوە، [3] ئەمە لە کاتێکدایە کە خودی پارە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هێزە. [4] واتە، ئابووری ودارایی وپارە، مسۆگەری دەسەڵات دەسەڵات وڕامی هەر جۆرە سیستمتێك دەکەن، لەمپەڕی ڕاستڕەوەوە بۆ ئەوپەڕی چەپڕەو، لەوپەڕی عەلمانییەوە بۆ ئەمپەڕی ئیسلامگەرا وجۆرگەلێکیتر.

بێشك، هیچ حکومەتێك لەبەردەم شالاوی شۆڕشگێڕاندا وا بە ئاسانی چۆك دانادات، تا ئەو کاتەی کە چیتر نەتوانێ سەرچاوەی دارایی وهێزە چەکدارەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بەکاربهێنێ. هەرگیز،

---

[1] مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، مصدر سابق، ص ١٧

[2] عبدالعزيز العيادي: ميشال فوكو، المعرفة والسلطة، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص ٥١

[3] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١

[4] ايران ١٩٠٠- ١٩٨٠: تأليف: مجموعة من المؤلفين، مصدر سابق، ص ٢٩٥

شۆڕشگێڕانیش وا بە ئاسانی سەرناکەون، تا هێزە چەکدارەکان نەدەنە پاڵیان.[١] واتە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا هێزی چەکدار ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت، لە سەرخستنی شۆڕشگێڕان یان بەرگرتن لە شۆڕشگێڕان. کەواتە، کۆمەڵگەیەك کە مامەڵە لەگەڵ شۆڕش وشۆڕشگێڕاندا بکات، مەحکومە بە هێز وچەکداری وتوندوتیژی. بەڵام، لە بارێکی ئاساییدا، سیستمەکان بۆئەوەی بتوانن بەردەوامی بدەن بە ژیانیان ولە قەیرانگەلێك نەگلێن، ئەوا پێویستە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانیان هەبێت، هەروەها توێژێکی زۆری گەل لایەنگریانبێ.[٢] لێرەدا، هێزی گەل بەرانبەر هێزی چەکدار دەوەستێتەوە، واتە بەرابەریی کۆمەڵگەی جەماوەری ودەسەڵاتی شۆڕشگێڕ. ئاشکرایە، هەموو بەرگرییەکی سوپا وهێزی چەکداریش بۆ پارێزگاریکردن لە ڕژێمێك، دەبێتە بەربەست لە بەردەم گوزەر بەرەو دێموکراسی.[٣] بەڵام، ئەوەی ئەم هێزگەلە چەکدارە جڵەو دەکات ڕژێمەکان نین، بەڵکو هێزی دارایی وئابووری وپارەی دەستی ڕژێمەکانن.

بەداخەوە، لە سەرەتای دروستبوونی حوکمڕانی لە هەرێم، لەبری فەراهەمکردنی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی وخۆشگوزەرانی وبەشداری سیاسی ولایەنگریی گەل، کەچی هێزە شۆڕشگێڕەکان وێڕای کۆنترۆڵکردنی کایەی ئابووری، کاریان لەسەر بەدەستهێنانی هێزی زیاتر ومیلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە دەکرد. هەڵبەت، بەپێی ئەو وتەزایە کاریان دەکرد کە دەڵێ: "هەم دەستت هەبێ هەم کەست هەبێ." واتە، هەم لە ڕووی ئابوورییەوە

---

[١] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ١٢٨

[٢] ایران ١٩٠٠- ١٩٨٠: تألیف: مجموعة من المؤلفین، مصدر سابق، ص ١١٤

[٣] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧

بەهێزبیت، هەم لە ڕووی سەربازییەوە بەهێزبیت. هەربۆیە، دوو هێزگەلی جیا لە دوو زۆنی جیا هەڵتۆقین، بەمەش دیمۆکراتیزەبوون بووە تراویلکە (سراب). دیارە، شۆڕشەکان لە یەك شتدا یەك دەگرنەوە، ئەویش بەڵێنە بە مرۆڤەکان بە دابینکردنی ژیانی ئاسوودە وتێربوون لە پێداویستییەکان.[١] وەلێ، لەگەڵئەوەی لەم کۆمەڵگەیانەدا بەڵێنی ژیانێکی ئاسوودە وئازادی وبەشداری گشتی وحیکایەتە گەورەکان درابوون، بەڵام واقیع پێچەوانەی ئەمانەی دەخستەوەڕوو.

دەوترێت، پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێوەرە بۆ پەرەسەندنی ئازادی تاك.[٢] بەڵام نەك پێشکەوتن، بەڵکو ئازادیش وەك پێویست نەبوو. هەربۆیە، ڕاپەڕین، نەیتوانی خەونەکانی تاکی کورد لە هێنانەدی ژیانێکی ئاسوودە ودادپەروەری وشارستانیبوون بهێنێتەدی، بەڵکو بێهودەیی وململانێی چینایەتی وجیاوازی ڕوئیا ودابونەریتی باو وقەیرانگەلێك، هێندەیتر بوونە بار. بەمەش، توێژێکی بەرچاوی کۆمەڵگە هەژارترکەوتن وتوێژێکیتریش دەوڵەمەندتر. وەلێ، (مارکس) وتەنی: "ئەو کەسەی جگە لە هێزی کاری خۆی خاوەنی هیچ شتێکیدیکە نییە، بە حەتمی دەبێتە کۆیلەی ئەو کەسانەی خۆیان کردووە بە خاوەنی هەموو شتێك."[٣] گەر وابێ، کەواتە زۆرینەی کۆمەڵگەی هەرێم لە سایەی شۆڕشگێڕانەوە بوونەتە کۆیلەی دەستی سەرمایەداران، ولەبری هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی یەکسانی بێچینی سۆشیال، کەچی هەنگاوی بەرەو

---

[١] كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٣٢٥

[٢] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٧

[٣] میشێل لوویی: شۆڕش، ڕاکێشانی برێکی ڤیتارەکەیە، و: پێشڕەو محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢

کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی نوخبە (بە مانا نەرێنییەکەی) وکۆمەڵێك بێدەرەتان هەڵنا. مەخابن، لە سایەی حوکمڕانی کوردیدا، دەبوو مرۆڤی کورد هەمیشە وەکو ئامانج ومەبەست ببینرایە، نەك وەکو ئامڕاز بۆ بەدەستهێنانی ویست وخواستی تایبەت.[1] دیارە، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی هەردەم بڵێین، لە هەرێم دیمۆکراسی هەژارە ولە ژێر پرسیاردایە. دووبارە، دەڵێم ئایا ئەمەیە دەرەنجامی خەباتی چەکداری وستراتیژی ڕاپەڕین؟

(ئاندریێ ساخارۆف)ی زانای سۆڤیەتی وداکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ وئاشتی، ساڵی (١٩٨٩ ز) لە میانی داکۆکیکردنی لە خەباتی چەکداری گەلی کورد، ڕایگەیاندبوو: "خەباتی تراژیدیای گەلی کورد کە ئەوەندەی خایاندووە، لە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانەوە سەرچاوە دەگرێ، هەربۆیە خەباتێکی ڕەوایە."[2] کەواتە، خەبات وبزاوتی کورد، لە سەرتاوە ڕەوایی وشەرعیەتی هەبووە بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ناسراوە. بەڵام، کاتێك ئاشنا بوو بە پارە ودەسەلاْت، وردە وردە لە بەڵێن وبەها ودروشمەکانی دوور کەوتەوە. لێرەدایە، کە بیرمەندان دەڵێن: "کاتێك شۆڕش سەردەکەوێ وڕژێمی نوێ دەستبەکار دەبێ، ئیدی شۆڕشە ڕەسەنەکە دەبێتە بەشێك لە گوتاری مێژوویی."[3] بەمانای، چێنەکردن ولادان لە بەڵێنەکان وبەها بنەڕەتییە شۆڕشگێڕییەکان، ئەوانەی پێشتر بوونە پەلکێشکردنی هزری زۆرینەی گەل. هەروەك چۆن،

---

[1] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨

[2] پ. لۆکمان میهۆ: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، و: وریا ڕەحمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١٤

[3] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٣٣٠

ئەزموونی پراکتیزەیی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشووش، ئاماژەی بە ئەگەری سەرنەگرتنی کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەت دەکرد. [1] سەرباری ئەوەی، زەقترین ڕەخنەش کە ئاڕاستەی ماتریاڵیزمی مێژوویی (مارکس) دەکرا، هۆکاری هەڵنەوەشاندنەوەی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت وڕاوەستانی کتوپڕی جووڵەی دیالێکتیك بوو، لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا، [2] خولاسەی کەلام، واتە جێبەجێنەکردنی تیۆر وبەڵێنەکان. ئایا ئەمە ناپاکیکردنە لە تیۆری ماکسیزم، یان مەحاڵبوونی جێبەجێکردنی دواقۆناغی ڕێبازەکەیە؟ ئەمە جگەلەوەی، مارکسیزم میتۆدێکی ئینتەرناسیۆناله نەك ناسیۆنال، کەچی لە سەردەمی (ستالین) لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، جارێکیتر هەوەسی ناسیۆنالیزم سەریهەڵدایەوە. [3]

دەوترێت، بەرپابوونی شۆڕش، لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری ونەهێشتنی بارودۆخی ناهەموارە، [4] بەڵام بەڵگەنامە مێژووییەکان، ئەو ڕاستییانەش دەخەنە ڕوو کە دەسەڵاتدارانی یەکێتی شورەوی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ ز)یەوە، نەك پاشەکشەی فیکریی بگرە نەیانتوانی بارودۆخی ناهەمواریش هێور ولانیکەمی دادپەروەری وخۆشگوزەرانی میللەتانی خۆیان دابین بکەن. دیارە، (تاك) دەبووە ئامراز

---

[1] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٥

[3] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ٢٧٣

[4] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

وبرغویەك لە ناو ئامێرێکی زەبەلاحدا، [1] کە دەوڵەتی سۆسیالیستی بوو. ئەوەش ڕوونە، لە کاتی شۆڕشدا، زۆر بە دەگمەن ئازادی دەبێتە ئامانجی ڕاستەوخۆی کردەی سیاسی. [2] هەڵبەت، ئەم هۆکارانە بوو، بیرمەندانی هاندەدا کە بڵێن: "شۆڕشەکان شێوازێکی کاری لۆژیکیی نین." [3] بەمەش، دەتوانین بڵێین هیچ پەیوەندییەکی باش لە نێوان شۆڕش ودیمۆکراسیدا نییە. [4] لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بپرسین، ئایا دەرەنجامی شۆڕشی بۆڵشێڤیزم وفیکری مارکسیزم وکۆمەڵگەی بێچینی سۆسیالیزم چیبوو؟ لەوانەیە، باشترین وەڵام ئەوەبێ کە: "شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات." [5] وەلێ، دەکرێ هەمان وەڵام بۆ دەرەنجامی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری گەلی کوردیش شیاوبێ.

بە بۆچوونی فەیلەسووفێکی وەك (ئەرستۆ)، پێویستە بوار بۆ هاووڵاتیان بڕەخسێت، تا ژیانێکی ئاسوودە وکامەران بژین. یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانیش بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، ئەوەیە کە هەر تاکێك پێویستە ئەندام بێت لە کۆمەڵگەدا. [6] هەڵبەت، کاتێك تاك لە کۆمەڵگەدا دەبێتە ئەندام، کە هەست بە ئاسوودەیی، هاووڵاتیبوون، ئازادییەکان،

---

[1] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢

[2] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١

[3] کرین برینتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، مصدر سابق، ص ٣٢٢

[4] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

[5] شوكت جميل: هل تأكل الثورة أبناءها، ولما؟ الحوار المتمدن، مصدر سابق

[6] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە، عوسمان حەمە ڕەشید گورون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١

بەشداربوون ولاگریی (ولاء) بکات، ئەمەش کاری لەپێشینەی حکومەتە. هەروەك شۆڕشگێڕی ئەمریکی (تۆماس پین) دەیگوت: "دەبێ مەبەستی حکومەت پارێزگاریکردنبێ لە ئازادی مرۆڤ." [1] بەلاَم، کاتێك ئەو ئازادییە دەبێتە تراویلکە وخەون وخەیاڵێکی ڕاگوزەر، ئیدی هیچ پارێزبەندییەك ومسۆگەری ودیمۆکراتییەك بوونی نابێت. بەڵکو ئەوەی بوونی هەیە، تەنها دەسەلاَتێکی سیاسی وئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو وکۆمەڵگەیەکی داخراو وئابوورییەکی قۆرخکراوە. بە پێچەوانەشەوە، کاتێك ئازادی دەستپێدەکات، سیاسەت کۆتاییدێت. [2]

بیرمەند (عەلی شەریعەتی)، هەردەم دەیگوت: "ناکرێت چاوەڕوانی بەرهەمی دیمۆکراسی لە کۆمەڵگەیەك بکەین، کە خودی کۆمەڵگەکە پێویستی بە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەی خێرا هەبێ." [3] ئەوجا، باس لە شۆڕشی کۆمەلاَیەتی لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، مانای چێودانە لە تاریکی. بێگومان، هەرێمی کوردستانیش لە سایەی چەقبەستوویی دیمۆکراسی وئاڵۆزی سیاسی و وەستانی کتوپڕی جووڵەی شۆڕشی سیاسی وقەیرانگەلێکدا، هەرگیز چاوەڕوانی بەرهەمی دیمۆکراسی لێناکرێت. چونکە، هەرێم پێویستی بە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەی بەپەلە هەیە، لە پێناو دەرچوون لەو بارودۆخە ئاڵۆز وقەیراناوییەدا وگەیشتن بە شۆڕشی کۆمەلاَیەتی وئەو داپەروەرییەی خوازیارین. گەرنا، ئەوا لە ئاییندەدا ڕوودانی دژە شۆڕش وئەوپەڕی پشێوینانەوەی هەلپەرستان وئاڵۆزی، لەوانەیە ببێتە شتێکی حەتمی. چونکە، هەموو حاڵەتێکی ئاڵۆز، تۆوی ناکۆکیی وداڕمانی خۆیی لە

[1] سلامة موسى: كتاب الثورات، مصدر سابق، ص ٦٣

[2] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

[3] ايران ١٩٠٠– ١٩٨٠: تأليف: مجموعة من المؤلفين، مصدر سابق، ص ١٢٣

هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. [1] هەرچەندە، لە ڕوانگەی (هیگڵ)ی فەیلەسووفەوە، خودی دژە شۆڕشیش لەبەرئەوەی هەڵگری تۆوی توندوتیژییە، کەواتە شیانی گلۆربوونەوەی ئەم دژەش لەگۆڕێدایە وبەو جۆرە، ئەمەش ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان خوڵقێنەریەتی.

فەیلەسووفی بوونگەرایی فەرەنسی (ئەلبێر کامۆ)، لە کتێبی (مرۆڤی یاخی) کە ساڵی (١٩٥١ ز) بڵاویکردبوەوە، دەڵێ: "هەستی شۆڕشکردن کاتێك لای خەڵك دروست دەبێت، کە ستەم شوێنی دادپەروەری بگرێتەوە." هەر بە بڕوای ناوبراو، ئامانج لە شۆڕش گەڕاندنەوەی دادپەروەرییە، بەڵام زۆرجار بە ناوی شۆڕشەوە تاوانی نوێ وخوێنڕشتن ئەنجام دەدرێت. [2] ئەو بڕوای وابوو، چەند سنووری شۆڕش فراوانتربێ، هێندەش سنووری ئەو شەڕ وکوشتارەی شۆڕش گریمانەی دەکات فراوانتر وگەورەتردەبێ. هەڵبەت، ئەو کۆمەڵگەیەی لە شۆڕشی (١٧٨٩ ز)یەوە خەملی، دەیویست لە پێناو ئەورووپادا بجەنگێ. بەڵام، ئەو کۆمەڵگەیەی لە شۆڕشی (١٩١٧ ز)یەوە فەراهەمبوو، لە پێناو کۆنترۆڵکردنی جیهاندا دەجەنگا. مانای، شۆڕشی گشتگیر، خوازیاری زاڵبوونە بەسەر جیهاندا. [3] هەربۆیە، لە نێو ئەورووپاییەکاندا ئەو بڕوایە زاڵ بوو، کە ئەوەی (ستالین) هەوڵی بۆدەدا ڕاگەیاندنی کۆلۆنیالیزمی ڕووسییە لە دەرەوە، نەك کۆمۆنیزمی جیهانی. [4]

لێرەدا دەکرێ بڵێین، ئەو کۆمەڵگەیەی لە باشووری کوردستان لە

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

[2] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠

[3] ألبیر کامو: الانسان المتمرد، ت: نهاد رضا، مصدر سابق، ص ١٣٧

[4] کرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ٢٤٨

ڕاپەڕینی (١٩٩١ ز)یەوە فەراهەمبوو، خوازیار بوو ببێتە نموونە ولەپێناو تەواوی خاکی کوردستاندا بجەنگێ. وەلێ، کوردانی تاراوگە بە تامەزرۆوە خوازیاری گەڕانەوە بوون بۆ خزمەتکردن. تاکی کورد، هیوایەکی زۆری لەسەر هێزگەلی بەرەی کوردستانی هەڵچنیبوو. بەلاّم، هەر زوو تەواوی هیواکان بوونە چەوتبینی، زۆرینەی ئەو کوردانەی هەندەران نەك نەگەڕانەوە، بەڵکو لاوانی هەرێمیش کە تاکە سەرچاوەی مرۆیی گرنگ بوون، ئەوانیش ولاّتیان جێهێشت ڕووەو هەندەران، ئەمەش گەورەترین شکستی ڕاپەڕین بوو. دیارە، دوای ڕاپەڕین وپاشەکشێی حکومەتی عێراق لە کوردستان، بۆشاییەکی ئیداری ویاسایی دروست بوو کە جۆرێك لە پاشاگەردانی پێوە دیاربوو، بەوەی هیچ دەسەلاّتێکی یاسایی وئیداری نەبوو کە ژیانی خەڵك ڕێکبخات وموووچە وپێداویستییەکانی ژیانیان دابین بکات. تەنها دەسەلاّتێك کە هەبوو بەرەی کوردستانی بوو، ئەویش نەیدەتوانی ئەو بۆشاییە یاسایی وئیدارییە پڕبکاتەوە. هەربۆیە، بەرەی کوردستانی، بیری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردەوە.[1] لە (١٩/ ٥/ ١٩٩٢ ز)دا، بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردنێکدا پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا.[2] بەلاّم، سەرباری ئەو هەنگاوە گرنگە، هەر لە سەرەتاوە زۆرترین ساختەکاری لەلایەن حزبەکانی بەرەوە کرا. پاشان، بە ناوی هەڵبژاردن وپرۆسەی دیمۆکراتییەوە، کۆمەڵگەیان فێری من وتۆ وجیاکاری وگەندەڵی وشەڕە پەڕۆ کرد، دواجاریش شەڕی براکوژی.

لە ڕاستیدا، بەشدارییپێکردنی خەڵك لە سیاسەتدا (بە مانا ئەرێنییەکەی) بە هەر شێوەیەکی مانادار بۆ پێگەیشتنی دیمۆکراسی

---

[1] محەمەد ڕەئوف: هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢– ٢٠١٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

[2] مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

پێویسته، گەرچی ناتەواویشبێت. هەڵبەت، ساکارترین شێوەی بەشداری سیاسییش، دەنگدانی هاووڵاتیانە بە حزبەکان وبە سیاسەتیان. دەوترێت، حزب گرنگترین ڕێکخراوی دیموکراسی هاوچەرخە، هەرچەندە زۆرێکیش بڕوایان وایە کە دیموکراسی شتێك نییە جگەلە کێبڕکێی حزبیی. دیارە، هەڵبژاردن بێ کێبڕکێی حزبی بێمانایە، چونکە حزب خۆی لەسەر چەمکی کێبڕکێ بەندە. [1] ئەوجا، ئەگەر حزبێك هەبێ وهەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات وپۆستە حکومییەکان نەدات، ئەوە هەرگیز پێیناوترێت حزب، بەڵکو دەکرێ وەك ڕێکخراوێکی حکومی یان ناحکومی ئاماژەی پێبدرێ کە ناتوانێت ئەو ئامانجە بپێکێت. [2] لەبەرئەوەی، ئامانجی کۆتایی حزب گەیشتنە بە دەسەڵات لە ڕێی ململانێوە. شایەنی باسە، ئامانجی حزبە لۆکاڵییەکانی هەرێمیش گەیشتن بوو بە دەسەڵات، بەلام دوور لە مانای دەسەڵات وهەژموون وڕێ وشوێنی دیموکراسی.

ئاشکرایە، هێزگەلی بەرەی کوردستانی بەهۆی ستراتیژی خەباتی چەکدارییەوە، سروشتێکی ڕەق وزبری دەسەڵاتخوازانەیان پەیداکردبوو. هەربۆیە کاتێك ڕاپەڕین بەرپا بوو، ئەوان کاردانەوەیەکی ناسروشتییان بۆ کورسی دەسەڵات وسیاسەت هەبوو لە پێناو گەیشتن بە خەونەکانیان، ئەو خەونە چەپێنراوە دەروونییەی بەر لە چەندین ساڵ لە شاخ خۆزگەیان بۆدەخوارد. بەلام، ئەمڕۆ نەوەی گەل نەك تینووی سیاسەت ودەسەڵات نییە، بەڵکو بێزاریشە لە دەسەڵات وکوردایەتییەکەیان. ئەمە جیاوازی

---

[1] د. حسەین بەشیریە: دیموکراسی بۆ هەمووان، و: حسەین موحەممەدزادە، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٣٤

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣

نێوان دوو پێکهاتەی دەروونییە، یەکێکیان دەیەوێت لە ڕێی سیاسەتکردنەوە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگریٚ، بە پێچەوانەوە ئەوەیتریشیان دەیەوێت بە هەر شێوەیەکبیٚ لایبەریٚ.[1] ئەمڕۆ، ئەوەی هەرێمی کوردستانی بەم دۆخە گەیاندووە، نەبوونی مەشروعیەت ودامەزراوە جێگیرەکانە. لەبەرئەوەی، بە داخەوە حکومەتی هەرێم هێندەی مۆرکی حزبیی پێوە دیارە هێندە مۆرکی دامەزراوەیی پێوە دیارنییە. ئەمەش، لەو ڕوانگەیەوە کە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لەڕووی سیاسییەوە دامەزراوە جێگیرەکان دەیبەن بەڕێوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی دواکەوتوو لەڕووی سیاسییەوە کەسانێك دەیبەن بەڕێوە."[2] بەڕێزان، ئەمەیە دەرەنجامی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری کۆمەڵگەی کوردی.

بەداخەوە، لە ئێستادا هاووڵاتییان وا هەستدەکەن حکومەتی هەرێم دەزگایەکی نامۆیە وسەر بە جیهانێکیترە، ئەو هەستەیان بۆ دروستبووە کە حکومەت دەسەڵاتێکی دوورەپەرێزە لە گەل. ئەمە جگە لەوەی، ئەم بارودۆخە دابڕانێکی مەترسیداری لە نێوان گەل وحکومەتدا دروستکردووە. بەڵام، ئەوەش ڕاستییەکە کە حوکمدارانی هەرێم گەلیان کردووەتە دوو بەرەی بە یەکتر نامۆ، بەرەیەکی دەسەڵاتداری زەنگینی سوودمەند، بەرەیەکی بێدەسەڵاتی هەژاری زەرەرمەند. گەل، وەها سەیری حکومەت دەکات کە بووەتە ئامراز ودەزگایەك، سوود وقازانجی تەنها بۆ کەسانێکی دیاریکراو وتوێژێکی تایبەت هەیە،[3] ئەمەش بێزاری

---

[1] بەهزاد حەسەن: کتێبی شۆڕش ودەسەلات، ١٩/ ٣/ ٢٠١١، desellat.blogspot.com، ل ٩

[2] د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، مصدر سابق، ص ١٧

[3] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکی، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین ودەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانی– هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٣٠

وبێهودەیی وناموبوون دەخوڵقێنێ. بێگومان، چارەسەری ئەم تەنگژەیەش هەر لە دەستی حکومەتدایە، لەبەرئەوەی بەرپرسی یەکەمە ودەسەڵاتی لەدەستدایە، هەڵبەت ئەوە سندوقی دەنگدانە، حکومەتێکی ڕەشید دێنێتە پێش، کە ئەم چارەسەرە دەکات.

(نیچە)ی فەیلەسووف، وتەزایەکی جوانی هەیە کە لەگەڵ ئەم تێچانەی ئێستای ئێمەی کورددا یەکانگیر دەبێتەوە، کاتێك دەڵێت: "دەوڵەمەندان هیچیان بۆ هەژاران نەهێشتووەتەوە جگە لە خودا." [1] واتە، دەوڵەمەندان وسەرمایەدارانی نزیك لە حکومەت، تەواوی کایەکانی ژیانیان قۆرخ کردووە، ئەوەشی ماوەتەوە بۆ میللەت شوکرانەبێژییە. بەمهۆیەوە، ناچار زۆرینەی گەل چوونەتە قۆناغی هەژاری وپاشەکشە وهەڵوەستە وخەڵوەتەوە. ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کاتێك کێشە وقەیرانی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا سەریهەڵدا، ڕاستەوخۆ ڕەوتی ئوسوڵیەت وفەندەمێنتاڵیزم سەرهەڵدەدات وبەپێچەوانەشەوە. [2] واتە، بەهێزبوونی ڕەوت وڕێباز وپارتەکانی سەر بە (ئیسلامی سیاسی) لە هەرێم، لەم ڕاستییەوە سەرچاوەدەگرن. ئەمەش، هەنگاونان بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی ودیمۆکراتیزەبوون ودادپەروەری کۆمەڵایەتی ویەکسانی ئابووری مەحاڵ دەکات. چونکە، هیچ شۆڕشێکی سیاسی بەبێ شۆڕشی ڕۆشنگەریی بوونی نابێت. [3] هەڵبەت، شۆڕشی ڕۆشنگەریش بەبێ هەوڵی

---

[1] مصطفى حجي: الاله كلّي العجز.. أخي المؤمن لاتستسلم، الحوار المتمدن، ٢٧/ ٢/ ٢٠١٩، www.ahewar.org

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣

[3] هاشم صالح: الانتفاضات العربية على ضوء فلسفة التأريخ، مصدر سابق، ص ٢٤٢

**ڕیفۆرمی ئایینی مەحاڵە ڕووناکی ببینێ.[1] لەبەرئەوەی بە ڕیفۆرمی ئایینی، شۆڕشی ڕۆشنگەریی وئاشتبوونەوە لە نێوان دین ودنیا وئەقڵ وئیمان دروست دەبێ.[2] کەواتە، ئەوانەی باسکران، سەرەتا وهەنگاونان بوون بەرەو شۆڕشی ڕۆشنگەری لە نێوکۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا، کە لە ژینگەی سیاسی ئێستای هەرێمدا تراویلکە وئەندێشەن.**

**دەوترێت: "گەر شۆڕش یاخیبوونێکی میللی بێت بەسەر دەسەلاًتێکی ستەمکاردا، ئەوا دژە شۆڕشیش یاخیبوونێکە لە ڕێی دەستەیەکی میللییەوە بەسەر دەسەلاًتێکی میللی هەڵبژێردراودا."[3] لە ڕاستیدا، شۆڕشی میللی هیچ ئامانجێکی نییە جگەلە هەمووارکردنەوەی پێکهاتەی یاسای بنەڕەتی، لە پێناو سوودی خۆیدا. لێرەدا، پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان شۆڕشی گەل وئەو شۆڕشەی لەلایەن دەستە وبەشێکی گەلەوە بەرپادەبێ (دژە شۆڕش). بەوەی، لە حاڵەتی دووەمدا، ئەو بەشەی گەل بە فریودانی دەرەکی وبەهۆی هەلومەرجی سیاسی ناهەموار وهۆکارگەلێکیتر، ڕاپەڕین بەرپا دەکات. بەلاًم، بە بڕوای بیرمەندان، ناکرێ بەمەی دووەم بوترێ شۆڕشی گەل، چونکە ئەوانە بەکاردەهێنرێن لە پێناو سەرخستنی دژە شۆڕشدا. کەواتە، لێرەدا جیاوازییەکە لە نێوان (شۆڕشی گەل) کە هەوڵ بۆ هەمووارکردنەوەی مافە دەستوورییەکانی خۆی دەدات، لەگەڵ کرداری (یاخیبوون)ە کە خوازیاری**

---

**[1] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠**

**[2] هاشم ساڵح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع،** www.hoshyari.com، **ل ١١١**

**[3] سلامة كيلة: عن الثورة والثورة المضادة، مقالات، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٤/ ٩/ ٢٠١٤،** www.aljazeera.net

ڕەتکردنەوەی سەرانی دەسەڵاتە بەبێ گۆڕینی ڕژێم یان حکومەت. [1]

حکومەتی هەرێم، باشتروایە ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرێت کە هەموو کارێك کاردانەوەیەکی بەدواداادێ. واتە، هەژاریی وقەیران وبێزاری وبێئومێدبوون وکاڵبوونەوەی چەمکی کوردایەتی وبارودۆخی سیاسی باو، ئەگەری گشت دژبەرییەك وئەنجامێکی نەخوازراوی لێدەکرێت. پێشتریش وتم، "هەستی شۆڕشکردن کاتێك لای خەڵك دروست دەبێت، کە ستەم شوێنی دادپەروەری بگرێتەوە." [2] بێشك، هاووڵاتی هەرێمیش کاتێك هەست بە گەندەڵی وجیاکاری چینایەتی ونایەکسانی ئابووری وستەم بکات، بێزاری وهەوڵی دەرچوون لەو دۆخە سەرتاپای دادەگرێت.

بەڵام، بۆئەوەی کاری نەخوازراو ڕوونەدات وپێگەی حکومەت وقەوارەی سیاسی هەرێم نەکەوێتە بەر مەترسی، باشتروایە پێداچوونەوە وگۆڕانکارییەکی بەپەلەی شۆڕشگێڕانە لە بارودۆخی سێکتەرەکاندا بکرێت. لێرەدا، مەبەستم گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەیە، نەك شۆڕشێك بە مەبەستی گۆڕان. چونکە، کرداری گۆڕان وچاکسازی لە کرداری شۆڕش بەهێزترن. [3] ئەوجا، کاتێك کەلێنێکی بەرفراوان لە نێوان هیوا وخەون وخواستەکانی تاك لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدا دەژی دروست دەبێت، ئیدی هەستی نامۆبوون وبێزاری وتۆڵە دایدەگرێ، کە دواجار دەبێتەهۆی فەراهەمبوونی تووڕەبوونێکی ئەستوور وناڕەزاییەکی دوژمنکارانە، کە

---

[1] عباس شريفة: الثورة والدولة العميقة، مؤسسة رؤية للثقافة والاعلام- إسطنبول، ٢٠١٨، ص ١٩

[2] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠

[3] سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەکان، و: سابیر عەبدوڵڵا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

ئافرێنەری هەوێنی ئەقڵێکی شۆڕشگێڕانەیە.[1]

بە ڕای بیرمەندان، لە ڕووی ئابوورییەوە، کاتێك جۆرە هەستێك لای گرووپەکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت لەوەی بارودۆخی باو ڕێگرە لە چالاکییە ئابوورییەکانیان، ئەوا ئەگەری شۆڕش وپشێوی زیاد دەکات،[2] واتە چالاکبوونی ئەگەری مۆبیلیزەکردنی جەماوەری. پاشان، کاتێك سەردەمێکی تا ڕادەیەك گەشەسەندوو وخۆشگوزەرانی ئابووری، لە ناکاو بە داتەپین وقەیرانی ئابووری کۆتاییبێت، بێگومان ئەگەری خرۆشاندن ومۆبیلیزەکردنی جەماوەری دروستدەبێت.[3] بەمەش، هەنگاونان بەرەو دژە شۆڕش وگۆڕینی سەرانی دەسەلأت لەلایەن گرووپگەلی گەلەوە دەبێتە ڕاستییەکی حەتمی، کە کاریگەریی وێرانکەر لەسەر ئاییندەی قەوارە سیاسییەکە وهێزە دەسەلأتدارەکان دروست دەکات.

شیانی وتنە، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بۆئەوەی دەسەلأت گەندەڵ نەبێت وقۆرخکاری ڕوونەدات، ماوە ماوە لەڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە گوڵبژێری پارتە دەسەلأتدارەکان دەکرێت، ئەوەش مانای زیندووڕاگرتنی ڕۆحی کۆمەڵگە وکردەی سیاسی ودیمۆکراسیەت. بەلأم بە پێچەوانەوە، لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو وجیهانی سێدا، زۆرجار لە ڕێگەی میکانیزمەکانی شۆڕش وکودەتا وتوندوتیژییەوە دەسەلأت دەگۆڕدرێ. ئەمڕۆ، سەرباری گلەیی وگازندەی زۆرێك لە چاودێرانی سیاسی، بەلأم پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێم هێشتا بەردەوامە، ئەمەش دڵخۆشکەرە بەوەی شەنوکەوی ئامرازە دیمۆکراتییەکانە. هەرچەندە،

---

[1] ایران ١٩٠٠– ١٩٨٠: تألیف: مجموعة من المؤلفین، مصدر سابق، ص ٢٣

[2] كرین برینتن: تشریح الثورة، ت: سمیر الجلبي، مصدر سابق، ص ٥٩

[3] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨

کەسانێك هەن بڕوایان بەم پرۆسە دیمۆکراتییە نییە، بەوەی دەڵێن لەژێر چاودێری حزبدایە. لەوانەیە کەسانێك هەبن، ڕەخنە لە بۆچوونی منیش بگرن وبە کارێکی ناواقیعی بزانن وبڵێن کەلاخستنی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن تەنها بە زەبری چەك وکردەی شۆڕش نەبێت سەرناگرێ. بەڵام لەبەرئەوەی منیش بڕوایەکی ئەوتۆم بە شۆڕشی سیاسی نییە، هەربۆیە پەنا دەبەمە بەر دەسەڵاتی ئەقڵ وهۆشیاری ڕۆشنبیریی (وعي ثقافي) وفۆرمەکانی دیمۆکراسی وەك خەباتی مەدەنی وسندوقی هەڵبژاردن وشۆڕشی کۆمەڵایەتی وئازادی دیمۆکراسی ویاسا وچاکسازی. چونکە شۆڕش بڕوای بە فۆرمەکانی دیمۆکراسی وگۆڕانی قۆناغ بە قۆناغ نییە، بەڵکو بڕوای بە گۆڕانی خێرای ڕادیکاڵ وتوندوتیژی وسەپاندنی دەسەڵاتێکی گشتگیر هەیە. لە مێژووی شۆڕشی کۆمەڵگەکاندا، نموونەی مرۆڤە ملهوڕە ستەمکارەکانی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان زۆرن، ئەوانەی بەر تیغی شۆڕش دەکەون، ئەوانە ڕۆژێك لە ڕۆژان شۆڕشگێڕ وکوڕی سەردەمەکەی خۆیان بوون، بەڵام لە ئەنجامی گوێنەگرتن وخۆبەزلزانییان، بەر شالاوی ڕقی کۆمەڵ دەکەون.

هەڵبەت کرداری پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێم، مانای جێبەجێکردنی مەرجی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە مێژووی ڕاپەڕین وشۆڕشی سیاسی هەرێمدا، یان بەجێهێنانی مەرجی دووەمی دیمۆکراسیبوون لە پاش مەرجی یەکەم کە پێکهێنانی یەکەم حکومەتی هەرێم بوو لە ڕێی هەڵبژاردن وپەرلەمانەوە لە (١٩/ ٥/ ١٩٩٢ ز)دا.[١] بێمکووڕیکردن، شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەپێناو لەدایکبوونی چەمکی دادپەروەریدایە،[٢] ئەو دادپەروەرییەی خۆی لە دابەشکردنی سامان ودەرفەت وتایبەتمەندییەکاندا دەبینێتەوە بە یەکسانی. بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی قوتدەکاتەوە، ئەوەیە کە ئایا سەرباری کردەی هەڵبژاردن، توانراوە

[١] مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

[٢] محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١

لەم هەرێمەدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی بهێنرێتەدی وگۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە بخوڵقێندرێ؟ لێرەدایە کە چیەتی (ماهية)ی گەلی کوردی باشوور دەردەکەوێت لەوەی گەلێکی زیندووە یان مردوو.

کاتێك باس لە کرداری هەڵبژاردن وپرۆسەی دەنگدان دەکەم، بێگومان مەبەستم لە شەنوکەوی هۆشیاری ڕۆشنبیریی (وعي ثقافي) وڕوئیا وکۆهەستی کۆمەڵایەتی تاکەکانی گەلە، لەبۆ هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بەپێی ویژدان وئەقڵگەرایی وداکەوتی کۆمەڵگە، کە کارتیاکردن (ممارسة)ی سەروەری گەل وپراکتیزەکردنی ویستی گشتییە (ألارادة العامة) ولەگەڵ تیۆری سەروەری گەلی (ژان ژاك ڕۆسۆ)دا یەکدەگرێتەوە. [1]

هەڵبەت یەکێك لە وتەزاکانی (ڕۆسۆ) دەربارەی دیمۆکراسی وپرۆسەی دەنگدان، ئەوەیە کە دەڵێت: "سەرمایەی ڕاستەقینەی دیمۆکراسی تەنها لە سندوقی دەنگداندا نییە، بەڵکو لە هۆشیاری خەڵکدایە." [2] واتە، مسۆگەربوونی دیمۆکراسی وگوزەری ڕاستەقینە وتەندروست لە هۆشیاری خەڵکدایە، ئەو خەڵکەی تێکڕا تانوپۆی ئەقڵەکانی کۆمەڵگەن. هەڵبەت هەمان وتەزا، جارێکیتر لەلای (جۆرج تەرابیشی) خوازە (استعارة) وفۆرمەلەدەکرێتەوە، بەڵام ئەم بەسەر جیهانی عەرەبی وڕژێمەکانیدا جێبەجێی دەکات وبەم شێوەیە دایدەڕێژێتەوە: "گەرچی ئازادی دیمۆکراسی بە ناچاری لە سندوقی دەنگدان کۆتاییدێت، بەڵام یەکەم سندوق کە ئەم بابەتەی تیادا هەڵدەترشێت ولێیەوە دەردەچێت،

---

[1] د. موسى أبراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر– بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص ١٤٣

[2] يوسف عوض العازمي: عن التأريخ والرؤى الحقيقية، مقالات، جريدة الرؤية العمانية– مسقط، ١٩/ مارس/ ٢٠٢٢

کەللەسەری مرۆڤە،" [1] واتە هۆشیاری مرۆڤ. بە بڕوای ناوبراو، گەر سندوقی سەر هاودەنگ وپشتگیری لە سندوقی دەنگدان نەکات، ئەوا سندوقی دەنگدان جگە لە ئامراز وپردێك بۆ پەڕینەوەی دەسەڵات وستەمی زۆرینە، هیچیتر نابێ. بەڵام ئەوەی سندوقی کەللەسەر فێری هۆشیاری دەنگدان وپەنجەنەرمکردن لەگەڵ ئامرازەکانی دیموکراسیدا دەکات، تەنها ڕۆشنبیرییە. بێشك، ئەو ڕۆشنبیرییەش هەڵقولاوی نێو کۆمەڵگەیە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە تانوپۆی ئەقڵەکانە.

گەر پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بە درێژایی ساڵانی حوکمڕانییان بەربەستیان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن دروستکردبێ، ئەوا کۆمەڵگەی کوردەواریش بەربەستی بۆ ڕۆشنبیریی دیموکراسی وسندوقی کەللەسەریش دروستکردووە. لەبەرئەوەی بەپێی داکەوتی کۆمەڵگەی کوردی، پێناچێت هێشتا بارودۆخ بەو جۆرە هەڵترشاو وئامادەبێت بۆئەوەی ڕاوبۆچوونی ئازاد وجیاواز پەسەندبکات. کەواتە، ئەوە کاری لەپێشینەی ڕۆشنبیر ونیشتمانپەروەرەکانیەتی کە تۆوی ئەو ڕۆشنبیرییە لە کەللەسەرمان ولەم خاکەدا بچێنن ولەسەر داروپەردووی کەونار، نوێگەریی وشۆڕشی کۆمەڵایەتی بونیادبنێن.

ئەوجا، گۆڕانکاری لەوەدایە کە پارتی سیاسی نوێ بە بەرنامەی نوێ وچاکسازی نوێوە بێتە سەر شانۆی سیاسی وکێبڕکێی کورسی دەسەڵات بکات. لەوانەیە، کەسانێك بڵێن ئەم وتانەم ناواقیعی وزیادەڕەویی ویۆتۆپیایە، بەڵام لە بەرانبەر ئیرادەی گشتی گەلدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە. گومانیش لەوەدا نییە کە هیچ دەسەڵاتێك وا بە ئاسانی دەستبەرداری کورسی دەسەڵات نابێت، هەڵبەت هێزی چەکداری وسەرچاوە داراییەکانیشی هەر لەپێناو مانەوەیدایە. خۆ ئەگەر

[1] جورج طرابيشي: هرطقات عن الديموقراطية والعلمانية والحداثة والممانعة العربية، الطبعة الاولى، دار الساقي بالاشتراك مع رابطة العقلانيين العرب– بيروت، لبنان، ٢٠٠٦، ص ١٧

دەسەڵاتێکیش بە درێژایی حوکمڕانیکردنی، چەندین هەڵبژاردنی ڕووکەشانەی ساختەی بەڕێوەبردبێ، ئەوا دواجار هەر دەبێت کۆتایی بەو سیناریۆیە بهێنرێ وگەل دەنگی ڕاستەقینەی خۆی لە ڕێگەی سندوقی کەللەسەرییەوە بخاتە ناو سندوقی دەنگدانەوە وبە خەباتی مەدەنی، گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە بخوڵقێنێ وهەقیقەت دەربکەوێ وئیرادەی گشتی گەل ودەسەڵاتی ویژدانیش سەربکەوێ، وەك ئەوەی لە مێژووی ئەوروپای خۆرئاوا وگەلانی جیهاندا ڕوویدا.

گەرچی ویژدان وئەقڵ دوو جەمسەری لێکدوورن، بەڵام بۆ کردەی هەڵبژاردن وپرۆسەی دەنگدانێکی ڕاستگۆیانە، پێویستە گەل بە ویژدان وبە هزری دەنگ بدات، بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی کۆمەڵگەکەی. ئەمەش باشترین تاقیکردنەوەیە بۆ ئیرادە وزیندوویی ئیمەی گەلی کوردی باشوور، لەوەدا کە بە خەباتی مەدەنی، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەپێناو چاکسازی وبەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ویەکسانی ماف وئازادی ئابووریدا بەرپابکەین. وەلێ، گەلانی ئەوروپا وئەمریکا وکۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، دواجار بە زەبری خەباتی مەدەنی ولە ڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆیان گۆڕی، نەك پێشوەختە ڕێگای گۆڕانکاریان بۆ گوڵڕێژکرابێ. هەر دەربارەی ئیرادەی گەل بۆ هەڵبژاردنێکی ڕاستگۆیانە، دەکرێت ئاماژە بە نموونەی (باشووری ئەفریقیا) بدەین. ئاشکرایە، لە (١٩١٠- ١٩٩٤ ز) بناغەی ئەم وڵاتە لەسەر بنەمای پاکتاوی ڕەگەزیی دامەزرابوو. بەڵام، بەهۆی ڕووداوەکانی دوای جەنگی سارد وگۆڕانی هەلومەرجی سیاسی وبەردەوامی خەبات وناڕەزایی ڕەشپێستان وفشاری نێودەوڵەتی ولە هەمویان گرنگتر، گرتنەدەستی سەرۆکایەتی وڵات لەلایەن

(فریدریك دی كلێرك)ی سپی پێستی پارتی (نیشتمانی) دەسەڵاتدار بوو لە هەڵبژاردنی (١٩٨٩ ز)دا، كە بەڵێنی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی جیاكاری ڕەگەزیی وپاكتاوی نەژادی ودەستوورێكی نوێی دیموكراسیدا لە (٢/ ٢/ ١٩٩٠ ز). بەمهۆیەوە، لە (٢٧/ ٤/ ١٩٩٤ ز)دا یەكەم هەڵبژاردنی ڕاستەقینە لەوێ ئەنجامدرا، وپارتی (كۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقی) بە سەرۆكایەتی (نێڵسۆن ماندێلا) بۆ یەكەمجار توانی بە ڕێژەی (٦٢،٦٥ ٪) سەركەوتن بەسەر كەمینەی سپیپێستی دەسەڵاتداردا بەدەستبهێنێ. دواتریش لە (١٠/ ٥/ ١٩٩٤ ز)دا، (ماندێلا) وەك یەكەمین سەرۆكی ڕەشپێست لە مێژووی ئەو وڵاتەدا دەستبەكار بوو.[1] بەمەش، دەسەڵاتی ویژدان ئاوێزان بە ئەقڵ وئیرادەی گشتی گەل، لە ڕێی خەباتی مەدەنی وشۆڕشێكی كۆمەڵایەتیەوە بەسەر مەحاڵ وستەم وجیاكاریدا سەركەوت.

دادپەروەری ویەكسانی، دروشمی ئەو شۆڕشەی (ماركس) بوو كە زۆربەی گەلانی جیهانی بۆ خۆی پەلكێشكرد، بەتایبەت كرێكاران. هەربۆیە، فیكری ماركسیزم كرایە پرەنسیپی داواكاری ماف. ئەمەش ئەو هۆشیارییە بوو كە لە گۆڕەپانی جیهانیدا ڕەخنەی لە بارودۆخی خراپی كرێكاران دەگرت.[2] ئەم هۆشیارییە بارگاوی بە وتەكەی (ماركس) كرابوو، كە دەیگوت: "هەژاری شۆڕش بەرپاناكات، بەڵكو هۆشیاریی هەژارەكان شۆڕش بەرپادەكات."[3] واتە، وێڕای هەژاركەوتنی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێم وبە پشتبەستن بە نادادپەروەری ونایەكسانی ئابووری وگەندەڵی،

---

[1] م. د. ناظم نواف الشمري، م. أسراء أحمد جياد: النظم الانتخابية، دراسة التحول من النظام العنصري الى النظام الديمقراطي التعددي في جمهورية جنوب افريقيا ١٩٩٤- ٢٠٠٩، بحث جامعي، كلية العلوم السياسية، جامعة المستنصرية- بغداد، ٢٠٠٩- ٢٠١٠، ص ١٠

[2] حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، مصدر سابق، ص ٥٢

[3] صلاح الشتيوي: الفقر لا يصنع الثورة إنما وعي الفقير هو الذي يصنع الثورة، مصدر سابق

پێویسته (هۆشیاریی گۆڕانکاری) له ڕێی سندوقی کەللەسەر وپرۆسەی دەنگدان وخەباتی مەدەنییەوە بکەینە پرەنسیپی داواکاری مافەکانمان، نەك بە زەبری ئامڕازە نادێمۆکراتەکان. چونکە، ئەوکات تەنها گرووپێکی شۆڕشگێڕی کۆن بە گرووپێکی شۆڕشگێڕی نویٚ دەگۆڕین، کە دواجار پەشیمانی وپێشهاتی نەخوازراو ناچارمان دەکات بڵێین: ئەمە دەرەنجامی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری چەندین ساڵەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد بوو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا؟

**دەرەنجام:**

دەوترێت، بابەتی شۆڕش پێش فیکری مارکسیزم دەرکەوتووە. لەوانەیە، یەکەمین وکۆنترین لێکۆڵینەوەی بەردەست دەربارەی دیاردە وفەلسەفەی شۆڕش، شیکاریی ومۆچیاریی (موعظة)ەکانی (ئەرستۆ)ی فەیلەسووفبیٚ، کە ئاماژە بە دوو جۆری شۆڕشی سیاسی دەکات، یەکێکیان دەبێتەهۆی گۆڕینی تەواوەتی ڕژێمی حوکمڕانی، ئەویدی دەبێتەهۆی گۆڕینی سەرانی ڕژێم. ئەمە جگە لەوەی، ناوبراو هۆکاری بەرپابوونی شۆڕشی بۆ نایەکسانی ئابووری وسیاسی نێوان چینگەلی دەوڵەمەند وهەژارەکان دەگەڕاندەوە.

دیاردەی شۆڕش کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، لە هەمانکاتدا جێی مشتومڕ وگەنگەشەی فەیلەسووفان وبیرمەندان وسۆسیۆلۆژیستان وسیاسەتوانان بووە لە مێژوودا، کە بەهۆیەوە چەندین تیۆر ولێکۆڵینەوە وتێزی لەبارەوە خراوەتەڕوو. دیارە ئەم تیۆرگەلە دەربارەی سەرهەڵدانی شۆڕش، لە ئەنجامی قەیران وبارودۆخی ناهەمواری کۆمەڵایەتی سیاسی ئابووری ئایینی فەرهەنگی وستەمکاریی ڕژێمەکان وجیاکاری وململانێی چینایەتی بووە بە درێژایی مێژوو. بەڵام، دواجار فەیلەسووفێکی وەك (مارکس) دێتەپێش وبە بڕوای تەواوەتییەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تەنها بە خەباتی شۆڕشگێڕانە وڕادیکاڵ وکرداری تۆبزی، دەکرێت مافە زەوتکراوەکان بۆ چینی ژێردەستە وکرێکاران لەدەست چینی بۆرژوا وسەرمایەداران بسەندرێ وکۆتایی بە ململانێی چینایەتی بهێنرێ، وکۆمەڵگە بۆ کۆمۆنە سەرەتاییە نموونەییەکان بگێڕدرێتەوە، کە تەواوی گەل لە سایەی ئاشتی ودادپەروەری کۆمەڵایەتی ویەکسانی ئابووری وبە سەرکردایەتی چینی پرۆلیتاریا بە خەونە جوانەکانیان دەگەن.

لێرەدا، بیرۆکە وکرداری شۆڕش ڕووبەڕووی لێشاوێك ڕەخنەی فەیلەسووفان وبیرمەندان دەبێتەوە، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە کە مارکسیزم لە قەوارەی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا دواجار نەیتوانی دەستبەرداری پێکهاتەی دەوڵەت ببێ ودوا قۆناغی تێزەکەی (مارکس) جێبەجێ بکات وکۆمەڵگەیەکی بێچینی سۆسیال دابمەزرێنێ. لەلایەکیترەوە، یاساناسان جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەگەر کرداری شۆڕش شەرعیەتی میللیشی هەبێ ئەوا هەرگیز مەشروعیەتی نابێ، لەبەرئەوەی بڕوای بە توندوتیژییە. واتە، لەگەڵئەوەی دەشێت زۆرینەی گەل لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشدابن، بەڵام هەرگیز لە ڕووی یاساییەوە ئەو کردارە شەرعیەتی نییە وپەسەند

ناکرێ. بەڵکو، دەکرێ لە بری کرداری شۆڕشی سیاسی، بە کردارگەلی دێمۆکراسییانە ڕژێمێك لە دەسەلأت دووربخرێتەوە، ئەویش بەهۆی سندوقی دەنگدانەوە. ئەم بۆچوونە، سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ وبیرۆکەیەکی لێکەوتەوە، کە هەڵگری دێمۆکراسی کۆمەلأیەتی وناودێری (سۆسیال دێمۆکرات)کرا. ئێستاکە، زۆربەی دەوڵەتانی دێمۆکراتخواز وپێشکەوتوو، پەیڕەوی ئەم مۆدێلی حوکم وئایدیۆلۆژیایە دەکەن، کە لەبری گۆڕانی ڕیشەیی کتوپڕ، بڕوای بە چاکسازیی قۆناغبەند هەیە.

گەر ئێمە وا بزانین چەمکی شۆڕش تەنها بەمانای کرداری توندوتیژیدێ، ئەوا بێشك کەوتووینەتە هەڵەیەکی زەقەوە، لەبەرئەوەی دەستەواژەی شۆڕش دوو مانای جیاواز لەخۆدەگرێ. یەکێکیان، شۆڕشی نەرم وئاشتیخواز وبونیادنەر، ئەویتر شۆڕشی ڕەق وتوندوتیژ وڕووخێنەر. واتە، مەرج نییە هەموو شۆڕشێك هەڵگری توندوتیژی وگۆڕینی ڕژێم ولەناوبردنی ململانێبێ. بەڵکو، دەشێت گۆڕینی هزری تاکەکانبێ وەك لە بواری ئایینییدا، کە گەورەترین چاکسازی وڕیفۆرمی ئایینی لە مێژوودا خوڵقاند، یان لە بواری ئەدەب وزمانەوانییدا کە هیچکات هەڵگری توندوتیژی وکوشتوبڕ نییە. ئەمڕۆ، بە بەردەوامیی گوێبیستی شۆڕشی ڕەنووسیی (دیجیتاڵ) دەبین، کە تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی جیهان لەخۆدەگرێ ودوورە لە کردەی توندوتیژی. هەر لە بواری زانستییدا، زۆرجار گوێبیستی نوێترین دۆزینەوە یان نوێترین هەواڵی پزیشکیی وتەکنۆلۆژیی وگەردوونیی وزۆرێکیتر دەبین، کە شۆڕشگەلێکن لە خزمەت ئاشتی وتەواوی مرۆڤایەتییدایە. لە هەمانکاتدا، مەرج نییە هەموو دیاردەیەکی شۆڕشیش گەلان بەرەو گۆڕانکاریی ئەرێنی وبەرەوپێش ببات، بەڵکو دەشێت

کۆمەڵگە بەرەو دواوەبەرێ، دیارە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە (١٩٧٩ ن)دا باشترین نموونەی شۆڕشی نەرێنی بەرەودواوەیە. وێڕاش، تەواوی فەلسەفە وتیۆریی وهەنگاو وئەو بیرۆکانەی لە مێژووی گەلاندا ڕووناکییان بینیوە وگۆڕانکارییان خوڵقاندووە، بە شۆڕش لەقەڵەم دەدرێن. لە سەدەی بیستەمیشدا، لە ساتەوەختی ململانێی دوو بەرەی جیهانیی دژ بەیەك ودوو ئایدیۆلۆژیای جیاواز ولە نێوکۆی جەنگی ساردەوە، زۆربەی ئەو فەلسەفە مرۆیی وتێزە سیاسی وسەربازیی وئابووری وکۆمەڵایەتیانەی لە کۆمەڵگەکاندا فەراهەم دەبوون، گەورەترین شۆڕش بوون لە بوارگەلێکدا.

بە بڕوای فەیلەسووفان وبیرمەندان، هەموو بیرکردنەوەیەك شۆڕشە. ئەوجا، بیرکردنەوەکە لە خزمەت مرۆڤایەتیدابێ ودوور لە توندوتیژی، یان لە خزمەت تاقم ودەستە وچینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدابێ بارگاوی بە توندوتیژی. واتە، لە جیهانی بیرنەکردنەوەدا، کاتێك مرۆڤ بیردەکاتەوە ئەوە خۆی لە خۆیدا گەورەترین شۆڕشە. چونکە، بە درێژایی مێژوو ڕژێمە تۆتالیتار وستەمکار ودیکتاتۆر وتاك حزبەکان، ئەوەی لە تاکەکانی کۆمەڵگەی دەخوازن هارمۆنیەتی بیرکردنەوەیە. واتە، کار لەسەر ئەوە دەکەن کە یەك بیرکردنەوە یەك ئایدیۆلۆژیا یەك مەزهەب یەك ڕەگەز یەك پرەنسیپ لە کۆمەڵگەدا پەیڕەوبکرێ. کاتێکیش، دەنگێك ڕەنگێك بەدەر لە عەوامی خەڵك سەرهەڵدەدات، ڕژێم بە هەموو توانایەوە هەوڵی سەرکوتکردن ودامرکاندنەوەی دەدات. چونکە، دەزانێت ئەو دەنگ وڕەنگە جیاوازە، دواجار ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی ئیرادە دەکات، کە کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانێکی ڕادیکاڵ وهزرەکان بەرەو کرانەوە وتاکەکان بەرەو بوێری وڕژێم بەرەو فەنابوون دەبات. هەربۆیە، تەواوی ڕژێمگەلی

تۆتالیتاریزم وڕاسیزم ودیسپۆتیزم وسیۆکراتیزم وفاشیزم، کار لەسەر هێمنیی کۆمەڵگە وزیندووکردنەوەی کەرنەڤالی سەرکەوتنی شۆڕش وهێشتنەوەی ئایدیۆلۆژیا ودابونەریتی کۆن وپارێزگاریکردن لە باوەڕ وخورافیاتی دێرزەمانە دەکەن. چونکە، دابونەریتی ڕزیو وباوەڕی کۆن وئایدیۆلۆژیا ومژوولکردنی کۆمەڵگە بە سەرکەوتنەکانی شۆڕش، ڕێگرن لە کرانەوەی ئەقڵەکان وئازادی مرۆڤەکان وپێشکەوتنی کۆمەڵگەکان.

پێدەچێت، تا ئەو کاتەی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان نەگەیشتە چلەپۆپە، هەموو ساڵیادێکی ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩٩١ ز) وبۆنەکانی کیمیاباران وئەنفال بە کەرنەڤاڵی خۆشی وناخۆشی دەکرایەوە کە چەندین چالاکی حکومی وحزبی تێدا ئەنجامدەدرا. بێگومان، ساڵانە ئەم ڤێستیڤاڵ وچالاکییانە بڕە پارەیەکی باشی بۆ تەرخاندەکرا. بەڵام، بۆ نموونە ئەو بڕە پارەیەی بۆ بۆنەی کیمیابارانی (هەڵەبجەی شەهید) تەرخاندەکرا، لانیکەمی ئەو بڕە بۆ خزمەتگوزارییەکانی شارەکە تەرخان نەدەکرا. هەربۆیە، وەکی شارۆچکەیەکی وێران وخەڵکێکی لێقەوماوی بێدەرەتان وکەمترین سیمای شارستانیەت دێتە پێشچاو. لە ئەنجامی بێزاری وگلەیی وگازندەی خەڵك لە دەست فەرامۆشکردن ونەڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان ونەبوونی کەمترین خزمەتگوزاری ئەوتۆ لە شارەکەدا، زۆرینەی خەڵك خوازیاربوون دژە ڕاپەڕین بەرپابکەن. ئێستا، سەرباری ئەوەی هەوڵدرا ئەم شارە بکرێتە پارێزگا وڕێگاوبانەکان گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەخۆوەدی وژمارەی دانیشتووانی زیادیکردووە، بەڵام هێشتا کەمی خزمەتگوزاریی وهەژاری ونەڕەخساندنی هەلی کاری پێوەدیارە.

ئەوەی مەبەستم بوو لەم وەبیرهێنانەوەیەدا، دۆزی کیمیاباران وسووتماککردنی ئەم شارە نەبوو، بەڵکو میکانیزمی بەردەوامیدان بە کەرنەڤاڵی تاسە وپرسە ومژوولکردنی خەڵك وتێکەڵکردنی بابەتەکان ولەبیربردنەوەی کێشە سەرەکییەکانی خەڵك بوو، کە خۆی لە نەبوونی خزمەتگوزاریی وهەلی کار وژیانێکی شارۆمەندانەی شایستەدا دەبینیٚ. لە لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورددا نووسراوە، ساڵی (١٩٨٨ ز) لە ئەنجامی هەڵەی ستراتیژی ڕاپەڕین وخەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانی کورد ودڕندەیی ڕژێمی بەعس، ئەم شارە بە گازی کوشندە وبە بەرچاوی ولاٚتە ئیسلامی ودیموکراتخوازەکانەوە سووتماککرا. ئەم هەڵەیە وهەڵەکانیتر، دەرەنجامی ئەقڵیەتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگەی کوردی بووە بە درێژایی مێژوو. شۆڕشگێڕانی گەلی کورد لەم سەردەمە هاوچەرخەشدا، بە هەمان ئەقڵییەتی شاخ وسەردەمی میرنشینەکان وخێڵگەرایی وناوچەگەری بیردەکەنەوە. هەربۆیە، ئاییندەی هەرێم هەردەم لەبەردەم مەترسی ودەستێوەردانی دەرەکی وهەڵدێر ودژە ڕاپەڕین وداگیرکاریدایە. تەنها گۆڕینی ئەقڵیەت وستراتیژی خەباتی چەکداری بە ستراتیژی خەباتی مەدەنی، کلیلی چارەسەری ئەم کێشە وقەیرانانەی هەرێمی کوردستانە. لەبەرئەوەی، لە خەباتی مەدەنیدا سەرکردەی پۆپۆلیست وکۆمەڵگەی جەماوەری وحزبی وئاییینی وبنەماڵە وخێڵگەرایی وناوچەگەری بوونی نابێت، بەڵکو ئەوەی بوونی دەبێت سەرکردەی نیشتمانی ویاسا وئازادی وکۆمەڵگەی مەدەنی وژیار ودادپەروەری کۆمەلاٚیەتی وبەرپرسیاریەتییە.

# سەرچاوەکان:

## سەرچاوە کوردیەکان:


١. ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد– سلێمانی، ٢٠١٨

٢. ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەلاٚت، ژینگە، چاپی یەکەم، لە بلاٚوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبلاٚوکردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا– سلێمانی، ٢٠١٧

٣. ئازاد تۆفیق خەیات: نالی– دانتیٚ، وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد– سلێمانی، ٢٠١٧

٤. ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا- سلێمانی، ٢٠١٢

٥. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١١

٦. ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠٠٩

٧. ئاکۆ محەمەد میرزادەیی: مێژووی دێرینی کورد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی مێخەك، چاپخانەی مێخەك- سلێمانی، ٢٠١٩

٨. ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧

٩. ئەحمەد خواجە: چیم دی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠١٣

١٠. ئەردەڵان عەبدوڵڵا: خەباتی پێشمەرگایەتی یان کارەسات وماڵوێرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا- کەرکوك، ٢٠٠٧

١١. د. ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦

١٢. ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك) —سلێمانی، ٢٠٠٦

١٣. ئەلبێر کامۆ: نامۆ، و: حەمە کریم عارف، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠١٨

١٤. ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥
١٥. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠
١٦. بهمن کاك عبدالله احمد: دۆزی کورد لە ڕێککەوتننامە وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا لە سایکس- بیکۆ تا جەزائیر (١٩١٦- ١٩٧٥)، چاپخانەی هاوسەر- هەولێر، ٢٠١٧
١٧. تۆفیق قەفتان: مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەلاّچوالان تا دروستکردنی شاری سولەیمانی، چاپی دووەم، لە بلاّوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبلاّوکردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا- سلێمانی، ٢٠١٩
١٨. پاکیزە ڕەفیق حلمی: ڕەفیق حلمی (یادداشت) کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی سێهەم، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاّوکردنەوەی کوردی- بەغدا، ١٩٩٢
١٩. پۆڵ ستراتێرن: ئاشنابوون بە هیگڵ، و: کۆمەڵێك نووسەر، چاپی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، ٢٠١٥
٢٠. جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٤
٢١. جۆرج فریدمان: سەد ساڵی داهاتوو، و: د. شێرکۆ عەبدوڵلاّ، چاپی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، ٢٠١٣
٢٢. جۆن ئار. ماتیوز: سەرهەڵدان وڕووخانی یەکێتی سۆڤێت، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاّوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت- هەولێر

٢٣. جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٨

٢٤. جۆن بۆڵتن: ژووری ڕوداوەکان– یادەوەرییەکان لە کۆشکی سپییەوە، و: د. دارەوان حامید، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٢٠

٢٥. جۆن جەی میرشەمیر: بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ و: فاروق جەمیل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٧

٢٦. د. جەعفەر عەلی ڕەسولْ: سۆفیزم وکاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا (١٨٨٠– ١٩٢٥)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك– سلێمانی، ٢٠٠٨

٢٧. د. حسەین بەشیریە: دیموکراسی بۆ هەمووان، و: حسەین موحەممەدزادە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥

٢٨. د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلأت– هەولێر، ٢٠١١

٢٩. حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩

٣٠. د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکی، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلأحەددین ودەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانی– هەولێر، ٢٠١٠

٣١. خوسرەو جاف: لێرە ولەوێ، حەوتەوانە، چاپی یەکەم– سلێمانی، ٢٠٢٠

٣٢. د. خەسرەو عبدالرحیم نجم: دروستکردنی عێراق وکارەساتی ئاسوری ١٩١٤- ١٩٣٤، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠١٨
٣٣. خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٠
٣٤. د. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و: جەلیلی موڕادی، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانیی، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٦
٣٥. دڵپاك جەبار مەلا عەلی: هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، ٢٠١٢
٣٦. دەیڤید کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە- پێرسی کۆکس وئارنۆڵد تی. وێڵسن، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵلاً، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاك، ٢٠٠٧
٣٧. ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠١
٣٨. ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم (٧)، دەزگای (نگاە) بڵاویکردووەتەوە- سلێمانی، ١٩٩٩
٣٩. شێخ ڕەشید شێخ عبدالرحمان قادر: بەریتانیا- تورکیا- ئێران- کورد (١٩١٥- ١٩٣١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٠
٤٠. زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠٠٦

٤١. ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠١٠

٤٢. سارا فلۆوەرز: چاکسازیی ئاییینی، و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، ٢٠٠٥

٤٣. سالح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٤

٤٤. سڤێن- ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩

٤٥. سەجعان میلاد ئەلقزی: گۆڕینی ڕژێم وشۆڕشەکان، و: سابیر عەبدوڵڵا کەریم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، ٢٠١٥

٤٦. سەرهەنگ شێخ عەبدول وەحید: کورد ونیشتیمانەکەی، و: سامان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٢

٤٧. شیلان شەریف ڕەشید: ناکۆکی وشەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٩٢، چاپی یەکەم- سلێمانی، ٢٠٢٠

٤٨. د. شێرکۆ فەتحوڵڵا عومەر: پارتی دیموکراتی کوردستان وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦- ١٩٧٥، و: سوارە قەلادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- کەرکوك، ٢٠١٣

٤٩. د. شەمسی محەمەد ئیسکندەر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا، و: شوکور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٩

٥٠. شەهاب کەریم: مێژوویەك لە لوولەی تفەنگەوە، ڕۆژگارە سەختەکانی شاخ (١٩٧٩– ١٩٩١)، چاپی یەکەم– سلێمانی، ٢٠٢٠
٥١. عەبدوڵڵا زەنگەنە: بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە (دیمانە وگفتوگۆ لەگەڵ د. کەمال مەزهەر)، چاپی یەکەم، لە چاپخانەی گرین گلۆری لە بەیروت بەچاپ گەیەنراوە– هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٩
٥٢. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧
٥٣. د. عەلی شەریعەتی: فەلسەفەی مێژوو، و: توانا حەمەد ڕەسوڵ، چاپی یەکەم، سایە بۆ چاپ وبلاْوکردنەوە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦
٥٤. عومەر مەعروف بەرزنجی: نوربەخشی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٦
٥٥. د. غانم محەمەد سالْح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاْوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن– سەید سادق، ٢٠٠٥
٥٦. د. فەرسەت مورعی ئیسماعیل: کورد وکوردستان.. مشتومڕی ئەفسانە ومێژوو وئایین، و: ئامانج نیعمەت شەوکەت، چاپی یەکەم، لە بلاْوکراوەکانی خانەی هزر بۆ چاپ وبلاْوکردنەوە، چاپخانەی گەنج– سلێمانی، ٢٠١٠
٥٧. د. فاچل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاك– سلێمانی، ١٩٩٩
٥٨. فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٨

٥٩. فیلیپ کرینبروك، کریستییەن ئالیسۆن: کولتوور وناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٨
٦٠. کارزان عەزیز: لینین. جەنگ وشۆڕش (وەڵام بە دۆخی ئێستا)، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٩
٦١. کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدە وبیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چاپی چوارەم، خانەی چاپ وبلاوکردنەوەی ئاوێر– هەولێر، ٢٠٠٧
٦٢. کریستی لۆرانس: پرسی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیادا، و: ماجید خەلیل فەتاح، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٧
٦٣. کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا: وەرگێرانی: سەلمان عەلی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٥
٦٤. کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦– ١٩٧٩: و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری وڕاگەیاندن، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٧
٦٥. کورد وکوردستان: نووسینی کۆمەڵێك نووسەر وئەفسەری سیاسی ئینگلیز، و: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی وحسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٢
٦٦. کۆتایی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: نووسینی چەند نووسەرێك، و: دەزگای میللەت، چاپی یەکەم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەزگای میللەت، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٤
٦٧. کۆمەڵێ نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپ وبڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٩

٦٨. کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٦
٦٩. کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ وهاوچەرخی گەلی کورد، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٥
٧٠. گۆستاڤ لۆبۆن: سایکۆلۆژیای جەماوەر، و: ئارام جەمال، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی سارا، چاپخانەی ناوەندی سارا– سلێمانی، ٢٠٢٠
٧١. گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان/ لقی سلێمانی، چاپ وکۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر– سلێمانی، ٢٠١٢
٧٢. پ. لۆکمان میهۆ: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، و: وریا ڕەحمانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠٠٩
٧٣. لیتراتۆری جیهانیی، هەڵبژاردەیەك لە ئەدەبی گەلانەوە: کۆکردنەوە و وەرگێڕان: ئومێد محەمەد ئەلیاسی، چاپی دووەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری– هەولێر، ٢٠٠٨
٧٤. لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠٠٧
٧٥. مارتین فان برونەسن: ئاغا وشێخ ودەوڵەت، و: کوردۆ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ١٩٩٩
٧٦. مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧

٧٧. محمد رەسولْ هاوار: کورد وباکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاْوکردنەوەی سلێمانی– سلێمانی، ٢٠٠٧

٧٨. د. محەمەد ئارکۆن: ئیسلام وگلۆبالْیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥

٧٩. محمد ئارکۆن: بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاْوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١

٨٠. محمد ڕەزا سەعید: شۆڕش، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا–سلێمانی، ٢٠١٧

٨١. د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥

٨٢. محەمەد سالْح ئاکرەیی: کورد ودەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاْوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠٠٧

٨٣. د. محەمەد شێخ: هیگلْ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠١٠

٨٤. محەمەد ڕەئوف: هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢– ٢٠١٤، چاپی دووەم، لە بلاْوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، چاپخانەی ناوەندی سارا– سلێمانی، ٢٠١٨

٨٥. مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، چاپی سێیەم، چاپخانەی رۆکسانا– هەولێر، تشرینی دووەمی ٢٠٢٠

٨٦. مسعود بارزانی: بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٤
٨٧. د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥
٨٨. میشێل لوویی: شۆڕش، ڕاکێشانی برێکی ڤیتارەکەیە، و: پێشڕەو محەمەد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠١٩
٨٩. مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦
٩٠. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٥
٩١. مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ئەمستردام– بەهاری ٢٠٠٢
٩٢. مەکیاڤیللی: میر، و: حوسێن عارف، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، چاپخانەی کۆمەڵگەی چاپەمەنی شەهاب– هەولێر، ٢٠٠٦
٩٣. مەلا بەختیار: شۆڕشی کوردستان وگۆڕانکارییەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان"، چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر، چاپخانەی دلێر– سلێمانی، ٢٠١٥
٩٤. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١– ١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٨

٩٥. ناسیۆنالیزمی کورد وڕوانگەی ڕۆژئاوا: کۆمەڵێك نووسەری بیانی، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٢
٩٦. ناهیدە ڕەفیق حیلمی: بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاّوکردنەوە– سلێمانی، ٢٠٠٥
٩٧. هاشم سالّح: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دوزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢
٩٨. هاشم سالّح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧
٩٩. هاشم سالّح: خەمەکانی ڕۆشنگەریی، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٦
١٠٠.هاشم سالّح: ئایین وعەلمانیەت وکۆمەڵگەی مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١
١٠١.هاشم سالّح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، www.hoshyari.com
١٠٢.هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٥
١٠٣.پ. د. وەدیع جوەیدە: جولاّنەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما وپەرەسەندنی، و:ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما– سلێمانی، ٢٠٠٨
١٠٤.E. af Wirsen: کۆمیسیۆنی ویلایەتی موسڵ، و: کاوە ئەمین، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت– هەولێر، ٢٠١٠

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. د. إبراهيم السامرائي: العراق. البلد العربي الذي نخرهُ السياسيون ١٩١٤- ٢٠٠٣ م، الطبعة الاولى، دار المعتز للنشر والتوزيع- عمان، الاردن، ٢٠١٥

٢. د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب– القاهرة، ٢٠٠٩

٣. احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ترجمة: محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل، الطبعة الاولى، مركز الجزيرة للدراسات، الدار العربية للعلوم ناشرون، مطابع الدار العربية للعلوم– بيروت، لبنان، ٢٠١٠

٤. أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الثانية، دار سردم للطباعة والنشر– السليمانية، كردستان، ٢٠٠٨

٥. أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠٠٨

٦. أرنست كاسيرر: الدولة والاسطورة، ت: د. أحمد حمدي محمود، المكتبة العربية بالاشتراك مع الهيئة المصرية العامة للكتاب– القاهرة، ١٩٧٥

٧. أسامة أمين الخولي: العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية– بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠

٨. ألبير كامو: الانسان المتمرد، ت: نهاد رضا، الطبعة الثالثة، من منشورات عويدات– بيروت، لبنان، ١٩٨٣

٩. أماني عبداللطيف: نظرية الثورة، مداخل أساسية للتحليل، المعهد المصري للدراسات– القاهرة، ٢٠١٨

١٠. د.أمين محمود عبدالله: في أصول الجغرافية السياسية، مكتبة النهضة المصرية– القاهرة، ١٩٧٦

١١. ايران ١٩٠٠– ١٩٨٠: تأليف: مجموعة من المؤلفين، الطبعة الاولى، مؤسسة الابحاث العربية– بيروت، لبنان، ١٩٨٠

١٢. د. أيمن أحمد الوردانى: حق الشعب في استرداد السيادة، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي- القاهرة، ٢٠٠٨
١٣. باسيلي نيكيتين: الكرد، ت: د. نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستانى، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠٠٧
١٤. توني كليف: عصر الثورة. الماركسية في الالفية الجديدة، ت: أشرف عمر، مركز الدراسات الاشتراكية- القاهرة، ٢٠١٤
١٥. تيد روبرت غير: لماذا يتمرد البشر، ترجمة ونشر: مركز الخليج للابحاث، الطبعة الاولى، دبي- الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٤
١٦. جاك وودس: الاستعمار الجديد في آسيا وافريقيا وامريكا اللاتينية، ت: الفضل شلق، الطبعة الاولى، دار الحقيقة للطباعة والنشر، مطبعة باخوس وشرتوني- بيروت، نيسان/ ١٩٧١
١٧. جان توشار: تأريخ الفكر السياسي، ت: د. علي مقلد، الطبعة الثانية، الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ١٩٨٣
١٨. جلال خشيب: الجيوبوليتيك الروسية الحديثة والمعاصرة، مركز ادراك للدراسات والاستشارات- حلب، سورية، ٢٠١٨
١٩. جمال مصطفى مردان: عبدالكريم قاسم البداية والسقوط، المكتبة الشرقية طبع. نشر. توزيع، طبع بمطابع الدار العربية- بغداد، ١٩٨٩
٢٠. جورج طرابيشي: هرطقات عن الديموقراطية والعلمانية والحداثة والممانعة العربية، الطبعة الاولى، دار الساقي بالاشتراك مع رابطة العقلانيين العرب- بيروت، لبنان، ٢٠٠٦

٢١. جيرارد جاليانـد: شعب بدون وطن. الكرد وكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الاولى، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر، مطبعة آراس– أربيل، ٢٠١٢
٢٢. جيرو فون راندوف: لماذا تنتفض الشعوب؟ ت: علا عادل، العربي للنشر والتوزيع– القاهرة، ٢٠١٩
٢٣. د. حامد محمود عيسى: القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي ١٩١٤– ٢٠٠٤، الطبعة الاولى، عربية للطباعة والنشر، مكتبة مدبولي– القاهرة، ٢٠٠٥
٢٤. حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني– العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦– ١٩٩٣، الطبعة الاولى، مطبعة خبات– دهوك، ١٩٩٨
٢٥. حكمت محمد كريم (ملا بختيار): ثورة كوردستان ومتغيرات العصر، ت: د. بندر علي أكبر (أنور مندلاوي)، الطبعة الثالثة، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر– السليمانية، ٢٠١١
٢٦. حنة أريندت: رأى في الثورات، ت: خيري حماد، الطبعة الثانية، الهيئة العامة لقصور الثقافة، شركة الامل للطباعة والنشر– القاهرة، ٢٠١١
٢٧. خالد دلير: كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟، الطبعة الثانية– السليمانية، كوردستان، ٢٠٠٤
٢٨. داريوش شايغان: ما الثورة الدينية، ت: د. محمد الرحموني، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للتحديث الفكري ودار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٤
٢٩. ديبورا ج. جيرنر: الشرق الاوسط المعاصر، محاولة للفهم، ت: أحمد عبدالحميد أحمد، الطبعة الاولى، المشروع القومي للترجمة، مطابع المجلس الاعلى للاثار– القاهرة، ٢٠٠٣
٣٠. ديفد كورن: الرجلان اللذان الحقا الكرد بالعراق، ت: حسن سيدو، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر– السليمانية، ٢٠١٣

٣١. ديفيد ماكدووال: الكورد.. شعب أنكر عليه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الاولى، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر، مطبعة آراس– أربيل، ٢٠١٢
٣٢. ديف روبنسون، جودي جروفز: أقدم لك الفلسفة، ت: إمام عبد الفتاح إمام، المشروع القومي للترجمة، طبع بالهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية– الجيزة، ٢٠٠١
٣٣. روبرت أولسون: تأريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠– ١٩٢٥، ت: أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الفارابي– بيروت، لبنان، كانون الثاني ٢٠١٣
٣٤. روبرت أولسن: المسألة الكردية في العلاقات التركية– الايرانية، ت: د. محمد احسان رمضان، الطبعة الاولى، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية– أربيل، ٢٠٠١
٣٥. ريمي ريفيل: الثورة الرقمية، ثورة ثقافية؟ ت: سعيد بلمبخوت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب– الكويت، ٢٠١٨
٣٦. زبغنيو بريجنسكي: رقعة الشطرنج الكبرى، ت: أمل الشرقي، الطبعة الاولى، الاهلية للنشر والتوزيع– القاهرة، ٢٠٠٠
٣٧. أ. د. سعد ناجي جواد: دراسات في المسألة القومية الكردية، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم– بيروت، لبنان، ٢٠٠٥
٣٨. سلامة موسى: كتاب الثورات، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة– القاهرة، ٢٠١٥
٣٩. سليمان مظهر: قصة الديانات، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي– القاهرة، ٢٠٠٢
٤٠. صلاح جمور: أصول القضية الكردية، ت: د. سعاد محمد خضر، من منشورات مركز زين للتوثيق والدراسات، مطبعة زين– السليمانية، ٢٠١٩
٤١. د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد– بغداد، ١٩٩٠

٤٢. عباس شريفة: الثورة والدولة العميقة، مؤسسة رؤية للثقافة والاعلام– إسطنبول، ٢٠١٨
٤٣. د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسى الحديث، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، دار الحكمة للطباعة والنشر– بغداد، ١٩٩٠
٤٤. عبدالعزيز العيادي: ميشال فوكو، المعرفة والسلطة، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع– بيروت، لبنان، ١٩٩٤
٤٥. عبدالقادر محمد فهمي: المدخل الى دراسة الاستراتيجية، الطبعة الاولى، دار مجدلاوي– عمان، الاردن، ٢٠٠٦
٤٦. عزمي بشارة: في الثورة والقابلية للثورة، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، مطابع الدار العربية للعلوم– بيروت، لبنان، ٢٠١٢
٤٧. علي عزت بيجوفيتش: الاسلام بين الشرق والغرب، ت: محمد يوسف عدس، الطبعة الاولى، مؤسسة بافاريا للنشر والاعلام والخدمات ومجلة النور الكويتية، مؤسسة العلم الحديث للطباعة والتوزيع– بيروت، ١٩٩٤
٤٨. عماد صلاح عبدالرزاق الشيخ داود: الفساد والاصلاح، من منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر– السليمانية، ٢٠١٢
٤٩. د. عمر محمد محمد كريم: القضية الكوردية في سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢– ١٩٤٥، من منشورات مديرية الطبع والنشر، مطبعة شفان– السليمانية، ٢٠٠٩
٥٠. أ.د. غانم محمد الحفو، أ. د. عبدالفتاح علي البوتاني: الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١– ١٩٥٨، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠٠٨
٥١. د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر– بغداد، ١٩٨٨

٥٢. غنثر ديشنر: الكرد، ت: د. جورج كتورة، الطبعة الاولى، دار فارابي– بيروت، لبنان، دار آراس للطباعة والنشر– أربيل، أقليم كردستان العراق، ٢٠١٤
٥٣. غوستاف لوبون: روح الثورات والثورة الفرنسية، ت: عادل زعيتر، كلمات عربية للترجمة والنشر– القاهرة، ٢٠١٢
٥٤. فاسيلي بودوستنيك، أوفشي ياخوت: ألف باء المادية الجدلية، ت: جورج طرابيشي، الطبعة الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر– بيروت، لبنان، ١٩٧٩
٥٥. فرانسوا جيريه: الجيوسياسية الجديدة، ت: هلا أمان الدين، الطبعة الاولى، مكتبة الملك فهد الوطنية– الرياض، ٢٠١٤
٥٦. د. فرست مرعي: الفتح الاسلامي لكردستان، الطبعة الاولى، الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠١١
٥٧. د.فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، الطبعة الاولى، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية– السليمانية ، ٢٠٠٦
٥٨. د. فوزي درويش: اليابان الدولة الحديثة والدور الامريكي، الطبعة الثالثة، مطابع غباشي– طنطا، مصر، ١٩٩٤
٥٩. كرين برينتن: تشريح الثورة، ت: سمير الجلبي، الطبعة الاولى، هيئة أبو ظبي للثقافة والتراث (كلمة)– أبو ظبي، الامارات العربية المتحدة، دار الفارابي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٩
٦٠. د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات– الكويت، ١٩٨٥
٦١. الكورد في الوثائق البريطانية: ترجمة: د. عثمان علي، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر– اربيل، ٢٠٠٨
٦٢. د. لطيفة محمد سالم: أزمة السويس ١٩٥٤– ١٩٥٧، مكتبة مدبولي– القاهرة، ١٩٩٦

٦٣. لقمان خيالي: الجبهة الوطنية ودورها في السياسة الداخلية الايرانية، من منشورات مؤسسة (والا) للنشر والاعلام- السليمانية، ٢٠١١
٦٤. ل. ليونتيف: الاقتصاد السياسي. أسئلة وأجوبة، ت: د. محمد رشاد الحملاوي، الطبعة الثانية، دار الثقافة الجديدة، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب- القاهرة، ١٩٧٤
٦٥. لورانس إم برينسيبيه: الثورة العلمية، ت: محمد عبدالرحمن إسماعيل، الطبعة الاولى، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة- القاهرة، ٢٠١٤
٦٦. ليون تروتسكي: نتائج وتوقعات والثورة الدائمة، ت: بشتر أبو سمرا، مركز الدراسات الاشتراكية- القاهرة، ٢٠٠١
٦٧. مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، الطبعة الاولى، من اصدارات مكتبة الزيتونة- بيروت، لبنان، ١٩٧٠
٦٨. د. محمد علي آل ياسين: القانون الدستوري، المباديء الدستورية العامة، الطبعة الاولى، المكتبة الحديثة للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٧٣
٦٩. محمد فؤاد شكري: الصراع بين البورجوازية والاقطاع ١٧٨٩- ١٨٤٨، المجلد الاول، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة- القاهرة، ٢٠١٢
٧٠. د. ممدوح محمود منصور: الصراع الامريكي- السوفيتي في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي- القاهرة، ١٩٩٦
٧١. د. منذر الشاوي: الانسان والقانون، الطبعة الاولى، الذاكرة للنشر والتوزيع- بغداد، ٢٠١٥
٧٢. د. منذر الشاوي: فلسفة الدولة، الطبعة الاولى، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع- عمان، الاردن، ٢٠١٢

٧٣. موريس بيشوب: تأريخ أوروبا في العصور الوسطى، ت: علي السيد علي، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة– القاهرة، ٢٠٠٥

٧٤. د. موسى أبراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر– بيروت، لبنان، ١٩٩٤

٧٥. موضوعات من الكوردولوجيا السوفيتية: تأليف: مجموعة من المستشرقين السوفيت، ت: د. اسماعيل حصّاف، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة خاني– دهوك، ٢٠٠٧

٧٦. د. نجيب خلف أحمد، د. محمد علي جواد كاظم: القضاء الاداري، الطبعة الرابعة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجامعة المستنصرية، كلية القانون، مكتب الغفران– بغداد، 2015

٧٧. هاشم صالح: الانتفاضات العربية على ضوء فلسفة التأريخ، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، ٢٠١٣

٧٨. هنري كيسنجر: سنوات التجديد، ت: د. هشام الدجاني، الطبعة الثانية، صدرت هذه الطبعة باتفاقية نشر خاصة بين الناشر مكتبة (العبيكان)– المملكة العربية السعودية وهيئة أبو ظبي للثقافة والتراث (كلمة)– أبو ظبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٠

٧٩. ولاية الموصل: تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركي البريطاني حول ولاية الموصل ١٩٢٤– ١٩٢٥، مراجعة وتحقيق: عبدالرزاق محمود القيسي، مركز الدراسات الكردية (كوردولوجي)، مطبعة رنج– السليمانية، ٢٠٠٩

٨٠. وفيق عبدالعزيز فهمي: قضية الجلاء وثورة ٢٣ يوليو سنة ١٩٥٢، الدار القومية للطباعة والنشر– القاهرة

٨١. يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، الطبعة الاولى، دار القلم– بيروت، لبنان، ١٩٧٧

## گۆڤارەکان:

١. ئازادیی کۆمەڵگە: گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە، ژمارە (٢٨)، ساڵی سێهەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ئایاری ٢٠١٨

٢. ئەریك فرۆم: چەمکی نامۆبوون لای مارکس، و: ئارام جەمال، ئایدیا. گۆڤارێکی فیکری ئەدەبی وەرزییە، گرنگی بە وەرگێڕان دەدات، ژمارە (٥– ٦)، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر ولێکۆڵینەوە– سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٠٥

٣. ئەنفالناسی: ڕەگوڕیشەی دەستەواژەی جینۆساید، ژمارە (٣)، ساڵی سێیەم، (گۆڤار) ساڵنامەیەکی تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لەبارەی جینۆساید وئەنفالی کورد، ڕێکخراوی چەرموو بۆ پرسی ئەنفال– چەمچەماڵ، کوردستان، ١٤/ ٤/ ٢٠١٩

٤. أحداث بارزة في العلاقات الخارجية الاميركية ١٩٠٠– ٢٠٠١: المجلة الالكترونية يو أس أيه، أجندة السياسة الخارجية، وزارة الخارجية الاميركية/ مكتب برامج الاعلام الخارجي– واشنطن، نيسان/ أبريل ٢٠٠٦

٥. أحمد عبدالحكيم: العصيان المدني، مجلة ملتقى شهداء البحرين وضحايا التعذيب– لندن، ٢٠٠٧

٦. م. د. أميرة رشك لعيبي الزبيدي، م. م. قاسم نمر جلوب السعيدي: مبدأ الرئيس الامريكي هاري ترومان واختلاف رؤيته لاستراتيجية الاحتواء عن رؤية مدير مكتب تخطيط السياسات جورج كينان، مجلة حولية المنتدى، جامعة البصرة، كلية التربية للعلوم الانسانية، العدد الخامس عشر، نيسان– ايار– حزيران/ ٢٠١٨

٧. جنان العلى: الاوراسية الروسية والاوراسية الامريكية، استراتيجية جديدة للهيمنة على العالم، مجلة الوحدة الاسلامية، السنة الثانية عشر، العدد (١٣٤)– بيروت، شباط ٢٠١٣

٨. د. حسن كامل إبراهيم: فلسفة المقاومة اللاعنفية– هنري ديفيد ثورو أنموذجاً، المجلة العربية للدراسات الاسلامية والشرعية، العدد (٦)، جامعة عين شمس، كلية البنات– القاهرة، يناير/ ٢٠١٩

٩. خالد عقلان: الجذور التأريخية للقضية الكردية، ملفات أقليمية، مجلة المعهد المصري للدراسات– أسطنبول، ١٨/ مايو/ ٢٠١٧

١٠. قراءات نظرية، الثورات السياسية– المفهوم والابعاد: أعداد ادارة البحوث والدراسات، مجلة المعهد المصري للدراسات السياسية والاستراتيجية– القاهرة، ١٧/ أبريل/ ٢٠١٦

١١. مريامة بريشي، أ.د. نادية مصطفى الزقاي يوب: الاغتراب. مفهوم ودلالات، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية، العدد (١٨)– الجزائر، مارس/ ٢٠١٥

١٢. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، نیسان/ ٢٠١٢

١٣. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، کانونی دووەم/ ٢٠١٢

١٤. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ئەیلول/ ٢٠١١

١٥. د. نوال عبدالجبار سلطان الطائي: المتغيرات السياسية التركية تجاه المشكلة الكردية ١٩٩٩– ٢٠٠٦، السنة (٤)، العدد (٧)، مجلة مركز الدراسات الاقليمية– جامعة الموصل، كانون الثاني/ ٢٠٠٧

## ڕۆژنامەکان:


١. د. أحمد الخميسي: جمال عبدالناصر في أوراق المخابرات الروسية، جريدة الكرنك– القاهرة، ٢٨/ سبتمبر/ ٢٠١٢

٢. أردوغان: نعترف باخطائنا السياسية تجاه الاكراد وسنصلحها، قضية اليوم، جريدة القبس الالكتروني، ١٣/ أغسطس/ ٢٠٠٥، alqabas.com

٣. سلامة كيلة: الانتفاضة والثورة، جريدة الغد، أفكار ومواقف، ٧/ أكتوبر/ ٢٠١١

٤. صلاح الشتيوي: الفقر لا يصنع الثورة إنما وعي الفقير هو الذي يصنع الثورة، أقلام الشروق، جريدة الشروق، ١٣/ ٥/ ٢٠١٩

٥. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کتێب، ژمارە (٥٩٩٣)، یەکشەممە، ٣/ ٢/ ٢٠١٣

٦. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠

٧. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٣٦)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠

٨. مبدأ كارتر، الرئيس الاميركي جيمي كارتر يعلن استراتيجية أمن الخليج: جريدة الوسط، يومية سياسية مستقلة، ٢٠١٤

٩. مبدأ نيكسون يطبق سياسة (الفتنمة) على العالم: مدارات تأريخية، صحيفة البيان الاماراتية– الامارات العربية المتحدة، ٢٤/ يوليو/ ٢٠٠٩

١٠. مبدأ نيكسون: صحيفة المدينة تصدر عن مؤسسة المدينة للصحافة والنشر– المملكة العربية السعودية، الثلاثاء، ١٠/ ٣/ ٢٠١٥

١١. موسى العدوان: أيها الهنود.. أصنعوا الملح، رأي اليوم، صحيفة عربية مستقلة، ٢٢/ ٣/ ٢٠٢٠، www.raialyoum.com

١٢. د. النور حمد: ستينات وسبعينات القرن الماضي في حالة الازدهار خارج السياق، صحيفة سودانايل، أول صحيفة الكترونية سودانية، ١٩/ تشرين الثاني/ ٢٠١٧، www.sudanile.com

١٣. هنادي وليد الجاسم: نفوس عظيمة، جريدة الشرق، العدد (١١٨٠٦)، ، ١٢/ أكتوبر/ ٢٠٢٠

١٤. ١٩٦٩/٨/١ وثيقة هلسنكي. بداية النهاية لاوروبا الموحدة: مدارات تأريخية، صحيفة البيان الاماراتية– الامارات العربية المتحدة، ٣١/ يوليو/ ٢٠٠٩

١٥. يوسف المسمار: مفهوم الحرية في فلسفة أنطون سعادة، آراء ودراسات، جريدة البناء، يومية سياسية قومية اجتماعية، العدد (٣٢٧٥)، السنة الثانية عشرة، الاربعاء، ٨/ تموز/ ٢٠٢٠

١٦. يوسف عوض العازمي: عن التأريخ والرؤى الحقيقية، مقالات، جريدة الرؤية العمانية– مسقط، ١٩/ مارس/ ٢٠٢٢

## ماڵپەڕەکان:


١. ابوبكر الحضرمي: من يمتلك زمام القوة؟، فكر، أسلام أون لاين، ١٣/ يناير/ ٢٠١٥، islamonline.net

٢. اتفاقية هلسنكي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٥/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٣. اتفاقية سايكس بيكو: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٨/ مارس/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٤. الاتفاقيات العراقية البريطانية ١٩٢٢– ١٩٢٧، شبكة عراقيبيديا، ٢٠٢٠، wikiraq.org

٥. أخناتون: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ مارس/ ٢٠٢١، ar.wikipedia.org

٦. أزمة صواريخ كوبا: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٩/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٧. الاسرة المصرية الثانية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١١/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٨. الاغتراب عند كارل ماركس (تشويه انسانية الانسان في المجتمع الصناعي): الفلسفة وعلم الاجتماع، موقع الباحثون السوريون، ٢٠١٩، www.syr-res.com

٩. أقوال أفلاطون: ١١٨ إقتباس من كلام أفلاطون، أقوال المشاهير، حكم نت، الخميس، ٢٠/ أغسطس/ ٢٠٢٠، net.حكم

١٠. أقوال كارل ماركس: أقوال المشاهير، مدونة رف المعلومات، ٢٠١٧، www.youandinfo.com

١١. الانتخابات البرلمانية عام ٢٠١٥: موقع فنك الالكتروني، ديسمبر/ ٢٠١٥، fanack.com

١٢. **الاوراسية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٩/ يناير/ ٢٠٢٠،** ar.wikipedia.org

١٣. **إيمان الحياري: مراحل الثورة الامريكية، تأريخ، موضوع. اكبر موقع عربي بالعالم، ١٧/ يونيو/ ٢٠١٩،** mawdoo٣.com

١٤. **برانكو ميلانوفيتش: مستقبل الرأسمالية العالمية بين النموذجين الامريكي والصيني، مركز المسقبل للابحاث والدراسات المتقدمة، الاثنين، ٢٧/ يناير/ ٢٠٢٠،** futureuae.com

١٥. **بشير النجاب: النظرية الواقعية، الحوار المتمدن، العدد (٥٥١٣)، ٧/ ٥/ ٢٠١٧،** www.ahewar.org

١٦. **بەهزاد حەسەن: كتێبی شۆڕش ودەسەلأت، ٢٠١١/٣/١٩،** desellat.blogspot.com

١٧. **ببيي الثاني نفر كارع: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٧/ مايو/ ٢٠٢٠،** ar.wikipedia.org

١٨. **تأريخ رحلات الفضاء، مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٣/ يونيو/ ٢٠٢٠،** ar.wikipedia.org

١٩. **التحالفات في فترة مابعد الحرب العالمية الثانية: موقع الخيمة، (موقع الاستاذ دحدح عبدالحفيظ)، ٢٠٠٨،** www.khayma.com/dahdah

٢٠. **ترامب: الاتراك والاكراد مثل ولدين ينبغي عليك أن تدعهما يتقاتلان ثم تبعدهما عن بعضهما: موقع مونت كارلو الدولية، ١٨/ ١٠/ ٢٠١٩،** www.mc-doualiya.com

٢١. **تركيا. ارتفاع البطالة ٠.١ نقطة خلال ابريل: تركيا. اقتصاد، وكالة الاناضول، ٦/١٠/ ٢٠٢٢،** www.aa.com.tr/ar

٢٢. **تطورات القضية الكردية في ضوء المصالحة الكردية– الكردية في واشنطن: الاكراد والمشكلة الكردية، موسوعة مقاتل من الصحراء، ٢٠١٩،** www.moqatel.com

٢٣. ثورة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، يناير ٢٠١٤، ar.wikipedia.org
٢٤. ثورة سلمية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٢٥. الثورة الشيوعية الصينية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ أغسطس/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٢٦. جاد الكريم الجباعي: الثورة الدينية والدولة المستحيلة، مقالات، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، ٥/ أكتوبر/ ٢٠١٥، www.mominoun.com
٢٧. جدار برلين: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٣١/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٢٨. جمال أبوالحسن: أول ثورة في التأريخ، ٢٧/ أكتوبر/ ٢٠١٧، موقع الحرة، www.alhurra.com
٢٩. الجنرال كالوغين: قصة الغزو السوفياتي لافغانستان، سياسي، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٢٣/ ١٢/ ٢٠٠٩، www.aljazeera.net
٣٠. حرب العبيد الثالثة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٣١. الحرب الباردة العربية: مقالة، موقع المعرفة، ٢٨/ يونيو/ ٢٠٢٠، www.marefa.org
٣٢. حزب العدالة والتنمية (تركيا): مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ مارس/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٣٣. حلف الريو: بوابة وادي فاطمة الالكترونية، ١٦/ ٧/ ٢٠١٣، www.wadifatima.net
٣٤. حلف شمال الاطلسي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٧/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٣٥. حلف بغداد: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٣٦. حلمي موسى: الانتفاضة الشعبية بين أشكال الكفاح وطرق النضال، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٥/ ٣/ ٢٠٠٧، www.aljazeera.net

٣٧. حمزة رستناوي: لماذا يكره أرسطو طاليس الثورة؟ أبحاث ودراسات، شبكة جيرون الاعلامية، ٢/ ديسمبر/ ٢٠١٦، geiroon.net

٣٨. الخط الزمني لثقافة الستينات المضادة: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٦/ ديسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

٣٩. خليج الخنازير: محاولة انقلاب بكوبا هددت بحرب نووية/ عسكري واستراتيجي، شبكة الجزيرة الاعلامية، موقع الجزيرة نت، ٢٦/ ١١/ ٢٠١٦، www.aljazeera.net

٤٠. خليل كلفت: الثورة الشعبية/ الاجتماعية– ليست محرّك التأريخ، الحوار المتمدن، ٦/ ١١/ ٢٠١٥، www.ahewar.org

٤١. ديمقراطية اشتراكية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٣٠/ يناير/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

٤٢. ساسة: ثورات الجياع عبر التأريخ المصري، موقع أهل القرآن، ١١/ أبريل/ ٢٠١٥، ahl-alquran.com

٤٣. سامح الطيطي: القومية في أوروبا، أرث ممتد على مدى ٢٠٠ عام، مدونات الجزيرة، ٥/ ١١/ ٢٠١٨، blogs.aljazeera.net

٤٤. الستار الحديدي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٤٥. سلامة كيلة: الثورة في الماركسية، مقالات وحوارات سلامة كيلة، ٤/ يوليو/ ٢٠١٥، salamehkaileh. wordpress.com

٤٦. سلامة كيلة: عن الثورة والثورة المضادة، مقالات، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٤/ ٩/ ٢٠١٤، www.aljazeera.net

٤٧. سميحة ناصر خليف: أسباب قيام الثورة الفرنسية، موضوع. اكبر موقع عربي بالعالم، ١٧/ يونيو/ ٢٠١٩، mawdoo٣.com

٤٨. سياتو: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٥/ ديسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

٤٩. شط العرب واندلاع الحرب العراقية الايرانية، جذور الازمة: الشرق الاوسط، موقع بي بي سي العربي، ٣/ سبتمبر/ ٢٠١٠، www.bbc.com/arabic

٥٠. شوكت جميل: هل تأكل الثورة أبناءها، ولما؟ الحوار المتمدن، ١٦/ ٩/ ٢٠١٣، www.ahewar.org

٥١. صراع الطبقات الاجتماعية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٦/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٥٢. طبقة إجتماعية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٠/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٥٣. عادل عبدالمحسن: ٢١ ديسمبر، هزيمة الاتراك على يد الجيش المصري في معركة قونية، أخبار، بوابة روز اليوسف، السبت، ٢١/ ديسمبر/ ٢٠١٩، www.rosaelyoussef.com

٥٤. عبدالرحمن الرافعي: مقدمات ثورة ٢٣ يوليو سنة ١٩٥٢، نقاش، ويكيبيديا ألاخوان المسلمين، ٥/ مايو/ ٢٠١١، www.ikhwanwiki.com

٥٥. عبدالكريم آل شيخ حمود: القيادة الصالحة والهدفية. سر نجاح الثورة، وكالة أنباء براثا، ٢٩/ ٨/ ٢٠١٨، burathanews.com

٥٦. عشاق آرنستو تشي جيفارا: كل من يحمل سلاح ولا يحمل معه فكراَ سيصبح يوماَ ما قاطع طريق، موقع فيسبوك، ١٦/ ٦/ ٢٠١٩، www.facebook.com

٥٧. **عصر التنوير: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠/ سبتمبر/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org**

٥٨. **علي لؤي الحوري: ١٠ أختراعات غيرت البشرية وصنعت واقعنا الحالي، معلومات عامة، موقع دخلك بتعرف، ١٩/ مارس/ ٢٠١٧، dkhlak.com**

٥٩. **عمر الصلح: الثورة تأكل ابناءها، مقالات، منتدى روسيا اليوم، ٢٨/ ٩/ ٢٠١٢، arabic.rt.com**

٦٠. **غازي الصوراني: مراحل تطور الرأسمالية ودور القوى الماركسية في الخروج من الازمة الراهنة، الحوار المتمدن، ٢٥/ ١١/ ٢٠١١، www.ahewar.org**

٦١. **فادي قدري أبوبكر: نظرية الثورة المنبعجة، مقالة، مدونة ميدل ايست أونلاين، ٢٦/ ١٢/ ٢٠١٥، middle-east-online.com**

٦٢. **د. فوزي أبو خليل: كيف تحولت تركيا من العثمانية الى العلمانية؟ مدونات، شبكة الجزيرة الاعلامية، ٢٨/ ٩/ ٢٠١٨، www.aljazeera.net**

٦٣. **كتّاب سطور: أسباب الثورة الفرنسية، معلومات تأريخية، موقع سطور. كوم، ١٥/ سبتمبر/ ٢٠١٩، sotor.com**

٦٤. **كريم أحمد: إسم أول رائد فضاء هبط على سطح القمر، موضوع. اكبر موقع عربي بالعالم، ١٧/ يونيو/ ٢٠٢٠، mawdoo٣.com**

٦٥. **كمال الاسطل: المدخل الجيوبوليتيكى في التحليل السياسي، موقع د. كمال الاسطل، ٢/ ١١/ ٢٠١٨، k-astal.com**

٦٦. **كيمياباراني هەڵبجە: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٣/ ٤/ ٢٠٢٠، ckb.wikipedia.org**

٦٧. **لاجئون أكراد: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٨/ ديسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org**

٦٨. ماهو قانون كاتسا الذي يستهدف خصوم الولايات المتحدة؟: دولي، عنب بلدي، مؤسسة اعلامية سورية مستقلة، ١٤/ ١١/ ٢٠١٩، www.enabbaladi.net

٦٩. ماهو قانون كاتسا.. سيف ترامب المسلط على أنقرة: ترجمات، سكاي نيوز عربية، ١٨/ يوليو/ ٢٠١٩، www.skynewsarabia.com

٧٠. ماهي الثورة؟ (تعريف، أسباب حدوثها، تأريخها، نجاح أو فشل)، مدونة عربية مصرية، ٢٠١٥، www.lazemtefham.com

٧١. مبدأ مونرو: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٢/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٧٢. مبدأ ايزنهاور: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٢/ فبراير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٧٣. محاولة الانقلاب السوفيتية ١٩٩١: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٧٤. محسن المحمدي: السياسة بين ماكس فيبر وغاندي، فكر وفلسفة، موقع كوّة، ٢٠/ أبريل/ ٢٠١٧، couua.com

٧٥. محمد شاه قاجار: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢١/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٧٦. محمد خيرالدين: ترجمة وظائف الخرافة السياسية، مغرس، محرك بحث اخباري، نشر في الاتحاد الاشتراكي يوم ١٤/ ٩/ ٢٠٠٩، maghress.com

٧٧. محمود حسين: سبارتاكوس، قائد ثورة العبيد الاشهر في التأريخ، موقع شخصيات تسعة، ١٨/ أغسطس/ ٢٠١٦، www.ts٣a.com

٧٨. مشروع مانهاتن: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٨/ فبراير/٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٧٩. مشروع مارشال: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٨٠. مصطفى حجي: الاله كلّي العجز. أخي المؤمن لاتستسلم، الحوار المتمدن، ٢٧/ ٢/ ٢٠١٩، www.ahewar.org
٨١. مظاهرات ساحة تيانانمن: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٤/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٨٢. معاهدة الدفاع المشترك والتعاون الاقتصادي: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٥/ يناير/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٨٣. المعاهدة الانجلو- عثمانية لعام ١٩١٣: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٨/ ديسمبر/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org
٨٤. معتزبالله عبدالفتاح: حتى لا تاكل الثورة المصرية ابناءها، موقع الوطن، الثلاثاء، ٢/ ٤/ ٢٠١٣، elwatannews.com www.
٨٥. معركة جالديران: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٣/ مايو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٨٦. مقاومة مدنية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١/ يونيو/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org
٨٧. منظمة حلف شمال الاطلسي (الناتو): منظمات وأحلاف وتكتلات، موسوعة مقاتل من الصحراء، ٢٠١٩، www.moqatel.com
٨٨. مهدي كاكه يى: الملكة الميتانية (نفرتيتي Nefertiti)، الحوار المتمدن، ١١/ ١١/ ٢٠٢٠، www.ahewar.org
٨٩. ناسا: وتارله ئينسايكلوپيدياى ئازادى ويكيپيدياوه، ٢٠٢٠/٣/٨، ckb.wikipedia.org
٩٠. نظرة عامة: معاهدة الامن اليابانية الامريكية، موسوعة اللغة العربية، ٢٠١٦، mimirbook.com

٩١. نظرية ماركس في الاغتراب: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٦/ أبريل/ ٢٠٢٠، ar.wikipedia.org

٩٢. النظرية الجيوسياسية: دراسات جيوسياسية، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية، ٢٧/ ٦/ ٢٠١٦، www.politics-dz.com

٩٣. نورا عبه جي: نظرية قلب العالم، الموسوعة السياسية، ٢٠٢٠، political-encyclopedia.org

٩٤. هشام عقراوي: الثابت في السياسة هو أن كل شيء متغير، مقالة اليوم، صوت كوردستان، ٢٨/ أغسطس/ ٢٠١٩، sotkurdistan.net

٩٥. د. هيثم مزاحم: في معنى الثورة، موقع شجون عربية، ٩/ سبتمبر/ ٢٠١٦، arabiyaa.com

٩٦. وضعية ادماجية مؤتمر مالطا: تأريخ، dzofferz مدونة عروض الانترنيت في الجزائر، ٢٠١٦، dzofferz.blogspot.com

٩٧. وليام العوطة: مفهوم الاغتراب في الماركسية، ٢٠٠٩، www.academia.edu

٩٨. وليد جولي: الندم بعد الكارثة، مقالات، موقع حزب الاتحاد الديمقراطي، ٢٢/ ١/ ٢٠١٧، pydrojava.net

٩٩. وليد الرجيب: العصيان المدني والمثال الناجح، الحركة التقدمية الكويتية، ٣٠/ ٦/ ٢٠١٤، taqadomi.com

## ڕاپۆرت ولێکچەر وتوێژینەوە وتێزە زانکۆییەکان:


١. م. م. أحمد حامد البركي: النظريات الجيوبولتيكية القديمة، جامعة المثنى، كلية التربية الاساسية– قسم التأريخ، الجغرافيا السياسية، ٢٠١٦، بحث جامعي

٢. حامد الزهرة: فلسفة الثورة عند كارل ماركس، بحث جامعي لنيل شهادة الماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية– الجزائر، ٢٠١٦

٣. سليماني خديجة: أثر الاستراتيجية الجديدة لحلف شمال الاطلسي على السياسات الدفاعية بمنطقة المغرب العربي، بحث لنيل شهادة الماجستير، جامعة د/ مولاي الطاهر– سعيدة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية– الجزائر، ٢٠١٥

٤. أ. م. د. سؤدد كاظم مهدي: أكراد العراق بين مشاريع التقسيم والانضمام الى الدولة العراقية الحديثة، دراسة في الوثائق البريطانية ١٩١٦– ١٩٢٠، بحث جامعي، الجامعة المستنصرية، مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية– بغداد، ٢٠١٨

٥. صبيح عبدالله غلام العامري: الهيمنة الامريكية في المنطقة العربية ١٩٤٥– ٢٠٠٣، بحث دكتوراه، جامعة سانت كلمنتس/ فرع بغداد، ٢٠١١

٦. د. عبدالحكيم حسن محمد عبدالله: أدلة القائلين بمشروعية الحريات العامة في الفكر والنظام السياسي، رسالة دكتوراه، جامعة عين شمس، كلية الحقوق، دار الاتحاد العربي للطباعة– القاهرة، ١٩٧٤

٧. أ. م. د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، م. م. سيروان حامد أحمد: شرعية الحكومات غير الدستورية، دراسة تحليلية في أطار القانون الدولي العام، بحث جامعي، جامعة صلاح الدين، كلية القانون– أربيل، ٢٠١٤

٨. د. علي حسين قاسم: جدلية العلاقة بين الدين والاسطورة، بحث جامعي، جامعة بني سويف، حولية كلية الاداب– القاهرة، ٢٠١٦
٩. د. معمر فيصل خولي: المسألة الكردية في تركيا من الانكار الى الاعتراف، بحث جامعي، مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية– عمان، الاردن، ٢٠/ يوليو/ ٢٠١٤
١٠. م. د. ناظم نواف الشمري، م. أسراء أحمد جياد: النظم الانتخابية، دراسة التحول من النظام العنصري الى النظام الديمقراطي التعددي في جمهورية جنوب افريقيا ١٩٩٤– ٢٠٠٩، بحث جامعي، كلية العلوم السياسية، جامعة المستنصرية– بغداد، ٢٠٠٩– ٢٠١٠
١١. م. هەردى مەهدى ميكە على: التطورات السياسية المعاصرة في العراق، جامعة التنمية البشرية، كلية القانون والسياسة، قسم العلوم السياسية، محاضرات جامعية للمرحلة الثانية، ٢٠١٢– ٢٠١٣